

# بابەت و دیمانەکانی

## هاوڕێ رامبود لوتف پووری

------------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- شەڕ لە پێناو ئاشتی دا ........ ٤

٢- رووناکبیر ........ ٩

٣- فیدراڵیزم و رەهەندە پێوەندیدارەکانی ........ ١٥

٤- بوارەکانی فیدرالیزم لە ئێراندا ........ ٢١

٥- رووناکبیرو سیاسەت ........ ٢٧

٦- رووناکبیرو دەسەڵات ........ ٣١

٧- سەرەکیترین کێشەی نێوان کورد و تورک لە ئێراندا، کێشەی خاکە ........ دیمانە: رامیار ...... ٣٤

٨- خەباتی کوردو تێرامانێک ........ ٤١

٩- ئاوردانەوەیەک لە کێشەی ژنانو هۆکارەکانی ........ ٤٦

١٠- گوتار و ئینتیما ........ ٥٠

١١- حیزبی دیمۆکرات لەباری سیستمەوە دیمۆکراتیکترین حیزبی کوردستانە ........ دیمانە: مەحمود شێرزاد ........ ٥٣

١٢- حیزبی دیمۆکرات، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی ........ ٥٨

١٣- ژنی کورد لە نێوان قەیرانی نەریت و مۆدێرنیتە دا ........ دیمانە: مەریەم حاجی پوور ..... ٦٢

١٤- شۆڕشی کولتووریو ژینۆسایدی سپی لە کوردستاندا ........ ٦٨

١٥- ئێمە هەروەک رەوتی ریفۆرم دەمێنینەوەو بۆ نوێکردنەوە و پێشکەوتنی حیزب ........ دیمانە: ئاسۆ ....... ٧٥

١٦- دوکتور قاسملوو، شۆڕشگێڕی راستەقینە ........ ٨٤

١٧- ئێستا بەستێنی هزری بۆلێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکان زۆر لەبارترە ........ دیمانە: خۆرهەلات نیوز ..... ٩٦

١٨- رێبەرێکی نەتەوەیی و سیاسەتوانێکی شارەزا ........ ١٠٧

١٩- فەرمانی جیهاد یا تەکفیرو ئەنفالی نەتەوەیەک ........ ١١٣

٢٠- بزاڤی نەتەوەیی کورد و مێتۆدەکانی خەباتی رزگاریخوازانە ........ ١١٩

٢١- ئێرانو ئەگەرەکانی گۆڕان لە داهاتوودا ........ ١٢٦

٢٢- کارەساتی هەڵەبجە، عەقڵییەتی پاکتاوو براکانمان ........................................................ ١٣٠
٢٣- پژاک نەک هەرسەربەخۆ نییە بەڵکو لە باڵی رۆژهەڵاتی کوردستانی پ.ک.ک یە ............ دیمانە ........... ١٣٤
٢٤- با ئەو ئاژاوەیەی داگیرکەران لە باشووری کوردستان دەینێنەوە بخرێتە داوێنی خۆیان ............ دیمانە ....... ١٤١
٢٥- نەسرەوتن وانەی رێبەرێکی نەسرەوتوو بۆ حیزبی دیمۆکرات ........................................................ ١٤٦
٢٦- تێرامانێک لەسەر گەلاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان ........................................................ ١٤٩
٢٧- رێبەرێک لە ئاوێنەی ئەندێشەکانیدا ........................................................ ١٥٤
٢٨- هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندا ........................................................ ١٥٩
٢٩- ئەگەر ئێستا یەکنەگرن و کۆدەنگ نەبن بەدڵنیاییەوە داهاتوویەکی ناخۆشمان لێ پێشدا دەبێت .... دیمانە ..... ١٦٦
٣٠- چارەسەریی پرسی کورد لە نێوان پاراستنی یەکپارچەیی ئێران و جیابوونەوەدا ................................ ١٧٠
٣١- رۆژئاوای کوردستان، چی روویدا و چ دەبێ؟ ........................................................ ١٧٣
٣٢- چەندین رووداوی کارەساتبار ........................................................ ١٧٧
٣٣- ئێستا بێژین چی؟ ........................................................ ١٧٩
٣٤- فەیس بووک پێوەرێکی باش نیە ........................................................ ١٨١
٣٥- وتووێژ بە چ مەبەستێک و بۆچی ئێستا؟؟؟ ........................................................ ١٨٤
٣٦- پەیامی کاک مستەفا هیجری بۆ جاشەکان و چەند تێبینییەک ........................................................ ١٩٥
٣٧- هەستی خۆ بەکەم زانین ........................................................ ١٩٧
٣٨- روونکردنەوە ........................................................ ١٩٨
٣٩- ئێمە و ئەوان ........................................................ ٢٠٠
٤٠- بە ناوی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم ........................................................ ٢٠٢
٤١- سەربەخۆیی و دیمۆکراتیزاسیۆن ........................................................ ٢٠٤
٤٢- شەوی یەلدا ........................................................ ٢٠٦
٤٣- بڵێی شەهیدانی ئەم جارە هەندێک کەسی راچڵەکاندبێ؟ ........................................................ ٢٠٧
٤٤- یەک بان و دوو هەوا ........................................................ ٢٠٩
٤٥- هەستانەوەی دیمۆکرات بالانسی هێزی گۆڕی ........................................................ ٢١٢

# شەڕ لە پێناو ئاشتی دا

شەڕ یەکێ لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەیە کە وەک تایبەتمەندییەکی دانەبڕاوی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەردەوام تێکەڵاوی رەوتی خەمڵان (تکامل)ی مێژوویی مرۆڤ و کۆمەڵگاکەی بووە. بەشێوەیەک کە دەتوانین بڵێین شەڕ بەدیهێنەری مێژووی مرۆڤە. بەواتایەکی دیکە مێژوو، زیاتر بەسەرهاتی سەرەدمی شەڕەکانە تا سەردەمانی ئاشتی. کەوابوو دیاردەیەکی ئەوەندە گرینگ، پێویستیی بە تێڕامانو لێکدانەوەی کاریگەرییەکەی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ هەیە.

شەڕ تەنیا رووبەڕووبوونەوەو لێکدانی فیزیکیی مرۆڤ یا گرووپە ئینسانییەکان نیە، بەڵکوو گەلێک رووبەڕووبوونەوەی دیکەش وەک شەڕی دەروونی، شەڕی ساردو... لە خۆ دەگرآ. تەنانەت بەربەرەکانێ بۆ مانەوەش کە لە سروشت و لەنێو هەموو بوونەوەرەکاندا لە گۆڕێ دایە بەجۆرێک دەچێتە خانەی شەڕەوە، بەڵام ئەوە باسێکە کە لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئەم وتارەدا ناگونجێ، ئەوەی لێرەدا تەوەری باسەکەی ئێمەیە، رەهەندی ئینسانیی شەڕە، ئەویش نەک بەربەرەکانێی تاکەکەسی بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵگاو کۆمەڵە ئینسانییەکاندا.

کەوابوو هەرچەشنە رووبەڕوونەوەو بەربەرەکانێیەک کە بە مەبەستی لەنێوبردن، زەبرلێدان، تۆقاندن یا پێشگرتن بەلایەنی دژ بێ، دەتوانێ لەم چوارچێوەیەدا جێ بگرێ. "کوینسی رایت" لە پێناسەی ئەم دیاردەیەدا دەڵێ: "شەر دەتوانێ وەک بەربەرەکانێیەکی هاوکات لەنێوان هێزە چەکدارەکان، هەستە خەڵکییەکان، دەمارگرژییە حقووقییەکان و کولتوورە نەتەوەیییەکاندا لەبەرچاو بگیردرێ."(١)

هەروەها "کلاوزێویتس" سەبارەت بەم چەمکە دەڵێ: "شەڕ کردەوەیەکی توندوتیژانەیەکە مەبەستی بەچۆکداهێنانی لایەنی بەرامبەر، بۆ جێبەجێکردنی ویستەکانی ئێمەیە."(٢)

بۆچوونەکان سەبارەت بە شەڕ جیاوازن، هێندێک بۆچوون لایەنگریی لێ دەکەنو بە فاکتەری پێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگای دەزانن، هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەن کە شەڕ دیاردەیەکی هەمیشەییەو بەرهەمی سروشتیی ژیانی کۆمەڵایەتییە، شەڕ لەم روانگەیەدا پاڵوێنەی کۆمەڵگای ئینسانییە بۆ جیاکردنەوەی گرووپە بەهێزەکان و لە نێوبردنی لاوازەکان. هێندێک لە بیرمەندانی ئەم روانگەیە، وەک کانت شەڕ وەک دیاردەیەکی خراپ، بەڵام پێویست و داسەپاوی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو

دەگرن. بۆ وێنە کانت دەڵێ: "ئاشتیی هەمیشەیی قەت سەقامگیر نابێ،

بەڵام دەتوانین یەکجار زۆر لێی نزیک ببینەوە."(٣)

تاقمێکی دیکە لە لایەنگرانی ئەم روانگەیە، بۆچوونێکی پۆزێتیڤتریان سەبارەت بە شەڕ هەیە، بۆ نموونە "نیچە"، زۆر راشکاوانە رێز لە شەڕ دەگرێ‌و دەڵێ: "ئێوە دەبێ وەک ئامرازێک چاو لە ئاشتی بکەن کە لە خزمەتی شەڕە نوێیەکان دایەو، پێویستە کورتخایەنترین ئاشتییەکان هەڵبژێرن... شەڕ دەبێ بێبەزەیی‌یانە بێ، تا ئاکامێکی لێبڕاوی لێ بکەوێتەوە. ئازایەتی و دڵڕەقی، نەترسی، فێڵ، هوشیاری، دەلەسەو بەکورتی لە یەک وشەدا، دەسەڵات، تەنیا گەورەیی گەلێکن کە لە شەڕدا جێگای پەسند و رێزن."(٤)

یا لەم بوارەدا ماکیاولی دەڵێ: "هەر شەڕێک، لەگەڵ ئەوەدا کە بە پێویست زانرا، دادوەرانەیە."(٥)

لە پاڵ ئەم بۆچوونانەدا، هەندآ بۆچوونی دیکەش لە ئارادان کە رەخنەگری شەڕو بیرۆکە شەڕسالارەکانن. ئەمانە زیاتر جەخت لەسەر لایەنە زیانبارەکانی شەڕ دەکەنو بە بەرهەمی پێکهاتەگەلێکی هەڵەی کۆمەڵایەتیی دەزانن. بیرمەندانێکی وەک "ڤۆڵتێر"و "ژان ژاک رۆسۆ" لە ریزی لایەنگرانی ئەم بۆچوونەدان.

ئەمە لێکدانەوەیەکی زۆر کورتی شەڕو بۆچوونە پێوەندیدارەکانی بوو، لێرەدا ئێمە بڕیارێکی لێبڕاو لەسەر هیچ کام لەم بۆچوونانە نادەین، تەنیا شەڕ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی‌و ریالیزمی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ قبووڵ دەکەینو ئەم باوەڕەش "کە ئەگەر کۆمەڵگای ئینسانی نەتوانآ ئاشتییەکی هەمیشەیی بەخۆوە ببینێ، لانیکەم "کانت" گوتەنی، دەتوانێ زۆری لێ نزیک ببێتەوە"، دەکەین بە بناغەی باسەکەمانو هەوڵ دەدەین یەکآ لە رێگاکانی گەیشتن بە ئاشتی کە شەڕی دژی شەڕ، یا شەڕ لە پێناو ئاشتی دایە، تاوتوێ بکەین.

### ئاشتیخوازیی شەڕخوازانە:

رەنگە ئەم زاراوەیە لە رواڵەتدا ناتەبایی‌یەکی پێوە دیار بێ، واتە چۆن دەکرێ خەمی سەقامگیرکردنی ئاشتیت هەبێو لە هەمان کاتیشدا شەڕخواز بی؟ بەڵام ئەمە دەستەواژەیەکی نوێ نیە، لە ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٨ی زایینیشدا لایەنەکانی شەڕ دەیانگوت شەڕ دەکەین بۆ بنەبڕکردنی شەڕ. دیارە ئەم بابەتە لە بیرۆکەی دەوڵەتی یەکگرتووەوە سەرچاوە دەگرێ،

وەک "ناپێلئۆن" دەیگوت بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش ویستوومە دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بکەم، واتە جیهان دەبێ فەرمانڕەوایەکی هەبێ. ئەم بیرۆکەیە بە هەندێک گۆڕانکارییەوە ئێستاش لە ئارادایەو وەک یەکێ لە رێگاکانی گەیشتن بە ئاشتی لەبەرچاو دەگیردر. ئەگەر پێشتر باس لە دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەکرا، ئێستا باسی کولتوورێکی یەکگرتووو بە جیهانیبوونەوەی ئابووری دەکرێ. واتە لەلایەک کولتوورێکی یەکگرتوو کە هەمان کولتووری رۆژئاوایی، ئەویش لە چەشنی ئامریکایییەکەیە نەتەوەکان لەباری بیروڕاو هەڵسوکەوتەوە لێک نزیک دەکاتەوەو لە لایەکی دیکەش جیهانیبوونەوەی ئابووری بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان لە بواری ئابووریو سیاسییەوە لێک نزیک دەکاتەوە، ئەمەش یەکیەتییەکە لە عەینی فراوانیدا، واتە یەکگرتنە نە یەکبوون. ئەم پرۆسەیە وەک نەزمێکی نوێی جیهانی کە وڵاتانی زلهێزی دنیا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا سەرقافڵەیی، بانگەشە بۆ جیهانگیربوونی هەندێک چەمکی وەک دێمۆکراسی، بازاڕی ئازاد، پاراستنی مافی مرۆڤ و... دەکا.

بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم نەزمە نوآیە وەک هەر دیاردەیەکی نوێی دیکە سەرەتا کێشە خوڵقێنەو لەگەلڕ دژایەتی و بەرخۆداندا بەرەوڕوو دەبێ. هەوڵدانی شارستانییەتی رۆژئاوا بۆ سەقامگیرکردنی عەقڵانیەتی مۆدێڕنو ئەم نەزمە نوێیە، بەشێوەیەکی سروشتی دژکردەوەی شارستانییەتەکانی دیکەی بەدواوەیە کە لەم پرۆسەیەدا خۆیان لەبەردەم هەڕەشەو مەترسیی تواندنەوەو لەنێوچووندا دەبینن، ئەمەش پێکهێنەری ئاڵۆزیی و تێکچڕژانی شارستانییەتەکانە، کە "هانتینگتۆن" نێوی "ململانێی شارستانییەتەکان"ی لەسەر دادەنێ. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا شایانی باسە، چۆنیەتی ئەم ململانآیەیە، چونکە ئەم ململانێیە بەربەرەکانێیەکە کە رۆژئاوا پێکهێنەریەتی و رۆڵی هێرشبەری تێدا دەبینێ، بۆیە جۆرو شێوەی بەربەرەکانێیەکەش ئەو دیاری دەکا. شارستانییەتەکانی دیکەی وەک کۆنفۆسیۆسی و ئیسلامییش لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا کەوتوونەتە دۆخێکی هەڵچوونەوە، کەرەستەو ئامرازی پێویست بۆ ئەم چەشنە خەباتەیان پێ نیە. واتا کولتووری پاسیڤ و نەریتیی ئەم ژیارانە توانای بەربەرەکانێ لەگەڵ کولتووری ئەکتیڤ و عەقڵانیی رۆژئاوا نیەو لە بواری ئابووری و تێکنۆلۆژیاشەوە، گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکردوەو بەربەرەکانێی رۆژئاوایان پێ ناکرێ. بە واتایەکی دیکە هەم لە بواری عەقڵانیەتی کولتوورییەوەو هەم لەبواری عەقڵانییەتی ئامێرییەوە لاوازترن و دەسەڵاتی لایەنی بەرامبەریان بەهێز پێ نیە. ئەم ناهاوسەنگییە لە بواری سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتییەوە ئەم ژیارانە تووشی کێشەو قەیران دەکاو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێک رامان و کردەوەی ئانۆرماڵی وەک گەڕانەوە بۆ رابردوو، نەریتخوازی، بنەماخوازی، تیرۆر، سانسۆرو هتد لەنێویاندا. ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئیسلامی دا زەق و بەرچاوترە، ئەم وڵاتانە نە توانای بەربەرەکانێ بەو فورمولە نوێیەیان هەیەو نە دانیش بە شکستەکەیاندا دەنێن، بۆیە بە داخستنی دەرکەکانیان بە رووی هزرو کولتووری رۆژئاوایی و بەرهەمهێنانی رامانی کوشتنو توقاندن، هەوڵی دوورخستنەوەی ئەم ژیارە لە خۆیان دەدەن. بە تیۆریزەکردنەوەی بنەماخوازیی دینی هەوڵ دەدەن ئایدۆلۆژیای ئیسلامی وەک ئاڵتێرناتیڤی سێکۆلاریزم و دێمۆکراسی رۆژئاوایی زەق بکەنەوەو

بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی تیرۆر، رۆژئاوا ناچار بە پاشەکشە بکەن، بۆیە دەیانهەوێ شێوازی بەربەرەکانێیەکە بگوازنەوە بۆ شێوازێ کە ئامرازەکەیان پێ بێ. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگ و جێگای مەترسییە، هەوڵی ئەم وڵاتانەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامرازآێ کە وەک فاکتەرێکی بەربەستیانە کەڵکی لێوەربگرنو ئامانجەکانیانی پێ مسۆگەر بکەن، کە ئەویش هەمان چەکی کۆکوژە.

## پەرەسەندنی چەکە کۆکوژەکان و هەڕەشەیان لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان:

ئەگەرچی هێندێک لە بیرمەندان لەسەر ئەو باوەڕەن کە چەکە کۆکوژەکان بەتایبەت چەکی ناوکی سەبارەت بە شەڕەکان فاکتەرێکی بەربەستیانە بووەو لە سەقامگیریی ئاشتی دا رۆڵێکی پۆزێتیڤی بینیوە (بەهۆی پێشبڕکێی پیشەسازی و ئابووریی وڵاتانی پێشکەوتووو مەترسییەکی کاولکەر کە بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە شەڕەکاندا هەیانە)، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە لەنێو وڵاتانی دواکەوتووی جیهاندا کە لە بواری ئابووری و پیشەسازییەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان بەخۆوە نەدیوەو شتێکیان بۆ لەدەستدان نیە، بەتایبەت کە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی ئاسمانی و مەزنخوازی وەک ئیسلامیش بن، نەک هەر بوار بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی نارەخسێنێ، بەڵکوو هەڕەشەیەکی مەزنە لەسەر ئاشتی و ئاسایش و بەگشتی کۆمەڵگای ئینسانی.

لێرە دایە کە پێویستە جیهان بەشێوەیەکی پراکتیکو بە جیددی هەڵوێست بگرێ و تەنانەت لە هەندێک نموونەشدا ئەگەر پێویست بوو، لە رێگای شەڕو بەشێوەی چەکدارییەوە پێش بەم رەوتە بگرێ. ئەگەرچی شەڕ وەک خۆی بەتایبەت لەم سەردەمەدا رەنگە دیاردەیەکی باش و بە قازانجی مرۆڤایەتی نەبێ، بەڵام لە هێندێک نموونەی ئەوتۆداو بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا رەوایی بەدەست دێنێ. لە دۆخێکی ئەوتۆدا شەڕ نەک هەر نابێتە هۆی دواکەوتن، بەڵکوو جیهان بەرەو ئاسایش، ئاشتی، ئازادی، پێشکەوتنو دێمۆکراسی پالڕ پێوە دەنێ. ئەو شێوە شەڕە بەتایبەت بۆ ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانیان لە مافاکانیان بێ بەشیان کردوون، پەیامهێنەری ئاشتی و ئازادی و پێشکەوتنە. بە پێی ئەم کردەوانەی کە لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە وڵاتانی تیرۆریستپەروەری وەک ئێران، عێراق، ئەفغانستان و گرووپە داردەستەکانیان وەک حیزبوڵڵا، ئەلقاعیدە، ئەنسارولئیسلام و... دیتمان، پێشبینی دەکرێ کە ئەگەر ئەم وڵاتانە چەکی ناوکی بەدەست بێنن، چ کارەساتێک لە دنیادا روو دەدا.

کەوابوو شەڕی دژە تیرۆرو شەڕ لە پێناو رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆکوژەکاندا نەک هەر شەڕێکی نارەواو ئیمپریالیستی نیە، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە شەڕێکە لەپێناو ئاشتی دا.

لە کۆتایی دا ئاماژە بە چەند وتەیەکی فەیلەسووف و بیرمەندی هاوچەرخ "کارل پوپێر" دەکەین کە ساڵی 1992 لە وتووێژێک لەگەڵ گۆڤاری ئێشپیگلردا بڵاو بوونەتەوە:

"ئەورۆ دەبێ ئامانجی یەکەممان پاراستنی ئاشتی بێ، کە بەدەستهێنانی لە دنیایەکی ئەوتۆدا کە سەددام حوسێن و دیکتاتۆرگەلێکی دیکەی وەک ئەوی هێشتا تێدان، گەلێک دژوارە. ئێمە نابێ واز لە شەڕ لە پێناو ئاشتی دا بێنین، کێشەیەک کە لەم هەلومەرجەدا پارێزهەڵنەگرە، ناخۆشو خەفەتهێنەرە، بەڵام ناچارین کە بیکەین، لێبڕاوبوون لێرەدا گرنگییەکی ژیانەکیی هەیە... لەم سەردەمەدا هیچ کێشەیەک گرنگتر لە پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم بۆمبە سەرکەشانە نیە، بۆمبگەلێک کە ئێستا لە بازاڕی رەشدا سەودا دەکرێن. دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی جیهانی پێشکەوتوو کە تووشی شێتی و تووڕەیی نەهاتوون، پێویستە لەم پێوەندییەدا هاریکاریی یەکتر بکەن... نە تەنیا بە دژی سەددام. جیهانی پێشکەوتوو دەبێ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نموونەگەلێکی ئەوتۆدا، گرووپێکی دژکردەوەی خێرا پێک بێنێ. ئاشتیخوازی لە رێگا کۆنە بێ کەڵکەکانەوە بەمانای شێتییە. ئێمە ناچارین لەپێناو ئاشتی دا شەڕ بکەین."(٦)

پەراوێزەکان:

١- بوتول - گاستون، جامعەشناسی جنگ، ترجمە هوشنگ فرخجستە، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، ١٣٧٦، تهران، ێ ٣٣

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٢

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٣

٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٤

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠

٦- پوپر ـ کارل ریموند، زندگی سراسر حل مسئله است، ترجمە شهریار خواجیان، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٣، تهران، ێ ٢٠٢ و ٢٠٣

ژێدەر:

١- بوتول - گاستون، جامعەشناسی جنگ، ترجمە هوشنگ فرخجستە، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، ١٣٧٦، تهران
٢- پوپر - کارل ریموند، زندگی سراسر حل مسئلە است، ترجمە شهریار خواجیان، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٣، تهران
٣- آشوری - داریوش، دانشنامە سیاسی، انتشارات مروارید، چاپ پنجم، ١٣٧٨، تهران

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی ئەپریلی ٢٠٠٦

# رووناکبیر

### پێناسەو ئەرکی رووناکبیریی لە روانگە جیاوازەکانەوە

پێش ئەوەی کە بڕۆینە سەر باسی رووناکبیرو ئەرکەکانی پێویستە ئاورێک لە سەردەمی رۆشنگەری و تایبەتمەندی‌یەکانی بدەینەوە، چونکە لەو سەردەمەیەدا کە راسیونالیزم و رووناکبیری بە مانا مۆدێرنەکەی دەر دەکەون و پەرە دەستێنن.

لە سەدەکانی نێوە راست دا حەقیقەت تەنیا لە چوارچێوەی ئایین‌دا شیاوی باس‌و توێژینەوە بوو، ئایین‌و نەریتە نەگۆڕەکان تەنیا سەرچاوەی لۆژیکی مرۆڤ‌و بنەما رەوشتی‌یەکان بوون، "لە روانگەی بیریارێکی وەک "ئاگۆستینی قدیسەوە" دادپەروەری حەقیقی تەنیا لە وڵاتێکدا سەقامگیر دەبێ کە مەسیح فەرمانرەواو بناغەدانەری بێ. بە بۆچوونی "توماس ئاکویناس" خوا نەتەنیا بەدیهێنەری جیهانی ماددی‌یە بەڵکوو بە پلەی یەکەم سەرچاوەو دارێژەری یاسای رەوشتە"، بۆ یەکەمجار لە سەردەمی رێنیسانس دایە کە وشەی حەقیقەت بە واتایەکی غەیری ئایینی دەخرێتە بەر باس. ئایینمەندی لای بیریارێکی وەک "ماکیا ڤیلی" چی دیکە لە خۆیدا ئامانج نیە، بەڵکوو ئامرازێکی بەهێزە لە خەباتی سیاسی‌داو، لای "تامس مۆریش" خزمەت بە حەقیقەت گرنگترە لە خزمەت بە پاشا، تا رادەیەک کە گیانی لەسەر داکۆکی کردن لەم باوەڕە دادەنێ".(١)

"کێشەی ناسینی حەقیقەت لە سەردەمی رۆشنگەری‌دا، هەڵسەنگاندن‌و دانەبەر رەخنەی ئەو بەهاگەلەیە کە نەریت جارێک‌و بۆ هەتا هەتایە وەک بەها گەلێکی نەگۆڕ پەسەندی کردون".(٢)
رامانی رۆشنگەری بە ئاراستەی رزگارکردنی هزرو لۆژیکی مرۆڤ لە بەندی نەریت‌و یاسا دەمارگیرەکانی‌دا دەڕواو پەسند کردنی دەمارگیرانەی هەر چەشنە چەمکو بنەمایەکی ئەندیشەیی رەت دەکاتەوە.

بزافی روشنگەری لە سەرو بەندی شۆرشی فەڕانسەو دەرکەوتنی رۆمانسیيەت لە ئورووپادا سەرهەڵ دەداو لە دوو رەهەندی ئارایی‌و لۆژیکی‌یەوە ژیانی مرۆڤی ئورووپایی تووشی گۆڕان دەکا، واتە شێوەی ژیان‌و بیرکردنەوەی دەگۆڕێ‌و هزری مرۆیی لە پەراوێز دەردێنێ‌و دەیکا بە پێوەری لۆژیکو مەعریفە، بە شێوەیەک کە مرۆڤ دەبێتە تەوەرو ئۆمانیزمو مرۆڤناسی جێگای تێئیزمو جیهانبینی ئایینی دەگرنەوە، ئەم دابڕانە لۆژیکی‌یەی بوو بە هۆی ئازادی مرۆڤ لە هێژمۆنیی ئوتوریتەی کلێسەو سەرەتای مێژووی رامانی نوێ لە ئورووپادا. کانت وەک پێشەنگی ئەم رەوتە ئەندیشەیی‌یە لە پێناسەی رۆشنگەری‌دا دەڵێ:

"رۆشنگەری دەرباز بوونی مرۆڤە لە زەلیلیو چووکبوونی خۆی، زەلیلیو چووک بوونێک کە خۆی بەرپرسیەتی".(٣) کانت هێمای هەرە دیاری ئەم دەربازبوونە لە گیانی هەڵسەنگێنەرورەخنە گرانەی رووناکبیراندا دەبینێو لە سەر ئەو بڕوایەیە کە بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم رووناکبیرانە دەربازبوونی خەڵکیشی لێدەکەوێتەوە.

بیریارانێکی وەک، رۆسۆ، ڤۆلتێر، مۆنێستکیۆ، دیدێرۆ، هێوم، گوتەو... لە بناغەدانەران و پێشەنگەکانی ئەم رەوتە ئەندیشەیی یەن (بزاڤی رۆشنگەری).

**رووناکبیرو بزاڤی رووناکبیری:**

"وشەی رووناکبیر Intelectud یەکەم جار لە فەڕانسەو لە رەوتی دادگایی کردنی کاپیتان دریفوسدا بەکار هێنرا کە پتر لە سەد کەس لە نووسەرانی ئەو سەردەمی فەڕانسە، کەسانێکی وەک مارسێل پرۆست، ئاندرەژید، ئێمیل زۆلاو... راگەیەندراوێکیان لە ژێر ناوی (راگەیندراوی روناکبیران)دا دەرکردو تێیدا داوایان لە دەوڵەتی فەڕانسە کردبوو کە دیسان بە فایلەکەی دریفوسدا بچێتەوە".(٤)

رووناکبیری وەک رەوتێکی مۆدێرنی هزری بەرهەمی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بواری رامانو دابڕانێکی لۆژیکیە کە پاش رێنێسانسو لە سەردەمی رۆشنگەریدا دێتە گۆڕێ. رووناکبیری مۆدێرن بەرهەمی ئەو فەلسەفانەیە کە پێکهێنەری گومانو دڕدۆنگی لە نەریت بوون.

رووناکبیری چەمکێکی ئاڵۆزەو لە روانگەو بۆچوونی جیاوازەوە پێناسە کراوە، بۆ وێنە هێندیک لە بیر یاران ماناکەی یەکسان بە مانای هێندێک چەمکی وەک بیریاری، فەیلە سووفیو... هتدەوە دەزانن‌و لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەر چەشنە داهێنانێک بە تایبەت لە بواری ئەندێشەدا یا تەنانەت هەرچەشنە کارێکی ئەندێشەیی دەچێتە خانەی رووناکبیریەوە، بەڵام فاکتەری جیاوازیی ئەم پێناسانە لەگەڵ رووناکبیری لە پێناسە مۆدێرنەکەیدا گیانی رەخنەگرو یاخیبوونە لە بارودۆخی ئارایی، واتە تەنیا ئەو بیریارو فەیلەسووفانەی دەچنە خانەی رووناکبیری مۆدێرنەوە کە خاوەنی ئەم فاکتەرە بن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە رووناکبیر ئەو کەسەیە کە بەردەوام لە بواری راماندا کار دەکاو کاراکتەرێکی داهێنەرو رەخنەگرانەی هەیە. رووناکبیران بەو پێیەی کە رەخنەگری بارو دۆخی ئاراییین وەک تاقمێکی چەپخواز پێناسە دەکرێن. بە گشتی روانگەکانی پێناسەی رووناکبیر لە چوار دەستەی گشتیدا پۆلین دەکرێن.

١- داهێنەرو پارێزەری بەها نەگۆڕو ئامانجخوازەکانی کۆمەڵگا لە بواری دادپەروەری، جوانیو حەقیقەتدا
٢- بانگەشەری رێبازەکان، بناغە دانەری ئایدۆلۆژیاکانو رەخنەگرانی بارو دۆخی ئارایی
٣- لە روانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە رووناکبیران، توێژێکی کۆمەڵایەتین کە لە پەرە پێدانو پێشخستنی کولتوری کۆمەڵگادا رۆڵ دەگێرن.
٤- مرۆڤێکی هوشیارو هەستیارە کە تەنیا خۆی بە مەعریفەیەکی تیۆرییەوە نابەستێتەوەو لە چوارچێوەی رەخنەیەکی زارەکیدا نامێنێتەوە بەڵکوو دەچێتە قۆناغی پراکتیکو بە کردەوە هەوڵی جێبەجێکردنی تیۆریاکەی دەدا. لە بواری مەعریفەدا رووناکبیر بڕوای بە هیچ حەقیقەتێکی نەگۆڕو رەها نیە بەڵکوو لای ئەو پێویستە حەقیقەت بەردەوام نوژەن بکرێتەوەو تاقە رێگایەک بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لە بەرچاو ناگرێ، بەڵکوو بڕوای بە رێگاکانی گەیشتن بە حەقیقەتەو بۆ دۆزینەوەشی رەسەنایەتی بە هزرو زانستی مرۆیی دەداو لە دەرەوەی بازنەی نەریتو ئایدۆلۆژیا داخراوەکاندا بۆی دەگەرێ، بڕوای بە فرە چەشنەیو رێژەیی بوونی پێوەرو بەهاکانو دانەبەر رەخنەی بەها نەریتییەکانە.

سەبارەت بە کۆمەڵگاو لە ئاستی پراکتیکیشدا لە هەوڵەدایە بۆ، هەڵوەشانەوەی قەوارە نەریتییەکان، داهێنانی هێندێک بەهای نوێ یان نوژەن کردنەوەی بەها کۆنەکان، پێشکەشکردنی هێندێک سیستمی نوێی بیرەکی بۆ شرۆڤە کردنی لایەنە جیاوازەکانی ژیان، کەڵک وەرگرتن لە رامانو هزری رەخنە گرانە بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە کردەیییەکان، داهێنانی هێندێک فەلسەفەی نوێ بۆ ژیان، رەخنە لە بارو دۆخی ئارایی کۆمەڵایەتیو سیاسی، چاکسازی لە دەسەڵات، دابینو دەستەبەر کردنی مافە مرۆڤییەکانی وەک ئازادیو یەکسانیو دەرچوون لە بازنەی قەوارە باوەکانی رامانو کولتورو زانستو هونەر. بە کورتی رووناکبیر دەروونپشکنێکی پسپۆرو وێنا گەرێکی هونەرمەندە کە نەخۆشییە نەناسراوو شاراوەکانی کۆمەڵگا دەدۆزێتەوەو وێنایەکی تەواوی لێ بە دەستەوە دەدا، ئەگەرچی کەسایەتییەکی وەک ژۆزێف شومپیتر نەبوونی دوو فاکتەری، بەرپرسایەتی راستەو خۆی کردەییو زانستی سەرچاوە گرتوو لە ئەزموون لای رووناکبیران وەک تایبەتمەندییەکی گشتی دەنرخێنێ کە توانای پراکتیزە کردنی تیۆریاکانیان لێدەستێنێو دەبێتە هۆی قەتیس مانەوەی مەعریفەکەیان لە چوارچێوەی تیۆریادا، بەڵام هێندێک جار رووناکبیرانی پراگماتیست وەک نەشتەرگەرێکی کاردیتوو ولێهاتوو نەخۆشییەکان چارەسەر دەکەن.

### رووناکبیرو گۆڕانی ناراستەی چالاکییەکانی:

هەوڵ و چالاکیە ئەندێشەیییەکانی رووناکبیرانی سەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەری لە ئەورووپا دا هێندێک ئەنجامی وەک سکۆلاریزم، مۆدێرنیزم، راسیزم، ئۆمانیزمو لیبرالیزمی لێکەوتەوە. بەگشتی رووناکبیران لە هەر سەردەمێکدا بە پێی

هەلومەرجی سیاسیو بارودۆخی کۆمەلایەتی داکۆکی لە روانگەیەکی تایبەت دەکەنو دەبن بە گوتەبێژی چینێکی تایبەت، بۆ وێنە لە سەردەمی شۆرشی فەڕانسەدا بە هەڵگرتنی هێندێک دروشمی وەک ئازادی، سکۆلاریزم، ناسیۆنالیزم، یەکسانیی مافو چاکسازیی ئابووری ببوون بە دەنگی بوژوازیو داکۆکیان لە خواستەکانی دەکرد. یا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەدەی بیستەمدا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی، سوسیالیزم، دادپەروەریو یەکسانی کۆمەلایەتیو هەروەها دژایەتی لەگەڵ سەرمایەداریدا ببوون بە تریبوونی بەرەی سوسیالیزمو چینی پرۆلیتاریا. لە کۆتاییەکای سەدەی بیستیشدا پاش رووخانی یەکیەتی سۆڤیەتو سەرهەڵدانی سەرمایەداری نوێو دروستبوونی هێندێک سیستمی تێهەڵکێشی وەک سوسیال دیمۆکراسی، نەوەیەکی نوێ لە رووناکبیران سەریان هەڵدا لە ژێر ناوی رووناکبیرانی کۆنە پارێزی نوێ کە رەخنە لە تێکدانی هاورێکیی جیهانی کۆن دەگرنو بانگەشەی هێندێک چەمکی وەک پاراستنی ژینگە، بە جیهانیبوونو دیمۆکراسی دەکەن.

### جیاوازیی رووناکبیرو بیریار یا فەیلەسووف:

بیریار یا فەیلەسووف تەنیا ئەرکی بەرهەمهێنانی مەعریفەو زانستە واتا ئەو بابەتانەی کە سەرنجی رادەکێشن پاش شەنو کەو کردنی هەمە لایانەیان،تیۆریزەیان دەکاو وەک مەعریفە یا لۆژیکێک پێشکەشیان دەکا. بەلام رووناکبیر بە هۆی دەروەستبوونی بە راستیەکانەوە ئەرکی تیۆریزە کردنی مەعریفەو جێبەجێکردنی ئەو تیۆریایەی لە ئەستۆیە، هەر چەند رووناکبیر دەشتوانێ خۆی بەرهەمهێنەری مەعریفە بێ بەلام خاڵی جیاوازی ئەو لەگەڵ بیریاردا، دەروەستبوونیەتی بە هێنانەدیو جێبەجێکردنی ئەو تیۆرەوە. "فیختە" سەبارەت بەم جیاوازیە دەڵێ: "دەبێ زانستی رووناکبیر بخرێتە خزمەت کۆمەڵگا. پێویستە رووناکبیر کەمایەسیە راستەقینەکانو ئامرازەکانی دابینکردنیان بە خەڵک بناسێنێ".(٥)

### روانگەی مارکسیستەکان بەرامبەر بە رووناکبیران:

مارکسیستەکان بە گشتی روانگەیەکی پۆزێتیڤیان بەرامبەر بە رووناکبیران نیە، بە بۆچوونی ئەوان رووناکبیران بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتیو جیاکردنەوەی کاری جەستەیی لە کاری هزرین. "لێنین" رووناکبیران بە پێی ئینتیمای چینایەتیان بەسەر دوو گرووپی رووناکبیرانی بورژواییو رووناکبیرانی پرۆلیتاریایی دابەش دەکرد. "کارل کائوتسکی" رووناکبیرانی لەلا چینێکی هەلاوارده بوونو دەیگوت: رووناکبیران کەڵک لە هێندێک ڤانی پەروەردەو فێرکردن وەردەگرن کە خەڵکی ئاسایی لێیان بێبەرین، "مارکس پێی وابوو کە سەرمایەداری سەربەخۆیی رووناکبیرانی لەنێو بردوەو ئەوانی خستۆتە دۆخێکی وەک پرۆلیتاریاوە. بە بۆچوونی ئەو: بورژوازی رێزی بۆ هیچ کام لەو کارو پیشانە نەهێشتوە کە تا ئێستا جێگای رێزو شانازی بوونە، پزیشک، مافناس، پیاوی ئایینی، هونەرمەندو زانای کردۆتە هێندێک کرێکاری مووچەخۆر".(٦)

"پۆلخانۆف" بیریاری رووسیی لایەنگەری سوسیالیزمی بێ ڕێبەریو جووڵانەوی خۆڕسکی کۆمەڵانی خەڵک هاوکات لەگەڵ هێرشکردنە سەر ئارسیتۆکراتی‌یەتی رووناکبیری، رووناکبیران بە لایەنگری لە قارەمانپەرستی لە مێژوودا تاوانبار دەکا.

بەڵام لە هەمووو ئەمانە گرینگتر بۆچوونەکانی "ئانتۆنیۆگرامشی" مارکسیستی ئیتالیایی‌یە، گرامشی لە یەکەمین بیریارگەلێکە کە باسی پێوەندیی رووناکبیرانو بەستراوەیی چینایەتی دێنێتە گۆڕێ، بە بڕوای ئەو رووناکبیران دوو جۆری سەرەکین، یەکەم رووناکبیرانی ئورگانێک کە بەرهەمو سەربە چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتنو لەو چینەدا رۆڵی پێکهێنانی هاوچەشنیو هۆشیاریی هاوبەش دەبینن، رووناکبیری بە لای ئەم توێژەوە تێروانینو کردارە، تێگەیشتنو گۆڕینی دنیایە، مەعریفەو ئاکارە، ئەم رووناکبیرە ئاشنا بە یاساکانی مێژووو سروشتی واقیعە، لە سیاسەتکردندا دەستێکی لە دەسەڵاتو دەستێکی لە دەستی خەڵک دایە بۆ کەمکردنەوەی مەودای نێوانیانو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.

دووهەم رووناکبیرانی نەریتین کە پێشتر رووناکبیری ئورگانێکی چینێکی تایبەت بوونە، بەڵام پاش نەمان یا لاواز بوونی ئەو چینە توانیویانە دیسان درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەنو چون خاوەن هەستێکی یەکگرتوویی نێوخۆییو مانەوەیەکی مێژوویین، خۆیان وەک گرووپێکی سەربەخۆ لە چینی دەسەڵاتدار دەنوێنن، بۆ وێنە پیاوانی ئایینی کە سەردەمێک رووناکبیری ئورگانی دەرەبەگەکان بوون لەم چەشنە گرووپانەن. هەروەها گرامشی ئاماژە بە هێندێک لە رووناکبیرانی ئامانجخواز دەکا کە خۆیان بە سەربەخۆو نوێنەرو درێژەدەری ئەندێشەی ئەفلاتوونی دەزانن، بەڵام لە راستی‌دا پاپ ئاسایی پێوەندی‌یەکی ئورگانی‌یان بە سەرمایەداریی نوێوە هەیە.

"بە بۆچوونی گرامشی شێوازی دروست لە پێناسە کردنی رووناکبیر پێویستی بە دۆزینەوەو تێگەیشتنی پێوەندیی پێکهاتە رامانی‌یەکانە لەگەڵ پێکهاتەی گرووپبەندی کۆمەڵایەتی‌دا. بە واتایەک تێکڕای خەڵک بیریار یا رووناکبیر چونکە هەرکارێکی جەستەیی هەرچەند سووکو سادەش بێ پێویستی‌یەکی کەمی بە هەوڵو تێکۆشانی بیرەکی هەیە. بەڵام هەموو خەڵک لە کۆمەڵگادا خاوەنی کاری تایبەتی رووناکبیری نین. هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی هەندێک رووناکبیرە، بەڵام چینە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگاو بەتایبەت چینی دەسەڵاتدار گرووپێکی رووناکبیریی تایبەت بە خۆیان هەیە...".(٧)

بەگشتی بۆچوونەکان سەبارەت بە پێناسەی رووناکبیر، سەرچاوەی ئەندێشەیو ئەرکو کردەوەکانی جیاوازن کە ئەمەش راستەو خۆ دەگەرێتەوە بۆ ئالۆزیی خودی چەمکەکە، بۆ وێنە ئەگەر کەسانێکی وەک گرامشیو زۆربەی مارکسیستەکان جەخت لەسەر کاریگەریی پێوەندیی‌یە چینایەتی‌یەکانی رووناکبیر لەسەر کردەوەو هەڵوێستەکانی دەکەن، کەسانێکی وەک "ریمۆن ئەرۆن"و "سارتەر" رووناکبیر بە دوور لە هەر چەشنە بەستراویی‌یەکی چینایەتی دەزانن. سەرەرای هەموو ئەو جیاوازی‌یانە

که له پێناسەو شرۆڤەی چەمکی روناکبیرو لایەنە پێوەندیدارەکانی له ئارادان، زۆربەی بیریاران لەسەر ئەم راستییە تەبان که روناکبیر تاکێکی رەخنەگرو هوشیارە که دەرووەستە به کێشەکانی تاکو کۆمەڵو به مەبەستی چاکسازیو گۆڕینی باری ئارایی بەردەوام له داهێنانی مەعریفەو هەروەها تیۆریزەو پراکتیزە کردنیدایە.

**پەراوێزەکان:**

١- جهانبگلو . رامین، مدرنیته، دمکراسیو روشنفکران، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٧٨، تهران، ێ ٦٥ و ٦٦
٢- هەمان سەرچاوە، ێ ٦٦
٣- هەمان سەرچاوە، ێ ٦٦
٤- هەمان سەرچاوە، ێ ٦٥
٥- بشیریه . حسین، جامعەشناسی سیاسی، نشر نی، چاپ هشتم١٣٨١، تهران، ێ ٢٤٨
٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠
٧- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥١

**سەرچاوەکان:**

١- جهانبگلو . رامین، مدرنیته، دمکراسیو روشنفکران، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٧٨، تهران،
٢- بشیریه . حسین، جامعەشناسی سیاسی، نشر نی، چاپ هشتم ١٣٨١، تهران
٣- سارتەر، ژان پۆل، بەرگریکردن له رۆشنبیران، وەرگێڕانی دڵاوەر عەبدوڵلا، چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣ سلێمانی
٤- سعید. ادوارد، نقش روشنفکر، ترجمەی حمید عچدانلو، نشر نی، چاپ دوم ١٣٨٢، تهران
٥- چەند نووسەرێک (کۆمەڵە وتار)، رۆشنبیرو دەسەڵات، وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵلا، چاپی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، سلێمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی ئەپریلی ٢٠٠٦

---------------------------------------------------

## فیدراڵیزم و ڕەهەندە پێوەندیدارەکانی

وشەی فیدرالیسم لە واتەی "Foedus" (فیدوز)ی لاتینیەوە هاتوە کە بە مانای "یەکێتی"یەو واتەی "کۆنی فیدراسیا"ش کە بە مانای "یەکگرتنی هاوپەیمانان" باو بوو هەر لەو بنەچەوە وەرگیراوە.

"هێندێک لە شارەزایان، فیدرالیسم وەک ئایدۆلۆژی ناو دەبەن، بەڵام ئەم تەعبیرە لەوە ناچێ زۆر دەقیق بێ، چونکە ئەم چەمکە زۆرتر چەمکێکی سیاسی، شێوەیەک بۆ دابەشکرادنی دەسەڵاتی سیاسی لە پراکتیکداو وەک ڕێگاچارەیەکی زۆرجار کاتی بۆ بەشێک لە وڵاتان بە هەلومەرجێکی تایبەتەوە چاو لێدەکرێ. لە کاتێکدا ئایدۆلۆژی باس لە سیستمێک لە ئایدەی پەیوەندیدار بەیەکەوە دەکاو پەسنی تایبەتمەندیەکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان روون دەکاتەوەو هێڵێکی فکری تایبەت وەک ڕێنیشاندەر بۆ رەوتی ژیانو بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، گرووپ یان وڵاتێک نیشان دەدا"(١).

فیدراڵیزم وەک چەمکێکی سیاسی لە روانگەی تیۆریەوە بەو بیرو پرنسیپانە دەوترێ کە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی سیستمی سیاسیدا لەبەرچاو دەگیردرێ. بنەمای ئەم فکرە لەوەدا هاتوە کە لە کردەوەدا فۆرمێکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەلێکی جیالەیەک لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لە ئیدارەی سیاسی لە نێو چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا بێنێتە ئاراوە"(٢).

بنچینەی فیدراڵیزمی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدە کە سێزدە دەوڵەتی جیاوازو سەربەخۆ لە ١٧٨٧لە فیلادێلفیا بنچینەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان دانا.

چەمکی فیدرالیزم تەعبیر لە بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی هەرێمەکاندا دەکا، بە واتایەک، فیدرالیسم پێش بە سانترالیزەبوونی دەسەڵات دەگرێو بەسەر هەرێمەکاندا دابەشی دەکا. زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ کێشەی ئیتنیکی، بەرفراوانیی جۆگرافیایی، ئایدۆلۆژیکی، زەختی دەرەکی و... بەرەوڕوون، یا ئەم سیستمە پێڕەو دەکەن یا ناچارن لە داهاتوودا پێڕەوی بکەن. بە تایبەت لە سەردەمی نوێدا کە پێکەوەژیانی تاک، کۆمەڵو نەتەوەکان نەک لەسەر بنەمای یەکبوون، ئێلیناسیۆنو توانەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای یەکگرتن بە پاراستنی سەربەخۆییو جیاوازیەکانەوەیە، لەم سەردەمەدا، نەتەوە ژێردەستەکان چیدی ئامادە نین بەستراوەی دەسەڵاتێکی ئۆنیتارو ئۆتۆریتەباوەڕ

بن, بڕیاریان لەسەر بدرێ و لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بن. بۆیە زۆربەی ئەو نەتەوانە یا هەوڵی سەربەخۆبوونیان داوەو دەیدەن یا لە یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەدا, بە پاراستنی سەروەریو سەربەخۆیی خۆیان و بەشدارییان لە دەسەڵاتی ناوەندیدا, لەگەڵ چەند نەتەوەی دیکە قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو پێک دێنن.

پرۆدۆن زانای فەرانسەیی سەدەی نۆزدەهەم, دەڵێ: سەدەی بیستەم سەدەی فیدرالیزمە. هەروەها رەیمۆن ئارۆن کۆمەڵناسی فەرانسەییش, دەڵێ: چۆن سەدەی نۆزدەهەم سەدەی مارکسیزم بوو, ئاواش لە سەدەی بیستەمدا فیدرالیزم دەبێتە چاکترین شێوەی دەربازبوون لە دروستبوونی کێشەکان. ئێستا هەموو وڵاتانی گەورەی جیهان وەک, ئەمریکا, رووسیا, کانادا, مەکزیک, ئۆسترالیا, هیند, برێزیل, ئارژانتین, ئاڵمانو... جگە لە وڵاتی تۆتالیتێری چین نەبێ بە شێوەی فیدراڵی بەڕێوەدەچن. تەنانەت هێندێک لە وڵاتانی گچکەی وەک, ئیماراتی عەرەبی, سویس, بەلژیک, ئۆتریش و... سیستمێکی حکوومەتی ئەوتۆیان هەیە. وڵاتانی فیدراڵی ٥٠%ی وشکایی زەوی پێک دێنن و ژمارەی دانیشتووانی وڵاتانی فیدراڵی ٨٠%ی دانیشتووانی سەرزەوین.

ئەمە پێشاندەری هێژمۆنیی سیستەمی فیدراڵی لە جیهانی ئەوڕۆدایە, بەڵام ئەوەی لێرەدا شیاوی باسو جێگای ورد بوونەوەیە, یەک چەشن نەبوونی دابەزاندنی ئەم سیستمە لەو وڵاتانە دایە.

### هەوێنو هۆکارەکانی دامەزراندنی سیستمی فیدراڵی:

١- هێندێ جار, هێندێ وڵات یا نەتەوە بە مەبەستی پاراستنی خۆیانو بەرگری لە بەرامبەر بێگانەو یەکخستنی هێزەکانیان قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوو پێک دێنن.

٢- زۆرجاریش بەرزبوونەوەی هەستی خۆبەڕێوەبردنو بەشداری لە دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا دەبێتە هەوێنی جێگیرکردنی سیستمێکی فیدرالی لە وڵاتێکدا. ئەم بیردۆزە زێدەتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست لە وڵاتانی رۆژئاواییدا سەری هەڵدا کە خەریکی دێموکراتیزەکردنەوەی وڵاتەکانیان بوون.

٣- لە هێندێ وڵاتدا, فیدرالیزم, وەک شێوەیەکی لە باری خۆگونجاندن لەگەڵ پێوەندییە نێونەتەوەییەکانو وەڵام دانەوەی تەوژمی سیاسەتی جیهانی لە سەر خۆیان پێڕەو دەکرێ. دیارە ئەم شێوەیە زێدەتر لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بەکار دێ کە لە بواری پێکهاتەو سیاسەتەوە نەگونجاو لەگەڵ رەوتی سەردەم دان, بۆ وێنە یەکێتی سۆڤییەت لە پێناو مەبەستی سیاسیو پەرەدان بە ئایدۆلۆژیی سوسیالیزم ئەم چەشنە فیدرالیزمەی پێڕەو دەکرد, دیارە ئەم جۆرە فیدرالیزمە

ئارەزوومەندانە نیە, بەڵکوو راستەوخۆ لە خزمەت سیاسەت یا ئایدۆلۆژیەکی تایبەت دایە.

٤- بەشێک لەو وڵاتانەش کە پانتاییەکی جۆگرافیایی بەرینیان هەیە, بۆ ئاسانکردنەوەی بەڕێوەبردنی وڵاتو شییانی کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناو وزە ئابووریەکانیان دەست دەدەنە دابەزاندنی سیستمی فیدراڵی لە وڵاتەکەیاندا, ئەم چەشنە فیدراڵیە لە وڵاتانێکی وەک ئەمریکاو ئەڵماندا پێڕەو دەکرێ.

٥- گرینگترین جۆری فیدراڵیزم کە تەوەری باسەکەی ئێمەیە, فیدراڵیزمی نەتەوەییە کە وەک رێگاچارەیەک بۆ کێشەی جیاوازیی نەتەوایەتی, کولتووریو ئایینی لە قەوارەیەکی سیاسیو جۆگرافیاییدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ, ئەم بیردۆزە وەک باشترین شێوەی پێکەوەژیانی نەتەوەو ئایینە جیاجیاکان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەناسرێ. وێنەی هەرە بەرچاوی ئەم جۆرە فیدراڵیزمە لە وڵاتگەلێکی وەک سویسو هینددا بەدی دەکرێ.

## جۆرەکانی فیدراڵیزم:

### ١- فیدراڵیزمی ئارەزوومەندانە:

ئەم چەشنە فیدراڵیە لەسەر بنەما رێککەوتنێکی هاوسانو یەکگرتنێکی خۆویستی نەتەوەو دەسەڵاتدارانی سەروەر دادەمەزرێو سەروەری بۆ ئەندامانی فیدراڵەو مافی جیابوونەوەشیان هەیە. ئەم جۆرە فیدراڵیە خۆی بە دوو شێوە جێبەجێ دەکرێ.

**یەکەم**: یەکگرتنی دوو یا چەن نەتەوە یا وڵاتو پێکهێنانی نەتەوەیەکی نوێ, وەک ئەمریکا.
**دووهەم**: یەکگرتنی دوو یا چەن نەتەوە یا وڵات لە قەوارەیەکی سیاسیدا, بەڵام بە پاراستنی جیاوازیە نەتەوایەتیو کولتووریەکانیان, وەک سویس.

### ٢- فیدراڵیزمی دەستووری:

ئەم چەشنە فیدراڵیە لە لایەن دەسەڵاتی گشتی نەتەوەییەوە پەسەند دەکرێو هەرێمەکان مافی جیابوونەوەیان بۆ نیەو سەروەریش بۆ دەسەڵاتی ناوەندیە, وەک ئۆسترالیا

### فیدرالێزم و دابەشکردنی دەسەڵات:

یەکێ لە کێشە هەرە گرینگەکانی دەوڵەتی فیدرالی چۆنیەتیی دابەشکردنی دەسەڵاتو مافی سەروەرییە بە واتایەک پرسیار ئەوەیە کە ئایا سەروەری بکەوێتە دەست ناوەند یا هەرێمەکان؟

چەمکی سەروەری (Sovereign) بۆ یەکەمجار لە لایەن رامیاری فەرانسەیی "ژان بۆدێن" لە سەدەی ١٦ی زایینی بە واتای بەڕێوەبەری سەروەر یا دەسەڵاتی بەرز لە چوارچێوەی وڵاتێکدا هاتوە.

لە پێوەندی لەگەڵ بالانس یا هاوکێشی دەسەڵات لە نێوان ناوەندو هەرێمەکاندا, مافناسان, خاوەنبیرانو رامیاران بۆچوونیجیاجیایان هەیە, بۆ وێنە, ئیلینک, لاپاندو ئویلوبی لەسەر ئەو بڕوایەن کە بۆ پاراستنی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵات, ناەند دەبێ خاوەن سەروەری بێ. بەڵام زیدەلو کیلهون دەڵێن, دەبێ هەرێمەکان خاوەن سەروەری بن, چونکە ئەوان پێکهێنەری ئەو وڵاتە فیدراڵەنو هەر کاتێکیش کە ویستیان دەبێ بتوانن لەو یەکگرتنە دەرچن. هەروەها دوتۆکۆڤیل لەم پێوەندییەدا دەڵێ, پێویستە سەروەری بە یەکسانی لە نێوان هەرێمو ناوەندا دابەش بکرێ.

ئەگەرچی سیستمە فیدرالییەکان, سەبارەت بە دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی هەرێمەکانو ناوەند, جیاوازییان تێدایە, بۆ وێنە لە ئەمریکا هەرێمەکان دەسەڵاتیان لە ناوەند زۆرترو بەربلاوترە, بەڵام, لە ئەڵمان ئەم کێشەیە بە پێچەوانەیە, بەڵام, بە شێوەیەکی گشتی ئەو ئەرکانەی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ناوەندا بن دەکەونە سنووری دەسەڵاتی هەرێمەکان, لە زۆربەی وڵاتانی فیدرالیدا داپینکردنی سیاسەتە گشتییەکانی دراوی و ئابووری, دەرەوەو بەرگری نەتەوایەتی لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی ناوەند دان, بەڵام, سیستمی پەروەردە, تەندروستی, ئاسایشو... دەکەونە بازنەی دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە, دەسەڵاتی ناوەندی لە کۆی دەسەڵاتە ناوچەییەکان پێک دێ, بە شێوەیەک کە هەموو نەتەوەو وڵاتەکانی پێکهێنەری دەسەڵاتی فیدرالی بەبێ لەبەرچاوگرتنی زۆرینەو کەمینە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشدارن. بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی وڵاتە فیدراڵەکانی دنیا خاوەنی دو پەرلەمانن, کە ئەمە جیایە لەو پەرلەمانەی کە حکوومەتی هەرێم هەیەتی, بۆ وێنە لە ئەمریکا سەنا یا ئەنجوومەنی پیران هەیە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی حەشیمەت, هەر هەرێمێک دوو نوێنەری تێدا هەیەو بە گشتی ١٠٠ کەسن لە ٥٠ ئەیالەتەوە, هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەیە کە لەوێدا هەر هەرێمێک بەپێی حەشیمەتەکەی نوێنەری تێدا هەیە.

لە هێندێ لە وڵاتانی فیدرالیدا هەرێمێک یا چەن هەرێم بە ریفراندۆمو راپرسی دەتوانن یاسای پەسەندکراوی پارلەمان

ویتۆ بکەن کە ئەمەش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیەو لە هەموو فیدراڵەکاندا بە یەک چەشن نیە.

لە وڵاتگەلێکی فیدراڵیدا کە فیدراڵیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی‌و کولتووری دامەزراوە, هەر هەرێمێک کە بیهەوێ دەتوانێ خوازیاری فەرمی بوونی زمانی نەتەوەکەی بێ لە سەرانسەری وڵاتدا، بۆ وێنە لە کەنەدادا دوو زمانی فەرمی هەیە (فەرانسەیی‌و ئینگلیسی) یا لە سویس چوار زمانی فەرمی هەیە (ئاڵمانی, فەرانسەیی, ئیتالیایی‌و رۆمانیایی).

### شێوازی چارەسەرکردنی کێشە یاسایی‌یەکان لە سیستمێکی فیدراڵیدا:

هەموو وڵاتە فیدراڵەکان بۆ چارەسەری کێشە یاسایی‌یەکانیان, وە ک کێشەی یاسایی هەرێم‌و ناوەند یا هەرێمەکان پێکەوە, هەروەها داوای هەرێمێک بۆ گۆڕینی یاسایەک, خاوەنی یەک شێوازو میکانیزم نین, بەڵکوو هەرکامەو ئۆرگان یا نیهادێکی تایبەتیان بۆ چارەسەری ئەو کێشە هەیە, کە خاوەنی مافو دەسەڵاتی گۆڕینی یاساو دادوەری‌یە, بۆ وێنە ئەم کێشانە لە ئەمریکا دەچنە دادگای بەرز, لە ئوسترالیا, هیندو مالزیش لە رێگەی دادگاوە چارەسەر دەکرێ, لە ئاڵمان, تۆتریش‌و بەلژیک لە رێگای یاسا مەدەنی‌یەکانەوە, بڕیاریان لەسەر دەدرێ‌و لە سویسیش رێفراندۆمی بۆ دەکرێ.

### فیدراڵیزم‌و دێموکراسی:

بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێ کەس, دێموکراسی مەرجی دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی نیە. بە واتایەکی دیکە فیدراڵیزم دەتوانێ لە وڵاتێکی نادێموکراتیشدا سەقامگیر بێ, بۆ وێنە لە هەر دوو وڵاتی یەکێتی سۆڤییەتو یوگوسلاڤیادا سیستمی فیدراڵی پێڕەو دەکرا کە لەکاتێکدا کە هیچ چەشنە دێموکراسی‌یەکی راستەقینەیان تێدا بەدی نەدەکرا. بەڵام هەبوونی کەلتوورو سیستمی دێموکراتیک دەتوانێ بۆ ساوکەو نیهادینەبوونی فیدراڵیزم فاکتێکی بەهێز بێ.

لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا کە کێشەی زۆرینەو کەمینە لە گۆڕێ دایە, هەبوونی دێموکراسی بە تەنیا ناتوانێ بەدیهێنەری مافو ویستی کەمینەکان بێ‌و دەستەبەریان بکا.

لە وڵاتێکی ئەوتۆدا دێموکراسی بە تەنیا بەرهەمهێنەری ویستی دیکتاتۆری زۆرینەیە, بۆیە دێموکراسی بەبێ دابەش کردنی دەسەڵات لە سیستمێکی فیدراڵیدا ناتوانێ رێگاچارەی کێشەی نەتەوایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە بێ. لەم پێوەندی‌یەدا "ئارێند لیپهارت" پرۆفیسۆری رامیارو مامۆستای هۆڵەندیی زانکۆی کالیفۆرنیا لە بەرهەمێکی دا بە ناوی "دێموکراسی لە کۆمەڵگا فرەنەتەوەیی‌یەکاندا", دەڵێ: ئەو شێوە دێموکراسی‌یەی رۆژئاوا لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە دەسەڵاتی زۆرینە زاڵە ناچەسپێت, چونکە کەمینە هەمیشە لە دۆخی ئۆپۆزیسیۆن دایەو ناتوانێ بگاتە مافی خۆی, لە

کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا دێموکراسی لە رێگای کوالیسیۆن کە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەکان بەشداری تێدا بکەن, بەدی دێ".

جیاوازیی فیدرالێزمو کۆنفێدرالیزم:

کۆنفیدرالی بریتییە لە رێککەوتنی هێندێ وڵاتی سەربەخۆ، کە هەریەکەو چوارچێوەی سیاسیو دەسەڵاتی جیاواز، سوپا، بودجەو پۆلیسی سەربەخۆی هەیەو بۆ دانی بڕیاری هاوبەش لە پێناو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیاندا یەک دەگرن، لەم سیستەمەدا بڕیارەکانی ناوەند راستەوخۆ رووی لە بەڕێوەبەرانی وڵاتو لایەنەکانی بەشدار لە کۆنفیدراڵەکە دایە.

بەڵام, لە فیدراڵیزمدا، لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا دەسەڵات بەسەر لایەنەکانی بەشدار واتا هەرێمەکان دابەش دەکرێ. لەم سیستەمەدا بە پێچەوانەی کۆنفیدرالیزم بڕیارەکانی ناوەند راستەوخۆ روویان لە خەڵکی هەموو وڵاتە.
تا ئێرە هەوڵماندا بە گشتیو بە کورتی تیشک بخەینە سەر چەمکی فیدراڵیزم، پێناسەیەکی بۆ بکەینو لایەنە پێوەندیدارەکانی تا رادەیەک شی بکەینەوە.

لە ژمارەی داهاتوودا هەوڵ دەدەین بە ئاوڕدانەوە لە کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێران، ئەگەرو شیانی دابەزاندنی ئەم سیستەمە لەو وڵاتەداو هەلومەرجە پێویستەکانی بخەینە بەرباسو لێکۆڵینەوە.

پەراوێزەکان:

١- ئەحمەد عەزیزی، فیدراڵیزم و سیستمی فیدراڵ، گۆڤاری نۆڤین، مەکتەبی بیرو هوشیاری، ژمارەی یەکەم، ساڵی یەکەم، ئایاری ٢٠٠٤، ل ٩٦
٢- هەمان سەرچاوە، ل ٧٠ و ٧١

ژێدەر:

١- ئەحمەد عەزیزی، فیدراڵیزمو سیستمی فیدراڵ، گۆڤاری نۆڤین، مەکتەبی بیرو هوشیاری، ژمارەی یەکەم، ساڵی یەکەم، ئایاری ٢٠٠٤
٢- کتابی محمود، مبانی سیاست و حکومت نوین، جلد اول، انتشارات گل بهار, چاپ اول، ١٣٧٤ اصفهان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی مای ٢٠٠٦

## بوارەکانی فیدرالیزم لە ئێران دا

پاش ئەوەی کە نەتەوە وەک چەمکێکی مۆدێرن بە جێگای فاکتەرە کولتووری‌یەکانی وەک نەریت، رەگەزو ئایین بوو بە بنچینەی دامەزرانی دەوڵەتو دەوڵەتی نەتەوەیی پێک هات، زۆربەی نەتەوەکانی جیهان دەوڵەتی خۆیان پێک هێناو بوون بە خاوەنی دەوڵەتێک کە لە سەر بناغەی نەتەوەیەکی تایبەت پێک هاتبوو، ئەم رەوتە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە خەڵکی وڵاتەکەیان لە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر پێک هاتبوو تووشی کێشەو قەیران کردو وڵاتەکەیان خستە بەردەم مەترسیی لێکهەڵوەشانەوەو پارچە پارچە بوونەوە، بەشێک لەم وڵاتانە یا لە ئاکامی جەنگێکی خوێناوی وتووێژانەدا یا بە شێوەیەکی دیموکراتیک و ئاشتیخوازانە ملیان بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی نەتەوەکان راکێشا. بەشێکی دیکەش یا دەستیان دایە تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە بۆتەی نەتەوەیەکی تایبەتو سەردەستو پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکگرتووو بەو واتایەک بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئێلیناسیۆنیان، یا ئەوەی کە نەتەوەکانیان بەپاراستنی تایبەتمەندیو جیاوازی‌یەکانیانەوە لە قەوارەیەکی فیدرالدا کۆکردەوەو دەسەڵاتیان بەسەریاندا دابەش کرد، ئەڵبەت شیاوی باسەکە هێندێ جاریش چەند نەتەوەی تایبەت لەبەر هۆکارێ یا هۆکار گەلێکی تایبەت یەکیان گرتوەو دەوڵەتێکی فیدراڵی لەم چەشنەیان پێک هێناوە. (لەبەشی یەکەمدا باس کرا).

بەشێک لەو وڵاتانەی کە سیاسەتی ئێلیناسیۆنو تواندنەوەی نەتەوەکانیان گرتەبەر لەبەر هۆکاری جۆراوجۆری وەک: هەڵکەوتی ژئوپۆلیتیکی، وشیاری ناسنامەی نەتەوەکان، گۆڕانی پەیتا پەیتای دەسەڵاتداران و سیستمە حکوومەتی‌یەکانیان، دەستێوەردانی دەرەکیو... ئەم سیاسەتەیان بۆ نەچووە سەرو لە بەئاکام گەیاندنی‌دا سەرکەوتوو نەبوونو هەتا ئێستاش وڵاتەکانیان تووشی قەیرانو نائارامی‌یە، یەکێ لەو وڵاتە فرەنەتەوانە ئێرانە.

### ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە

ئێران یەکێ لەو وڵاتانەیە کە لە سەر بنچینەی نەتەوەیەکی تایبەت دانەمەزراوە، بەڵکوو لە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر پێک هاتوە کە هەرکام خاوەنی کولتوورو تایبەتمەندی خۆیانن.

ئێران لەسەر بناغەی حکوومەتی قاجاری دامەزراو رەزاشا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی فەرمی ئەم نێوەی لەسەر ئەو وڵاتە داناو هەوڵی‌دا بە تواندنەوەی نەتەوەکانی چواچێوەی دەسەڵاتی قاجاری لە نەتەوەی سەردەستی فارسو سانترالیزەکردنی

دەسەڵات لەم وڵاتەدا، ناسنامەیەکی نوێو نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە ژێر ناوی ئێرانی دا پێک بێنێو لە هەموو شێوازێکی توندوتیژو دڕندانەش بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی وەرگرت، بەڵام لەبەر هەلومەرجی ژێئوپۆلتیکی، دزەکردنی بیری نەتەوەیی رۆژئاوایی بۆ رۆژهەڵاتو هوشیاری نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران نەیتوانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لە بە ئاکام گەیاندنی ئەم سیاسەتەدا بەدەست بێنێ. (دیارە جیاوازیی دووئایینزای سوننیو شیعەش رۆڵێکی کاریگەری لەسەرنەکەوتنی ئەم پرۆژەیەدا هەبوو) ئەو وڵاتەی کە ئێستا بە ئێران ناوزەد کراوە لە چەند نەتەوەی جیاوازی، کورد، تورک، فارس، بەلووچو عەرەبو چەندین کەمایەتی نەتەوەو ئایینی دیکە پێک هاتوە کە هەرکام خاوەنی کولتوورو ناسنامەی تایبەتیی خۆیانن، تێگەیشتنو هوشیاریی ئەم نەتەوانە لە ناسنامەو مافەکانیان، دەوڵەتەکانی ئێرانی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئێلیناسیۆنو تواندنەوەو پێکهێنانی ناسنامەیەکی یەکگرتووی ئێرانی بە نێوەرۆکی کولتووری نەتەوەی سەردەست واتە فارسەوە تووشی کێشە کردوە، ئەم کێشەیە لەبەر سیاسەتی چەوتی ئەم دەوڵەتانەو خۆدزینەوەیان لە راستییەکانو تێنەگەیشتنیان لە بارودۆخو هەلومەرجی سەردەم، هەتا دێ قووڵتر دەبێو کەلێنی نێوان نەتەوەکانو نەتەوەکانو دەوڵەت گەورەتر دەبێتەوەو کێشەی نەتەوایەتی لەئێراندا ئاڵۆزتر دەکا. بۆیە ئێستا وڵاتی ئێران لەبەردەم دووڕییانێکی چارەنووسساز دایە. یا ئەوەی کە جیاوازی کولتووریو ناسنامەیی ئەم نەتەوانە بە فەرمی دەناسرێنو بە شێوەیەکی بەرابەرو ئارەزوومەندانە یەک دەگرنو لە سیستمێکی فیدراڵیدا دەسەڵاتیان بەسەردا دابەش دەکرێ. یا ئەوەی کە نەتەوەکان شێوەیەکی رادیکاڵتری دیاریکردنی چارەنووس هەڵدەبژێرن. بە واتایەک فیدرالیزم گونجاوترین رێگای پێکەوە ژیانو یەکگرتوویی ئەم نەتەوانەیە کە بە وشیاریی نەتەوەیی گەیشتوونو ئامادەی توانەوە لە نەتەوەیەکی دیکەدا نین. ڤیلیام لیڤینگستۆن تێوریسیەنی بواری کۆمەڵایەتیی فیدرالیسم لە سەر ئەو بڕوایەیە کە، سیستمی فیدرالی ئامرازێکە سروشتی کۆمەڵ دەپارێزێو فیدرالیزم دەربڕینی سیاسیی ناوەوەی نێوەرۆکی کۆمەڵگایە، بە بۆچوونی ئەو ناکرێ هەموو کۆمەڵگایەک بە فیدراڵ لەقەڵەم بدرێ تەنیا ئەو کۆمەڵگایانە نەبێ کە خاوەنی جیاوازیی کولتووری، ئایینی، ئابووریو ئێتنیکیو هیترن. گرنگترین پێوەری جیاکەرەوەی کۆمەڵگای فیدراڵی لە کۆمەڵگاکانی دیکە ئەوەیە کە دانیشتوانی رووبەرێکی جوگرافیایی دیاریکراو بەرژەوەندییەکانیان بناسنو لە رێگای رێکخراوە سیاسییەکانی تایبەت بە خۆیانەوە داوای مافەکانیان بکەن. بۆیە ساوکە (سەقامگیر بوون)ی فیدرالیزمو دابەشکردنی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگای ئێران کە خاوەنی جیاوازیی کولتووری، ئایینی، ئابووریو ئێتنیکییە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرو سروشتییە.

### پێویستی ساوکەبوونی سیستمی فیدراڵی بۆ دەستەبەری دێموکراسی لەئێراندا

هەبوونی دیموکراسیو مافی هاوولاتیبوون لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا کە لەگەڵ کێشەی ئێتنیکیو جیاوازی نەتەوایەتی بەرەوروویە ناتوانێ بە تەنیایی بەرهەمهێنەری یەکسانیی نەتەوەکانی بێو مافەکانیان دابینو دەستەبەر بکا.

دیموکراسی سیستمی حکوومەتی زۆرینەیە, کەوابوو نەتەوەیەکی وەک کورد کە یەکێ لە نەتەوەکانی ئێرانە. بەبێ جێگیربوونی فیدرالیزم لەم وڵاتەدا، دەستی بە ناوەندی بڕیاردان راناگاو دیسان بەڕێوەچوونی کاروباری ژیانو چارەنوویی دەکەوێتە دەست زۆرینەو نەتەوەی سەر دەستەوە.

بۆیە بەپێچەوانەی بۆچوونی هێندێک لە رووناکبیرانو رامیارانی ئێرانی کە فیدرالیزم بە کۆسپو مەترسییەک بۆ دیموکراتیزە کردنەوەی ئێران دەزانن، فیدرالیزمو دابەشکردنی دەسەڵات بوار بۆ ساوکەو بەردەوامبوونی دیموکراسییەکی راستەقینە لە ئێراندا دەرەخسێنێ.

## باندۆری دیاردەی بەجیهانیبوون

لەلایەک دیاردەی بەجیهانی بوون بەتایبەت لە بواری ئابووریی‌و بەرزبوونەوەی ئاستی بڕیاردان لەسەر کێشەکانی وڵات لە دەوڵەتەوە بۆ ئاستی جیهانی، بۆتە هۆی کەمبوونو بەرتەسک بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکانو لە لایەکی دیکەش بە هۆی جیهانیبوونەوەی پێوەندییە گشتییەکان، بۆتە هۆی دەست راگەیشتنی ئاسانی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە ئامرازی کولتوورسازیو ناسنامەسازی کە پێشتر لە پاوانی دەوڵەتەکاندا بوو، ئەم کێشەیە بواری گەشەی هوشیاری نەتەوایەتیو بەرزبوونەوەی ئاستی هەستی نەتەوایەتیو ویستی نەتەوە ژێردەستەکانی رەخساندوە. بۆیە ئەو نەتەوانە بە تێگەیشتن لە ناسنامەو ناسینی مافەکانیان نە لە نەتەوەی سەردەستدا دەتوێنەوەو نە ئامادەی لە پەراوێزدا مانەوە کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بنو بڕیاریان لەسەر بدرێو وەک فەرمانبەر سەیریان بکرێ، کەوابوو ئەگەر نەتوانن لە سیستمێکی فیدراڵدا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە شێوەیەکی یەکسان لە دەسەڵاتدا بەشداربن، بێگومان هەوڵی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەدەن. (رەنگە هێندێ نەتەوە بە پێی مافی دیاریکردنی چارەنووس، راستوخۆ داوای سەربەخۆیی بکاو هیچ باسێکیش لە پێکەوە ژیانو فیدرالیزم نەکا).

ئێستا نەتەوەکانی ئێران (بەتایبەت کورد کە پتر لە نیوسەدەیە خەباتی رزگاریخوازانە دەکا) تا رادەیەکی زۆر بە خۆناسینێکی نەتەوەیی گەیشتوونو بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی جیهانی پێوەندییەکان رۆژ بە رۆژ کولتوورو دابونەریتی خۆیان گەشە پێدەوە ئەمەش بۆتەهۆی زەقتربوونەوەی سنووری جیاوازیی نەتەوایەتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێرانو بەرزبوونەوەی هەستی خۆبەڕێوەبردن لە نێوانیاندا، بۆیە دەیانهەوێ بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا بەشدار بنو بە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان بچنە نێو پێوەندییە جیهانییەکانو لە پرۆسەی بە جیهانیبووندا بەشداری بکەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە گونجاوترین رێگای پێکەوەژیانی ئەم نەتەوانە، ساوکەی

سیستمێکی دیموکراتیکی فیدراڵی پلورالیستی‌یە لە ئێراندا. دەنا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستی‌یەی کە، ئەو نەتەوانەی کە تا ئێستا نە تواونەتەوەو خۆیان گەیاندۆتە سەردەمی بەجیهانیبوون چی‌دیکە ئەگەری تواندنەوەیان نەماوەو بە هەموو شێوەیەک هەوڵی گەیشتن بە مافەکانیان دەدەن، قووڵتر بوونەوەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران‌و رادیکالیزەتر بوونی هەڵوێستی نەتەوەکان کێشەیەکی چاوەڕوان کراوە.

## هەڵوێستی رووناکبیران‌و رامیارانی نەتەوەی سەردەست (فارس) سەبارەت بە فیدرالیزم

ئەوەندەی لە بۆچوون‌و هەڵوێستی زۆربەی رووناکبیران‌و رامیارانی فارس‌دا دەرکەوتوە یا بە هیچ شێوەیەک خۆیان لەم باسە نادەن‌و بەرهەڵستیی هاتنەگۆڕی ئەم باسە لە کۆمەڵگای ئێراندا دەکەن. ئەگەر تاقمێکی زۆر کەمیشیان باسی بکەن تەنیا دەیبەستنەوە بە دابەشکردنی بەشێکی زۆر کەمی دەسەڵات لە نێو پارێزگاکاندا، ئەویش ئەو پارێزگایانەی کە بۆ پێک هاتنیان بە هیچ شێوەیەک فاکتەری نەتەوەیی لەبەرچاو نەگیراوە، بە واتایەک تەنیا سپاردنی هێندێک لە کاروبارەکانی بەڕێوەبردنە نە دابینکردنی مافی نەتەوەکان‌و بەشداریکردنیان لە دەسەڵاتدا.

بەگشتی کەسایەتی‌یەکانی نەتەوەی سەردەست چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان‌و چ ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵات دان، تەنانەت ئەو بەشەش کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتە دەزانن، خۆیان لە باسی فیدرالیزم دەپارێزن، چونکە:

١- کولتووری دێموکراتیک‌و ژیانی پلورالیستی لە ئێراندا یەکجار لاوازە

ئێران وەک وڵاتێکی رۆژهەڵاتی خاوەن مێژوویەکی دەسەڵاتداریی ئیستیبدادی‌یە. جگە لە یەک دوو قۆناغی کورت خایەن ئەویش بە شێوەیەکی نیوەو ناچڵو تێگەیشتنێکی لاوەکی، قەتی ئەزموونی دێموکراسی نەبووەو هیچ راهێنانێکی لەو بارەوە نەکردوە. نەتەوەی سەردەست بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیە نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا بەشدار بکاو دەست لە سەروەری‌و پاوانخوازی خۆی هەڵبگرێ، ئەمەش تەنیا بۆ بیرو هەڵوێستی سەرکردایەتی حکوومەتەکان ناگەڕێتەوە بەڵکوو کولتوورێکی هۆزایەتی‌و ئیستیبدادی لەپشتە کە ریشەی لە مێژووی ئەندێشەی دەسەڵاتداریی ئێران دا هەیە.

٢- لە کەمبوونەوەی بەرژەوەندی ئابوورییان بە هۆی دابەشکردنی یەکسانی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا دەترسن

لەمێژە لەئێراندا داهاتو سەرچاوەی ئابووری بە شێوەیەکی نابەرابەر دابەش دەکرێن‌و لە پاوانی نەتەوەی سەردەست دان،

بۆیە نەتەنیا دەبێ ئەم سیستمی دابەش کردنە نابەرابەرە بگۆڕدرێ بەڵکوو رەنگە بۆ ماوەیەکیش دەسەڵاتی فیدراڵ بۆ قەرەبووکردنەوەی چەوساوەیی‌و دواکەوتوویی نەتەوە ژێردەستەکان ناچار لە پێرەوکردنی سیاسەتی هەڵاواردنی پێچەوانە بێ: ئەمەش رەنگە لە کورت خایەن‌دا بە قازانجی بەرژەوەندی‌و دەسەڵاتی ئابووری بێسنووری نەتەوەی سەردەست (فارس) نەبێ.

### ٣- یەکیەتی‌و یەکپارچەیی خاکی ئێران لە مەترسی‌دا دەبینن

فارسەکان فیدرالیزم، دابەشکردنی دەسەڵاتو لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی بە رێگاخۆشکەری لێکهەڵوەشانەوەو پارچە پارچە بوونەوەی ئێران دەزانن. ئەوان بەلەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی نەتەوەیی ئێرانو ئەو راستی‌یەی کە کەمە نەتەوەکانی ئێران لە سەر سنوورەکان دەژینو بەشێکیان لە ولاتانی دراوسێو لە پاڵیان‌دا دەژین، دیسانترالیزە بوونی دەسەلات لە ئێرانو هەڵکشانی دەسەڵاتی هەرێمەکان، وەک فاکتەرێکی بەهێزی دووربوونەوەی هەرێمەکان لە ناوەندو نزیک بوونەوەیان لە هاوزمانەکانیان لەوبەری سنوورەوە لەبەرچاو دەگرن.

ئەمە لە کاتێک دایە کە بە پێی ئەو شتانەی باسمان کرد گونجاوترین رێگای پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ئێران لەم سەردەمەدا ساوکەی سیستمێکی فیدراڵی ئارەزوومەندانەیە، دەنا سیاسەتی زۆرەملی‌و ئێلیناسیۆن تەنیا دوورکەوتنەوەی زۆرتری ئەم نەتەوانەو لێکدابڕانی زیاتریانی لێدەکەوێتەوە.

نەتەوەی سەردەست پیرۆزیی سنوورەکانی ئێرانو پێویستی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو ولاتەی کە لە بنەمادا لە خاکی ئەو نەتەوانە پێک هاتووەی کردۆتە پاساوێک بۆ لەبەرچاونەگرتنی مافەکانی ئەو نەتەوانەو پشتگوێ خستنی خواستەکانیانو بە گشتی درێژەدان بە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی لە ئێران‌دا. لە کاتێکدا کە لە رامانی ئەورۆدا مرۆڤ بنەمایەو پیرۆزی هەموو شتێ، تەنانەت خاکو سنووریش بە پیرۆزی مرۆڤو ویستەکانیەوە بەستراوەتەوە. نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا پاراستنی سنوورو یەکپارچەیی ولات رێگر بێ لەبەردەم گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان‌دا.

ئەوەی لەئاکامی ئەم باسەدا شایانی ئاماژەیە ئەوەیە کە فیدراڵیزم لە ئێران‌دا نەک هەر ئاسایش، گەشەی ئابووری، دێموکراسی‌و یەکپارچەیی ئێران ناخاتە مەترسی‌یەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە گونجاوترین رێگای گەیشتن بە ئاسایش، گەشەی ئابووری، ساوکەی دیموکراسی‌و پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانە.

بەپێی هوشیاری نەتەوایەتی کە لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا پێک هاتوە، بەبێ فەرمی ناسینی ئەم نەتەوانەو دابەش کردنیان لە دەسەلاتدا، قەت ئاسایشو ئارامی‌یەکی راستەقینە لە ئێراندا پێک نایەو هەروەک مێژوو سەلماندوویەتی، ئێران بەردەوام ئاوسی کێشەو قەیران دەمێنێتەوە.

رەنگە لە کورتخایەندا دابەش کردنی دەسەلاتی ئابووریو سەرچاوەکانی لەبەرژەوەندی نەتەوەی سەردەستدا نەبێ، بەلام بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی هەلاواردنی پێچەوانەو خێرایی بەخشین بەرەوتی گەشەی ئابووریی نەتەوە ژێر دەستەکان، هەم دواکەوتوویی نەتەوە ستەم لێکراوەکان قەربوو دەکرێتەوە، هەم لەدرێژخایەندا دەبێتە هۆی گەشەیەکی ئابووریی بەرابەرو هاوئاهەنگ لە ئێراندا.

هەروەها، هەروەک پێشتریش باس کرا، فیدرالیزم نەتەنیا پێش بە رەوتی دێموکراتیزاسیۆن ناگرێو یەکپارچەیی خاکی ئێران ناخاتە مەترسی‌یەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە گونجاوترین رێگای بەدیهاتنو دەستەبەرکردنی ئەم بابەتانەیە. ئەوە نەتەوەی سەردەستە کە بۆ پاراستنی رەوتی دیموکراسیو یەکپارچەیی خاکی ئێران، دەبێ بە گیانێکی دێموکراتیکو تێلۆرانسەوە لەگەڵ کێشەی نەتەوەکانی ئێران بەرەوروو بێ، نەک ئەوەی کە ئەم نەتەوانە دەست هەلگری مافو یستەکانیان بن لەبەرپاراستنی دیموکراسی‌یەک کە قەت بەو شێوە پێک نەهاتووە پێکیش نایەو یەکپارچەیی ولاتێ کە دەبێ لە چوارچێوەیدا ناسنامەی خۆیان بسڕدرێنەوەو بەردەوام ژێردەستو چەوساوە بمێننەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی مای ٢٠٠٦

-----------------------------------------------------

## رووناکبیر و سیاسەت

رووناکبیر ئەو مرۆڤە بیر مەندەیە کە بەردەوام لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی مەعریفەو تیۆریزەو بە پراکتیک کردنیدا چالاکە و خاوەنی کاراکتەرێکی رەخنەگرە سەبارەت بە کۆمەڵگاو کێشەکانی. لای رووناکبیری مۆدێرن هیچ حەقیقەتێکی نەگۆڕو رەها بوونی نیە، رێگاکانی گەیشتن بە حەقیقەتیش جیاوازن و هزرو زانستیش کەرەستە سەرەکییەکانی گەیشتن بە حەقیقەتن. رووناکبیر بڕوای بە فرەیی بەهاکانو رێژەیی بوونیان هەیە، بە باوەڕی ئەو دژایەتی و ناتەبایی بەهاکان رێگا بۆ رەخنە لێگرتنیان دەکەنەوە. هەروەها ئاماژەمان کرد کە جیاوازیی بیریارو رووناکبیر لە گیانی یاخیو رەخنەگرانەی دەروەستبوون بە پراکتیزەکردنی تیۆرەکاندایە. بە کورتی رووناکبیر ئەو مرۆڤەیە کە بە هۆی رووناکبیرییەوە هوشیارە، رووناکبیرییش هوشیارییە سەبارەت بە دنیاو کۆمەڵگا. لە راستیدا رووناکبیری هوشیارییەکی تیۆرییە بە واقیعی پراکتیکی کۆمەڵگاو دەروەست بوونە بە پراکتیزەکردنی مەعریفە تیۆرییەکانەوە، بۆیە دەتوانیین بڵێین رووناکبیر پێوەندیی نێوان تیۆرو پراکتیکەو کێشەکانی هزرو کۆمەڵگا پێکەوە گرێ دەدا.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا تەوەری سەرەکیی ئەم بابەتە پێکدێنێ چۆنیەتیی پەیوەندی رووناکبیرە بە بواری سیاسەتو دەسەڵات و هەروەها وڵامدانەوە بەو پرسیارە کە ئایا رووناکبیر دەتوانێ تێکەڵ بە دەسەڵات بێ یا نا؟

گیانی رەخنەگرانەی رووناکبیرو دەروەستبوونی بە پراکتیزە کردنی تیۆرییەکان دەبنە هۆی بەرەورووبوونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیو تێکەڵبوونی بە کێشە سیاسییەکانەوە. رووناکبیری لە واقیعی خۆیدا کێشەیەکی سیاسییەو رووناکبیریش مرۆڤێکی سیاسی.

ناسینو تێگەیشتن لای رووناکبیر کردەوەیەکە بە مەبەستی ئازاد بوونی خودو دەربازبوون لە چووکەیی، کە وابوو هەر پرۆسەیەکی ناسین و مەعریفی واتای رەد کردنەوەی هەر چەشنە هێژمۆنیو ئۆتوریتەخوازییەکی بۆی هەیە.

لە روانگەی سیاسییەوە رووناکبیران لە لایەکەوە بە هۆی رەخنە گرتنیان لە باری ئارایی سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەروەها بەزاندن و شکاندنی سنوورو نەریتە باوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەچنە خانەی بەرەی چەپ، نوێخواز و رادیکاڵی کۆمەڵگاوە. لە لایەکی دیکەش بە پێی بڕوایان بە فرەییو رێژەی بوونی بەهاکانو نەبوونی حەقیقەتێکی رەهاو

نەگۆڕ دەکەونە بەرەی دێموکراسیخوازی و لاینگری لە پلورالیزمی سیاسییەوە. زۆرجار رووناکبیران بە داهێنانی رێبازو ئایدۆلۆژیاکانەوە رۆڵی تیۆریسیەن‌و ئیدئۆلۆگی رێکخراوو بزاڤو شۆڕشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕن.

**رووناکبیران‌و بەشداریی سیاسی:**

**بە گشتی رووناکبیران بە پێی شێوازی بەشدارییان لە سیاسەتدا لە سێ دەستەی سەرەکی‌دا پۆلێن دەکرێن:**

**١- رەخنە گرتن لە سیستمی سیاسی:**

هەندێک لە رووناکبیران بڕوایان بە بەشداریی راستەوخۆ لە سیستمی سیاسی‌دا نیە بەڵکوو پێیان وایە کە دەبێ لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بمێننەوەو بە کاریگەری‌دانان لەسەر بیروڕای گشتی‌و پێکهێنانی بزاوتو رێکخراوی سیاسی رۆڵی رەخنەگری‌و چاوەدێریی دەسەڵاتیان هەبێ. بە تایبەت لەسەردەمی سەرهەڵدانی قەیرانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکان‌دا رۆڵی رووناکبیران پەرەدەستێنێ. زۆرجار ئەم چەشنە رووناکبیرانە بە تەواوەتی هاوڕێکیی ئارایی رەد دەکەنەوەو وەک شۆڕشگێڕێک هەنگاو بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سیاسیی ئارایی هەڵدەگرن. زۆربەی رێبەران‌و بیردۆزانی شۆڕشەکانی جیهان وەک شۆڕشی فەرانسە یان رووسیا سەر بەم دەستەیەن. تەنانەت مارکسیستە نوێیەکانیش (١٩٦٠ بەم لاوە) ئێستە بە جێگای کرێکاران رووناکبیران بە هێزی رزگاریدەرو هەوێنی شۆڕش دەزانن.

بە بۆچوونی بیریارێکی وەک "لاورۆف" پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرهەمی بوونی ئەو کەسانەیەکە بە شێوەیەکی رەخنەگرانە بیر دەکەنەوو راستی‌یەکانی کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنن.

لە وڵاتانی جیهانی سێیەم‌دا کە خەریکی تێپەربوون لە قۆناغی نەریتەوە بۆ مۆدێرنەن رووناکبیران رەخنەگرانی کۆمەڵگای نەریتین، لەگەڵ ئەوەش‌دا بەشێکی زۆریان نەریت بە تەواوەتی رەد ناکەنەوە بەڵکوو هەوڵی دارشتنەوەو گونجاندنی نەریتەکان لەگەڵ مۆدێرنە دەدەن‌و بانگەشە بۆ هێندێک رێبازو ئایدۆلۆژیای وەک لیبراڵیزم، ناسیۆناڵیزم، سۆسیالیزم‌و پۆپۆلیزم یا تێکهەڵکێشێک لە دوو یا چەندانە یەکیان دەکەن. هەندێک فاکتەری وەک، ناهاوسەنگیی نێوان پێگەی کۆمەڵایەتی یا رادەی دەسەڵاتی رووناکبیران لەگەڵ لێهاتووی‌و شایستەیی‌یەکانیان، هەڵکشانی رادەی چاوەڕوانی‌یەکانیان، رەچاونەکردنی توانایی‌یەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەندێک لە ئینتیما عەقڵانییەکانی سەرچاوە گرتوو لە خوێندن‌و لێکۆڵینەوەو پەرتەوازە بوون‌و تەریک کەوتنەوەیان لە بەستێنی سەرەکیی کۆمەڵگا، لەسەرهەڵدانی نارەزایەتی لە رووناکبیران‌و چالاک بوونەوەیان‌دا رۆڵی کاریگەریان هەیە.

### ٢- بەشداری لە سیستمی سیاسیدا:

ئەگەرچی رووناکبیران بەردەوام بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ باندۆریان لەسەر ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا هەیەن بەڵام زۆرجاریش بەشێک لە رووناکبیران راستەوخۆ دێنە نێو گۆرەپانی سیاسەتو رۆڵی خۆیان دەگێڕن. ئەم چەشنە رووناکبیرانە هەوڵ دەدەن بە هەندێک پلەو پایەی سیاسی بگەنو بوونی خۆیان لە دەسەڵات بۆ چاکسازیو پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە پێویست دەزانن، بەشداریی سەرکەوتوانەی ئەم رووناکبیرانە لە سیاسەتدا پێوەندی بە لاوازی یا بە هێزی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە هەیە، لە کۆمەڵگا گەلێکدا کە تاقمو توێژە نەریتییەکانی وەک زەویندارەکان، دەرەبەگەکان یا پیاوانی ئایینی رۆڵو دەسەڵاتی سەرەکییان هەبێ رێگای چالاکیی رووناکبیران بەرتەسک دەبێتەوە، بەڵام ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگا مۆدێرنو پێشکەوتووەکاندا بە پێچەوانەیە، بۆ وێنە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، رووناکبیران ٥٧% نوێنەرانی پەرلەمانی فەرانسە، ٢٣% نوێنەرانی پەرلەمانی ئیتالیاو ٦٨% نوێنەرانی پەرلەمانی بەریتانیایان پێک دەهێنا. رووناکبیرانێکی وەک، ئیدمۆند برێک، لامارتین، دۆتۆکۆڤیل، جان ئێستوارت میل، ئاندرێ مالرۆ، ماکیا ڤیلی، لێنین، ترۆتسکیو پارێتۆ کەسانێکن کە هەرکام بە جۆرێک خاوەنی پۆستێکی پەرلەمانی، دەوڵەتی، بەرێوەبەرایەتی یا دیپلۆماسی بوونەو راستەوخۆ لە کاروباری سیاسیدا بەشدار بوون.

### ٣- دووره پەرێزی لە سیستمی سیاسی:

هەندێک جار رووناکبیران بە تەواوەتی لە سیاسەت دەکێشێنەوەو شێوازی خەمساریو بێ هەڵوێستی لەبەرامبەر دەسەڵاتو کێشە سیاسییەکاندا دەگرنە بەر. لەم کاتەدا رووناکبیران هەست بە نەگۆڕی کێشەکان دەکەن، تووشی بێزاری، سەرلێشێواویو خەیاڵپڵاوی دەبنو ئینتیمای پراکتیزەکردنی لۆژێکو تیۆریاکانیان لەدەست دەدەنو تەنیا خۆیان بە کارێکی هزریو دەرهەستەوە خەریک دەکەن.

لە روانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە ئەم دووره پەرێزییە هەم بەرهەمو هەم بەدیهێنەری هەندێک دیاردەی وەک ترس، ژاکاوی، رەشبینیو هەستی چووکەبوونە.

**بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین سێ هۆکاری سەرەکی بۆ خەمساردیی رووناکبیران دەستنیشان بکەین:**

١- نەبوونیهانەی پێویست بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیدا (هۆکارە دەروونناسانەو کولتورییەکان)

٢- نەبوونی پێداویستی پێویست (لاوازی لە سیستمی پەروەدەو فێر کردن، زانیاری، پێوەندییەکان، رێکخستنو رێکخراوەدا)
٣- نەبوونی هەلو دەرەتانی پێویست (داخراوی پێکهاتەی دەسەلات)

هۆکاری سێهەم سەرەکیترین فاکتەرە لە خەمساردیی رووناکبیراندا. خەمساردیو بێ هەڵوێستی رووناکبیران لە دەسەلاتە داخراو ئۆتۆریتە خوازەکاندا زیاتر وەبەرچاو دەکەوێ کە هەندێک لە بیریاران ناوی کۆچ کردنی ناوەکی یان دەروونییان لەسەر داناوە.

شێوازەکانی بەرەورووبوونەوەی رووناکبیرانو دەسەلاتە ئۆتۆریتە خوازەکان:

دەسەلاتە تۆتوریتەخوازو داخراوەکان بە شێوەگەلی جیاواز بەرەوروی رووناکبیرانو رەخنەکانیان دەبنەوە، یا بە شێوەیەکی هەست پێنەکراوو بە ناچاری تەحەممولیان دەکەن، یا هەوڵی راکێشانو هاریکاری کردنیان دەدەن، یا ئەوەی کە بە ئاشکراو بە نهێنی سەرکوتیان دەکەنو رێگای هەرچەشنە رادەربڕینێکیان لێ دەگرن، بە پێی هەڵوێستی دەسەلاتەکانو رادەی کراوەییو نەرمیکێشانیان رووناکبیران شێوازو رێگای جۆراوجۆر دەگرنەبەر، بۆ وێنە لە بەرامبەر سەرکوتی دەسەلاتدا هەندێکجار خەمساردیو بێلایەنی هەڵدەبژێرن، هەندێک جاریش بە گرتنەبەری شێوازێکی شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی رادیکال بەرەورووی دەسەلات دەبنەوە، زۆر جاریش هانا دەبەنە بەر رەخنە گرتنێکی سیمبۆلیک و ناراستەوخۆ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی مای ٢٠٠٦

------------------------------------------------------

# رووناکبیر و دەسەڵات

رووناکبیری لە خۆیدا کێشەیەکی سیاسی‌یەو رووناکبیرانیش مرۆڤی سیاسین، بەڵام وەک لە ناو وتارەکەڕا دیارە مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە شیکردنەوەی شێوەکانی پێوەندی رووناکبیرو دەسەڵاتە.

گیانی رەخنەگرانەی رووناکبیران و دەروەستبوونیان بە کێشە سیاسییەکانەوە، دەبێتە هۆی بەرەوروو بوونەوەیان لە گەڵ دەسەڵات و ململانێیان لە گەڵ دەسەڵاتداراندا. رووناکبیران لە باری ئارایی سیاسی و کۆمەڵایەتی نارازین و بە دارشتنی تیۆریو پراکتیزەکردنی لە هەوڵی پێکهێنانی گۆڕانکاریو چاکسازی دان، ئامانجێکی ئەوتۆ ناچاریان دەکا بکەونە کێشە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی‌دا چونکە ئەوە دەسەڵاتی سیاسی‌یە کە دەتوانێ زەخت بخاتە سەر کۆمەڵگاو گۆڕانکاری لە باری ئارایی‌و رەوشی کۆمەڵگاو تاکەکانی‌دا پێک بێنێ. بەڵام شێوازی بەشداری‌و بەرەورووبوونەوەی رووناکبیران لە دەسەڵاتدا راستەوخۆ پێوەندی بە پێناسەیان لە خۆیانو ئەرکەکانیانو هەروەها بۆچوونیان لەمەڕ بەشداری سیاسی‌دا هەیە. بۆیە وەک چۆن هەڵوێستەکانیان لەمەڕ بەشداریی سیاسی‌دا هاوچەشن نین، بە یەک شێوەی دیاریکراویش بەرەورووی دەسەڵاتی سیاسی نابنەوە.

### شێوەکانی پێوەندیی رووناکبیران بە دەسەڵاتەوە:

#### ١-رووناکبیرانی پاشکۆی دەسەڵات:

ئەم رووناکبیرانە راستەوخۆ لە دەسەڵات دان نین بەڵکوو هەلپەرستانە و بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسییان لە دەسەڵات نزیک دەبنەوە و بە دەسەڵاتداراندا هەڵدەڵێن، رازاندنەوەی دەسەڵاتو پاساودانەوەی سیاسەتەکانی ئەرکی سەرەکیی ئەم رووناکبیرانەیە، زۆرتر خەریکی چەواشەکردنی راستییەکان و بیانووهێنانەوە و داپۆشینی کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتن، بە پێداگرتن لە سەر هەندێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی دەسەڵات (کە زۆرتر ساختەیی و ناڕاستیشن) هەوڵی دوورخستنەوەی سەرنج و بیروڕای گشتی لە خاڵە نەرێنییەکانی‌و چەواشە کردنی راستییەکان دەدەن، بۆ وێنە بە جێگای رەخنەگرتن لە سەرەڕۆیی دەسەڵاتداران و نەبوونی پەرەگرتوویی سیاسی‌و ئابووری، باسی بەهێزیی وڵاتو بوونی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانیش لە مەبەستی هەلپەرستانەی ئەم رووناکبیرانە ئاگادارن، بەڵام بۆ فریودانی خەڵک و پاساوی سیاسەتەکانیان تا هەر کاتێک کە پێویستیان پێیان هەبێ و قسەو پاساوەکانیان لە لایەن خەڵکەوە وەربگیردرێن

رایاندەگرن.

## ٢- رووناکبیرانی دژ بە دەسەڵات:

ئەم رووناکبیرانە دژ بە هەرچەشنە بەشدارییەکی راستەوخۆ لە دەسەڵات دان. بەڵام, سەبارەت بە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بێ هەڵوێست نین و رەخنەگرانە چاوەدێری دەسەڵات دەکەن، ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵات و رەشبینی بەرامبەر بە دەسەڵاتداران لای ئەم رووناکبیرانە بنەمایەکی سەرەکییە. بەردەوام رۆڵی ئۆپوزیسیۆن دەگێڕنو لە باری ئارایی نارازین. ناکۆکی و دژایەتییان لەگەڵ دەسەڵاتو رەخنەو پەردەلادانیان لە سەر سیاسەتە چەوتو نهێنییەکانی دەسەڵاتداران, ناخۆشەویستی لای دەسەڵاتی کردون و بە تایبەت لە دەسەڵاتە ئۆتوریتەخواز و نادیمۆکراتیکەکاندا لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی سەرکوت دان. هەندێک جار لەبەر ئەوەی کە لە رەخنەگرتنو گۆڕانخوازیدا راستییەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵات لەبەرچاو ناگرنو سنووری ریالیزمی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەبەزێنن، تووشی بۆچوونی دەرهەست دەبنو بە ئایدیالیست ناوزەد دەکرێن. بڵاڤۆکە ئازاد و رێکخراوە ناحکومی و خوێندکارییەکان تریبوونی سەرەکیی ئەم رووناکبیرانەن.

## ٣- رووناکبیرانی پرد:

زۆر جار رووناکبیران راستەوخۆ دێنە نێو دەسەڵاتو بەشداریی کێشەکانی دەکەن، ئەم رووناکبیرانە کە بە رووناکبیری ئۆرگانیک دەناسرێن لەسەر ئەو بڕوایەن کە بۆچاکسازیی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەنیا دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕین و رەخنەگرتن بەس نیە بەڵکوو پێویستە راستەوخۆ بێنە ناو دەسەڵات و بە شێوەیەکی پراکتیک هەوڵی چاکسازی بدەن.

ئەم رووناکبیرانە هەوڵی لێک تێگەیشتنو کەمکردنەوەی مەودای خەڵک و دەسەڵات دەدەن، لە لایەک رەخنەگری باری ئارایی و ئەو دەسەڵاتەن کە تێیدا بەشدارن لە لایەکی دیکەشەوە خۆشیان لە مەڕ کێشەکان دا بەرپرسیار دەزانن و راستەوخۆ و بەکردەوە هەوڵی چاکسازی و گۆڕان دەدەن.

هەڵوێستی رووناکبیرانی ئورگانیک بە پێی رادەی نزیکایەتییان لە خەڵک یا دەسەڵات جیاوازە، هێندێک جار لە خەڵک نزیکتر دەبنەوە و دەبن بە پردێک بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵک بە گوێی دەسەڵات و بە رەخنەگرتن لە دەسەڵات و سیاسەتەکانی، ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی دەسەڵات پێک دێنن، هەر بەم هۆیەش زۆربەی کات لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە رێگایەکی ئەوتۆیان پێ نادرێ و دەخرێنە ژێر زەخت و چاوەدێرییەوە. بەڵام هەندێک جاریش زۆرتر لە دەسەڵات نزیک دەبنەوەو هەلپەرستانە بۆ وەرگرتنی ڤانو پلەی سیاسی هەوڵی فریودانی خەڵکو پاساوی سیاسەتەکانی دەسەڵات دەدەن،

لێرەدایە کە رووناکبیری ئۆرگانیک دەبێتە کۆیلەو زۆرناژەنی دەسەلات و دەسەلاتیش وەک پالەوانی کۆڕو کۆبوونەوەکان کەلکی لێوەردەگرێ. ئەم رووناکبیرە لە هەولی بە پیرۆزکردنی رێبەرانو سەرکردە سیاسییەکان دایە، ئەگەر ئەمرۆ لەگەل رێبەرێکی شۆرشگێڕەو پێداهەلبێژیەتی سبەینێ هەمان شێواز بۆ بەرپرسانی بوروکراسی بەکار دێنێ. باسی دێموکراسی دەکا بەلام, هەلسوکەوتی فالانژانەیە. جیاوازی لەلای ئەو واتە دژایەتی و دژایەتیش تاوانو خەیانەتە، بە پێی خواستی دەسەلاتو بەرژەوەندی خۆی هەلوێست دەگرێ، بۆ وێنە ئەگەر پێویست بێ بە جێگەی نیشتمانپەروەریو نەتەوەخوازی، پەرە بە عەشیرەگەریو ناوچەگەری دەدا. رۆژێک کۆتری ئاشتییەو لایەنگری یەکیەتی رۆژێکیش فوو بە شەیپووری جەنگ و جیاییدا دەکا. رۆژێک بانگەشەی سوسیالیزم دەکاو رۆژێکیش لە تەپلی سەرمایەداری دەدا. بە گشتی رووناکبیری ئۆرگانیک ئەگەر لە دەسەلات نزیکتر بێتەوە بەناچار دەبێتە پاساودەرو رەواییبەخشی سیاسەتەکانی دەسەلاتو چەواشەکەری راستییەکان، ئەگەرچی بەباشی لە راستییەکان تێ دەگا بەلام, ناتوانێ یا ناوێرێ باسیان بکا، بۆیە دەبێتە بۆیاخچیی هزرە دوگمو سواوەکانو بەرگی نوێ بەبەرکۆندا دەکا. سەرکەوتنی کاتی ئەم رووناکبیرانە لە درێژخایەندا دەسەلات تووشی رزینو قەیرانی رەوایی دەکا.

### ٤- رووناکبیرانی دەسەلاتخواز:

هەندێک بیریاری وەک "کانت" یا جان ئیستوارت میل" لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەسەلات دەبێ بە دەست رووناکبیرانەوە بێ، واتە دەسەلاتی رووناکبیریان قبوولە نەک رووناکبیری دەسەلات، یا بلێین دەسەلاتی زانا نە زانای دەسەلات.

رووناکبیری دەسەلاتخواز خۆی ئیدئۆلۆگە، ئاکادیمییەکی ئاشنا بە تیۆرو زانستە سیاسیو کۆمەلایەتییە نوێیەکانە، چونکە راستەوخۆ دەسەلاتی بە دەستەوەیەو دەتوانێ سەرچاوەی گۆڕانکاریی گەورە و خێرا بێ. ئەم رووناکبیرە چون خۆی لە کۆتی هەر چەشنە بیروباوەرێکی کۆنو داخراو رزگار کردوە، زۆر بە ئاسانی هێلە سوور و پیرۆزەکان دەبەزێنێو بەردەوام بۆ گۆڕانی کۆمەلایەتیو پێشخستنی کۆمەلگا خاوەنی پرۆژەو داهێنانە.

ئەگەرچی کانت گوتەنی بە دەسەلات گەیشتنی رووناکبیران دەرباز بوونی خەلک لە زەلیلی و چووکەیی لێ دەکەوێتەوە، بەلام بە پێی تایبەتمەندیی زاتی دەسەلات رەنگە جاروبار دەسەلاتی رووناکبیریش لە رێباز و مەبەستە سەرەکییەکانی خۆی دوور کەوێتەوە بەرەو دەسەلاتپەرستیو پاوانخوازی، بە تایبەت لە کاتێک دا کە بنچینەکانی دێموکراسی لاوازو ناسەقامگرتوو بن.

سەرچاوە: مالپەڕی گیارەنگ - مانگی مای ٢٠٠٦

# سەرەکیترین کێشەی نێوان کورد و تورک لە ئێراندا، کێشەی خاکە

## دیمانە:

**ئامادە کردنی: رامیار**

### لێکدانەوەی کێشەی نەتەوەکان لە ئێراندا

**ئامـاژە:** ئێـران وڵاتێکـی فـرە نەتەوەیـە کـەهـەڵگری کۆمـەڵێک کێشـەینەتەوەیی ومەزهەبییـە، لـەم وڵاتـەدا جگەلـەوەی کەنەتـەوەی سەردەستی فـارس نەتـەوەکانی دیکـەی ئـەم وڵاتـەی هێناوەتـە ژێررکیفـی خـۆی ودەیانچەوسێنەتەوە، هەنـدێک لەنەتەوە ژێردەستەکانیش لەگەڵ یەک تووشی کێشەو ململانێی نەتـەوەیی و مەزهەبین.  کێشەی دوو نەتـەوەی کوردو تـورک بـە وهۆیەوەکـە سـنووری نیشـتمانییان پێکـەوە نووسـاوەو تێکەڵاوییـەکی دیمۆگرافییـان هەیـە، لـە بـەرچاوترین کێشـە نەتەوایەتییەکانی ئێرانە، بەتایبەت کە لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا لەسەر وتووێژێکی بەڕێز"رامبۆد لوتفپووری" کە شارەکانی ماکۆ، سەڵماس، ورمێ، نەغەدە، میاندواو... وەک خاکی کوردستان پێناسەکردبوو، کێشەیەک سازبوو کە بـوو بـە هـەوێنی بڵاوبوونـەوەی کۆمـەڵێک بابـەتی جۆراوجـۆر لەسـەر هەنـدێک ماڵپـەڕی کـوردی، تـورکیو فارسـی. و لـەم رۆژانـەی دواییشدا لە سەر بڵاوبوونەوەی کاریکاتێرێک کە تێیدا سووکایەتی بە نەتەوەی تورک کرابـوو زنجیرەیـەک خـۆ پیشـاندان لـە لایەن تورکەکانەوە لە ناوچەکانی تورک نەشینی ئێران و هـەروا لـەو ناوچانـەی کوردستان کە تورکیشی تێدایە کرا. بـەو بۆنـەوە و بـە مەبەسـتی شـرۆڤە و لێکدانـەوەی بـارودۆخی ژیـانی سیاسـی ئێسـتاو داهـاتووی ئـەو دوو نەتەوەیـەو هـەروەها ئاوڕداناوەیـەکی گشـتی لەکێشـەی نەتەوایـەتی لـە ئێرانـدا، وتووێژێکمـان لـە گـەڵ بـەڕێز "رامبـۆد لوتفپـووری" نووسـەر و رۆژنامەوانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێناوەکە بەم شێوەیە پێشکەشتان دەکرێ.

**پرسیار:** بەڕێز"لوتفپووری" هەر بەوجۆرەی دەزانین ئێران وڵاتێکـی فـرە نەتەوەیـە و فـرە نەتـەوەیش سیسـتمی دەسەڵاتداری تایبەتیی خۆی دەوێ و هەڵگری کۆمەڵێک کێشەی تایبەت بە خۆیەتی، بـەڕێزتـان چۆن شرۆڤەی کێشـەی نەتەتەوایـەتی لـە ئێران و سیستمی دەسەڵاتدارییەکەی دەکەن؟

**وڵام:** سپاس بۆ بەڕێزت کە هەلی ئەم گفتوگۆیەت رەخساند. پێش هەموو شتێک پێویستە ئاوڕێک لە پێکهاتەی ئەتنییکی

ئێران بدەینەوە. لەراستیدا وەک باستان کرد ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە چەند نەتەوەی تەواو جیاواز پێکهاتووە. نەتەوەگێک کە هەرکام خاوەنی کولتوورو شوناسی تایبەت بە خۆیانن. نەتەوەکانی کورد، تورک، فارس، بەلووچ، عەرەب و هتد نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەم وڵاتەن کە، لە مێژە ساڵە نەتەوەی فارس توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتێکدا کە پێشتر بە نێوی ئیپراتۆرییە دەسەڵات بە دەستەکانیەوە دەناسرا، بسەپێنێت و بە دانانی نێوی ئێران لە سەر ئەو ئیمپراتۆرییە، دەسەڵاتی پاونخوازی خۆی سەقامگیر بکات، کە دەڵێم بە دانانی نێوی ئێران مەبەستم ئەوەیە کە فارسەکان نێوی ئێرانیان لەسەر ئەوڵاتە دانا، کە وەک نیشتمانی ئارياييەکان بيناسێنن کە لەيەک نەتەوەی ئێرانی پێکهاتووە، بەڵام کە چاو لە نێوەرۆکی ئەم نەتەوەیە دەکەی هەمان نەتەوەی فارسە بە هەموو تایبەتمەندییە کولتوورییەکانییەوە. زمان یەکێک لەسەرەکێترین بنەماکانی پێکهاتنی نەتەوەیە، لە ئێرانیشدا زمانی فەرمی فارسییە، کەواتە نەتەوەی ئێرانی هەمان نەتەوەی فارسە ودەبێ نەتەوەکانی دیکەی تێدا بتوێنەوەو خۆیان لەو چوارچێوەیەدا بگونجێنن. لەراستیدا ئەمە هەمان سیاسەتی شۆڤێنییانەی رەزاشایە. رەزاشا بەدانانی ناوی ئێران لەسەر ئیمپراتۆریەتی قەجەر بناغەی ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنییانەی لەسەر شوناسی فارسی دامەزراند. قەت نەتەوەیەک بەناوی ئێران بوونی نەبوو، فاکتەری ویست لە پێکهاتەی نەتەوەدا رۆڵی سەرەکێ هەیە، واتە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کەخاوەن کولتوورونیشتمان و مێژوو و خەونی هاوبەشن، دەبێ بیانهەوێ خۆیان لەخەڵکانی دیکە جیا بکەنەوەو نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێکبێنن، یانێ دەبێ بەویستو ئارەزووی خۆیان ئەم کارەبکەن و بە ویستو خواستی خۆیان دەوڵەتێک لەسەر بنەمای نەتەوەکان دروست بکەن. دەکرێ نەتەوەیەک دروست ببێ کە لە رووی کولتوورییەوە پێکهاتەیەکی یەکدەستی نەبێ، بەڵام ناکرێ ئازادانەو ئارەزوومەندانە نەبێ. هەرێمی ئاڵزاس لە فەرنسە ئاڵمانی زمانن، بەڵام دەیانهەوێ فەرانسەوی بن نەک ئەڵمانی، تەنانەت هەوڵکانی ناسیۆنالیستە ئەڵمانییەکانیش نەیانتوانیوە بڕیارەکەیان بگۆڕن. دەکرێ کۆمەڵە خەڵکێکیش هەبن کە زمان و کولتووری هاوبەشیان هەبێ، بەڵام چەن نەتەوە بن و چەن دەوڵەتی جیاوازیان هەبێ، وەک عەرەبەکان. بەڵام ئەوەی کە بەناوی‌نەتەوەی ئێرانی باسی دەکەن بە زەبرو لە چەن نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە کە زۆربەیان رازی بەو یەکگرتنە نەبوونونین. لە راستیدا یەکگرتنێک لە ئارادا نییە، لە جیدا مەبەستی پێکهێنەرانی ئێران یەکبوون بووە نە یەکگرتن. یەکبوون بە واتای فارس بوون، یەکگرتن دەبێ ئارەزوومەندانە بێ، لەکاتێکدا ئەوەی لە ئێراندا هەیە یەکبوونێکە بە زەبروزەنگ، واتە کورد و عەرەب و فارس و بەلووچ و... دەبێ یەکبن، دەبێ ئێرانی بن، ئێرانیش کە وتمان هەمان فارسە، کەوا بوو هەموو دەبێ فارس بن. بۆ پێکهێنانی ئێران قەت پرس بە نەتەوەکانی ئەم وڵاتە نەکراوە، بۆیە ئەوانیش قەت بەم پێکهاتەیە رازی نەبوونە. خەباتی رزگاریخوازانەی لە مێژینەی ئەم نەتەوەگەلە بەتایبەت نەتەوەی کورد سەلمێنەری ئەم راستییەیە. بۆیەمن پێموایە ئەم وڵاتە ساختەییە درەنگ یا زوو لە بەریەک هەڵدەوەشێتەوە، دەنا مانەوەی ئەم وڵاتە پەیوەستە بە یەکیەتیی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکانی ئەم وڵاتەوە. یەکیەتیی ئارەزوومەندانەش کاتێک دێتە دی کە هەموو نەتەوەکانی ئێران بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە لە دەسەڵات وبەرێوەبەریی وڵاتدا بەشدار بن، ئەویش بە بێ لە بەر چاوگرتنی زۆرینە و

کەمینە، پێویستە هەموو جیاوازییە کولتووری و نەتەوەییەکان بە فەرمی بناسرێن و ڕێگای دەربڕینیان پێ بدرێ. دەبێ هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات و جگە لەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکەی خۆی بە دەستەوە بێ لە دەسەڵاتی ناوەندیشدا بەشدار بێت. بە کورتی پێویستە سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران ببێتە سیستمێکی فیدراتیوی ئارەزوومەندانە،واتە فیدرالیزمی جوگرافییایی - نەتەوەیی. ئەمەش لە کاتێکدایە کە نەتەوەکانی ئێران پەسندی ئەم سیستمە بکەن، دەنا بەو پێیەی کە دەبێ مافی دیاری کردنی چارەنووسیان هەبێ دەتوانن جیا ببنەوە. جیا بوونەوە مافی بێ ئەملاوئەولای هەر نەتەوەیەکە. پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە پێویستی بە کولتووری لێبووردەیی و پێکهەڵکردن هەیە کە بە داخەوە لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا ئەم کولتوورە زۆر لاوازە. نەتەوە سەردەستەکان قەت ئامادە نین دەسەڵاتەکەیان لە گەڵ نەتەوە ژێر دەستەکانیاندا دابەش بکەن، بۆیە من ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئێران زۆر بە هێز دەبینم.

**پرسیار**: بەڕێز لۆتف‌پووری ئایا دەتوانین بڵێین کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا تەنیا دەبەسترێتەوە بە کێشەی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئەم وڵاتەلە گەڵ نەتەوەی سەر دەستی فارسدا، ئایا نەتەوە ژێردەستەکان لە نێو خۆیاندا هیچ کێشەیەکیان نیە؟

**وڵام**: ئەمن مەبەستم ئەوە نەبوو کێشەکە تەنیا لە گەڵ فارسەکاندایە، بەڵکوو لە بەر ئەوەیکە باسی سیستمی دەسەڵاتداریتان کرد و فارسەکانن کە ئەو سیستمە بەڕێوە دەبەن،زۆرتر جەختم لە سەر ئەوان کرد.دەنا راستە،خۆدی ئەم نەتەوانەش پێکەوە کۆمەڵێک کێشەیان هەیە، ئەڵبەت نەک هەموویان بەڵکوو ئەوانەی کە هاوسنوورن.کێشەکان رەنگە زۆر لایەنی ئابووری، سیاسی، مەزهەبی‌و... بگرێتەوە، بەڵام کێشەی سەرەکی کێشەی خاکە، بەتایبەت لە نێوان کورد و تورکدا. سنووری نیشتمانی ئەم نەتەوەگەلە بە مەبەست و بێ‌مەبەست تێکەڵ کراوە و شێواوە. بۆ وێنە سنووری کورد و تورک یەک لەوانەیە، بەشێک لە خاکی کوردستان کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە ئەنقەست ناوی ئازەربایجانی رۆژئاوایان لە سەر داناوە لە دوو نەتەوەی کورد و تورک پێکهاتوە، ئەمە کێشەی دروست کردوە. ئێستا بەشێک لە زێدەخوازانی تورک ئەوە بە بەشێک لە نیشتمانی خۆیان دەزانن و بە کوردەکان دەڵێن هۆزە نیشتەجێیەکانی ناوچەی رۆژئاوای ئازەربایجان و پێیان وایە ئەم کوردانە لە شوێنەکانی دیکە و بۆ کرێکاری هاتوونەتە ئەوێ و لەوێ ماونەتەوە، لە هەمان کاتدا کوردەکانیش ئەوە بە خاکی خۆیان دادەنێن و تورکەکان بە خەڵکێکی کۆچەر دەزانن کە بەشێکیان بە زۆر ئەو خاکەیان داگیر کردوە و بەشێکیشیان بە پیلانی دەسەڵاتدارانی ئێران هێنراونەتە ئەوێ. ئەمە بۆتە هۆی گرژی و ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا. ئەم کێشەیە لە ناوچەکانی باکووری کوردستانی رۆژهەڵاتدا زۆر زەق و بەر چاوە، بە تایبەت لە ناوچەکانی ماکۆ، سەڵماس، خۆی، ورمێ، تیکاب، میاندواو و نەغەدە.

**پرسیار**: رای ئێوە سەبارەت بەم کێشەیە چیە؟ ئایا ئێوەش ئەو شارانەی کە باستان کرد بە کوردستان دەزانن ئەگەر ئەرێ، چ بەڵگەیەکتان بۆ سەلماندنی هەیە؟

**وڵام**: ئەمن پێشتر ووتم، بێ گومان ئەو شارانە بەشێکن لە خاکی کوردستان کە پێم وابێ هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر قەت ئامادە نابێ لە جەستەی ئەم نیشتمانە جیا بکرێنەوە، بە دەیان بەڵگە هەیە کە کوردستانی بوونی ئەو ناوچەیە دەسەلمێنن و هەروەها دەیان بەڵگەش هەیە کە نیشان دەدەن تورکەکان چۆن گەیشتوونەتە ئەوێ و لە کوێیەوە هاتوون. بۆ وێنە رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو لە کتێبی "کوردستان و کورد"دا کە سنووری کوردستان دیاری دەکا دەڵێ: "لە باکووری رۆژهەڵاتی لوتکەی ئاگرییەوە هێڵێکی راست دێتە خوارێ بەرەو باشوور بۆ بەشی باشووری زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارێ، لە وێڕا هێڵێکی راست بۆ لای رۆژئاوا دەکێشین هەتا دەگاتە شاری موسڵ لە عێراق، لەوێیەوە هێڵێکی راست بۆ لای رۆژئاوا دەکێشین کە لە موسڵەوە دەگاتە بەشی تورکنشینی ویلایەتی ئەسکەندەرون، لەوێشەوە هێڵێک بۆ لای باکووری رۆژهەڵات دێ تا دەگاتە ئەرزەروم لە تورکیا، پاشانیش لە ئەرزەرومەوە هێڵێک بەرەو رۆژهەڵات دێ تا دەگاتە لوتکەی ئاگری." ئەگەر جوانی لێ ورد ببنەوە دەبینن کە ئەم سنوورە تێکڕای ئەو شارانەی تێدایە. ئەدمۆنسیش کە سنووری کوردستان دیاری دەکا هەروای بۆ دەچێ و ئەو ناوچانە بە کوردستان ناو دەبا، تەنانەت زۆر بە راشکاوی ناوی شارەکان دێنێ و لە بەشێکی نوسینەکەیدا دەڵێ: "لە رۆژهەڵات یانێ لە ئێران، سنووری کوردەکان بەرەو باشووری رۆژهەڵات لە یەریڤانەوە دەست پێ دەکات و هەرێمەکانی ماکۆ، بەشێک لە خۆی، ورمێ، مەهاباد، سەقز و سنە تا کرماشان لە نێو خۆی دەگرێ." ئەو سنوورەی کە ئەدمۆنس بۆ کوردستانی دیاری کردوە لە لایەن زۆر توێژەری دیکەی وەک، شاکر خەسباک، مینۆرێسکی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، واسیلی نیکیتین، لازارییێف و کەسانێکی دیکەشەوە پشتڕاست کراوەتەوە. دەتوانن ئەم راستییە لە کتێبی"جۆگرافیای کوردستان" نووسینی عەبدوڵڵا غەفور لە لاپەرەی ٢٥٣ دا ببینن.

بەڵام سەبارەت بە هاتنی تورکەکان بۆ ئەو ناوچەیە دەبێ بڵێم، لەبەر ئەوەیکە مێژووی ئەم هاتنە زۆر کۆن نیە زۆر بە ئاسانی سەرەتا و چۆنیەتی هاتنیان بۆ کوردستان و نیشتەجێ بوونیان لەم ناوچەیەدا دیاری دەکرێ، لە راستیدا تورکەکان تیرەیەک لە هۆزەکانی "هوون"ن لە ئاسیای ناوەراست کە لە دەوروبەری دەریای خەزەر نیشتەجێ ببوون. بەڕێز نەوشیروان مستەفا لە کتێبی "کورد و عەجەم"دا لە زمانی "نەفیسی"یەوە دەڵێ:"لەسەدەی چواری کۆچیدا یەکێک لە ئیلە گەورەکانی تورک کە لە لێوارەکانی جەیحوندا دەژیان، بە شێنەیی بەرەو خوار بووەوە، سەرەتا خوارەزم و دواتر مەڵبەندی گۆرگانیشی گرت، کەم کەم دانیشتوانی خۆجەیی کۆنی ئەوێی دەر کرد. ئەم ئیلە گەورەیە لە دوو هۆزی بچووکتری "غوز" و "تەغزغوز" پێکهاتبوو. هەر لەو کتێبەدا نەوشیروان مستەفا لە زمانی عەنایەتوڵڵای رەزاوە دەڵێ:"پاش لە ناو چوونی سامانییەکان تورکەکانی غوز بوون بە هێزی دەسەڵاتداری ناوچەکە و شەپۆل لە دوای شەپۆل روویان کردە مەڵبەندەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی خۆراسان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، کوردستان، خاکی عەرەب و ئاسیای بچووک."

ڕەوتی داگیر کردنی خاکی کوردستان لە لایەن هۆزە تورکەکانەوە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا گەیشتە لوتکەی خۆی و بوو بە سیاسەتێکی حکومەتی، واتە پاشاکانی سەفەوی نەهێشتنی دەسەڵاتە خۆجەییەکانی کورد و دەرکردنی هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیە و دانانی سەرانی قزڵباشی تورک و هۆزەکانیان لە جێ ئەوانیان وەک سیاسەتێکی فەرمی ڕەچاو دەکرد.دەسەڵاتەکانی دوای ئەوانیش هەمان ئەو سیاسەتەیان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بە ڕێوە بردوە کە ڕەنگە لێرەدا مەجالی باسکردنی هەموویان نەبێ. بۆ ئەوەی کە کاتی زۆرتان نەگرم بەخوێنەران پێشنیار دەکەم چاو لە کتێبی کوردو عەجەمی نەوشیروان مستەفا بکەن، بەتایبەت بەشی یەکەمی، ئەو بەڕێزە زۆر بە وردی ئەو شتانەی باس کردووە. ئەمن تەنیا ئاماژە بە بەشێک لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی دەکەم کە دەڵێ: "ڕاگوێزانی بەکۆمەڵی دەیان هەزار خێزانی ئیلە کوردەکانی دەوری ورمێ بۆ خۆراسان و دواتر تێکشکانی تراژدیکی ئیلی برادۆست و موکری و گیرانی قەڵای دمدم و کوشتنی مەزنەکانی کورد و کوشتنی زۆرینەی لایەنگرانی ئەمیرخان و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی موکریان، بوون بەسەرەتای گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی دیمۆگرافیی دانیشتوانی ناوچەکەدا."

ئەمانە و کۆمەڵێک بەڵگەی دیکە نیشان دەدەن کە ئەوێ خاکی کوردستانە و تورکەکان خەڵکی ڕەسەنی ئەوناوچەیە نین و ئەگەر ئێستا لە هەندێک شوێنی ئەو ناوچەیە ڕێژەی حەشیمەتی تورکەکان زیاترە ئەوە ئاکامی ئەو هێرش و سیاسەتە حکومەتییانەیە کە باسمان کرد نەک ڕەسەن بوونی تورکەکانی ئەوێ. وە ڕێژەی حەشیمەتییێک کە بەم شێوەیە چووبێتە سەرێ قەت ناکرێ بە پێوەر و لەم بابەتەدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەڵگە مێژووییەکان. وەک کەرکوک، ئایا دەکرێ ئەگەر ڕێژەی عەرەبی کەرکوک لە کورد زیاتر بوو بڵێین کەرکوک کوردستان نیە؟ لە کاتێکدا کە دەزانین چۆن ڕێژەی عەرەبی ئەو ناوچەیە چۆتە سەر، حکومەتی عێراق هێناونی، زۆربەیان عەرەبی هاوردەن.

**پرسیار**: ئایا دەتوانین بە تورکەکانی ئەو ناوچەیە بڵێین هاوردە و لە گەڵ عەرەبە هاوردەکانی کەرکوک بەراوردی بکەین؟

**وڵام**: بە داخەوە ئێمە هاوردەیی بوون دەبەستینەوە بە کاتەوە، پێمان وایە ئەگەر کاتێکی زۆری چەندین ساڵی یا چەند سەدەیی بە سەر ئەو ڕاگوێزانەدا تێپەڕ بێت ئیتر لە دۆخی هاوردەیی دێنە دەرێ. هاوردە هاوردەیە، دوو ساڵ لەوە و پێش بووبێ یا پێنج سەدەی لەمەوبەر هەر هەمان شتە، بەڵام بە یەک جیاوازییەوە، ئەویش ئەوەیە کە عەرەبی هاوردەی کەرکوک دەبێ بچێتەوە شوێنی خۆی و کەرکوک بەجێ بێڵێ، چوونکە لە مێژ نیە کە هاتۆتە کەرکوک و بە تەواوەتی لە زێدەکەی خۆی دانەبڕاوە، بەڵام تورکەکانی نیشتەجێی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەر ئەوەی کە چەندین نەوەیە لەوێ دەژین و بە تەواوەتی لە زێد و نیشتمانی خۆیان دابڕاون ناتوانن ئەوێ چۆڵ بکەن و بەجێی بێڵن، تەنانەت چەشنە گیرۆدەییەک و سۆزێکی نیشتمانیشیان بەرامبەر بەو بەشەی کوردستان لە لا دروست بووە، بۆیە دروست نیە کوردەکانیش چاوەڕوانی چۆڵ کردنی ئەو ناوچانەیان لێ بکەن. لەجێدا ئەو چاوەڕوانییە نە دروست دەبێ نە گونجاو. ئیش کردن بۆ بیرۆکەیەکی لەو

بابەتە کارەساتی مرۆیی دەخولقێنێ. بەڵام هاووڵاتییانی تورکیش دەبێ بزانن کە ئەوان بە رێزەوە دەتوانن لە سەر خاکی کوردستان بژین و لە هەموو مافێکی هاووڵاتی بوون و کەمایەتی بوونیش بەهرەمەند بن، بەڵام نابێ بە تەمای ئەوە بن ئەو ناوچانە لە خاکی کوردستان جیا بکەنەوە و کوردەکان بە هاوردە بزانن، چوونکە ئەوەش شەر و کارەساتی گەورەی لێ شین دەبێ. کوردەکان زۆر بە دڵ فراوانییەوە جینایەتی سەفەوییەکان و قزڵباشەکان و هەروەها کارەساتەکانی برادۆست و مۆکریان و قەڵای دمدم وقارنێ و قەڵاتان و ئیندرقاش و دەیان نمونەی دیکەیان پشت گوێ خستووە، بەڵام لە بیریان نەکردوە، بۆیە هەر چەشنە زێدەخوازییەک ئەو برینانە دەکولێنێتەوەو رق ئەستووری کوردەکانی لێ دەکەوێتەوە. زۆر جار خاکی کورد لە لایەن نەتەوەکانی دیکەوە داگیر کراوەو پێکهاتەی دیمۆگرافییەکەی وای لێ هاتووە کە مۆرکی کوردستانی بوونی لێ بسڕدرێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەوەی نوێ و هوشیاری کورد چیدیکە ئەو غەدرە قبوڵ ناکەن و بە هەموو هێزەوە داکۆکی لە خاک و نیشتمانەکەیان دەکەن. مێژوو سەلماندوویەتی کە کورد قەت هێرشبەر نەبووە، بەڵکوو بەردەوام لە دۆخی بەرگریدا بووە. ئەو شۆڤینیستانەی کە سمکۆ بە مرۆڤکوژ و تالانچی ناو دەبەن با ببینن سمکۆ لە کوێ شەڕی کردوە، لە کەناری دەریاچەی ئاراڵ بووە یا کەناری دەریاچەی ورمێ، سمکۆ لە کوردستانی خۆیدا بەرگری لە نیشتمان و نەتەوە و ماڵی خۆی کردوە. سەیرە کە بە شەر لە گەڵ داگیرکەر بڵێی مرۆڤکوژی و بە بەرگری کردن لە ماڵی خۆت بڵێین تالان کردن. سمکۆ نیشتمانپەروەرێکی هوشیار بوو کە هەستی بە پیلانی دوژمنان و ئەو مەترسیەی لە سەر گەل و نیشتمانەکەی بوو، کردبوو. شۆڤینیستەکان بەوە قەڵسن کە سمکۆ ساویلکە نەبوو و ئازایانە و بە وریاییەوە داکۆکی لە گەل و نیشتمانەکەی کردوە. ئەمن زۆر جار ووتومە ئێمەی کورد دەبێ بزانین ئەو کاتەی کە دوژمنانمان لێ تووڕە دەبن، ئەوە ئەو کاتەیە کە دروست و لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەماندا هەنگاومان هەڵێناوە، دەنا ئەو کاتەی کە لێمان رازی دەبن و چەپڵەمان بۆ لێ دەدەن، بێ گومان بە لاڕێدا رۆیشتووین و لە هەڵەداین. نەیار قەت بە سەرکەوتنی ئێمە شاد نابێ، تەنیا کاتێک قبوڵمان دەکەن کە پاشەکشە بکەین و دان بە ویستە زێدەخوازانەکانیاندا بنێین.

**پرسیار**: وەک دەزانین ئێران لە بەردەم گۆڕاندایە و بێ گومان نەتەوە ژێر دەستەکانی ئەم وڵاتە لە گۆڕانکارییەکان و داهاتووی ئێراندا رۆڵێکی گرینگ دەبینن و پێویستە لەم قۆناغە مێژووییەدا یەکگرتوویی و یەکدەنگی خۆیان بپارێزن. لە کاتێکدا کەراپەرینەکانی ئەم دواییەی کوردستان و بلوچستان وخوزستان و تورکەکان دەبینین، هە ست بە بەرزبوونەوەی هوشیاری نەتەوایەتی لە نەتەوەکانی ئێراندا دەکەین. بە لە بەر چاو گرتنی ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی کە باستان کرد، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و لە یەک نزیک کردنەوەی ئەم نەتەوانە وەکوو میکانیزم چ پێشنیارێکتان هەیە؟

**وڵام**: پێشتریش ووتم کە کێشەکە لە نێوان هەموویاندا نیە، جگە لە فارسەکان کە بە هۆی دەسەڵاتدارییانەوە لە گەڵ هەموو نەتەوەکانی دیکە کێشەیان هەیە، رەنگە تەنیا کێشەی کورد و تورک بێت کە ئەوەندە گرینگ و بەرچاوە و باشترین

رێگا چارەی ئەم کێشەیەش دیالۆگ و لە یەک تێگەیشتنی هەر دوو لایە، کێشەکە لە نێو خاکی کوردستاندایە، ئەمە جێگای هیچ چەشنە گەنگەشەیەک نیە، هەر دوو لا دەتوانن بە دڵفراوانییەوە یەکتر قبوڵ بکەن و برایانە لە سەر ئەو خاکە بژین، پێویستە تورکەکان واز لە زێدەخوازیی و داخوازی نابەجێ بێنن.
بە پێی هەموو بەڵگە مێژووییەکان کە ئاماژەم بە هەندێکیان کرد ئەو ناوچانە، واتە ورمێ، سەڵماس، تیکاب، میاندواو، خۆی، ماکۆ، نەغەدە و... خاکی سەلمێنراوی کوردستانن و تورکەکان لە ئاکامی هێرش و کۆچ و سیاسەتی تێکدانی دیمۆگرافیی کوردستان کە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەڕێوە دەچوو، هاتوون یا هێنراونەتە ئەوێ، کەوابوو هەر چەشنە ویستێکی ئەوان سەبارەت بە جیا کردنەوەی ئەو ناوچانە لە کوردستان، دژکردەوەی توندی نەتەوەی کوردی بە دواوە دەبێ. کوردەکانیش دەبێ بزانن ئەو تورکانەی کە ئێستا لە کوردستان دەژین لە مێژە لێرەن و ئەو نەوەیە نین کە بە داگیرکەری هاتۆتە کوردستان، ئەمانە چەندین نەوەیە لە کوردستان دەژین و لە زێد و نیشتمانی سەرەکیی خۆیان دابڕاون، کە وابوو دەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێ و مافەکانیان وەک کەمایەتییەک بپارێزرێ.
تائەو جێگایەی کە دەکرێ پێویستە بە دیالۆگ و لە ڕێگایەکی هێمنانەوە ئەم راستییانە جێگە بخرێن و کێشەکە چارەسەر بکرێ،بەڵام دیسان دووپاتی دەکەمەوە دیالۆگ نە پاشەکشە، دیالۆگ لە سەر بنەمای کوردستانی بوونی ئەو خاکە و پاراستنی مافی تورکەکان وەک کەمایەتییەک لەوێ. سەبارەت بەو ڕاپەڕینانە و بەرز بوونەوەی ئاستی هوشیاری نەتەوەکانی ئێرانیش منیش پشتڕاستی دەکەمەوە، بێ گومان وایە، ڕاپەڕینەکانی کوردەکان، عەرەبەکان، بلوچەکان و تورکەکان هەموو مافخوازانە و ڕەوا و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، بەو مەرجەی کە سنووری مافەکانی یەکتر نەبەزێنن و تەنیا دژ بە شۆڤینیزمی دەسەڵاتدار و بۆ دابین بوونی مافەکانیان بێت. لەو پێناوەدا پێویستە پاڵپشتی یەکتر بن، چوونکە هەموو مافخوراو و بەشخوراون. ئێستا کە نەتەوەی تورک ڕاپەڕیوە پێویستە کە نەتەوەکانی دیکەش بۆ پشتیوانی لەوان و داکۆکی لە مافی پێشێلکراوی هەموو نەتەوە چەوساوەکانی ئێران بێنە مەیدان و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن، بە ڕای من ئەو کاریکاتێرانە تەنیا سوکایەتی بە تورک نیە، فارسەکان ڕاهاتوون کە سوکایەتی بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکەن، مەبەستیشیان لەم سوکایەتییانە بەتاڵ کردنەوەی ئەو نەتەوانە لە غورور و شوناسی خۆیان و خۆش کردنی بوار بۆ توانەوەیان لە کولتوور و شوناسی فارسیدایە. بۆیە یەکگرتوویی لە خەباتی نەتەوایەتی دژ بەو دەسەڵاتە شۆڤینیستیە پێویستیەکی مێژووییە بەڵام دیسان دووپاتی دەکەمەوە بە پاراستنی مافەکانی یەکتر و ڕێزی بەرامبەر.

**کاک رامبۆد سپاس بۆ بەشداریت لەم گفتوگۆیەدا.**

**لۆتف پووری: ئەمنیش سپاستان دەکەم، سەرکەوتوو بن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - مانگی جوونی ٢٠٠٦**

## خەباتی کوردو تێڕامانێک

لە مێژ ساڵە لە دنیای ئازادو پێشکەوتووی رۆژئاوادا خەباتی مرۆڤو نەتەوەکان بۆ دابینو دەستەبەرکردنی مافە سروشتیو ژیارییەکانیان بەبێ پێویستی بە توندوتیژی، شێوازێکی هێمنو شارستانییانەی بەخۆوە گرتوە، بەتایبەت لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدە بەملاوە کە بنەماکانی مافی مرۆڤ هاتنە ئاراوەو بیردۆزەی پەیمانی کۆمەڵایەتیی ژان ژاک رۆسۆ جێگای خۆی گرت. مرۆڤی رۆژئاوایی بۆ گەیشتن بە مافەکانی بە دەگمەن ناچار بە شەڕو خەباتی خوێناوی بووە، جگە لە چەند برگەیەکی مێژوویی وەک سەردەمی دەسەڵاتداریێتی فاشیزمو کۆمۆنیزمو لە چەند وڵاتێکی ئایدۆلۆژیا لێدراوی وەک رووسیاو ئورووپای رۆژهەڵاتدا مرۆڤی سەردەمی ئۆمانیزم لە جیهانی ئازادو لیبرالی رۆژئاواییدا بە دەگمەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ناچار بە دانی تێچوویەکی گیانیو ماڵیی قەرەبوو نەکراو بووە.کە قسەیەکی ئەوتۆ دەکەین بەو واتا رەهایە نیە کە ئۆتۆپیایەک لە جیهانی رۆژئاوا وێنا بکەینو سەرتاسەر ئایدیالی پیشان بدەین، بەڵکوو مەبەست رەوتی گشتیی کۆمەڵگای رۆژئاوا پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنەو بە تەوەر بوونی هزری مرۆییە. بۆیە لەو ساتە وەختەوە بوو کە تێچووی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی گۆڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو دابین کردنی مافەکانی تا نزمترین ئاستی شیاو دابەزی.

بەڵام بە داخەوە لە جیهانی سێهەمو رۆژهەڵاتدا هێشتا مرۆڤ بەو ئاستە لە رێزی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەگەیشتوە، هێشتا تێچووی گۆڕانو گەیشتن بە مافە مرۆییەکان لە رۆژهەڵاتدا قورسو قەرەبوو هەڵنەگرە. ئێستاش مرۆڤی جیهانی سێهەم بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین مافە سروشتییەکانی ناچار بە بەختکردنی ماڵو گیانیەتی، ئەمە راستییەکی تاڵ بەڵام حاشاهەڵنەگرە. لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیو بە پیشەسازیبوونی رۆژئاوا، کەمترین جەنگو بەربەرکانێیەکی خوێناوی لە وڵاتانی رۆژئاوادا بەدی کراوە، لە حاڵێکدا جیهانی سێهەم ئێستاش هەر شاهیدی زۆر شەڕی خوێناوییە. دەیانو سەدان شەڕو بەربەرەکانێی چینایەتیو نەتەوەیی بەرهەمی ئەو دابەشکردنە کۆلۆنیالیستیانەن کە کاتی خۆی کۆلۆنیالیستەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتدا کردیانن. پێکهێنانی وڵات تەنیا بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیانو بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی نەتەوەییو ئایینیی ئەم وڵاتە دەسکردانە، دەیان شەڕو قەیرانی گەورەی لێ کەوتەوە کە ئێستا بەشێکی داوێنی خۆیانی گرتۆتەوە.

یەکێک لە غەدرلێکراوترین نەتەوە بێدەوڵەت، بێوڵاتو چەوساوەکانی دەستی کۆلۆنیالیزم، نەتەوەی کوردە کە سەرەڕای ئەو نرخە زۆرەی کە بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی داویەتی، ئێستاش لە ژێردەستەییو چەوساوەییدا

ماوەتەوە. وتوویژ، شەڕ، دانوستانو هەموو ڕێگایەک تاقی کرانەوە، بەڵام دوژمنانی تینوو بە خوێنی کورد، لە لۆژیکی گوللە زیاتر هیچ وەڵامێکیان بۆ داخوازەکانی کورد نەبووە. کە باسی شەڕم وەک یەکێک لە ڕێگا تاقیکراوەکان کرد، مەبەستم ئەو شەڕەیە کە بەسەرماندا سەپاندیان. کورد لەمێژووی ژیانی خۆیدا پیشانی داوە کە قەت شەڕخوازو هێرشبەر نەبووە، شەڕی ئێمە بۆ بەرگری لە کەرامەتو شوناسی نەتەوەییمان بووەو هەیە، داگیرکەرانی فارس، تورکو عەرەب ویستیان بۆ پێکهێنانی نەتەوە ساختەکانیان لە نێومان بەرن، لە خۆیاندا بمانتوێننەوەو لە پەراوێزمان بخەن تا فەرامۆش بکرێین. هەموو چەشنە شێوازێکی نامرۆڤانەی وەک کوشتاری بەکۆمەڵ، ژینوساید، ئاسیمیلاسیۆن، راگواستنی ناچاری، تیرۆر، هێرشی چەکداریو پەراوێزخستنیان لە دژی ئێمە بەکار هێنا بۆ ئەوەی کە سەدەی بیستو یەک بکەن بە سەدەی بێکورد. بارودۆخو هەلومەرجی سەردەمی شەڕی ساردو دنیای دوو جەمسەری کە ببووە هۆی ساتوسەوداکردنی زلهێزەکانو داگیرکەران لەسەر مافی نەتەوە چەوساوەکان لەلایەکو لە لایەکی دیکەش دڕندەییو سەرەڕۆیی ئەوانو لۆژیکی سەرکوتو توندوتیژییان بوون بەهۆی ئەوەی کە کورد بۆ داکۆکی لە مافەکانیو پاراستنی شوناسی خۆی پەنا بەرێتە بەر شەڕی مانو نەمانی چەکدارانە. گەلێک جار هەوڵە ئاشتیخوازانەکانمان بە گوللە وەڵام درانەوەو، بوون بە قوربانیی بەرژەوەندیو ساتوسەودای وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستانو زلهێزەکانی جیهان. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی شەریف پاشا، بارزانیی نەمر، پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملوو هەموو بێئاکام مانەوە، لە سەر کورسیی وتوویژ وەڵامی وشەکانی پێغەمبەری ئاشتییان بە گوللە دایەوە، بەڵام کەس دەنگی لێوە نەهات. لەو سەردەمەدا چ ڕێگایەکیان بۆ نەهێشتین کە هێمنانە تەعبیر لە مافو شوناسی خۆمان بکەین، بۆیە لەو ساتەوە بوو کە لوولەی چەکەکان بوون بە گەرووی پڕ لە هاواری کورد و شریخەی گوللەش بوو بە وشەی ئەو پەیڤانەی کە نەیانهێشت لە سەر کورسیی وتوویژ باسی بکەینو چیاکانی کوردستانیش بوون بە تەنیا پاڵپشتی خەباتەکەمان، بە پێچەوانەی سروشتی جەنگو چەک، گوللەو هاواری پێشمەرگەی سەر چیاکان هەڵگری پەیامی ئاشتیو مافخوازی بوونو هەن. ئێمە شەڕمان نەکرد لەبەر ئەوەی کە بە ڕێگاچارەی کێشەکانمانی بزانین، لەڕاستیدا ئێمە شەڕمان کرد بۆ ئەوەی کە پەراوێز نەخرێینو فەرامۆش نەکرێین، بۆ ئەوەی کە دوژمن لێمان بپرسێ چیتان دەوێ، بۆ ئەوەی کە ئەو چاوە کوێرو گوێچکە کەڕانە بکەینەوە کە ژیانی تراژێکی کوردیان نەدەدیتو هاواری غەدرلێکراویمانیان نەدەبیست. شەڕمان کرد بۆ ئەوەی ویژدانی نووستووی جیهانی راچڵەکێنینو دنیا تێبگەیەنین کە لە سەردەمی مافی مرۆڤ، دێموکراسیو یەکسانیدا، لەم قوژبنەی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەتەوەیەک دەژی کە ئێستاش لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کراوە، شەڕمان کرد بۆ ئەوەی کە بمێنینو نەتوێینەوە. بەڵێ ئەگەر لە سەدەی بیستو یەکو سەردەمی بەجیهانیبووندا ئێستاش کورد بە مافە نەتەوایەتییەکانی نەگەیشتوەو هەر لە دۆخی ژێردەستەییو کۆلۆنیالیدا دەژی، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی کە باس کران.

دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە حاشا لە کەمتەرخەمیی خۆمان بکەین، هیچکات نەبوو کە هەرسێ مەرجی سەرکەوتن واتە

وشیاریی نەتەوەیی، هەلی مێژوویی‌و رێبەرایەتیی تێگەیشتوومان پێکەوە هەبێ، لەم سێ مەرجە هەر کامیان هەبوو، بێگومان یەکیان ئامادە نەبوو. بۆیە نامانهەوێ تەنیا لە روانگەی گرێدراوی (dependency)یەوە بڕوانینە کێشەی کوردو هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی، بە بڕوای ئێمە لەباری نێوخۆیی‌و لە روانگەی مۆدێرنیزاسیۆنیشەوە کۆمەڵگای کوردو بزووتنەوەکەی هەڵگری کۆمەڵێک کێشەو کەموکوڕیی وەک، لاوازیی بیری نەتەوایەتی، لاوازیی پەروەردەو فێرکردن، هەژاری، پەرەنەسەندنی بورژوازیی شار، بە پیشەسازی‌نەبوونی کۆمەڵگا، زاڵبوونی هزری نەریتی‌و خێڵەکی، لاوازیی رێبەران‌و رێکخراوە سیاسییەکان لە پێگەیاندن‌و تێگەیاندنی خەڵک لە مەبەستو پێویستیی خەباتو رێکخستنیان‌و کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی لەم چەشنە بووە. کەوابوو بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خەباتەکەمان، پێویستە هەردوو رەهەندی ناوەکی‌و دەرەکی لەبەرچاو بگرین. زۆرجار لایەنی دەرەکی واتە هەلی مێژوویی‌و جیهانی لەبار بووە، بەڵام لایەنی نێوخۆیی واتە رێبەرایەتی یا وشیاریی نەتەوایەتی لاواز بوونە وەک هەردوو قۆناغی پاش شەڕی یەکەم‌و دووهەمی جیهانی، هێندێک جاریش رێبەرانێکی پسپۆڕو شارەزای وەک دوکتور قاسملووی شەهید جڵەوی خەباتیان بەدەستەوە بووە بەڵام یا ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی خەڵک نزم بووە یا رەوتی هاوکێشە جیهانییەکان بە پێچەوانەی ویستی کورد بووە. گەلێک جاریش هەردوو فاکتەری دەرەکی‌و وشیاریی نەتەوایەتیی خەڵک لەبار بووە، بەڵام مەخابن کە سەرکردایەتیی کورد توانای قۆستنەوەی هەلەکانی نەبووە.

سەرەڕای هەموو ئەم کێشەو گرفتانە، پاش رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتو هەرەسهێنانی جەمسەری کۆمۆنیستی‌و کۆتایی‌هاتنی جەنگی سارد کە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکان‌و هاتنەئارای هاورێکییەکی نوێی جیهانیی لێ کەوتەوە، وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، پێگەی ستراتیژیکی خۆیانیان لە سیستمی جیهانی‌دا لە دەست داو کورد وەک فاکتەر و یاریوانێکی نوێ بایەخێکی تایبەتیی پێ دراوەو هاتە نێو هاوکێشەکانەوە. هێرشی سوپای بەعسیش بۆ سەر کوێتو داگیرکردنی ئەو وڵاتەو دروستبوونی بەرەیەکی جیهانیی دژ بە سەدام بواری ناوچەیشی بۆ ئەکتیڤکردنەوەی کێشەی کورد بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا رەخساند. بۆیە لەو کاتەوە هێزەکانی کورد توانییان بە پشتبەستن بە هەردوو فاکتەری دەرەکی‌و ناوەکی، کە تاڕادەیەک لەبار بوون، حکوومەتێکی لۆکاڵی (ناوچەیی) لە بەشێک لە کوردستانی باشوور پێک بێنن. بەڵام مەخابن کە ئەو حکوومەتە نوێیەی کە لێی چاوەڕوان دەکرا بەخێرایی پەرە بستێنێ‌و ببوو بە جێگای هیوای کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان،بەهۆی هێندێک گرفتی چارەسەرنەکراوی نێوخۆیی‌و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ تووشی قەیرانی نێوخۆیی‌و شەڕێکی کارەساتباری براکوژی بوو کە لەتبوون‌و دابەشکرانی ئەو حکوومەتەی بەسەر دوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی‌دا لێ کەوتەوە. ئەگەرچی ئەم بارودۆخە ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام پێویستیی چارەسەربوونی کێشەی کورد وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی گەورەتری زلهێزەکان‌و بەتایبەت ئامریکاو هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان‌و بە قەناعەت گەیشتنی رێبەرانی کورد لەسەر درێژەنەدان بەو بارودۆخە لەلایەکو لە لایەکی دیکەش

رووخانی بەعسو بەرجەستە بوونەوەی رۆڵی کورد لە عێراقو داهاتووی ئەو وڵاتەدا، بواری تەبایی نێوان سەرکردایەتیی کوردو یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەو بەرەوپێشچوونی دۆزی کوردی رەخساند، بۆیە لە کۆتاییەکانی ساڵی 2002ی زایینی بەملاوە سەرکردایەتیی کورد هەنگاوی بەکردەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دوو ئیدارەو یەکریزیو یەکگرتوویی هێزی کورد لەم پارچەیەدا هەڵێنا. هەڵوێستی یەکگرتووی کورد لە بەغدا، رێککەوتنی هەردوو پارتی سەرەکیی کوردستانی باشوور، واتە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بەربژێرکردنی بەرێز مام جەلال بۆ پۆستی سەرکۆماریی عێراقو هەڵبژاردنی بەرێز کاک مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانو پشتگیریو هاندانی وڵاتانی گەورە بەتایبەت ئامریکاو بریتانیا لەم رەوتە بوو بەهۆی دنگەرمیی گەلی کوردو بەشداریی بەربڵاویان لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراقدا کە زۆربوونەوەی قورسایی هێزی کوردی لە حکوومەتی ناوەندیدا لێ کەوتەوە. ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە لە یەکیەتیو تەبایی، بوو بە هاندەری سەرکردایەتیی کورد بۆ ئەوەی کە یەکگرتووییەکەیان بەهێزتر بکەنو ئاواتی پیرۆزی گەلەکەیان کە یەکخستنەوەی ماڵی کوردە، وەدی بێنن. بۆیە پاش زنجیرەیەک کۆبوونەوەو وتووێژی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکیەتی، لەم دوایانەدا بە فەرمی هەواڵی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستانیان راگەیاندو دڵی کوردو دۆستانی کوردیان شادو خەونی دۆبڕی داگیرکەرانیان شێواند.

ئەم یەکگرتنەوەیە کۆمەڵێک ئاکامی وەک زۆربوونی هیوای کوردی چوارپارچەی کوردستانو زێدەبوونی قورساییو سەنگی کورد لە عێراق لەلایەکو لە لایەکی دیکە دژکردەوەی ناحەزانو نەیارانی کوردی لێ کەوتەوە کە تا دوێنێ بوو بە کەڵکوەرگرتن لەو دووبەرەکیو ناکۆکییانەی نێوان پارتە کوردییەکان زۆرترین دەستێوەردانیان لە کاروباری کوردستاندا کردو پەیتا پەیتاو بە بیانووی جۆراوجۆر لەشکریان دەهێنایە کوردستانو ئامانجە نگریسەکانیان پی جێبەجێ دەکرد. دوژمنانی کورد بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە ئەم ئەزموونە ناسەرکەوتوو پیشان بدەنو وەک لە پێشدا باسمان کرد یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ناکۆکیو شەڕی براکوژییش لە کوردستاندا هەر ئەوان بوون. ئێستا لەم راستییە تێگەیشتون کە یەکیەتیو تەبایی ریزەکانی کورد چی دیکە ئەو مەجالەی پێشوویان پێ ناداو باشووری کوردستان پتر لە جاران دەبێتە نموونەیەک بۆ دەسەڵاتداریتی کورد لەم سەردەمەو هیوابەخشی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان. بۆیە لە یەکەمین هەڵوێستەکانیاندا، عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیە هەر چەن ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم یەکگرتنەوەیە ناکا، بەڵام راست دوابەدوای راگەیاندنی یەکگرتنەوەکە ئاماژە بە گەلاڵەی بریتانیا بۆ سەربەخۆیی کوردو مەترسییەکانی بۆ ناوچەکە دەکاو حکوومەتەکانی دیکە هەرکام بەشێوەیەک نارەزایەتیی خۆیان لەم کێشەیە دەربڕیوە.

ئێمەی کورد بۆمان دەرکەوتوە کە ئەو کاتەی دوژمنانمان لێمان رازی بن، هەر ئەو کاتەیە کە ئێمە لە هەڵەداینو هەر کاتێک لێمان تووڕە بوونو نارەزایەتییان دەربڕی، ئەوە ئەو کاتەیە کە ئێمە دروستو لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەماندا

جووڵاوێنەتەوە. بۆیە لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین کە لە رەوتی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان وا دەردەکەوێ کە کورد رێگای سەربەستیو سەرکەوتنی خۆی دیوەتەوەو بۆ یەکەم جارە کە هەلومەرجی ناوەکیو دەرەکی هاوکات ئامادەنو بواری بەرەوپێشچوونیان بۆ رەخساوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - مانگی جوولای ٢٠٠٦

--------------------------------------

## ئاوڕدانەوەیەک لە کێشەی ژنانو هۆکارەکانی

یەکێ لە گرنگترینو بەرفرەترین کێشەکانی کۆمەڵگای ئینسانی, کێشەی ژنان یا بابەتی چەوساندنەوەی ژنانو بێبەشبوونیان لە مافو ئازادیە سروشتیو شارستانییەکانیانە. ئەم کێشەیە بە ناوی جۆراوجۆری وەک جیاوازیی ژنو پیاو، نابەرابەریی ژنو پیاوو چەوساندنەوەی ژن لەلایەن پیاوەوە باسی لێکراوەو لە روانگەی جۆراوجۆری وەک، روانگەی مارکسیستی, لیبراڵی، سایکۆلۆژی و... خراوەتە بەرباسو تاوتوێ کراوە. هێندێ کەس بارودۆخی ئێستای ژنانو نابەرابەرییان لەگەڵ پیاو بە کێشەیەکی ئاساییو سرووشتی دەزانن‌و لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم نایەکسانییە لە جیاوازی بایۆلۆژیکیو دەروونیی ژنو پیاوەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ وێنە ژنان لە روانگەی فرۆیدەوە "مرۆڤی پلە دوونو پێکهاتەی بنەمایی دەروونییان، بۆتە هۆی تەبایی‌یان لەگەڵ نزمیی ئاستی ژیانیان لە بەراورد لەگەڵ ژیانی پیاواندا"، یا بە پێی بۆچوونی پارسۆنز "ژنو پیاو لە بنەماڵەدا ئەرکو رۆڵی جیاوازیان هەیە، پیاو دەبێ بەڕێوەبەری بنەماڵە بێ، چونکە ئەوە کە پێوەندیی، یەکەی بنەماڵەو کۆمەڵگا پێک دێنێ، ژنانیش پێویستە خەریکی پەروەردەکردنی منداڵو پێڕاگەیشتن بە پەککەوتووانی بنەماڵە بن‌و بە سۆزو خۆشەویستیو دلۆڤانی‌یەوە چوارچێوەی بنەماڵە برازێننەوەو تین‌و گوڕی تێدا پێک بێنن، تێکەڵاوبوونی رۆڵی ژنو پیاو لە بنەماڵەدا، دەبێتە هۆی پێشبڕکێو تێکچوونی سامانی بنەماڵە."

بەڵام هێندێ بۆچوونی دیکە وەک فێمینیستەکان, لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئینسانەکان رەنگە لە بەهرەدا جیاواز بن، بەڵام لە سروشتو گەوهەردا یەکسانن، کەوابوو ئەو جیاوازیو نابەرابەرییە ئاکامی جیاوازیی بایۆلۆژیکو دەروونیی ژنو پیاو نیە، بەڵکوو بەرهەمی ئەو سیستمەیە کە پیاو بۆ پاراستن‌و دەستەبەرکردنی دەسەڵاتو سەرداریتیی خۆی پێکی هێناوەو دەڵێن، هەرکاتێ شێوازی ژیانی ژنان لە کۆمەڵگادا جێبگرێ, سەقامگیر بێو ببێ بە بەشێ لە ژیانی گشتی، جیهانیش بۆ مرۆڤ دەبێتە جێی حەسانەوەو ئارامی.

لەم وتارەدا بە تێڕوانینێکی رەخنەگرانە لە بارودۆخی ئێستای ژنان, هەوڵ دەدەین بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە:

١- ژنان لە چ بارودۆخێکدا دەژین؟
٢- بۆ کەوتوونەتە ئەو بارودۆخەوە؟
٣- چۆن دەکرێ ئەم بارودۆخە بگۆڕدرێ؟

**▪ ژنان لە چ بارودۆخێکدا دەژین؟**

لە کۆمەڵگادا ژنان وەک مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێنو لە زۆربەی مافە سروشتیو شارستانییەکانی خۆیان بێبەش کراون. ژنانو پیاوان نە تەنیا پێگەو جێگەی جیاوازو نابەرابەریان لە کۆمەڵگادا هەیە، بەڵکوو ژنان هەلاواردنو ستەمێکی رەگەزیی زۆریشیان دەرهەق کراوەو دەکرێ، ژنان لە بەراورد لەگەڵ پیاوگەلێ کە لە هەمان جێگەی کۆمەلایەتیی ژناندان، لە سەرچاوەی ماددی، کۆمەلایەتی، دەرفەتو دەسەلاتێکی کەمتر بۆ پەروەردەکردنو خۆنواندن بەهرەمەندن. لە بەشێ لە ولاتانی جیهاندا ژنان هێشتا مافی دەنگدانیان نیە، (بەتایبەت لە ولاتە عەرەبییەکاندا) تا ماوەیەکی لەمەوبەر لە عەرەبستانی سەعوودیدا تەنانەت ناسنامەشیان پێنەدەدان، لە هێندێ ناوچەی هیندوستاندا بێوەژن پاش مردنی مێردەکەی، دەبێ خۆی بکوژێ، لە بەشێ لە ولاتانی ئیسلامیی وەک ئێراندا هێشتا بەردەباران یا نەریتی نامرۆڤانەی خەتەنەی ژنان بەرێوە دەچێ، بەکارهێنانی دەمارگرژی سەبارەت بە ژنانو دەستدرێژی کردنە سەریان لە ئاستێکی فراواندا بەدی دەکرێ.

ژنان بوونەتە قوربانیی سیستمی پیاوسالاری، کە مافی پیاوان بۆ دەسەلاتداریو سەروەری لە بنەماڵەدا بەرەوا دەزانێو ژنان وەک بەشێ لە دارایيو دەسکەوتەکانی پیاو دەخاتە خزمەت ئەم توێژە بالادەستەوە. پیاوسالاری بەرهەمی سروشتیو لاوەکیی هێندێ فاکتی وەک: فاکتەری بایۆلۆژیو کۆمەلایەتی یا رۆڵە رەگەزییەکانو چینە کۆمەلایەتییەکان نیە، بەڵکوو پتر پێکهاتەیەکی دەسەلاتە بە پێی ویستێکی گشتیو بە بۆچوونی فێمینیستە رادیکاڵەکان، بنەماییترینو بنەڕەتیترین پێکهاتەی چەوساندنەوە، تایبەتە بە چەوساندنەوەی رەگەزیو لە سیستمی پیاوسالاریدا جێبەجێ دەکرێ. لەم نیزامەدا پیاو فێر دەبێ کە چۆن بە چاوی سووکەوە چاو لە ئینسانەکانی دیکە بکاو بیانهێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

**▪ ژن بۆ کەوتۆتە ئەم بارودۆخەوە؟**

لە روانگەی فێمینیستەکانەوە ژنی ئێستا، بەو شێوازە بیرکردنەوەو شێوەی ژیانەوە, بەرهەمی دەسەلاتی پیاوو لەخۆ نامۆ بوونو لە سروشتو نێوەرۆکی راستەقینەی خۆی دوور کەوتۆتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەوە کۆمەڵگای پیاو سالار بووە کە بۆ بەرژەوەندی خۆی, بەدرێژایی مێژوو هەوڵی گۆڕینی سروشتی ژنی داوە لە خزمەت ویستو خواستەکانی خۆی دا، ژنی وەک هێزێکی کاری بەلاش، باشترین ئامراز بۆ دامرکاندنەوەی ئاوری ئارەزووەکانیو دەوڵەمەندترین سەرچاوەی هەستو سۆزو پشتگیریی رەوانی بەشێوەیەک پێناسە کردوە کە لە خزمەتی ویستو دەسەلاتی ئەودا بێ.

ئەو زانستە کە خەڵک لە کۆمەڵگا، ژن و رۆڵەکانی هەیەتی و ئەو یاساو رێسایە کە سەبارەت بە ژن و پێوەندییەکانی لە گەڵ کۆمەڵگا بە یاسایەکی گشتی, تەواوو رەهای دەزانێ، لەڕاستیدا رەنگدانەوەی ئەزموونی پیاوە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە, بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لە روانگەی ژنەوە سەیری جیهان, کۆمەڵگا، راستییەکانو پێوەندیی ئینسانەکان بکا، واتە لە روانگەی ئەو توێژەوە سەیری جیهان بکا کە ئەگەرچی ئێستا لە زۆربەی بوارەکاندا، ژێر دەستەن، بەڵام نیوەی کۆمەڵگای ئینسانیو سەرچاوەیەکی بەهێزی ژیانی کۆمەڵایەتین.

کەوابوو لەو سیستمە فێرکارییەدا کە پیاو بەرهەمی هێناوە, ژنان لە بنەماو سروشتی راستەقینەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوەو ئەو پێناسەیەی کە سیستمی فێرکردنی پیاوسالار بۆیانی داناوە، وەک پێناسەی راستەقینەی خۆیان وەریان گرتووە. بە واتایەک ئەو سیستمە فێرکارییە پیاوسالارانەیە, بەردەوام خەریکی پێکهێنانو چەسپاندنی دەسەڵاتی پیاوسەرداری بووەو ژنانیش سەرەڕای هێندێ خۆڕاگریو بەرخۆدانی جاروبار، ئەو سیستمەیان پەسند کردووەو چالاکانە بۆ کۆتکردنی زیاتری خۆیان هەنگاو دەنێن.

هەڵاواردنی رەگەزی کە بەرهەمی ئەو سیستمە فێرکارییەیە, ژنان هەر لە منداڵییەوە رادێنێ کە رۆڵ گەلی داهاتوویان بەو چەشنەی کە فێرکراون, بەڕێوەببەنو بەردەوام مرۆڤێکی شوێنکەوتە، ناتەواوو پلەدوو بن. دەست رانەگەیشتنی ژنان بە سەرچاوە ئابوورییەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی تەریککەوتنەوەیان لە بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگاو سیاسەت دایە، کەمدەسەڵاتیی ژن لەم بوارەو توانای جەستەیی پیاو بۆ کاری دژوارو زۆر، بۆتە هۆی سەرکەوتنی ئەندێشەی پیاوانەو زاڵبوونی بەسەر ئەندێشەی ژنانیشدا.

▪ چۆن دەکرێ ئەم بارودۆخە بگۆڕدرێ؟

بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لە پێوەندیو ئەم سیستمە دەسەڵاتە لە کۆمەڵگادا بگۆڕدرێ، پێویستە هزرو بیری ژنان بە شێوەیەکی بنچینەیی نۆژەن بکرێتەوە هەتا خوێندنەوەو روانینێکی نوێیان بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو پێناسە کردنی خۆیانو ویستو بەهاکانیان ببێ، بەچەشنێ کە خۆیان لاوازو بێهێزو مرۆڤی پلەدوو نەزانن و ئەو پێناسەیەی کە کۆمەڵگای پیاوسالار بۆی داناون، نەکەن بە بناغەی ناسینی خۆیان.

یەکگرتنی ژنان بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە هەڵاواردنێکی رەگەزیو بەرپەرچدانەوەی ئەو میکانیزمەی کە مرۆڤی پلەدوویان لێ دروست دەکا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو هەڵاواردنە، هەوڵو هەنگاوێکی کاریگەرە. سەربەخۆبوونی ژنان لە

بواری ئابووری‌یەوە، بۆ چارەسەری کێشەکەیان رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ، چونکە وابەستەیی ماددی یەکێ لە گەورەترین کۆسپەکانی سەر رێگای خەباتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، کەوابوو پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵ، سەندیکاو یەکیەتی بۆ بەڕێوەبردنی سەربەخۆیی ئابووری‌یانو تاوتوێکردنی کێشەکانیانو یەکگرتن بۆ بە کار هێنانی هەموو سەرچاوە ئابووری، سیاسیو دەستووری‌یەکان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بارودۆخەکەدا، پێویستە.

هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو سیستمە پەروەردەو فێرکردنەی کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، هەنگاوێکی کاریگەرە، بۆیە پێویستە ئەو سیستمە لە بنەماڵە، کۆمەڵگاو قوتابخانەکاندا گۆڕانی بەسەردا بێ.

لە کۆتایی‌دا ئاماژە بە وتەیەکی کارل مارکس دەکەین کە دەڵێ:

" ژێردەستیو شوێنکەوتەیی ژنان لە سروشتو پێکهاتەی بایۆلۆژییانەوە کە نەگۆڕە، سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو بەرهەمی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییانەیە کە مێژینەیەکی ئاشکراو دیاریان هەیەو شیاوی گۆڕانن."(١)

ژێدەر:

(١) ریتزر ـ جورج، نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ترجمه محسن ثلاثی، انتشارات علمی, چاپ چهارم ١٣٧٩، صفحه ٤٨٠

ریتزر ـ جورج، نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ترجمه محسن ثلاثی، انتشارات علمی، چاپ چهارم ١٣٧٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی جوولای ٢٠٠٦

---------------------------------------------------

# گوتار و ئینتیما

پێش ئەوەی کە بێمە سەر باسی پێوەندیی گوتار و ئینتیما، بە پێویستی دەزانم کە پێناسەیەک بۆ گوتار بکەم و سنووری جیاکەرەوەی لە وتار دەست نیشان بکەم، ئەم دوو وشەیە زۆر جار بە یەک واتا، واتە خەتابە یا نووسراوە بە کار دەهێنرێن، بەڵام بۆ ئەوەی کە بتوانین هەر کام لە چەمکەکان لە واتای راستەقینەی خۆیدا بە کار بێنین، ناچارم سەبارەت بە چەمکی discourse لە واژەی گوتار کەڵک وەربگرم و بۆ چەمکی خەتابە یا نووسراوەش لە واژەی وتار. لێرەوە دێمە سەر پێناسەکانیان، لە زمانناسیدا وتار بۆ دەقێکی نووسراو یا گوتراو بە کار دێنین کە پتر لە رستەیەک بێت و هەڵگر یا شیکاری پەیام یا بابەتێک بێت، بەڵام گوتار یا دیسکۆرس discourse وتارێکە لە سەر بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی چی دەبێت و پێشاندەری سیستمێکی پێوەندییە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا. لە پشت هەر وتارێکی زانستی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی یا سیاسییەوە، گوتارێک هەیە کە هەلوومەرجی هاتنە ئارای بۆ دەرەخسێنێت و بۆ خۆیشی بەرهەمی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە. بە واتایەک گوتار هەمان سەمەد (ئەنگیزە) یا هۆکارانەن کە وتار دەخولقێنن. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئایا گوتار دەتوانی ئینتیما دروست بکات یا بە پێچەوانەوە، دەبێ بڵێین بەو پێیەی کە سەرەکیترین تایبەتمەندیی گوتار ئامانجداریی کۆمەڵایەتییەتی و مەبەستی گەیاندنی هزرو بانگەشەی بۆچوون و هەروەها کاریگەری دانان لە سەر ئاکار و تێگەیشتنی خەڵکە، بەردەوام بەرهەمهێنەری ئینتیمایە. گوتار ئاخێزی تایبەت بە خۆی هەیە واتە لە نێوان کۆمەڵە تۆڕێکی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەو سیستمێکی تایبەتدا و بۆ هەندێک ئامانجی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو سەرهەڵدەدات و ئینتیمایەکی تایبەتیش دەخوڵقێنێ. لە راستیدا گوتار و ئینتیما پێوەندیەکی چڕی دوولایەنەیان هەیە واتە چەندە گوتار ئینتیمای گونجاو لەگەڵ خۆی دەخوڵقێنێ، ئینتیماش لە سەر چێ بوونی گوتار کاریگەری هەیە. بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە نموونەیەک دێنمەوە، بوونی گوتاری نەتەوەیی لە کۆمەڵگایەکدا کە بۆ خۆی بەرهەمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی - مێژوویی سەردەمی ئەو کۆمەڵگایە و خاوەن یەکیەتییەکی بابەتی، یەکیەتیی بیاڤی مانایی و یەکیەتیی ئاستە بۆ گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکەی و ئینتیمایەکی نەتەوەیی لە نێو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا بەرهەم دێنێت، هەروەها ئینتیمای نەتەوەییش بۆ یەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگاو رەخساندنی بواری هاتنە ئارای نەتەوەو بە ئۆبژەکردن، تێدەکۆشی کە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی - مێژوویی ئارایی و پێوەندییە هەمەلایەنەکانی نێو کۆمەڵگا، گوتارێکی نەتەوەیی هەڵێنجێنێ.

هەر گوتارێک پشت بە ئاسۆیەکی تایبەت لە تێڕوانینی مێژوویی دەبەستێت، بە واتایەک گوتارەکان بەرهەمی

جیهانبینییەکانن، کە وابوو لە هەر کات و شوێن و هەلومەجێکدا ناتوانین باس لە هەر شتێک بکەین، تەنانەت ناتوانین بیریشی لێبکەینەوە. هەر وتارێک بەستێن و ئاخێزی خۆی دەوێ. بە زمانێکی سادەتر دەتوانین بلێین لە پشت هەر وتارێکەوە گوتارێک هەیە و لە پشت هەر گوتارێکیشەوە جیهانبینییەک هەیە، بۆیە بەرای من گۆڕینی جیهانبینییەکان دەتوانێ گۆڕینی گوتارو ئینتیماشی لێبکەوێتەوە.

وەک ووتمان هەر گوتارێک لە هەلومەرجی تایبەت بە خۆیدا سەهەڵدەدات و دەبێتە زمانحاڵی ئەو هەلومەرجە، بۆیە گوتاری گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم، هەموو گوتارە کۆن و تەقلیدییەکان وەلا دەدات، بە واتایەک ئەمە تایبەتمەندیی سەرکوتکەرانەی گوتارە کە تێکڕای گوتارەکانی دیکە دەخاتە لاوە، سەرەکیترین هۆکاری زاڵبوونی گوتاری مۆدێرنی ڕۆژئاوایی و کشانەوەی گوتارە نەریتییەکان ئەوەیە کە ئەو گوتارە لەگەڵ هەلومەرجی مادی و مەعنەوی سەردەمدا دێتەوەو گونجاویەتی. بۆیە دەتوانین بلێین گوتارەکان باس لە پێوەندییەکانی هێز دەکەن، هەم بەرهەمی هێزن و هەم بۆ خۆیان هێًزن و لە هەوڵی پەرەپێدان و سەپاندنی هێژمۆنی و دەسەلاتی خۆیاندان. وەک ووتمان گوتارەکان زمانحاڵی هەلومەرجی کۆمەلایەتی - مێژوویی سەردەمی خۆیانن و تەنیا ئەو هێزانەی دەتوانن خاوەن گوتار بن کە گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەلایەتی - مێژوویی سەردەم بن دەنا هێزەکانی دیکە لە گوتار بێبەش دەبن و وەلا دەنرێن یا ئەوەیکە خۆیان لە نێو گوتاری هێزە هێژمۆنیکەکاندا دەبیننەوە.

لە کۆتاییدا، ئەگەر چی گوتار وەک چەمکێکی دارێژراو تایبەت بە هزری نوێی ئەم دواییانەیە، بەلام بە گشتی لە هزری فەلسەفیی مۆدێرندا سەری هەڵداوە، ئەو هزرانەی کە دژی بە جەوهەری بوونی عەقڵی مرۆڤ هاتنە ئاراوە واتە دژ بە ئەندێشەکانی کانت و دێکارت. بۆ وێنە "گیانی سەردەم" لە فەلسەفەی هێگلدا باس لە مێژوویی بوونی عەقڵی تەواو و ڕەنگدانەوەی لە هزری مرۆییدا دەکرێ، یا مارکس بە هێنانە ئارای چەمکی ئایدۆلۆژیا، هزرو تێگەیشتنی مرۆڤ بە هەلومەرجی کۆمەلایەتی و چینایەتییەوە گرێ دەدات. هەروەها نیچە هزرو تێگەیشتن دەبەستێتەوە بە هەندێک پرۆسەی بایۆلۆژیک، کولتووری و مێژوویی مرۆڤەوە و ویستی دەسەلات وەک ماکەو هۆکاری ویستی زانست پێناسە دەکات. فرۆید بە هێنانە بەرباسی ناهۆشیاری باس لە پێوەندیی گوتاری هۆشیار بە هەندێک سەمەدی شاراوەو ناهۆشیاری دەروونییەوە دەکات. لە سەردەمی نوێیشدا میشل فۆکۆ فیلەسووفی فەرەنسی بە کەڵک وەرگرتن لەم دەسکەوتانە جەخت لە سەر پێوەندیی گوتارە زانستییەکان بە بنیادە کۆمەلایەتییەکان و سیستمی دەسەلاتەوە دەکات.

هەر گوتارێک لە ژێر خۆیدا کۆمەڵێک گوتاری دیکەی خنکاندووە، زۆربەی بزاڤە کۆمەلایەتییەکان بەرهەمی ئەو گوتارە خنکاوانەن کە پەل بۆ ڕزگاری دەهاون، بۆ وێنە بزاڤی فێمینیزم بەرهەمی خنکاندنی گوتاری ژن سالارە لە ژێر گوتاری پیاو

سالاریدا. هەروەها کە بزاڤی کوردایەتی یا دێموکراسیخوازی بەرهەمی خنکانی ئەو گوتارە لە لایەن گوتاری بەعسیزمەوە بوو، هەڵبەت سەبارەت بە بەعسیزم رەنگە هەندێک جیاوازی لە ئارا دابێت. واتە گوتاری بەعسیزم، کەماڵیزم یا پان فارسیزم بەرهەمی راستەقینەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نین بەڵکوو ساختەو دەسکردی دەسەڵاتی زاڵن کە بە شێوەیەکی ناسروشتی پەرە پێ دراون

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - مانگی ئاگۆستی ٢٠٠٦

--------------------------------------------

# حیزبی دیمۆکرات لەباری سیستمەوە دیمۆکراتیکترین حیزبی کوردستانە

## دیمانە

**دیداری مەحمود شێرزاد**

**پرسیار: وەک یەکێک لەو گەنجە مەعریفیانەی ناوحیزب هەوڵت داوە لەدەرەوەی واقیعی باوی ناوحیزب حیزبایەتی بکەی، مەبەستم ئەوەیە تێکەڵ بەکێشە جەناحیەکان نەبووی، بۆ کردەوەو سیاسەتی جەناحەکان نەیان دەتوانی خەونە حیزبیو نەتەوەییەکانی ئێوە بەدی بێنێ؟**

**وەڵام**: حیزب دیاردەیەکی مۆدێرنە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیو کەنالیزەکردنی هێزی سیاسی خەڵک. بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کەسایەتی رووناکبیری کورد کە پێیانوایە بۆ سەربەخۆبوون، رووناکبیربوون و ئازایەتی لەهەڵوێستدا پێویستە لە دەرەوەی بازنەی حیزبەکاندا چالاکی هزریو گۆڕانکاری بکەن، ئەمن پێم وایە هەرچەشنە گۆڕانو ریفۆرمێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی لەکەناڵی حیزبە سیاسییەکانەوە رەت دەبێ چونکە ئەوانن کە خاوەن پرۆگرام، پرۆژەو توانای رێکخستنو مۆبیلیزەکردنی خەڵکن.

بەڵام سەبارەت بە پرسیارەکەی ئێوە دەڵێم، هەندێک جار حیزبەکان بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی بەڵا لێدراوی ئێمەدا کەرەستەی کاری حیزبایەتییان گونجاوی گیانی حیزبایەتی بەواتا مۆدێرنەکەی نییە، مەبەستم ئەوەیە هەر حیزبێک بۆ ئایدۆلۆژیا یان ئامانجێکی هزریو کۆمەڵایەتی تایبەتو دیاریکراو دادەمەزرێو تێدەکۆشی، بۆ نموونە حیزبێکی نەتەوەیی ئەویش لەکوردستانی ئێمەدا ئامانجی کارو تێکۆشانی ورووژاندنی کێشە نەتەوەییەکانو پێشکەشکردنی پرۆگرامو میکانیزمی گەیشتن بەو ئامانجە نەتەوەییانەو دەربازبوون لە نەهامەتیو قەیرانەکانی ژێردەستی نەتەوەییو گەیشتن بەئامانجی بەرزی خەباتی نەتەوایەتی واتە دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بۆ نەتەوەکەی، بەڵام تۆ دەبینی هەندێک جار کەرەستەی کار بۆ ئەو ئامانجانە لە جێدا نین، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئێپیستێمی زاڵ بەسەر ئاکاری سیاسیی ئەو حیزبانە، هەڵبەت کێشەی دەسەڵاتی نێوخۆیی لەو حیزبانەشدا زۆرجار لە بەلاڕێدا بردنو شێواندنی شێوازو میکانیزمی خەباتدا رۆڵی نێگەتیڤ دەگێڕن.

بەم شێوە قسەکانم روون دەکەمەوە، ئێوە حیزبێکی نەتەوەیی لەبەرچاوبگرن کە لەپێناو ئامانجێکی ناسیۆنالیستیدا خەبات دەکاتو هەوڵی گەیشتن بە هەندێک ئامانجی نەتەوەیی دەدات، حیزبێکی ئەوتۆ لەسەرەتادا دەبێ خاوەن بیرو پرۆژەیەکی نەتەوەیی بێت واتە لەیەکەم قۆناغدا دەبێ هەوڵ بدا نەتەوە وەک واقیعێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەدایک ببێت ئەویش لەسەر بنەمایەکی مەعریفیو مۆدێرن، پاشان دەبێ میکانیزمو رێگای شیاو بۆ پێکهێنانی نەتەوەو گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی هەڵبژێرێتو رێنوێنی خەڵکەکەی بکات. بەڵام تۆ دەبینی حیزبەکانی ئێمە لەمێژساڵە باس لەو چەمکە مۆدێرنانە دەکەنو خەباتەکەیان لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەکەن کەچی بەداخەوە کەرەستەکەیان نەک هەر گونجاوی ئەو چەمکو دروشمانە نین بەڵکوو دەتوانم بڵێم زۆرجار کۆسپی گەیشتن بەو ئامانجانەن.

بتهەوێ نەتەوە دروست بکەی دەبێ لەعەشیرەو ناوچە دەربازبی، ئەوانە پێکهاتەی دەسەڵاتی نەریتینو تایبەت بەسەردەمی پێش مۆدێرنن، پێکهێنانی نەتەوە راست لە رەتکردنەوەی ئەو پێکهاتە نەریتییانەوە دەست پێدەکات تۆ ناتوانی بەکەرەستەی کۆن هەوڵی پێکهێنانی نوێ بدەی، ئەم تەنیا لەهزرێکی ئاڵۆزو شێواو دەوەشێتەوە. بەداخەوە ئەم شێوە بیروکردەوەیە لە حیزبەکانی ئێمەدا زۆر دیارو بەرچاون، دروشمی نەتەوەیی دەدەن کەچی پەرە بە ئینتیمای ناوچەیی دەدەن. ئەمە پیشاندەری نەبوونی مەعریفەی نەتەوەییو تێنەگەیشتن لە گوتاری زاڵی نەتەوەییە. دروستبوونی باڵو لایەن لەهەر حیزب یا وڵاتێکدا شتێکی ئاساییەو تەنانەت زۆرجار هۆکاری هەڤرکییەکی پێشکەوتنخوازانەشە. بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو باڵو لایەنانە بۆ باڵبەندییەکەیان پشت بە بیروتیۆرییەکی سیاسیو دیاریکراو ببەستنو خاوەن پرۆگرامو پرۆژەی گەیشتن بەو بیروتیۆرییە بن، بەداخەوە ئەوە دەڵێم، لەباڵبەندیی حیزبەکانی ئێمەدا ئەو بنەما مەعریفیو تیۆرییە یا لاوازە یا هەربەدی ناکرێ، لایەنەکان لەسەر بنەمایەکی تەواو نەریتی دامەزراون، ئەتۆ بۆ هەڵبژاردنی باڵێک یادەبێ گیرۆدەی کەسایەتییەکی تایبەت بی واتە پێڕەوی ئۆتۆریتەی کاریزماتیک بیو لە پێناو خۆشەویستی کەسایەتییەکدا باڵ هەڵبژێری یادەبێ هەستێکی ناوچەگەرایانەی دواکەوتوو هاندەری تۆ بێ بۆ هەڵبژاردنی لایەن. ئەمە بەتەواوەتی پێچەوانەی حیزبایەتیو باڵبەندیی سیاسی مۆدێرنە، بەبێ ئەوەی کەبیرو پرۆگرامێکت پێشکەش بکەن چاوەڕوانیی جەناح بازیت لێ دەکەن. بۆیە ئەوەی نوێ تەواو نامۆیە بەو شێوازە، ناتوانێ تێکەڵ بەو رەوتانە بێ، قەیرانی هزریو بێپرۆژەیی لایەنەکان بەهیچ شێوەیەک وەڵامدەری ویستەکانی ئەوەی نوێ نییە، تێکەڵ بون بەو رەوتانە بۆ ئەوەی نوێ بەواتای پاسیڤبوونیانەو پیربوونی هزریانی لێدەکەوێتەوە.

**پرسیار: پێتان وانییە ئەو عەقڵییەتەی بەتایبەت دەسەلاَتی ناوحیزبی بەدەستە لەوە دۆگمو داخراوترە تا تۆ بتوانی کاری تێبکەیو میکانیزمەکانی بگۆڕی؟**

**وەڵام**: پێم خۆشە حیزب لەدەلاقەی کەسایەتییەکانەوە نەبینن، لێرەدا سیستم گرینگەو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ، دیارە مەبەستم ناکاریگەر بوونی کەسایەتییەکان نییە. کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەقەت بوونی پرۆسەی مۆدێرنە لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، ئێمە لایەنە مادییەکانی مۆدێرنەمان وەرگرتووە بەڵام لایەنە مەعنەوییەکانی لای ئێمە زۆر لاوازە، نموونەیەکی پێوندیدار بە باسەکەتان بۆ دێنمەوە، دیمۆکراسی وەک سیستم یەکێک لەبەرهەمە مادییەکانی مۆدێرنەیە کەلای ئێمە تارادەیەکی زۆر بوونی هەیە بەڵام ئەو عەقڵەی کار بەو سیستمە دەکات لە ئێپیستێمو مەعریفەیەکی لاوازی دیمۆکراتیک بەهرەمەندە واتە کولتووری دیمۆکراتیک لەو سیستمەدا لاوازە، بەکورتی دەمەوێ بڵێم سیستم بەگشتی خاوەنی زۆربەی تایبەتمەندییە دیموکراتیکەکانە بەڵام تاکەکانی نێو ئەوسیستەمە یان بونیان نیە یان زۆر لاوازن، لەجێدا ئەوە سیستمی دیمۆکراتیکە کە دەستەبەری دیمۆکراسی دەکات نەک ویژدانی تاکی دیمۆکرات. بۆیە من پێموایە لە سیستمێکی دیمۆکراتیکدا کە تووشی نەخۆشی هاتووە مەجالی ریفۆرمو چاکسازی هەیە.

ئەمن تەعبیری دۆگمو داخراو بۆ دەسەڵاتدارانی حیزبەکان بەکارناهێنم بەڵام پێموایە هەندێک لەو عەقڵییەتانە کۆسپن لەرێگای ریفۆرمو پێشخستنی حیزبە کوردییەکاندا، مەرج نییە تەنیا داخراو بوون هۆکاری ڕێگربوون لەبەردەم ریفۆرمدا بێ، هۆکار زۆرن بۆ وێنەی هەندێک جار تێگەیشتنەکە هەیە بەڵام بەرژەوەندی خوازی ڕێگری ریفۆرمە، گەلێک جاریش دڵسۆزیی نامەعرفییانەو عاشقانە حیزبایەتی کردن تاکی حیزبی چەقبەستووی شانازییە مێژووییەکانو گیرۆدەی رابردوو دەکاتو تواناى دەرباز بوون لە رابردوو و ئێستاو پێکهێنانی داهاتوویەکی گەشو پێشکەوتوویان لێدەستێنێ واتە زۆرجار ڕێگرانی ریفۆرم دڵسۆزن هەم بۆ حیزبو هەم بۆ نەتەوەکەیان، بەڵام بەداخەوە زۆرتر عاشقانە حیزبایەتی دەکەن تا عەقڵانی. ریفۆرم پێویستی بەهێمنایەتیو کولتووری لێبووردەیی هەیە. ریفۆرم نەگونجاوە لەگەڵ نکۆڵی کردن لەتاکو کەسایەتییە حیزبییەکان تەنانەت ئەگەر کۆسپیش بنو هەوڵی وە لانانو دۆڕاندنیشت بدەن.

**پرسیار**: بۆ دوگما نییە؟

**وەڵام**: ڕاستە، ئەگەر لەروانگەیەکی پۆزێتیڤیستییەوە چاو لە لایەنەکانو ئاکاریان بکەین کردەوەو هەڵوێستەکانیان بەشێوەیەک دەچێتە خانەی دۆگماتیزمەوە، ئەگەر کەسایەتییەکی تێگەیشتوو و دڵسۆزیشیان تێدابێ مادام کار بۆ مانەوەی کۆنو ڕاگرتنی چوارچێوەو بیری ناسەردەمییانە دەکاتو ڕێگا لە ریفۆرمو نوێ بوونەوە دەگرێت، دەکەوێتە بەرەی دۆگماو دژە ریفۆرمەوە. بەڵام با لەبیرمان نەچێت ڕکەبەرانی ریفۆرم ئەگەر لەپێویستی ریفۆرمو گەوهەری گۆڕانکاری تێگەیشتبێتن یا بەرژەوەندی خوازی یا سۆزداری ڕێگری لەگەڵ کەوتنیان لەگەڵ پرۆسەی ریفۆرمدا بێ، هەرچەند دەچنە خانەی دۆگماو کۆنەپارێزییەوە بەڵام ئەگەری بەخۆداهاتنەوەو بەقەناعەت گەیاندیان زۆرترە تا ئەو کەسانەی هەر لەجێدا ڕاستییەکانی

سەردەمو پێویستی گۆڕانكاری هەست پێناكەنو بەچاوی خاییەنو لادانەوە چاو لەتاكی گۆڕانخوازو بیرۆكەی ریفۆرم دەكەن.

**پرسیار**: **لێرەوە ئێوە چەندە توانیوتانە لەو بوارەدا كە دوگماكان ئیشی سەرەكیان تێدا دەكەن، بەئامانجە ریفۆرمیستیەكانی خۆتان بگەن؟**

**وەڵام**: بەگشتی باسی حیزبە كوردییەكانم كرد، بەڵام ئەم پرسیارەی ئێوە راست روو لەو حیزبەی دەكات كە من كاری تێدا دەكەم، نامەوێ بەحیزبەكەی خۆمدا هەڵبڵێم، بەڵام بە باوەڕەوە دەڵێم حیزبی دیمۆكرات لەباری سیستەمەوە دیمۆكراتیكترین حیزبی كوردستانە بۆ ئەم قسەیەش فاكتم هەیە، تۆ لەو حیزبەدا زۆر بە ئاسانی دەتوانی رەخنەی خۆت ئاراستەی دەسەڵاتو تەنانەت سكرتێری حیزبیش بكەی، دەتوانی بانگەشەی بۆچوونەكانی خۆت بكەیو كۆبوونەوەیان لەسەر بگری، لەو حیزبەدا بۆجێگۆڕكێ لەدەسەڵاتدا میكانیزمو شێوازی دیمۆكراتیك هەیە، بەڵام بەداخەوە كولتووری دیمۆكراتیك لەهەندێك لەتاكەكانی ئەو حیزبەدا وەك هەموو حیزبە كوردستانییەكانی دیكەو تەنانەت حیزبە رۆژهەڵاتییەكان لاوازە، بۆیە زۆر جار لای ئەو كەسانە رەخنە بە دژایەتی مانا دەكرێتەوەو جێگۆڕكێ بەوەلانان، تاكی رەخنەگرو ریفۆرمیستیان پێ كەسایەتییەكی دەسەڵاتخوازە كە دەیەوێ بنچینەكانی دەسەڵاتیان برووخێنێو جێگایان بگرێتەوە. پێیان وایە گۆڕانكاریو ریفۆرم پێكهاتەی حیزب هەڵدەوەشێنێتەوەو لاوازی دەكات. ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە لەسەرەكیترین كۆسپەكانی سەرڕێگای ریفۆرمە. نەبوونی بیروپرۆگرام لایەنەكانی لەنێوەرۆكدا خستۆتە ژێرپرسیارو تووشی قەیرانی رەوایی كردوون، خۆشەویستی سەرۆك لایەن یا سۆزی ناوچەیی ناتوانێ هاندەری لاوی شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمە بۆ هەڵبژاردنی لایەن بێت.

بەبڕوای من لایەنەكانی ئێستا بەتاڵن لەمانای راستەقینەی لایەنی سیاسی، بەڵام ئێستاو لەسێبەری تێكۆشانی هەندێك لە رووناكبیرانی دڵسۆزی ناوحیزبەوە لایەنەكان بەرە بەرە خەریكن رەهەندێكی سیاسیو هزری بە باڵبەندییەكانیان ببەخشن، ئەگەرچی رەنگە لەكردەوەدا زۆر سەركەوتوو نەبووبێتن ئەویش لەبەر ئەوەیە كە كێشەكانیان لەجێدا سیاسیو هزری نین، بەڵام خودی هەوڵدانەكە سەرەتاو دەسپێكێكی بەنرخە، ریفۆرمو گۆڕانكاریی كولتووریی سادە نییەو بەخێرایی جێبەجێ ناكرێت ئەمە رەوتێكی كات بەرەو پێویستی بەسەبرو بەردەوام بوون هەیە. ناڵێم پرۆسەی ریفۆرم لەنێو حیزبدا بەهەموو ئامانجەكانی خۆی یا تەنانەت بەبەشێكی بەرچاویشیان گەیشتووە بەڵام بەهۆی دیمۆكراتیك بوونی سیستەمو ئەو بیرە نوێیانەی رووەدەكەنە حیزبی دیمۆكراتەوە ئاسۆیەكی روون دەبینمو چاوەڕوانی داهاتوویەكی باشتر لەئێستا دەكەم.
بەڕای من پێویست ناكات لایەنەكان نەمێنن بەڵكوو پێویستە كێشەكانیان بەئاراستەیەكی هزریدا بەرنو بەرەو ئاقاری هەڤركییەكی مۆدێرن برۆن.

**پرسیار**: کێشە ناوخۆییەکانی حیزب بەتایبەت ئەو کێشانەی کە لەبەرژەوندی گشتیدا نین‌و رەنگە جەناحەکان بەرەو بۆ وێنە لێکجیابوونەوە بەرن، بەچ ئاراستەیەکدا دەڕۆن‌و چ دەرئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە؟

**وەڵام**: وەک پێشتریش باسم کرد بەداخەوە کێشەکان هزری‌و سیاسی نین بۆیە بەردەوام بوونی کێشەکان لەسەر ئەو بنەما نامەعریفیە ناتوانێ بەئاکامێکی پۆزەتیڤ بگات. نامەعریفی بوونی کێشەکان بەشێک لە وزەو تواناییەکانی باڵەکان‌و بەگشتی حیزبیان بەفیڕۆداوەو دەیدەن. لەرووبەڕووبونەوەی دو بیروبۆچوونی جیاوازدا کە پشتیان بەگوتارو مەعریفەیەکی مۆدێرن بەستبێ بیری نوێ‌و پێشبڕکێیەکی بنیادنەر دێتە ئاراوە، بەڵام چ راهێنان‌و پێشکەوتنێک لە هەڤرکێی دوو لایەندا دێتە ئاراوە کە پشتیان بەکۆمەڵێک بنەمای نەریتی‌و ناوچەیی بەستبێ؟ بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخە کەلێنی نێوان لایەنەکان قووڵتر دەکاتەوەو هێزو سیمای حیزبی دیمۆکراتیش خەوشدار دەکات. بەتایبەت لەهەلومەرجی ئێستای ئێران‌و کوردستاندا کە گۆڕانکارییەکان رەوتێکی خێرایان بەخۆوە گرتووەو بەردەوام بوونی ململانێیەکی لەو چەشنە زەربە لە سەنگو قورسایی هێزێکی وەک حیزبی دیمۆکرات دەدات کەخەڵک بەهێزێکی سەرەکیی خەباتی نەتەوایەتی دەزانن‌و چاوەڕوانی رۆڵێکی ئەکتیڤتری لێدەکەن. هەرکێشەیەک چ جیابوونەوە یا هەرکێشەیەکی دیکە بۆ حیزبی دیمۆکرات بێتە پێش باندۆری راستەوخۆی لەسەر لاوازکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێت. ئەو حیزبە چیدیکە ناتوانێ لەو قەیرانەدا بژی، بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی ئەو حیزبەو لایەنەکانی دڵسۆزانە بەهانای خوازیارانی ریفۆرمەوە بێن‌و هەتا زووە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن. بەهێزکردنی ئینتمای نەتەوەیی‌و جەختکردن لەسەر پڕەنسیپەکانی دیمۆکراسی باشترین دەسپێکە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - مانگی ئاگۆستی ٢٠٠٦

-----------------------------------------

# حیزبی دیمۆکرات، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە پێ لەسەر دوو بابەتی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی داگرت و وەک ئامانج و مەبەستی سەرکیی خەبات، کردنی بە تەوەری جۆڵانەوەوە و چالاکییەکانی.

### ئەم بابەتانە بریتین لە سەقامگیرکردنی دیمۆکراسی و چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی

### سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی:

دێموکراسی وەک سیستمێکی سیاسیو ژیانی کۆمەڵایەتی، خاوەنی مێژوویەکی کۆنە و هەر لە سەدەی ٥ی (پ.ز) لە دەوڵەت شارەکانی یونان و بەتایبەت ئاتێنەوە سەری هەڵداوە و بە درێژایی تەمەنی بۆتە هەوێنی هەڵگیرسانی دەیان و سەدان شۆرش و پێکهێنانی سەدان سیستمی سیاسی و بەرێوەبەری. ئەگەرچی مەبەستی سەرەکیی دیمۆکراسی بەشداریی خەڵکە لە دەسەڵات و حکوومەتی خەڵک بەسەر خەڵک دایە. بەڵام، گەلێک خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە و تەنانەت زۆر جاریش کەوتۆتە بەر شەپۆلی هێرشی دوژمنانی ئازادی و کۆمەڵگای کراوەی مرۆیی، قوتابخانەی مارکسیزم و بیرۆکە دینییەکان، سەرەکیترین دژەکانی دیموکراسیی راستەقینەنو بە هێنانە ئارای هەندێک چەمکی وەک دیمۆکراسیی جەماوەری (خەڵکی) و دیمۆکراسیی دینی، بەردەوام لە هەوڵی چەواشەکردن و بێ نیوەرۆک کردنیدا بوونە. دوژمنانی دیموکراسی هەوڵیان داوە ئەم بەرگەزێرینە بە بەر ئایدۆلۆژییە توتالیتێرییەکانیاندا بکەن و چۆلەکە بە نرخی کەناری بفرۆشن، بەڵام پڕ دیارە کە مەبەست لە دیمۆکراسیی جەماوەری و دیمۆکراسیی دینی، هەمان دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاو ئۆتوکراسیی دینییە. لە بۆچوونی ئەواندا دیمۆکراسی بەرهەمهێنەری دەسەلاتی بورژوازی یا دەسەڵاتی تاغووتە. ئەم شێوە بیرکردنەوە بەتایبەت لە سەدەی بیستەم دا باڵی بەسەر کەش و هەوای رووناکبیری و شۆرشەکانی ئەو سەردەمەدا کێشابوو، بە چەشنێک کە زۆربەی شۆرشگێرانی نەتەوە و چینە چەوساوەکان دەکەوتنە بەرەی دژە دیموکراسی یەوە و هەر بیریار و رێکخراوێکی شۆرشگێڕ باسی ئەم چەشنە دیمۆکراسی یەی کردبا بە بورژوا و نۆکەری ئیمپریالیزم لە قەڵەم دەدرا. لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆ و لەژێر هێژمۆنیی وەها بیرکردنەوەیەکدا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە پێچەوانەی گوتاری زاڵی سەردەم بە راست بینییەکی سەرچاوەگرتوو لە تێگەیشتنی وردی سیاسیی رێبەرانی باسی دیمۆکراتیزاسیون و سەقامگیرکردنی سیستمی دیمۆکراتیکی

هێنایە گۆڕێ.

بڕوای حیزبی دیموکرات پێویستی بە ساوکە بوونی (سەقامگیربوونی) دێموکراسی لە ئاستێک دایە کە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووی نەمر دەڵێ: "خراپترین دیمۆکراسی لە باشترین دیکتاتوری چاکترە."

گرینگیی ئەم بۆچوونە لە کاتێکی وەک ئەمڕۆدا دەردەکەوێ کە دێموکراسی بۆتە گوتاری زاڵ و شەپۆلی دیمۆکراتیزاسیۆنیش وەک پرۆژەیەکی گشتگیر، جیهانی گرتۆتەوە بە شێوەیەک کە یاوی (تەب) دیمۆکراسی تەنانەت پارت و ڕێکخراوە بەناو پێشەنگ!! و دژە ئیمپریالیزمەکانیشی گرتۆتەوە و چوار ئەسپە بەرەو دیمۆکراسی و دوور کەوتنەوە لە دروشم و سیاسەتە دژی ئیمپریالیستیەکانی پێشوویان لە غار دان. ئەورۆ کە دیمۆکراسی بۆتە فانووسی رزگاری بۆ گەیشتن بەکەناری بەختەوەری و ئازادی، دەردەکەوێ کە ئەوکاتیش حیزبی دیمۆکرات نەک هەر نۆکەری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست نەبووە بەڵکوو راست بە پێچەوانەوە دووربینترین و پێشکەوتنخوازترین هێزی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بووە.

چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی:

یەکێکی دیکە لەو بابەتانە کە حیزبی دیمۆکرات وەک سەرەکی ترین ئامانجی خەباتەکەی کاری بۆ کردوە، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و خەبات بۆ دابین و دەستەبەر کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی نەتەوەی کوردە. حیزبی دیمۆکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە خوێندنەوەیەکی ریالیستیانەی کۆمەڵگای کوردستان و کێشەکانی هەستی بەم راستییە کردبوو کە هەرچەند کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوونەتە هۆی چەوساندنەوەی خەڵک و پێشنەکەوتنی کۆمەڵگای کوردی، بەڵام کێشە و ستەمێکی گەورەتر و بەربڵاوتر لە کوردستان لە ئارادایە کە بەرۆکی تێکڕای تاکەکانی کوردی گرتووە کاریگەریەکی زۆری لەسەر قووڵتربوونەوەی کێشەکانی دیکەش هەیە، ئەویش کێشە و ستەمی نەتەوایەتیە. لەراستیدا نەتەوەی کورد بە هەموو چین و توێژو تاکەکانیەوە کەوتۆتە بەر هەرەشەی تواندنەوە و ستەمی نەتەوایەتییەوە. ستەمی نەتەوایەتی، ژێردەست بوون و بێبەشبوون لە مافی دیاریکردنی چارەنووس سەرەکیترین هۆکارەکانی دواکەوتوویی و پەرەنەگرتوویی کۆمەڵگای کوردەوارین. نەتەوەیەک کە لە دۆخی کۆلۆنیدا دەژی و بەردەوام حاشا لە بوون و شوناسی دەکرێ و، بڕیاردان لەسەر چارەنووسی لەدەستی خۆیدا نیە. ناتوانێ هیچ پرۆژە و و پرۆگرامێکی بۆ گەشەی ئابووری و پەرەئەستاندنی هەمە لایەنەی خۆی هەبێت. ئەم راستییەیە کە کەسایەتییەکی مارکسیستی وەک لێنینیش دێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە رزگاری نەتەوەیی دەبێ بخرێتە پێش خەباتی چینایەتیەوە. کەوابوو کێشەی نەتەوایەتی سەرەکیترین و رەسەنترین کێشەی کوردە، تەنانەت لەم سەردەمەشدا کە بە سەردەمی گۆلۆبالیزاسیۆن (بەجیهانیبوون) ناسراوە، کێشەی

نەتەوایەتی زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە چەند نەتەوەی جیاواز پێکهاتون تووشی قەیران کردوە، هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت، یوگوسلاڤی، چێک و ئۆسلۆڤاکی و... بەرهەمی قەیرانی نەتەوایەتی لەو وڵاتانەدان. ڕەنگە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە لە سەردەمی بەجیهانیبوون دا شوناسی نەتەوەیی نامێنێ و شوناسی جیهانی جێگای دەگرێتەوە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان ناتەواوبوونی ئەم تێگەیشتنەمان بۆ دەردەکەوێ، بۆ لێکدانەوەی ئەم کێشەیە، پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین.

ئا) لە ڕەوتی گۆلۆبالیزاسیۆن دا دەوڵەتەکان بەشێکی زۆری دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و تەنانەت کولتووریشیان لەدەست دەدەن و ناچارن مل کەچی بڕیارە جیهانییەکان لەم بوارانەدا بن، بەڵام ئەوە بە مانای سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتییان نیە. ئێستاش لە یەکێتی ئەورووپادا فەرانسەوی بە فەرانسەوی دەناسرێت و ئەڵمانیش بە ئەڵمانی، واتە هەرکام بە شوناسی خۆیانەوە هاتونەتە نێو یەکیەتی‌یەکە، لە ڕۆژئاوادا کە دیاردەی بەجیهانیبوون لەوێ دەرکەوتێکی بەرچاوتری هەیە، ئێستاش نەتەوەکان داکۆکی لە شوناسی خۆیان دەکەن و نەتەوە بندەستەکانیش هەوڵی ڕزگاری و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دەدەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش دەتوانین ئاماژە بە هەرێمەکانی خەباتی باسک لە ئیسپانیا، کێبێک لە کانادا و خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئیرلەندی باکووری بکەین. کەوابوو کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان لە بڕیاردان دا بە واتای سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نیە.

ب) بە جیهانیبوون بە شێوەیەکیش دەتوانێ یارمەتیدەری نەتەوە بندەستەکان لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان دا بێ. بە جیهانیبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و شۆڕشی ئینفۆرماتیک هەلێکی زێرینی بۆ نەتەوەسازی و بردنەسەری ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی بۆ نەتەوە بندەستەکان ڕەخساندوە. ئەو ئامرازانەی کە پێشتر لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە پاوان کرابوون، ئێستا بە شێوەیەکی هەرزان و بەربڵاو کەوتوونەتە بەر دەستی نەتەوەکان و بە سانایی دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن.

ج) وەرگرتن و تێکەڵبوون بە پرۆسەی بەجیهانیبوون پێویستی بە تێپەڕکردنی ڕەوتێکی پلە بە پلە و سروشتی هەیە. لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی‌یەوە بۆ نەتەوەیەک کە ئێستا قۆناغی بە دەوڵەت بوون و بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەبڕیوە. گەورەترین گرێ گرێی نەتەوەیی‌یە. بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەشێکی سەرەکی‌یە لە پرۆسەی خەمڵاندنی هەر نەتەوەیەک. کەوابوو تا گرێی شوناسی نەتەوەیی چارەسەر نەکرێ هیچ کام لەو نەتەوە بندەستانەی کە بە شوناسی نەتەوەی باڵادەستەوە دەناسرێن، ناتوانن ئامادەی وەرگرتنی شوناسێکی گەورەتر واتا جیهانی بن. بۆیە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و بەزۆر هێنانی نەتەوە بندەستەکان بۆ نێو پرۆسەی بەجیهانیبوون، دیاردەیەکی ناسروشتی دەبێت و ئاکامێکی نەخوازراو و سەرنەکەوتووی لێدەکەوێتەوە.

کەوابوو سەردەمی ئێمە لەراستیدا سەردەمی رزگاریی نەتەوە ژێردەستەکان و ئینجا ئامادەبوونیانە بۆ هاتنە نێو پرۆسەی گلۆبالیزاسیونەوە.

ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە لەو سیاسەتە بەجێیانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێشاندەری وردبینی و خوێندنەوەی ریالیستییانەی کۆمەڵگای کوردستانە. بۆیە وەک چۆن لەباسی دیمۆکراسی دا ئاماژە کرا ئێستا بەهۆی زەق بوونەوەی کێشە نەتەوە ژێردەستەکان و هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد، تەنانەت ئەو تاقم و رێکخراوانەش کە سەردەمێک حیزبی دیمۆکراتیان لەبەر ئەو رێبازە سەرکۆنە دەکرد و بە کۆنەپەرست و بورژوایان لە قەڵەم دەدا، ئێستا بە پەلە و بەبێ چارەسەر کردنی پارادۆکسە نێوخۆییەکانیان (ناتەبایی ئەم دۆزە لەگەڵ دۆزەکانی پێشوویان دا) بەرگی نەتەوەییان لەبەر کردوەو بانگەشەی ناسیۆنالیزم دەکەن.

حیزبی دیمۆکرات بە گرێدانی دوو پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی پێکەوە، پێ لەسەر ئەو راستییە داگرتووە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا، بەبێ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی و گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی خۆیان، ساوکەکردنی دیمۆکراسی نەک هەر نەشیاو و بێ مانایە بەڵکوو بەرهەمهێنەری دیکتاتۆریی زۆرینەو نەتەوەی باڵادەستە. لەلایەکی دیکەش لە سیستمێکی نادیمۆکراتیکیشدا، مافی نەتەوەکان دابین و دەستەبەر ناکرێ. بۆیە لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە گرتنەبەری سیاسەتی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و سەقامگیرکردنی دیمۆکراسی لەلایەن حیزبی دیمۆکراتەوە ئەگەرچی سەرەتا لەبەر هێژمۆنی هەندێک ئایدۆلۆژیا بەسەر کەش و هەوای هزری و سیاسی ئەو سەردەمەدا لەگەڵ هەڵوێستی کرچ وکاڵ و توندی هەندێک لایەنی کەم ئەزموون بەرەوروبوو، بەڵام ئێستا و پاش تێپەربوونی ٦١ ساڵ نەک هەر تۆزی کۆنبوونیان لێ نەنیشتووە بەڵکوو وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار بەنێو چاوانی ئەم حیزبەوە ئەدرەوشێنەوە و وەک باشترین و گونجاوترین رێبازی رزگاری دەرکەوتوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی ئاگۆستی ٢٠٠٦

-------------------------------------------

# ژنی کورد لە نێوان قەیرانی نەریت و مۆدێرنیتە دا

## دیمانە

**هەڤپەیڤین: مەریەم حاجی پوور**

**ژنی ئێستا، ژنی راستەقینە نیە، بەڵکوو بەرهەمی پەروەردەی سیستمی پیاوسالارییە، ئەو سیستمەی کە ژن گونجاو لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی پیاو پەروەردە دەکات**

**پرسیار: تۆ چۆن کۆمەڵگا پێناسە دەکەیتو ڕات سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی چیە؟**

**وەڵام:** وەک گێدینز ئەڵێ، کۆمەڵگا سیستەمێکە لە پەیوەندیە بەرامبەرەکان کە هەندێک تاکی خاوەن کولتوور هاوبەش پێکەوە پەیوەندی و گرێ دەداتو لە ڕاستیشداخاوەن هەندێ کولتووری هاوبەشە کە کۆمەڵگا لە کۆمەڵ جیا دەکاتەوە. کۆمەڵگای کوردیش بە هەمان شێوە دەچێتە خانەی ئەم پێناسەوە. واتە کۆمەڵگای کوردیش بریتیە لە کۆمەڵە تاکێکی خاوەن کولتوری هاوبەش کە سیستەمیکی تایبەتی پێوەندیان لە نێواندا هەیەو تایبەتمەندی کولتوورو سیستمی پێوەندییەکانیان لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەریان جیا دەکاتەوە.

**پرسیار: کۆمەڵگای کوردی ئاڵۆزییەکی پێوە دیارە وەک بڵێی تێکەڵاوێکە لە نەریتو مۆدێرنیتە. هۆکاری ئەم ئاڵۆزییە لە چیدا دەبینی؟**

**وەڵام:** راستە، کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی کۆمەڵگای ئێمەی تێدایە. کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی دەربازبوون لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنەیە، قۆناغی دەربازبوونیش ئاڵۆزی، تێکەڵاوو قەیرانی لەگەڵدایە، گۆڕانی عەقڵیەتییەتی ئامێری (مۆدێرنیزاسیۆن) گەلێک خێرایە لە کاتێکدا گۆڕانی عەقڵییەتی کولتووری (مۆدێرنیتە) زۆر ئارامو بە شێنەییە.

کۆمەڵگای ئێمە تا رادەیەکی زۆر بەهرەمەند لە ئامێری مۆدێرن بووە، بۆ وێنە ئینتێرنێت، سەتەلایت، ئۆتۆمبیلی نوێو تەنانەت سیستمی سیاسیو پەروەردەیی مۆدێرن، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو هزرەی کە کار بەم ئامرازانە دەکات خاوەنی هەمان کولتووری نەریتییە، سیستمی سیاسیو پەروەردەیی مۆدێرنو رۆژئاواییە، بەڵام کاربەدەستانی سیاسیو پەروەردەیی خاوەنی هەمان هزری نەریتیو رۆژهەلاتین، سیستمی دێموکراتیک هەیە بەلام کولتووری دێموکراتیک نیە. ئینتێرنێتو سەتەلایت دەرکەیەکی نوێیان بەرووتدا کردۆتەوەو دەتبەنە دنیایەکی مۆدێرنو پێشکەوتووەوە کەچی هەر کۆمپیوتەرو تەلەفزیۆنەکەت دەکوژێنیتەوە دیسان بەرەورووی هەمان دنیای کۆنو نەریتی دەبییەوە، ئەمە قەیرانسازە، ئەم ناتەباییە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی تووشی قەیرانی هزریو دووفاقیەتی لە کەسایەتیدا دەکات، بۆ وێنە کچێک کە لە بنەماڵەدا چاو لە تەلەفزیۆن دەکات، دەبینێ کە باوکی یا براکەی چۆن چاو لە فڵان ژنە ئەکتەری بیانی یا کچێکی گۆرانبێژ دەکەنو بەجوانیو دەنگەکەیدا هەڵدەلێن یا چۆن باس لە ئازایەتیو زیرەکیی کۆندالیزارایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەکەن، بەڵام نایەڵن کچەکەی خۆیان ببێ بە ئەکتەر یا گۆرانیبێژو لە هیچ رێکخراو یا کۆبوونەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات. تەنانەت نایەڵن بە ئارەزووی خۆیشی مێرد بکات. ئەمە نموونەیەکە لە ناهاوئاهەنگیی نێوان مۆدێرنیزاسیۆنو مۆدێرنیتە کە هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزیی کۆمەڵگای ئێمەیە. هۆکاری ئەم ناهاوئاهەنگییەش ئەگەر بە کورتی باسی بکەم دەگەڕێتەوە بۆ ناتەبایی بنەماکانی کولتووری ئێمە کە ژێرخانێکی ئایینیو نەریتی خێڵەکیان هەیەو بنەماکانی کولتووری مۆدێرن کە ژێرخانێکی زانستیو عەقلانییان هەیە. جێگۆڕکێی ئەم ژێرخانەش گەلێک دژوارو درێژخایەنە.

**پرسیار**: نموونەی ناهاوئاهەنگییەکەت لە کچێک هێناوە، پێم خۆشە لێرەوە بێمە ناو باسێکی دیکەو پرسیارێکی دیکەت لێ بکەم. بارودۆخی ژنان لەم قۆناغی دەربازبوونەدا چۆن دەبینی لە کاتێکدا کە دەزانین ژنان گەورەترین قوربانییەکانی نەریتن لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟

**وەڵام**: گومانم لەوەدا نیە کە ژنان گەورەترین قوربانیانی نەریتن، ئەو نەریتە پیاوسالارانەی کە باڵی بەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا کێشاوە، بەڵام بۆ چوونە ناو ئەم باسە پێویستە بە کورتی ئاماژەیەک بە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی پیاوسالاری بکەم، واتە هەر ئەو سیستمەی کە ژنانی کۆتکردوو وای لێکردن چ لە قۆناغی نەریتو چ لە قۆناغی دەربازبووندا گەورەترین کێشەکانیان تووش ببێت.

لێکۆڵینەوە ئانترۆپۆلۆژیاییو (مرۆڤناسی)و کۆنینەناسییەکان (باستانشناسی) دەریانخستووە کە کۆمەڵگای مرۆیی سەردەمێکی لە ژنسالاری یا بڵێین دایکسالاری ئەزموون کردووە کە مرۆڤەکان لە هەندێک تۆرِی بەربلاوی خزمایەتیدا پێکەوە پێوەندییان

بووە و ژنان لە ئابووریی سەرەتایی ئەو سەردەمەدا کە لەسەر بنچینەی راوو کۆکردنەوە راوەستابوو خاوەن رۆڵێکی سەرەکی بوونو بەو بۆنەوە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵەکەیانیان لە ژێر رکێفدا بوو بەڵام بە گۆڕانی سیستمی ئابووری بۆ شوانیو کشتوکاڵو توانایی زۆرتری جەستەیی پیاو بۆ کارکردن لەم سیستمەدا، بەرەبەرە ژنان پەراوێز خران و پیاوان جڵەوی دەسەڵاتی کۆمەڵگایان بەدەستەوە گرت. ئەمە هەمان ئەو شکستە مێژووییەی ژنە کە ئێنگلێس باسی دەکات، لە ئاکامی ئەم گۆڕانەدا دیاردەی خاوەندارێتی هاتە ئاراوە، واتە پیاو هەوڵی دا کە ببێ بە خاوەن سامان و دارایییەکانی کۆمەڵگا و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە هێندێک ئامرازی وەک هێزی کارو سیستمێک بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی و خاوەندارێتییەکەی هەبوو، هێزی کارەکە بریتی بوو لە کۆیلەو ژن و منداڵەکانی و سیستمەکەش هەمان سیستمی پیاوسالاری بوو کە هەموو بنیادەکانی کۆمەڵگای وەک بنەماڵە، سیاسەت، ئابووری و ....ی بەو ئاراستەیە دامەزراند. بۆ وێنە بنیادی بنەماڵە، هەر چەند پێم خۆشە پێشتر ئەوە بڵێم کە من دژ بەم بنیادە نیم و ئێستە بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هەموو کۆمەڵگایەکی دەزانم، بەڵام لە راستیدا بنیادی بنەماڵە بە تەواوەتی بەرهەمی پیاوسالاری بووو بۆ مەبەستی کۆت کردنی ژنان بەدی هات. بنەماڵە بۆ هێنانە ژێر رکێفی ژنان بنیادنرا، وشەی بنەماڵە (family) لە وشەی لاتینی (famulus)ەوە وەرگێڕاوە کە راست بە واتای خزمەتکارە، واتە پیاو بنەماڵەی وەک بنیادێک بۆ فەروانڕەواییکردنی خۆی پێک هێنا کە لەوێدا ژن و منداڵ رۆڵی خزمەتکاری پیاو دەبینن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی. دیارە لەم سیتمەدا منداڵو نێرینەکانی بنەماڵە پێگەیەکی بەرزتریان هەبوو، لەبەر ئەوەیکە هەم هێزێکی کاریی کاریگەرتر بوون هەم دوایی مێراتگری دارایی و دەسەڵاتەکەی باوکیان بوون.

بەم شێوەیە سیستمی پیاوسالاری تا دەهات بەهێزتر دەبوو و زیاتر کۆمەڵگا، بنیاد و پێوەندییەکانی دەخستە ژێر رکێفەوە. بۆیە وای لێهات کە دوو بواری جیاوازیی تایبەتیو گشتی بۆ بەشداریی تاکەکان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا پێناسە کران، بواری تایبەتی کە بواری ژنانە بوو تایبەت بە کاروباری ناو ماڵ و بنەماڵە بوو و بواری گشتی کە بواری پیاوانە بوو تایبەت بە کاروباری دەرەوەی ماڵ واتا کۆمەڵگا بوو کە هەموو لایەنەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەخۆ دەگرت. لەسەردەمی رۆشنگەریدا کۆمەڵێک بیرمەندی وەک روسۆ و هێگڵ داکۆکیان لەم دابەشکردنە کرد، ئەوان ژنیان بە بوونەوەرێکی ناعەقڵانی دەزانی کە تەنیا بۆ بواری تایبەتی باشەو توانای کارکردنی لە بواری گشتی دانیە. بۆ نموونە فرۆید لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ژنان بە شێوەیەکی سرۆشتی لاوازتر لە پیاون و بۆ ژیانێکی نزمتر دروست کراون. بەڵام لە پەنای ئەمانەشدا کەسانێکی وەک ڤۆڵتێر، جان ئیستوارت میل، دیدێرۆ، مارکس و ێنگڵێسیش هەبوون کە لاوازی و کەموکۆڕیی ژنانیان بە ناسروشتی و بەرهەمی هەلومەرجی ژیان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستمی پەروەردە دەزانی، لە نێو خودی ژنانیشدا کەسانێک هەبوون کە لەسەر مافی ژنان و یەکسانیی ژن و پیاو وەدەنگ هاتن، بۆ وێنە دەتوانین بە کەسانێک وەک، مادام رۆلاند، ئۆلیمپ دیگۆژ، مادموازیل دیگورنا و لە هەموو گرینگتر مێری وۆڵیستۆن کرافت ئاماژە بکەین.

هەر چەند ژن بۆ سالانێکی زۆر لە لایەن سیستمی پیاوسالارییەوە خرایە بواری تایبەتی و پەراوێز کرا، بەڵام پاش گەشەسەندنی سەرمایەداری و پێویستیی ئەم سیستمە ئابوورییە هەڤڕکییە بە هێزی کاری زۆرترو هەرزانترو هەروەها کەمبوونی داهاتی پیاوانی کرێکار بۆ بژێوی و دواتریش پێویستی بە پسپۆڕکردنی هێزی کاری پیشەسازی، بەرەبەرە دەرکەی بواری گشتیش بە رووی ژناندا کرایەوەو هاتنە گۆڕەپانی کارو خوێندنی پرۆفیشناڵەوە. لەو کاتە بەملاوە رەوتی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی ژنان و گەشەی بزاڤەکەیان لە پەرەسەندندا بووە. ئەمەش لە خۆیدا بەرهەمی پەرەئەستاندنی کۆمەڵگای رۆژئاوایی‌و بە مۆدێرن بوونی ئامێری و کولتوورییەتی. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای ئێمە ئێستا لە قۆناغی دەرباز بووندایە و هێشتا نە لە بواری کولتوورییەوە پێشکەوتنێکی وای بە خۆوە دیوە کە کێشەی ژنان تیۆرێزە کرابێت و نە لە بواری پیشەسازیشەوە گەشەیەکی ئەوتۆی کردوە کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆدێڕنیزاسیۆنی بێ مۆدێرنیتە کە بە شێوەیەکی بەرفرە کۆمەڵگای کوردی تەنیوەتەوە، بە گشتی ئاستی چاوەڕوانییەکانی تاکی کورد بە تایبەت ژنانی بەرز کردۆتەوە لە کاتێکدا وەک وتمان نەریت و کولتووری کۆمەڵگا وەڵامدەری ئەو چاوەڕوانییانە نین. بەم جۆرە و بە پێی تیۆریی "بێبەشبوونی رێژەیی" "گێر" ناهاوسەنگییەک لە نێوان چاوەڕوانییە بەهاییەکانی ژنی کورد و کارایییە بەهاییەکانی دەوروبەریدا دروست بووە کە تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی و قەیرانی دەرونیی کردوون. بە واتایەک ژنی کورد خۆی بە شایانی شێوە ژیانێک دەبینێ کە دەوروبەری کۆمەڵایەتی بۆی دابین ناکات. بۆیە من لە سەر ئەو باوەڕەم قۆناغی دەربازبوون بۆ هەموو تاکێکی کوردو بە تایبەت بۆ ژنان کە لە ژێر زەختێکی دوو هێندەی کۆمەڵایەتیدان، قۆناغێکی قەیراناویەو لێ دەربازبوونیشی گەلێک دژوارو پڕ تێچووە. هەر بەم هۆیەیە کە دەبینین رێژەی خۆکوژیی ژنان و بە تایبەت کچان لە ناوچە کوردنشینەکاندا زۆرترین ئاماری هەیە، بە شێوەیەک کە ئێستا لە ئێراندا لە چوار پارێزگای کورد نشین سێ پارێزگای ئیلام، کرماشان و کوردستان بەرزترین ئاماری خۆکوژیی ژنانیان تێدایە. ئەمەش راست دەگەڕێتەوە بۆ ناهاوسەنگی لە نێوان چاوەڕوانییە بەهاییەکانی ژنان و کارایییە بەهاییەکانی کولتووری کۆمەڵگای دەوروبەریان.

**پرسیار**: رۆڵی پیاوان لە مانەوەی نەریتەکان و درەنگ دەرباز بوون بۆ مۆدێرنە چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

**وەڵام**: وەک باسم کرد قوناغی دەربازبوون هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاو بەگشتی پێکهاتەی کۆمەڵگا تووشی قەیران و کێشە دەکات، بەڵام ئەوەش راستە کە پیاو پێی ناخۆشە سیستمی پیاوسالاری کە دەستەبەرکەری دەسەڵاتەکەیەتی لە نێو بچێت، بۆیە زۆر چاوەڕوان کراوە کە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، وشیارانە یا ناوشیارانە داکۆکی لەو سیستمە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە بکات. ئەمەش ویست و داکۆکییەکی پارادۆکسیکاڵە، وەک چۆن وتمان ژنی کورد تووشی ناهاوسەنگی بووە لە نێوان چاوەڕوانییە بەهاییەکانی‌و کارایییە بەهاییەکانی دەوروبەریدا، پیاویش تووشی پارادۆکسێک هاتووە لە نێوان ویستی

نوێخوازی و ترسی رووخانی بنچینەکانی دەسەلاتەکەی. بۆیە من رۆڵی زۆربەی پیاوان لە مانەوەی نەریتەکاندا بە نێگەتیڤ هەڵدەسەنگێنم. پیاوی کورد بە تەمایە بە کەرەستەی کۆن بینای نوێ چێ بکات، کە ئەمەش لۆژیکێکی نادروستە، ئاکامی باش قەت لە سەرەتای خراپ ناکەوێتەوە.

**پرسیار**: ئەی رۆڵی ژنان چی؟ ئەوان چ کاریگەرییەکیان لە مانەوەی نەریتەکاندا هەیە؟

**وەڵام**: بەداخەوە خودی ژنانیش رۆڵێکی نێگەتیڤیان هەیە، لەبەر ئەوەی کە ئەوانیش ئەو شێوە ژیانەو ئەو یاساو رێسا کۆمەڵایەتییەیان پەسند کردووەو کاری پێدەکەن، لاوازیی خۆیان و مرۆڤی پلە دوو بوونیانیان قبوڵ کردوە، بە سروشتی ژیانی خۆیانی دەزانن. تەنانەت لۆمەی ئەو ژنانە دەکەن کە رچەشکێنانە کۆت و بەندەکانی نەریت و یەخسیری دەشکێنن و پێ لەسەر مافەکانیان دادەگرن. زۆرجار ژنان زۆرتر لە پیاوان داکۆکی لە سیستمی پیاوسالاری دەکەن و وەک حەقیقەتێکی نەگۆڕ وێنای دەکەن. ئەمەش هۆکاری پەروەردەیی و سایکۆلۆژیی هەیە. بە بڕوای من ژنی ئێستا، ژنی راستەقینە نیە، بەڵکوو بەرهەمی پەروەردەی سیستمی پیاوسالارییە، ئەو سیستمەی کە ژن گونجاو لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی پیاو پەروەردە دەکات. راستە ژنی ئێستا لاوازە، عەقڵانییەتی لە چاو پیاودا کزترە، بەڵام ئەمە سروشتی نیە، بەڵکوو لە رەوتێکی پەروەردەی مێژووییدا وای لێهاتووە، پێشترو تەنانەت ئێستاش لە هەندێک شوێندا ژنان مافی خوێندنیان نەبووە. بەشێکی زۆری پەروەردەی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگاو لە رەوتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێبەجێ دەبێت، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای کوردیی ئێمەدا ئێستاش بەشێکی زۆری ژنان لە چوارچێوەی بنەماڵە بترازێ هیچ شوێنێ نابینن، واتە هەر لە بواری تایبەتیدان و بۆیان نیە بێنە بواری گشتی و دەست و پەنجە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا نەرم بکەن کە زۆرترین باندۆری لەسەر پەروەردەبوونی مرۆڤ هەیە. کەوابوو سروشتییە کە لە چاو پیاودا کە بەردەوام لە گەرمەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندایە، گەشەیەکی کەمتریان لە بواری هزریدا هەبێ.

**پرسیار**: ژنان چۆن دەتوانن کۆت و بەندەکانی نەریت و سیستمی پیاوسالاری بشکێنن؟

**وەڵام**: پێش هەموو شتێک پێویستە بیروبۆچوونی ژنان بەرامبەر بە خۆیان، تواناییەکانیان و پێگەو بارودۆخی ئاراییان لە کۆمەڵگا بگۆڕدرێ، باوەڕ بە خۆیان و تواناییەکانیان بکەن و بە هیچ جۆرێک رەوایی بە دەسەڵاتی پیاوسالاری نەدەن، پێویستە سەرلەنوێ خۆیان پێناسە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ جەوهەری مرۆییان، لە دۆخی ئامرازی بوون و کۆیلەتیی پیاو دەرچن و ببن بە مرۆڤی سەربەست و عەقڵانی. پێویستە بە پێکهێنانی یەکیەتی و سەندیکا هەوڵی یەکریزی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هەموو ژنانی کۆمەڵگا بدەن. هەروەها دەبێ بە خوێندن و بەشداری لە چالاکییە

ئابوورییەکاندا بناغەی مادی و مەعنەویی خۆیان بۆ داکۆکی لە مافەکانیان و خەبات بۆ گەیشتن بە ویستەکانیان پتەوتر بکەن، ژنان تا لە بواری ماڵییەوە بەستراوەی پیاوبن، ناتوانن دەنگ هەڵێنن و لێبڕاوانە خەباتی مافخوازانە بکەن. ژنان دەبێ ئازایانە بێنە نێو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە، بە تایبەت ژنانی کورد کە سەر بە نەتەوەیەکی بەشخوراوو خەباتکارن، پێویستە بەرامبەر بە چارەنووسی نەتەوەکەیان بێلایەن نەبن و چالاکانە بەشداریی شۆڕش بکەن و پیشان بدەن کە لەو ئاستەشدا هیچ شتێکیان لە پیاوان کەمتر نیە.

**پرسیار**: لە کۆتاییدا چ پەیامیکتان بۆ ئەو ژنانەی هەیە کە بە هۆی خەبات بۆ دابین بوونی مافەکانیان، کەوتوونەتە بەر رق و نەفرەتی کۆمەڵگاو مێردەکانیانەوە؟

**وەڵام**: بە کورتی دەڵێم، هیچ خەباتێک ئەویش بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆزی ئەوتۆ ئاسان و کەم تێچوو نیە، ئەوەی دەبێ بکرێ گۆڕینی کولتوورێکە کە بە درێژایی مێژوو تەمەنی هەیەو لە هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا رەگی داکوتاوە، گۆڕینی ئەو کولتووره، گۆڕینی پێکهاتە و سیستمێکی لێدەکەوێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی پیاو واتە مرۆڤی سەردەست دەستەبەر دەکات، کەوابوو ئەمە کارێکی ئاسان نیە و چاوەڕوان دەکرێ کە بکەوێتە بەر رق و دژایەتیی توندی کۆمەڵگاو پیاوانەوە، بۆیە خەباتکارانی رێگای ئەم ئامانجە واتە ژنان دەبێ بە خۆڕاگری و پێداگرییەکی بەردەوام و زۆرترەوە هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان و گۆڕینی بارودۆخەکە بدەن و نەیەڵن ئەو کۆسپ و زەحتانە ئەژنۆیان شل بکات

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی سێپتەمبەری ٢٠٠٦

----------------------------------------

## شۆڕشی کولتووری‌و ژینۆسایدی سپی لە کوردستاندا

لێکدانەوە و پێناسەکردنی هەر دیاردەیەک پێویستیی بە ناسینی بنەما تیۆرییەکانی ئەو دیاردەیە هەیە. واتە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی یا... خاوەن پێناسەیەکە کە زانایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە بۆیان کردوە، رەنگە پێناسەکان لە دیاردەیەک جیاواز بن و تاڕادەیەک ئاڵۆززییەکیان پێوە دیار بێت بەڵام لە پێناسەی زۆربەی هەرە زۆری دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەندێک هێڵی گشتی لە ئارادان کە جێگای پەسندی زۆرینەی پسپۆڕان و توێژەرانی ئەو بوارەن . یەکێک لەو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە، دیاردەی شۆڕش یان ئینقیلابە(revolution) کە لە کۆمەڵێک روانگەی لیبرالی و مارکسیستییەوە پێناسە کراوە. بۆ وێنە لیبرالگەلێکی وەک پێتی، هانتینگتۆن، کووهێن و... زۆرتر لە سەر ئەو بڕوایەن کە شۆڕش بەرهەمی گۆڕانی بایەخ و بەها کۆمەڵایەتییەکانە، واتە بەرهەمی گۆڕان و سەروبن بوونەوەیەکی گشتگیر و بنەڕەتییە لە ئوستوورەی زاڵ بەسەر هاوڕێکیی کۆمەڵایەتیدا. مارکسیستەکان زیاتر پێ لەسەر گۆڕانی پێکهاتەیی کۆمەڵ دادەگرن واتە شۆڕش بە بەرهەمی گۆڕانی هاوسەنگیی نێوان چینەکانی کۆمەڵ و شێوازەکانی بەرهەمێنان دەزانن. دیارە بۆچوونەکان سەبارەت بە دیاردەی شۆڕش چ لە بواری گشتی و چ لە باری وردەکارییەکانەوە جیاواز و فرەچەشنن، بەڵام ئەو هێڵە گشتییە کە لە زۆربەی روانگەکاندا بەدیدەکرێ گەیشتن بە ئازادی، دادپەروەری و پێکهێنانی سیستمێکی نوێیە کە "هانائارێنت" گوتەنی چیرۆکێکی تەواو نوێیە کە هیچکات نەگوتراوە و بە زوویی ئاشکرا دەبێت. بە بۆچوونی هاناناڕێنت، تەنیا ئەو کاتە دەتوانین باس لە شۆڕش بکەین کە گۆڕانێک بە واتای دەسپێکێکی نوێ روویدا، واتە ئەوکاتە کە توندوتیژی بە مەبەستی پێکهێنانی بیچمێکی تەواو جیاواز لە حکوومەت و دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێی سیاسی بەکاربهێنرێت، کاتێک کە ئامانجی رزگاربوون لە زەبر و سەرکوت، لانیکەم سەقامگیرکردنی ئازادی بێت. دیارە گرینگیی ئەم تایبەتمەندییانە بە پێی روانگەکان جیاوازە، بۆ وێنە لیبرالەکان کە زیاتر بە دوای سەقامگیر کردنی دیمۆکراسییەوەن رێگانادەن ئازادی فیدای دادپەروەری ببێ لە کاتێکدا کە مارکسیستەکان بۆ پێکهێنانی یەکسانی و دادپەروەری ئامادەن ئازادی فیدا بکەن ودیکتاتۆرییەکی پرۆلیتاریایی دابمەزرێنن.

### شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم سەرەتایە دەتوانین خوێندنەوەیەکمان بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەبێت. با بزانین شۆڕشی ئێران بەرهەمی کام گۆڕانی هزری یا کۆمەڵایەتی بوو و کام لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شۆڕش واتە پێکهێنانی

کۆمەڵگایەکی نوێ، ئازاد و یەکسانی هێناوەتە دی. ئەوەی راستی بێت لە لایەک بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای پێش شۆڕشی ئێران لە چاو رابردوویدا تووشی گۆڕانێکی بەرچاو هاتبوون کە زۆرتر بەرهەمی گۆڕانی پەروەردەی ئێرانی بوون کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی پەروەردەی رۆژئاواییەوە کە پەروەردەیەکی عەقڵانی و زانستییە و بەرهەمهێنەری مرۆڤی ئازاد، رەخنەگر و پرسیارکەرە کە هیچ بنەمایەک بە پیرۆز و هێڵی سوور نازانێ، لە لایەکی دیکەش کۆمەڵگای فیۆدالیی ئێران گۆڕانێکی پێکهاتەیی بەسەرداهاتبوو واتە شارنشینی و پیشەسازی تارادەیەک پەرەی سەندبوو و چینێکی بورژوا و وردە بورژوای شاری دروست ببون کە داخوازیی ئابووری و سیاسیی جیاوازیان هەبوو.

ئەوانە هەم لە باری کولتووری و هەم لە بواری پێکهاتەییەوە بواریان بۆ شۆڕش و گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێراندا رەخساندبوو. بۆیە زۆربەی شارەزایان و زانایانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، شۆڕش و گۆڕانێکی گەورەیان لە ئێراندا رەچاو دەکرد. بەڵام بە چ ئاقارێکدا؟ کۆمەڵگای ئێران لە باری کولتوورییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی کولتووری رۆژئاوا کە لیبرال و دیمۆکراسیخوازەو، لە لایەکی دیکەش چینێکی بورژوا و وردە بوۆژوای شاری سەریان هەڵدابوو کە ئاواتیان پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێمۆکرات بوو، کەوابوو هەوێنی شۆڕشی ئێران لە راستیدا خواستی ئازادی و دێمۆکراسی بوو و دەبوو بەرهەمهێنەری سیستمێکی دێمۆکرات بێت. کەچی هەندێک هۆکاری وەک پڕوپاگەندەی نەگونجاوی چەن گرووپێکی مارکسیستی کە بە بێ لەبەر چاو گرتنی راستییەکانی کۆمەڵگای ئێران و ئاراستەی گوڕانکارییەکان خولیای کۆمەڵگای بێ چینیان لە سەر دا بوو و کەڵکاژۆی ئاخوندەکان و توێژە نەریتییەکانی کۆمەڵگای ئێران و کەم ئەزموونیی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی دیکە و هەروەها دەستێوەردانی دەرەکی، بوون بە هۆی بەلارێداچوونی بزووتنەوەی خەڵک و بێ ئاکام مانەوەی شۆڕشی نەتەوکانە ئێران، بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین ئەوەی لە ئێراندا رووىدا شۆڕش نەبوو بەڵکوو گەڕانەوە بۆ قۆناغێکی پێشتر بوو. بە کورتی مەبەست و ئاکامەکانی شۆڕشی ئێران تەواو جیاوازبوون. مەبەست پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تەواو نوێ و دێمۆکراتیک بوو واتە هەموو تایبەتمەندیی سەرەکییەکانی شۆڕش (ئازادی، دادپەروەری و نوێبوونەوە) بوو لە کاتێکدا ئاکامەکەی نەک هەر نوێ بوونەوە نەبوو بەڵکوو گەڕانەوە بۆ سیستمێکی هەرە دواکەوتووی سەدەناوەڕاستی بوو، نەک ئازادی و دادپەروەری بەدیینەهات بەڵکوو تەنانەت ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ئایدۆلۆژییەکی دواکەوتووی دینیدا بەرتەسک کرانەوە. کەوابوو میراتگرانی ئەو بەناو شۆڕشە دەیانزانی کە چ غەدرێکیان لە ئامانجەکانی خەڵک و کۆمەڵگای ئێران کردووە و خۆیان و ئامانجەکانیان بەرامبەر بە شۆڕش و کۆمەڵگای سەردەم چەندە نامۆ و نارەسەنن. دەیانزانی کە پێکهاتە و کولتووری نوێی کۆمەڵگای ئێران ، ئەوان و ئامانجەکانیان هەرس ناکات. بۆیە بە کەلک وەرگرتن لە زۆر و دەسەلات هەوڵێکی نەزۆکیان بۆ گۆڕینی کولتوور و بەرەو پاش بردنەوەی کۆمەڵگای ئێران لە ژێر ناوی شۆڕشی کولتووریدا دەست پێکرد.

**شۆڕشی کولتووری (cultural revolution):**

ئەم دەستەواژەیە ناوی پرۆژەیەک بوو کە یەکەمجار لە لایەن مائۆتسەتۆنگی رێبەری چینەوە بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانێکی بناغەیی لە کۆمەڵگای چیندا بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ١٩٦٦ تا ١٩٦٩ بەڕێوە چوو. ئەم پرۆژەیە کە بۆ گۆڕینی کولتوور و ئاکاری خەڵکی چین و بە کاریزما کردنی کەسایەتیی مائۆ بەڕێوە چوو لە سەر دەستی "گاردە سوورەکان" و بە توندوتیژییەکی زۆرەوە جێبەجێکرا. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش بە لاسایی کردنەوەی ئەم ئەزموونە، لە ساڵی ١٣٥٩ دا لێژنەیەکیان بە ناوی "شورای ئینقیلابی فەرهەنگی" پێکهێنا و بە داخستنی زانکۆکان بۆ ماوەی ٣ ساڵ و گرتن و دەرکردنی مامۆستایان و خوێندکارانی جیابیر لە ژێر ناوی شۆڕشی کولتووریدا دەستیان بە سڕینەوەی کولتووری مۆدێڕن و دیمۆکراسیخواز لە کۆمەڵگای ئێران کرد.

ئەم پرۆژەیە لە جێدا دوو رەخنەی مانایی و پراکتیکی لە سەرە: یەکەم ئەوەی کە لە باری ماناییەوە وەک باسمان کرد شۆڕش گۆڕانێکە بۆ پێشەوە بە مەبەستی پێکهێنانی سیستمێکی تەواو نوێ کە پێشتر لە ئارادا نەبووە. لە کاتێکدا مەبەستی شۆڕشی کولتووری ئێران گەڕانەوە بۆ ئەزموونی رابردوو و ئەو بنەما کۆن و نەریتییانە بوو کە زۆربەیان لە مێژ بوو لە کارایی کەوتبوون. هەروەها گۆڕانە پێکهاتەیی و کولتوورییەکانن کە دەبنە هەوێنی شۆڕش، واتە شۆڕش لە خۆیدا بەرهەمی گۆڕانی پێکهاتەیی و کولتوورییە نەک ئەوەی کە شۆڕش بکرێ ئینجا بە زەبروسەرکوت گۆڕانی پێکهاتەیی و کولتووری گونجاو لەگەڵ سیستمی نوێ دروست ببێت. لە راستیدا شۆڕش بەرهەمی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە کە گۆڕانی سیاسیش بەرهەم دێنێ. ئەوە روانگەیەکی بەرتەسکی ئایدۆلۆژیکە کە هەوڵدەدا جیهان و کۆمەڵگا و گۆڕانەکانی لە چوارچێوەی جیهان بینییەکەی خۆیدا بگونجێنێ و لەسەر بناغەی هەندێک چەمک و بیرۆکەی وشک و رەها کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیایی بەرهەم بێنێت.

بەڵام لە باری پراکتیکەوە رژیم بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە پەنای بردە بەر هەندێک کردەوەی وەک:

* داخستنی زانستگەکان بۆ ماوەی ٣ ساڵ
* پاکتاوی مامۆستایان و خوێندکارانی جیابیر
* گۆڕینی دەقە وانەییەکان بە پێی ئایدۆلۆژیای خۆی
* دامەزراندنی هەندێک ناوەندی سیخوڕی و کۆنترۆلیی وەک "حەراسەت"، "بەسیجی خوێندکاری" "دەفتەری نوێنەرایەتیی وەلی فەقیە" و...

* مۆنۆپۆلیزە کردنی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و دەزگا کولتوورییەکان
* دانانی حەوزەی عیلمییە وەک ناوەندی مەعریفە و زانست بە جێگەی زانکۆ و جێبەجێکردنیپرۆژەی یەکگرتنی حەوزە و زانکۆ و بە ئیسلامی کردنی زانکۆ.

ئەمانە و هەندێک کردەوەی دیکەش هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گونجاندنی کۆمەڵگا لەگەڵ ئایدۆلۆژیای خۆی و رەوایی بەخشین بە دەسەڵاتەکەی بوون. بەڵام وەک باسمان کرد بە پێی ئەوەی کە لە جێدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی شۆڕشی خەڵکیان بە تاڵان بردبوو و هیچ تەباییەکیان لەگەڵ ویست و ئامانجەکانی خەڵکدا نەبوو، نەک هەر لەم پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نوبوون بەڵکوو هەم خۆیان و هەم کۆمەڵگای ئێرانیان تووشی قەیرانێکی گەروەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کرد. راپەرینە خوێندکارییەکانی پاش ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٧ پێشانیان دا کە رژیم لە گۆڕینی پێکهاتە و کولتووری کۆمەڵگا و نێوەرۆکی زانکۆکان و سیستمی پەروەردەدا سەرکەوتوو نەبووە و شکستی هێناوە. بەڵام ئەوەی لەئاکامی ئەم پرۆژەیە دا بوو بە هۆی زرەر و زیانی کۆمەڵگای ئێران، سەرهەڵدانی کۆمەڵێک دیاردەی وەک : بێوازیی گەنجان، ئێلێنیاسیۆنی کولتووریی خەڵک و بە تایبەت لاوانی ئێران، دابەزینی ئاستی پەروەردە، دواکەوتنی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانی لە باری زانستییەوە، هەڵاتنی مێشکەکان، بێ بەشبوونی بەشێکی زۆری لاوان بە تایبەت لاوانی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێران لە خوێندنی بەرز و... بوون.

ئەم رەوتە لە نێو نەتەوە بندەستەکانی ئێران و بە تایبەت نەتەوەی کورد دا کۆمەڵێک خەساری زۆرتر و گەورەتری لێکەوتەوە، بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین شۆڕشی کولتووری یا بە واتایەکی دروستتر کودەتای ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا رەنگی ژێنۆسایدێکی کولتووریی بە خۆوە گرت.

ئەو بەها و نۆرمانەی کە کۆماریئیسلامی وەک نۆرم و بەهای شۆڕش لە سەپاندنیان بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا تووشی کێشەهاتبوو و ناچار لە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ ببوو، بۆ کۆمەڵگای کوردستان زۆر نامۆتر و لەگەڵ نۆرم و بەهاکانی نەتەوەی کورددا گەلێک ناتەباتر بوون، بۆیە رژیم پاش ئەوەی کە لە ژێنۆسایدی جەستەیی نەتەوەی کورد و پاکتاویان کە کارەساتەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئێندرقاش و... لە نموونە دیارەکانین، تا رادەیەک بێهیوا بوو، پیلانێکی دیکەی دارشت و هانای بردە بەر سڕینەوەی کولتووری کورد و تواندنەوەی ئەو نەتەوەیە لە کولتووری نەتەوەی سەردەست و لە قاڵبدانی لە ئایدۆلۆژیای بەرتەسک و دواکەوتووی خۆیدا. رژیم لەو راستییە تێگەیشتبوو کە ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە ئەو بانگەشەی بۆ دەکا بە تەواوی لەگەڵ کولتووری کوردەواریدا ناتەبایە و ئاراستەی کولتووریی کۆمەڵگای کوردستان رووی لە هەندێک ئامانجی رزگاریخوازانە و دێمۆکراتیکە کە نەک هەر ئایدۆلۆژیای رژیم رەد دەکاتەوە بە ڵکوو لە جێدا دەسەڵاتی رژیمی

کۆماری ئیسلامی یا هەر رژێمێکی دیکە لە کوردستاندا دەباتە ژێر پرسیار و بوارێکی مەعریفی بۆ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی دەڕەخسێنێ. کەوابوو لە روانگەی دەسەڵاتدارانی ئەو رژیمەوە ژینۆسایدی کولتووریی خەڵکی کورد پێش مەرجی سەرکەوتووبوونی پرۆژەی کودەتا ئایدۆلۆژیکەکەیان بوو.

### ژینۆسایدی سپی (کولتووری)و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی لە کوردستاندا:

ژینۆساید بریتییە لە دوو وشەی (Genos) بە واتای رەگەز و (caeder) بە واتای فەوتاندن. وەک لە پێکهاتەی ئەم دەستەواژەیەدا بۆمان دەردەکەوێ ژینۆساید بە واتای فەوتاندنی کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی، رەگەزی یا ئایینیە. بەڵام شێوازی لە نێوبردن و فەوتاندن بەپێی هەل و مەرج و جیاوازییەکان فرەچەشن و جۆراوجۆرن، وەک ژینۆسایدی جەستەیی، بایۆلۆژی، ئابووری و کولتووری. بەڵام ئەوەی لێرەدا تەوەری باسەکەی ئێمەیە ژینۆسایدی کولتوورییە کە وەک دوکتۆر مارف عۆمەر گوڵ لە زمانی ئەندریوخینەوە دەڵێ بریتییە لە: قەدەغەکردنی زمان و رۆشنبیریی و شێواندنی مێژوو و فەوتاندنی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکیەتیی هاوبەشی نێوان خەڵک. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکانی وەک رووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مۆزە و گەڕەک و گەرماو و بازاڕ و مزگەوت و کڵێسە و هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن یا نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت.

بە پێی ئەم پێناسەیە دەتوانین ئاماژە بە دیارترین نیشانەکانی بوونی ژینۆسایدی کولتووری لە کوردستاندا بکەین. یەکەم فاکتەر یا نیشانەی بوونی ژینۆسایدی کولتووری قەدەغە کردنی زمان و رۆشنبیرییە کە لە ئاستێکی بەربڵاو لە کوردستاندا بەدیدەکرێ. زمانی کوردی ئێستاشی لە گەڵ بێ سەرەڕای ئەوەی کە لە بنەمای ١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا ئاماژەی پێکراوە هێشتا هەر قەدەغەیە و لە هیچ بنکە و ناوەندێکی فەرمیی دەوڵەتیدا نە دەگوترێتەوە و نە بەکاردەهێنرێت. هەروەها رێگا بە هیچ رێکخراوێکی رۆشنبیری سەر بە خۆ نادرێت کەبۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و رۆشنبیریی خەڵکی کورد دابمەزرێ، ئەگەریش ناوەندێکی لەو چەشنە بتوانێ خۆی بە قۆناغی دامەزراندن بگەیێنێت، یا رێ لە چالاکییەکانی دەگیرێت و کۆسپی دەخرێتە سەر رێ یا ئەوەی کە ناچار دەکرێ گوێڕایەڵی پرۆژە و فەرمانەکانی رژیم بێت، زۆر بە دەگمەن رێکخراوێکی رۆشنبیری یا NGO یەک بە شوناسێکی کوردییەوە دەبینرێ کە توانیبێی لە بەرامبەر هەموو زەختەکانی رێژیمدا خۆی رابگرێ و واز لە ئامانجەکانی نەهێنێ. سەبارەت بە شێواندنی مێژوویی و فەوتاندنی نەتەوییش نەک هەر کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لە مێژە رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران هەوڵی بۆ دەدەن و کاری بۆ دەکەن. نکۆڵی کردن لە شوناسی نەتەوەیەیی کورد و پێناسەکردنی وەک بەشێک لە نەتەوەی ئێرانی بەو بیانووەوە کە کوردەکانیش بەشێک لە رەچەڵەکی ئارییین و لە بەرچاو گرتنی دەسەڵات و کەسایەتییە مێژووییەکانی کورد وەک بەشێک

لە مێژووی نەتەوە سەردەستەکان و تەنانەت لە هەندێک نموونەشدا سوکایەتی کردن و شێواندنی راستییەکانی ژیانی ئەو کەسایەتییە گەورانەی وەک، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، سمکۆی شکاک و پێشەوا قازی محەمەد بە مەبەستی شێواندنی مێژووی ئەم نەتەوەیە. ئەگەر چاوێک بەو دەقە مێژووییانەدا بگێڕین کە وەک دەقی وانەیی لە خوێندنگاکانی کوردستاندا دەگوترێنەوە دەبینین کە ئەوەی باسی ناکرێ مێژووی کورد و کەسایەتی و سیمبۆلە مێژوویەکانی ئەو نەتەوەیەیە و لە جێگای ئەوان مێژووی دەسکردی ئێران و کەسایەتی و سیمبۆلەکانی ئەوان بەرجەستە دەکرێنەوە و بە مێشکی رۆڵەکانی نەتەوەی کورددا دەکرێن. تەنانەت ئەگەر بە دەگمەن باس لە سەرکردەیەکی کوردی وەک کەریمخانی زەندیش بکرێ ئەوا وەک ئێرانییەک باسی دەکرێ و هیچ ئاماژەیەک بە شوناسە کوردییەکەی ناکرێت، ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری گەنجان و تازەلاوانی کورد لە مێژووی خۆیان بێئاگابن و مێژوو و سیمبۆلە ساختەییەکانی نەتەوەی سەردەست وەک سیمبۆل و مێژووی خۆیان وەربگرن.

ئەگەر کولتوور بە کۆمەڵە باوەڕ و بەهایەکی کۆمەڵایەتی بزانین کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێنەوە و لە سەر بنچینەی پێنج بنەمای سەرەکیی زمان، هونەر، ئایین، رێکخراوی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیا دامەزراوە و هەر دوو لایەنی ژیانی مادی و مەعنەوی مرۆڤ دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین ژینۆسایدی کولتووری پرۆژەیەکە بۆ ئیفلیج کردنی هزریی کۆمەڵ یا نەتەوەی ژێردەست و ئینجا تواندنەوەی لە هزر و کولتووری نەتەوەی سەردەستدا. لەم نێوەدا زمان سەرەکیترین بنەمای کولتوورە بە شێوەیەک کە ئەگەر نەتەوەیەک زمانی خۆی لە دەستدا زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە ژێرکاریگەریی کولتوورێکەوە کە زمانەکەی لێ وەرگرتووە. لە مێژ ساڵە کە پرۆژەی شێواندن و تەنانەت لە نێوبردنی زمانی کوردی وەک سەرەکیترین بنەمای شوناسی کولتووریی نەتەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتەکانی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامییەوە پێڕەوی دەکرێ. ئەم سیاسەتە هەم لە سیستمی پەروەردەی ئێران و هەم لە راگەیەنە گشتییەکانی ئەم رژیمەدا بە دیدەکرێ، پەروەردە و کولتوور دوو بابەتی تەواو لێک گرێدراون، کولتوور بە بێ پەروەردە ناتوانێ گشتگیریی و بەردەوامی خۆی بپارێزێ، رژیمی کۆماری ئیسلامیش راست بە مەبەستی ئیفلیج کردن و تواندنەوەی کولتووری کورد و زمانەکەی بە هیچ شێوەیەکی فەرمی رێگا بەفێر کردن و گەشەی ئەم زمانە نادات. شێواندنی زمانی کوردی و تێکەڵکردنی وشەکانی بیانی بە تایبەت فارسی و عەرەبی بەم زمانە لە راگەیەنە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە زەقی وەبەرچاو دەکەون. (دیارە لێرەدا مەبەست بەرنامەی ئەو کەناڵە ئۆستانییانەیە کە لە چوار پارێزگاکەی کوردستاندا بڵاو دەبنەوە).

لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی بۆ نەهێشتنی یەکیەتی و هاوبەشیی نێوان خەڵکی کورد هەوڵ دەدا خاڵە هاوبەشەکانی ئەم نەتەوەیە پەراوێز بخات و کەمڕەنگیان بکاتەوە و بە جێگای ئەوانە پەرە بە ئینتیما ناوچەیی و مەزهەبییەکان دەدات، واتە لە لایەک بە کەڵک وەرگرتن لە شێوەزارە ناوچەییەکانی کوردستان لە کەناڵە ئۆستانیەکان و

زەق کردنەوەی وردە جیاوازییە کولتوورییەکانی ناوچەکانی کوردستان پەرە بە ناچەگەری و لۆکالیزم دەدات و لە لایەکی دیکەش بە زەقکردنەوەی جیاوازییە ئایینی و مەزهەبییەکان هەوڵی تێکدانی یەکیەتی و هاوئامانجیی نەتەوەی کورد و پێکهێنانی دژایەتی لە نێوانیان و ڕاکێشانی کوردە شیعەکان بۆ لای خۆی و ئایدۆلۆژیاکەی دەدات.

بە کورتی و وەک لە پێشدا ئاماژەم پێدا سیاسەتی کولتووریی کۆماری ئیسلامی کە بە کودەتایەکی ئایدۆلۆژیک دەستی پێکرد و مەبەستی سەپاندنی بەها و نۆرمەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا بوو لە کوردستاندا لە بەر جیاوازییە بنەڕەتییەکانی کولتووری نەتەوەی کورد لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگای ئێران و دژایەتیی قووڵی نۆرم و بەهاکانی ئەو کۆلتوورە لەگەڵ نۆرم و بەهاکانی بەناو شۆڕشی ئیسلامیدا، فۆرمێکی توندتری بە خۆوە گرت و لە چوارچێوەی ژینۆسایدێکی کولتووریدا هاتە ئاراوە. ژینۆسایدێک کە ڕژیم هەنووکە بە هەموو شێوەیەک و شێلگیرانە خەریکی جێبەجێکردنیەتی. بەڵام ئەوەی کە ڕژیم چەندە لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتوو بووە یا نەبووە باسێکی دیکەیە. کە ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی ئاماژەیەکی پێبکەین دەبێ بڵێین، هەندێک فاکتەری وەک، بوونی کۆمەڵێک ئێلیتی کولتووری و سیاسیی کورد، بوونی ڕێکخراوە سیاسییە نەتەوەییەکانی وەک حیزبی دێمۆکرات، کاریگەریی ئێلیت و حیزبە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، گۆڕانی بارودۆخی ناوچە و جیهان، بە جیهانی بوونی ڕاگەیەنە گشتییەکان کە بواری نەتەوەسازی و پەروەردەی کولتوورییان بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان ڕەخساند و هەروەها ڕزگار بوونی باشووری کوردستان و بوونی ئەو پارچەیە بە ناوەندێک بۆ پەرەدان بە کولتووری کورد و بیری نەتەوایەتی و هەندێک فاکتەری دیکەی لەم بابەتە، ڕێگر بوون لە بەردەم سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە بە ئاکام گەیاندنی پرۆژەکەیدا. ئەوەی ڕاستی بێت ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە هزری کۆمەڵگای کورد ئیفلیج بکات و لە کولتووری خۆیدا بیتوێنێتەوە بەڵام سیاسەتی ژینۆسایدی کولتووریی ڕژیم و کودەتا ئایدۆلۆژیکەکەی کۆمەڵێک زەرەر و زیانیشی بە کۆمەڵگای کورد گەیاندووە کە پێشتر ئاماژەم بە هەندێکیان کرد و پێویستیان بە لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی بابەتیانە و وردتر هەیە کە پێم وابێ لە مەجالی ئەم وتارەدا ناگونجێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦

------------------------------------------

# ئێمە هەروەک رەوتی ریفۆرم دەمێنینەوەو بۆ نوێکردنەوە و پێشکەوتنی حیزب

## دیمانە:

**دیداری ناسۆ**

**ناسۆ: کاک رامبود هۆکارەکانی ئەو لێک جیابوونەوەیە چینو تا ئێستا حیزب چەند جار لە مێژووی خۆیدا تووشی جیابوونەوە بووە؟**

**رامبود لوتفپوری**: حزبی دیمۆکرات بەو پێیەی کە حزبێکی نەتەوەییەو لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی رۆژهەلاتی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە بەردەوام هەڵگری کۆمەڵێک کێشەی سیاسی، هزریو رێکخراوەیی بووە، هەندێک جار جیاوازی سیاسی یا هزری بوونەتە هۆی لێک دابڕانو جیابوونەوەو هەندێک جاریش کێشەی رێکخراوەیی هۆکاری لێک جیابوونەوە بووە، حزبی دیمۆکرات تا ئێستا لە ماوەی ٦١ ساڵی تەمەنیدا ٦ جار تووشی جیابوونەوەو لێک دابڕان بووە، جاری یەکەم لە هاوینی ١٣٤٢ی هەتاویدا بوو کە کۆمیتەی ساغ کەرەوە دروست بوو. جاری دووهەم لە ساڵی ١٣٤٦دا بوو کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ پێکهاتو لە ساڵی ١٩٧١دا ئەحمەد تەوفیق بە دامەزراندنی رێبەرایەتی کاتی سێیەمین جیابوونەوەی لە حزبدا خولقاند، جاری چوارەم لە ساڵی ١٩٨٠و لە کۆنگرەی چواردا بوو کە تاقمی حەوت کەسی جیابوونەوە، جاری پێنجەمیش لە کۆنگرەی ٨دا بوو و ئەمەش جاری شەشەمە کە حزب لێک دابڕانێکی دیکە ئەزموون دەکات. لەڕاستیدا لێک دابڕانی ئەمجارە جیابوونەوە نییەو ناتوانین ئەو ناوەی لەسەر دابنێین بەڵکو حزب توشی لەت بوون بووە لەت بوونێکی تەواو لە رێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەو تێکڕای ئەندامانو لایەنگرانی حزبدا، ئێستا ئێمە لە رێبەریدا کەمینەین، بەڵام لە رێژەی کادرو پێشمەرگەدا و بنەماڵەدا ئێمە زۆرینەین، کەوابوو ناتوانین بەمە بڵێین جیابوونەوە، بە پێچەوانەی چەواشەکارییەکانی لایەنی بەرامبەر ئێمە ژمارەیەکی کەمی کادرو پێشمەرگە نین کە جیابووبێتینەوە، هەم لەباری چەندایەتییەوە لەوان زۆرترین، هەم لەباری نێوەرۆکەوە لەگەڵ رێزمدا بۆ هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر ئێمە هەم لەڕووی ئەزموونو هەم لەڕووی زانایییەوە چۆنایەتییەکی باشترمان هەیە. واتە زۆرینەی کادرە کۆنو بە ئەزموونەکانو هەروەها گەنجە خوێندەوارو لێهاتووەکانمان لەگەڵدایە.

بەڵام سەبارەت بە هۆکاری لێک جیابوونەوەکە پێویستە بڵێم لەگەڵ ئەوەیکە ئێمە کێشەی هزریو سیاسیشمان هەبوو، بەڵام لەڕاستیدا دابڕانەکە پشتی بە بنەمایەکی هزریو سیاسی نەبەستبوو، بەڵکو زیاتر هۆکاری رێکخراوەیی بوو کە لایەنەکانی حزبی لێک ترازاند. هەر چەند ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی سیاسی کۆنتری هەیە، واتە کێشەکە لە کۆنگرەی 10ەوە دەستی پێکرد کە لایەنێک بە سەرۆکایەتی مامۆستا حەسەنزادە لە هەوڵی یەکخستنەوەی ماڵی حزبو هێنانەوەی هاوڕێیانی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا بوو و لایەنی بەرامبەریش بە سەرۆکایەتی ئاغای هیجری دژایەتی یەکگرتنەوەیان دەکرد، ئەویش یەکگرتنەوەیەک کە دڵی تێکڕای نەتەوەی کوردی شاد و جەرگی دوژمنانی کوردی بریندار کرد. هاوڕێیانی دژ بە یەکگرتنەوە، دوای یەکگرتنەوەش وازیان لەو بۆچوونەی خۆیان نەهێناو زمانو ئەدەبیاتی خۆیان بەرامبەر بەو هاوڕێیانە نەگۆڕی، بەشێوەیەک کە دەتوانم بڵێم لە دەرفەتێک بۆ دیسان لەت کردنەوەی حزب دەگەڕان، کە بەداخەوە لە کۆنگرەی سێزدەدا ئەو دەرفەتەیان کەوتە دەست. هەر لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەوە دەستیان بە حەزفو هەڵاواردنی جیابیران کردو رووی راستەقینەی خۆیان پیشاندا، لە کۆنگرەو دوای کۆنگرەشدا ئەو رەوتەیان هەر درێژەدا، حزبیان بە دوو دەستەی خودیو ناخودی دابەشکردو ناخودییەکانیان بە تاکو بە کۆ پەراوێز یا دەردەکرد، بۆیە بەڕای من حیزبی دیمۆکرات هەر لە کۆنگرەی سێزدەدا لەت بوو، یانێ ئاغای هیجریو جەماعەتەکەی لەتیان کرد، ئەوەی کە کەمینەی رێبەرایەتی لە ١٥ - ٩ - ١٣٨٥ دا رایگەیاند تەنیا قبوڵکردنی ئەو لەتبوونە بوو کە لەلایەن زۆرینەی رێبەرایەتییەوە بەسەریاندا سەپێندرا. لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک جیاوازیو کێشەی هزریو سیاسی لە ئارادا بوون، بۆ وێنە ئەو هاوڕێیانە لە ئاست کێشەی نەتەوایەتیدا زۆر کەمتەرخەمو ناشێلگیر بوون، نەک هەر بە توندی ئێرانچێتییان دەکرد بەڵکو لەم دواییانەدا تورکچێتیشیان کردە باو. لە راگەیەندراوی هاوبەش لەگەڵ پان ئێرانیستەکانو وەڵامدانەوەکەی ئاغای هیجری بۆ نەزمی ئەفشار، دابەزینو پاشەکشەیەک لە سیاسەتی نەتەوەیی حیزبدا هاتە گۆڕێ کە لە مێژووی ٦١ ساڵی تەمەنیدا بێ وێنە بوو. بە پێچەوانەی ئیدعاکانی ئەم دواییەیان بەو بیانووەوە کە دوکتور قاسملوو پێشنیاری خودموختاری کردووە باسو پەسند کردنی فیدرالیزمیان بە دژایەتی لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە قەڵەم دەداو دژایەتیی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیان دەکرد لەبەر ئەوەیکە دڵی برا پان ئێرانیستەکانیان لێ نەیەشێتو بیانوویان ئەوە بوو کە ئەمە ئێرانییەکان و وڵاتانی دراوسێ دەورووژێنێ و حزبێکیش ناتوانێ ئاڵا بۆ نەتەوەکەی دیاری بکات، کەچی لەولاوە نەک حزب بەڵکو جەناحەکەیانیان بە نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەزانی. تا ئەوەی کە جەبری زەمانەو زەختی بەشێک لە ئەندامانی حزبو خەڵکی کوردستان ناچاری کردن لە کۆنگرەی سێزدەدا دان بە فیدرالیزمو ئاڵای کوردستاندا بنێن، سەبارەت بە دیمۆکراسیش بۆچوونەکان جیاوازو پێک ناکۆک بوون، تەعبیری ئەو هاوڕێیانە لە دیمۆکراسی هەمان ئەو دیمۆکراسییە کلاسیکە بوو کە بەرهەمی دزەکردنی بیرۆکەی حزبی تودە لە نێو حزبی دیمۆکراتدا بوو، دیمۆکراسییەک کە تەنیا دەنگی زۆرینەی لەلا گرینگ بوو و هیچ بایەخێکی بۆ کەمینەو مافو ئازادییەکانی دانەدەنا، کە لەڕاستیدا ئەمە هەمان دیکتاتۆریی زۆرینەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەو هاوڕێیانە بە هەر هۆیەک بێ، کەم توانایی زانستی بێ یا چەقبەستوویی هزری، بە پێچەوانەی

قسەکانیان هیچ باوەڕێکیان بە ریفۆرمو گۆڕانکاری لە حزبدا نەبوو، دەیانگوت دوکتور قاسملوو چی کردووە دەبێ دیسان ئەوە بکرێتەوە، کە ئەوەشیان لە دروشمێکی پەتی زیاتر نەبوو، تەنیا شتێک کە ئەو هاوڕێیانە لە دوکتور قاسملوو فێربوون ئەوە بوو کە ئەو شەهیدە مەزنە چی کردووە، تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا، دووپاتی بکەنەوە، بە بێ ئەوەی کە هەلومەرجی کاتو شوێنی کارەکانی دکتۆر قاسملوو لە بەرچاو بگرنو بەبێ ئەوەیکە شێوازی بیرکردنەوەی دکتۆر قاسملوو فێر بن، بەڕای من گرینگترینو سەرەکیترین وانەیەک کە قوتابیانی مەکتەبی قاسملوو پێویستە فێری بن، شێوازی بیرکردنەوە، داهێنەربوون، رەخنەگریو تازەگەرییەکانی ئەو رێبەرە شەهیدەیە لە سیاسەتو شۆڕشدا نەک ئەو شتانەی کە بە پێی هەلومەرجی کاتو شوێن گوتوونی یا کردوونیو بێگومان ئەگەر مابایە گۆڕانکاری تێدا دەکرن.

**ئاسۆ**: لە هەندێک لە بڵاوکراوەکانی باڵی کاک مستەفا هیجریدا ئەو جیابوونەوەیە بە جیابوونەوەی کۆمەڵێک کادرو پێشمەرگەو هەروەها لادەر دەزانن، مەبەستی من ئەوەیە ئەو قسەیە تا چەند راستەو دەتوانن لەسەر ئەوەو بە تایبەت چەمکی لادەر هەندێ روونکردنەوەتان هەبێ؟

**رامبود لوتفپوری**: سەبارەت بەوەیکە کۆمەڵێک یا بە واتایەک بە قسەی ئەوان ژمارەیەکی کادرو پێشمەرگە نین، بەڵکو زیاتر لە نیوەی حزبین باسم کرد بۆیە ناچمەوە سەر ئەو بابەتە، بەڵام بۆ ئەوەیکە باسی لادەرت هێنایە گۆڕێ پێمخۆش بوو لەسەر مانای ئەم چەمکەو دەرکەوتە بەرهەستەکانی بوەستینو شی بکەینەوە. بەڕاستی لادان لەچی؟ و لادەر کێیە؟ جیاوازی بیروڕاو بە فەرمی ناسینی لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەر سیستمێکی دیمۆکراتیکە، کەوابوو باسکردن لەو جیاوازییانەو پێداگریو هەوڵدان بۆ جێگرکردنیان مافێکی بێ ئەملاو ئەولای دیمۆکراتیکەو بە هیچ شێوەیەک ناوی لادانی لەسەر دانانرێ مەگەر ئەوەیکە ئەو جیاوازییانە لەسەر ئەو هێڵە گشتیو ستراتژیکانە بن کە بنچینەی رێکخراوەکەی لەسەر دانراوە، بۆیە لادەر ئەو کەسەیە کە لەو هێڵە گشتییانە لادەدا، خۆ ئەگەر مەبەستی ئەو هاوڕێیانە لە لادەر ئەو کەسانە بێ کە لە کۆنگرەی ٨ دا جیابوونەتەوە، دەبێ بڵێم ئەوان هیچ کێشەیەکی هزریو سیاسییان لەگەڵ دوکتور قاسملوو نەبوو بەڵکو کێشەکە لەسەر پێکهاتەی رێبەریو لیستەی فیکس هاتە ئاراوە، ئێستاش ئەوان تەنیا بەشێکن لەو کەسانەی ئەو لەت بوونە سەپێنراوەیان قبوڵکردووە. بەشێکی زۆری ئەو کەسانە یا لەو کاتەدا هاوڕێی نزیکی دوکتور قاسملوو بوونەو لە جیابوونەوەکەدا لەگەڵ ئەو کەوتوون یا کەسانێکی وەک منن کە لەو کاتەدا بەهۆی کەمی تەمەن هەر حزبی نەبوونە. کەوابوو گرێدانی کێشەکانی ئێستە بە جیابوونەوەکەی کۆنگرەی هەشتەوە تەنیا چەواشەکارییەکی زەقە کە لەلاوازیی هزریو سیاسیو قەیرانی نەبوونی ئێستیدلالی لۆژیکییەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام فاکتی وامان هەیە کە لادەر بوونو لادانی باڵی ئاغای هیجری لە هێڵە گشتیی و ستراتژیکەکانی حزب و تەنانەت دوکتور قاسملوو دەسەلمێنێ. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان دەکەم، لە پاش کۆنگرەی ١٠ هەردوو باڵی حزب واتە حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو حزبی

دیمۆکراتی کوردستانی ئێران(ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بە پێی ڕێککەوتنێک لەساڵی ١٣٧٥دا یەکیان گرتەوە، یەکێک لە برگەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئەوە بوو کە هەر بڕیارێک لە دوای کۆنگرەی ٨ەوە بەدژی یەکتر دراوە، ئەگەر لەگەڵ گیانی ئەو یەکگرتنەوەیە ناتەبا بێ، بەتاڵەو هەڵدەوەشێنرێتەوە، کەچی وەک باسم کرد ئەو هاوڕێیانە قەت پێبەندی ئەو ڕێککەوتنە نەبوونو لەو بڕیارو یەکگرتنەوەیە کە ڕاست لە چوارچێوەی ئامانج و سیاسەتە نەتەوەییەکانی حزب و ئاواتەکانی نەتەوەی کورددا بوو لایاندا.

بەڵام نموونەی هەرە زەقی لادان لە دوای کۆنگرەی ١٣ەوە ڕوویدا. فرە نەتەوەیی بوونی ئێرانو نەتەوەبوونی کورد بۆ حیزبی دیمۆکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە باوەڕێکی نەگۆڕو ستراتژیک بووە کەچی دەسەڵاتدارانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش لەگەڵ پان ئێرانیستەکاندا بە پێچەوانەی باوەڕە نەگۆڕو بنچینەییەکانی حزبی دیمۆکراتو لە درێژەی سیاسەتە ئێرانچییەکانیاندا تەسلیمی بۆچوونەکانی حزبی پان ئێرانیست بوونو یەک نەتەوەبوونی ئێرانو قەوم بوونی کوردیان ئیمزا کرد. یان لە وڵامێکی سەیرو سەمەرە بە نامەیەکی پڕ لە ئیهانەت بە حیزبو کوردو هێما نەتەوەییەکانی کە ئاغای نەزمی ئەفشاری تورکی شۆڤێنی بۆ سکرتێری حزبی ناردبوو، ئاغای هیجری مۆری تەئید و پشتڕاستکردنەوەی لە قسەکانی ناوبراوداو قبوڵی کرد کە سمکۆی شەهید جەردەو مرۆڤکوژ بووە، پیشەوەری سەرپەرشتی پێشەوا بووە، نەخشەی کوردستانی گەورە وەهمێکی فراوانخوازانەی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی کوردە، ڕێبەرایەتی حزبی دیمۆکرات کورت بینەو لە هەموو گرینگتر ئەوەیکە شارەکانی باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتو تەنانەت مەهابادیش خاکی ئازەربایجانە نەک کوردستان. پاساوی ئەم کارەش ئەوە بوو کە ئێمە دەمانەوێ دۆستایەتی پێک بێنین نەک دوژمنایەتی، بەڵام ستراتیژی حزبو ڕێنوێنیەکانی ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوویان سەبارەت بە مەرجەکانی دۆستایەتیو دوژمنایەتی لە بیرچوو بووەو یا هەر لەبەرچاویان نەگرتو بە ئەنقەست لایان لێدا کە دکتۆر قاسملوو دەڵێ: بۆ ئێمە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانو سەربەخۆیی حیزبەکەمان بنەمایەو دۆستایەتیەک ناکەین کە ئەو دوو بنەمایە بخاتە مەترسییەوە یا پێشێلی بکاتو ئەگەر پێویست بێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەکەمانو سەربەخۆیی حیزبەکەمان دۆستایەتیش تێک دەدەین، بەڕای تۆ ئەمە لادان نییە؟ یا ئەوەیکە لە کۆنگرەی دوازدەدا پەسند دەکرێ کە دەستەبەندی نهێنی نەکرێو بە تاوان تا سەرحەدی خەیانەت دادەنرێو تاوانبارانیشی تا سەرحەدی دەرکردن لە حزب سزایان بۆ دیاری دەکرێ، کەچی دوایی بەڵگەی حاشا هەڵنەگر ئاشکرا دەبێ کە خودی ئاغای هیجری بە نووسراوە لایەنگرانی بۆ دەستەبەندی هاندەدا، بەڕاستی ئەمە لادانە یا ئەوەیکە بڵێی کاکی دەسەڵاتدار دیمۆکراسی ئاوا نییە، مافی من پێشێل مەکە، منیش حیزبیمو نامەحرەم نیم. یا بڵێی ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو نامەیەت بۆ نەزمی ئەفشار بدە، با لەداهاتوودا لەسەر نەتەوەکەمان بەگران نەوەستێو دوژمنانمان وەک دۆکیۆمێنت کەڵکی لێ وەرنەگرن.

**ناسۆ**: مەسەلەی یان ئیرانیستەکانو نەزمی ئەفشار وەک یان تورکیستێک لە چ باکگراوەندێکەوە سەرچاوەی گرتووەو تا چەند رۆڵی هەبووە لەو جیابوونەوەدا؟

**رامبود لوتفپوری**: بەڕای من ئەوانە راست لەلاوازیی هەستو هۆشیاریی نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوە لەباری سایکۆلۆژییەوە پێشاندەری نەبوون یا لاوازبوونی بڕوا بە خودی نەتەوەیە، بەڕای من هێشتا تۆخمەکانی نەتەوەبوون لەبیری ئەو هاوڕێیانەدا کەم رەنگ یا هەر ونە و باوەڕی ناسیۆنالیستی هێشتا لەبیرو ئەندێشەیاندا رەگی دانەکوتاوە، لەترسی برا ئێرانییەکانیان ئێستاش شەرمێونانە و بە ترسەوە باس لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەکەن، دیارە بە داخەوە ئەمە لە تەواوییەتی حیزبدا کەمو زۆر بە دیدەکرێ، بەڵام لەلای ئەوان زیاترە. ئێستاش باسکردن لەسەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی لای ئەو هاوڕێیانە هێڵی سوورو بقەیە. ئەگەر نەبوونی بڕوا بە خودی نەتەوەیی نییە بۆ دەبێ حزبێکی ٦٠ ساڵە کە خاوەن مێژوویەکی پڕ لەشانازیو خەباتێکی درێژ خایەنو کۆمارێکی لەسەر دەست دامەزراوەو ئێستاش پشتیوانی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتی لە پشتە لە بەرامبەر رێکخراوێکی وەک کۆمیسیونی دیپلۆماتیکی ئازەربایجانی باشووریدا!! کە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی دامەزراوزە و ئێستاش نە کەس دەیانناسێو نە پشتیوانییەکی خەڵکی هەیە بەو شێوەیە تووشی دابەزینو تەسلیم ببێت.

بەڵام سەبارەت بەوەی کە تا چەندە لە لێکدابڕانەکەدا کاریگەرییان هەبووە، پێشتریش باسم کرد کە کێشەی سەرەکی رێکخراوەییو شێوازی بەڕێوەبەری بوو، بەڵام ئەم بابەتانەش بێ کاریگەری نەبوون. هەر بۆ نموونە دەڵێم کە یەکێک لە داواکارییە ٢٠ خاڵییەکەی باڵی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی راست ئاماژەی بەو نامەیەی سکرتێری گشتی کردبوو کە بۆ نەزمی ئەفشاری نووسیبوو و داوایان کردبوو کە روونکردنەوەی لەسەر بدرێتو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو هەڵەیە بەڕوونی هەڵوێستی لەمێژینەی حیزب لەو بارەوە بخرێتە روو. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو کێشانەش هۆکاری بەشێک لە ناکۆکییەکان بوون.

**ناسۆ**: باشە شێوازی بەڕێوەبەری حیزب دوای کۆنگرەی ١٣ بە چ شێوەیەک بوو؟ باڵی زۆرینە لە دابەشکردنو بەشداریکردنی کەمینە لە کاروبارەکاندا لە چ میکانیزمێک کەڵکی وەردەگرت؟

**رامبود لوتفپوری**: بەداخەوە لەدوای کۆنگرەی سێزدەوە دیاردەیەک لە حیزبدا دەرکەوت کە دەکرێ بڵێم بۆنی تۆتالیتاریزمو فاشییەتی لێ دەهات. رەنگە ئەم قسەیەی من هەندێ لە خوێنەران تووشی شۆک بکات، بەڵام من تایبەتمەندییەکانی فاشییەت باس دەکەمو نموونە بەرهەستەکانی لە بەڕێوەبەریی حیزبیشدا پاش کۆنگرەی ١٣ ئاماژە پێ دەکەم.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی فاشیزم پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تودەییو مێگەلییە کە ئیرادەی تاکو سیستمی ئۆرگانیکی دەکوژێ، هەڵوێستەکان لەو کۆمەڵگایەدا زیاتر لەوەی کە پشتیان بە بنەمایەکی مەعریفیو زانستی بەستبێ، لە هەستو سۆزێکی نامەعریفیو تەسلیم ئاوییەوە سەرچاوە دەگرن کە پیرۆزیو رەخنە هەڵنەگری بەرهەم دێنێ. ئەمەش بە تەواوەتی لە لۆژیکی ئەو هاوڕێیانەدا رەنگی داوەتەوە، کادرو پێشمەرگەی حزب لای ئەوان تەنیا هێزی چەپڵەو ماشینی دەنگە و رێگای پێنادرێ خۆی هەڵوێست بگرێ، بەڵکو لە سەرۆکایەتی جەناحەوە بڕیاری بۆ دەدرێو ئەویش دەبێ گوێڕایەڵ بێت.

یەکێکی دیکە دروستکردنی کاریزمایە واتە رێبەرێک کە ئیرادەی ئەو ئیرادەی کۆمەڵگایە و قسە و کردەوەکانی بێ هەڵەو پیرۆزن. بەداخەوە لەگەڵ ئەوەیکە ئاغای هیجری نیشانی داوە کە بەهیچ شێوەیەک تایبەتمەندییەکانی کاریزمابوونی تێدا نییە، بەڵام ئەو هاوڕێیانە هەر واز ناهێننو دەیانەوێ بەزۆری وەک کاریزمایەک بەسەر حیزبو کۆمەڵگای کوردیدا بیسەپێنن. مۆنوپۆل کردن یا پاوانکردنی راگەیاندن یەکێکی دیکە لەو خەسڵەتانەیە کە بەبێ هیچ شیکردنەوەیەکی زیادی تەنیا ئاماژە بەو تاک دەنگییە زەقەی دەکەم کە لە تەلەفزیۆنی تیشکدا بەدیدەکرێ، کەچۆن تیشک نە تەنیا نەبۆتە تریبوونی نەتەوەیی کورد، تەنانەت تریبوونی حیزبیش نییە، بەڵکو تریبوونی جەناحو بەتایبەت بەڕێز شاهۆی حسێنییە.

قبوڵنەکردنی بیری جیاواز لە قاڵبی تاک یا کۆدا و بەتاوان زانینی جیابیریو کەمینەبوون تایبەتمەندییەکی دیکەی سیستمی فاشییە. سیستمێکی ئەوتۆ لە هەوڵی یەکدەست کردنەوەی کۆمەڵگادایە، بۆیە هەر چەشنە بیرێکی جیاوازی بە تاک یا گرووپی بە مەترسییەک بۆ دەسەڵاتەکەی دەزانێتو بە تاوانبارو ستون پێنجەمی دوژمنی دەناسێتو هەوڵی حەزف کردنی دەدات. یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی کەمینەو زۆرینە لە حزبدا ئەوە بوو کە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ئامادەی قبوڵکردنو بە فەرمی ناسینی هیچ گرووپێکی جیاواز لە حزبدا نەبوو و هەوڵی یەکدەست کردنەوەی حزبی دەدا، ئەمە بە نیسبەت ئێمەش وەک رەوتی ریفۆرم هەروا بوو، لە دوایین دانیشتنی ئێمە لەگەڵ سکرتێری حزبدا کە باسی ئەوەمان کرد ئێمە وەک رەوتی ریفۆرمی حیزب لەگەڵی دانیشتووینو پێشنیاری چاکسازیمان هەیە، بەڕێزی لە وڵامدا بەڕاشکاوی وتی: من قەت ئێوەم وەک گرووپێک بە فەرمی نەناسییوەو ناناسم.

ئەمانە بەشێک لەو نموونانە بوون کە بوونی ئەو مەترسییە واتە بەرەو فاشییەت چوونی حیزبیان دەسەلماندو دەبوو هەڵوێستی لەبەرامبەردا بگیردرێ.

لە کۆنگرەی دوازدەدا کە ئەو هاوڕێیانە کەمینەبوون پێیان داگرت کە تا لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتو پۆستەکان رێک نەکەوین نایێینە کۆنگرەوە کەچی دوای کۆنگرەی سێزدە هەر چەشنە رێککەوتنێکیان بەدژە دیمۆکراسی لە قەڵەم دەدا،

لەکاتێکدا وەک ئاگاداری دیمۆکراسیی نوێو ئەوڕۆپی راست لەسەر بنەمای رێککەوتنو گەرەنتی کردنی مافی کەمینە دامەزراوە. لە کۆنگرەی دوازدەدا بە پێی ئیعترافی خۆیان و بۆ نموونە ئاغای شاهۆ حسێنی ، سەرەکیترینو هەستیارترین پۆستە حزبییەکانیان بە دەستەوە بوو لەکاتێکدا پاش کۆنگرەی سێزدە ئەوان کەمنیەیان پەراوێز خستو هەموو پۆستە سەرەکییەکانیان پاوان کرد. ئەوەی لە روانگەی ئەواندا خودی نەبا واتە هاوجەناح نەبا جێی متمانە نەبوو و نەدەکرا پۆستی هەستیاری بدەنێ. دابەشکردنی نەفەراتیش بەسەر ئۆرگانەکاندا نە بەپێی لێوەشاوەییو پسپۆڕی، بەڵکو بەپێی خودیو ناخودی بوونو لەپێناو راگرتنی بالانسی هێزەکانیاندا بوو. بەکورتی بڵێم ئەو هاوڕێیانە هەر وەک برادەرێکی کۆمیتەی ناوەندییان گوتبووی هەر لە ئێستاوە دەیانزانی لەسەر کام کورسی کۆنگرەی ١٤ کێ دادەنیشێ. واتە لە لاهێزی دەسەڵات بۆ پاراستنی زۆرایەتی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت.

دەسەڵاتی تۆتالیترو فاشیستی مرۆڤی زاناو رەخنەگری پێ هەرس ناکرێ بۆیە هەر لەو پێناوەدا و بۆ رێگرتن لە گەشەی زانستی ئەندامانی حیزب (کادرو پێشمەرگەکان) لەتازەگەرییەکی!! کەم وێنەدا بڕیاریاندا کە هیچ کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب بۆی نییە بخوێنێ، واتە ناتوانێ بچێتە زانکۆو قوتابخانە، دیارە ئەم بڕیارە پێشتریش هەبوو، بەڵام خوێندن تەنیا لە کاتی کار یا دەوامی ئەندامانیدا قەدەغە بوو ئەویش لەبەر راپەڕاندنی کاروباری حیزبی، کەچی لەو بڕیارەی ئەواندا هەر چەشنە خوێندنێک تەنانەت ئێوارانیش قەدەغە کرابوو، یانێ پاش تەواوبوونی کاری حیزبی کادرو پێشمەرگەکانی حزب بۆیان هەیە هەموو کارێک بکەن جگە لە خوێندن. بەڕاستی قازانجی ئەم بڕیارە دەبێ چی بێ؟ لەسەردەمی ئینفۆرماتیکدا کە بەهێزترین چەکی مرۆڤو نەتەوە ژێردەستەکان زانستو زانیارییە ئەم بڕیارە ترسناکە چ مەبەستێک دەپێکێ؟

**ئاسۆ**: ئێوە دوای کۆنگرەی ١٣ وەک باڵی ریفۆرم خۆتان ناساند، ئامانجو بەرنامەکانی ئێوە چی بوونو چۆن لەلایەن حزبەوە مامەڵە کران؟

**رامبود لوتفپوری**: دەمێک بوو کە ئێمە هەستمان بە پێویستی گۆڕانکاری لە پێکهاتەو سیاسەتو پەروەردەی حیزبدا کردبوو و ناو بەناو و لەهەندێک لە کۆبوونەوەکاندا ئاماژەمان پێدەکرد، بەڵام لەدوای کۆنگرەی ١٣و بە تایبەت لە قۆناغی گرژییەکانی پێش پلینۆمی پێنجدا کە مەترسیی لەت بوونی حزب لەئارادا بوو ئێمە کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزب کە لە دەرەوەی ٢ باڵەکە تەعبیرمان لە خۆمان دەکرد گرووپێکی ریفۆرمیستیمان پێکهێناو بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا بوونی خۆمان راگەیاند. پاش ئەو راگەیاندنە لەلایەن قۆڵی دەسەڵاتداری حیزبەوە بەتوندی کەوتینە ژێرگوشار، تەنانەت خودی سکرتێر بە منی وت کە من دژ بەو رەوتەمو دژایەتیتان دەکەم. ئێمە رامانگەیاند کە جەناح نین، بەڵکو رەوتێکی

ریفۆرمخوازین کە دەمانهەوێ چاکسازی لە حزبدا بکەین، بەڵام ئەو هاوڕێیانە بە هەموو شێوەیەک زەختیان لەسەر دەکرین، بە هەڕەشەو گوڕەشە نەیاندەهێشت کەس هاتوچۆمان بکات، هەر کەسمان لەگەڵ کەوتبا، دەست بەجێ پیلانێکیان بۆ دەگێڕا یا دەریان دەکرد یا نەقلی شوێنی دیکەیان دەکرد. هەر رۆژەو بەشتێک تاوانباریان دەکردین، وەک چۆن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بەردەوام بۆ حەزفی جیابیرانو پاساودانەوەی لاوازی و کێشەکانیان لە تیۆری تەوتەئە (توگئە) کەڵک وەردەگرن، ئەمانیش رۆژێک دەیانگوت ئەمانە سەر بە باڵەکەی دیکەنو کاریان دابەشکردووە، رۆژێکی دیکە دەیانگوت ئەمانە نفوزی فلان حزبو فیسارە کەسن، تەنانەت تا دوایین پلەش چوونو بە سیخوڕی ئێران تاوانباریان کردین. دیارە بۆ ئەم تۆمەتانەیان هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو بۆیە بە فەرمیو بە ئاشکرا نەیاندەگوت بەڵکو دەیانکرد بە شایعە و لەنێو ئەندامانی حیزبدا بڵاویان دەکردەوە. بەگشتی لە هەردوو شێوازی هەڕەشەو تەماع وەبەرنان بۆ دژایەتی کردنی ئێمەو رەوتی ریفۆرم کەڵکیان وەردەگرت. بەڵام بەو حاڵەشەوە ئێمە هەر کوَڵمان نەداو درێژەمان بەکارەکانماندا. لەماوەی پێش جیابوونەوەدا کە کێشەکە گەیشتبووە لوتکەی خۆی ئێمە شاندێکمان دیاری کردو سەردانی هەردوو لایەنمان کردو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو پێشگرتن لەجیابوونەوە میکانیزمێکمان پێشنیار کرد کە بریتی بوو لە گرتنی کۆبوونەوەی دوو قۆڵی کە هەر دوو لایەنەکە پێکەوە دیالوَگ و مونازەرەیەک بکەن بە بەشداری بەدەنەی حیزب، بۆ ئەوەیکە راستییەکان تارادەیەکی زۆر روون ببنەوە، ئینجا راپرسییەک لە بەدەنەی حیزب بکەن لەسەر ئەو کێشەیەو بەدەنەی حیزب هەر بڕیارێکی دا ئەوان قبوڵی بکەن. مامۆستا مونازەرەکەی قبوڵ بوو و بۆ راپرسییەکەش هەندێ مەرجی هەبوو، بەڵام ئاغای هیجری تەنیا راپرسییەکەی قبوڵ بوو ئەویش بەو شێوەیە کە لە بەدەنەی حیزب بپرسین ٢٠ خاڵەکەی کەمینەتان قبوڵە یا نە؟ بە هەر حاڵ ئەو هەوڵەو هەوڵەکانی دیکەمان بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتنو بەداخەوە لە ١٥ - ٩ - ١٣٨٥ دا حیزبی دیمۆکرات لەت بوو. دوو رۆژ دوای ئەوە واتە رۆژی ١٧ - ٩ - ١٣٨٥ ئێمە سەردانی هەردوو لایەن واتە مامۆستا حەسەنزادەو ئاغای هیجریمان کردو پرۆژەیەکی چاکسازیمان کە پێشتر ئامادەمان کردبوو پێشکەش بە هەردوولایان کردو وتمان کە ئێمە وەک رەوتی ریفۆرم لەگەڵتان قسە دەکەینو ئەوەش پرۆژەی ئێمەیە بۆ ریفۆرم، رای ئێوە چییە؟ دیارە ئەو پرۆژەیە تەنیا باسی گۆڕانو چاکسازی لە حیزبدا بوو لە سێ بەشی پێکهاتە، سیاسەتو پەروەردەییدا و بەهیچ شێوەیەک باسی ئیمتیاز یا بەرژەوەندی تاکو گروپێکی تایبەتی تێدا نەکرابوو (ئەم پرۆژەیەمان لەگەڵ راگەیەندراوەکەماندا بڵاو کردەوە). مامۆستا ٨٠ تا ٩٠ لەسەدی پێشنیارەکانی ئێمەی قبوڵکرد، بەڵام ئاغای هیجری دیسان وتی: وەک رەوتی ریفۆرم بە فەرمیتان ناناسمو پرۆژەکەش لە پلینۆمدا دەخەینە بەر باس یانی بەلانی کەمەوە ١٥ یا ٢٠ رۆژی دیکە. بۆیە لە ئاکامی ئەو دانیشتنانەو هەڵسەنگاندنی وڵامو بۆچوونەکانی هەردوولا هاتینە سەر ئەو رایە کە بۆچوونی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی لە ئێمە نزیکترەو باشتریان تەعامول لەگەڵدا دەکرێ، لە کاتێکدا قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی توانایی ریفۆرمو چاکسازیان زۆر کەمەو بۆچوونەکانیان گەلێک دوگمو نەگۆڕن. ئەوە بووکە بڕیارماندا لەگەڵ باڵی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی کە ئێستە ببوونە حزبی دیمۆکراتی کوردستان - ئێران بکەوینو لەگەڵ ئەواندا درێژە بە خەبات بدەین. ئێمە

هەروەک رەوتی ریفۆرم دەمێنینەوەو بۆ نوێکردنەوە و پێشکەوتنی حیزب هەموو هەوڵو تواناکانمان دەخەینە گەڕ.

**ئاسۆ**: ستراتژی ئێوە بەتایبەت ستراتژی نەتەوەییتان تا چەند ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، مەبەستم ئەوەیە بەرەو نەتەوەیی بوونێکی زیاتر دەچن یاوەک لایەنەکەی دیکە لەو قاڵبەدا دەمێننەوە؟

**رامبود لوتفپوری**: وەک وتم یەکێک لە کێشەکانی ئەو هاوڕێیانە لاوازی هۆشیاری نەتەوەیی‌و کەمتەرخەمیان لە بەرامبەر پرسی نەتەوەییدا بوو، هەروەها خوێندنەوەیەکی زۆر کلاسیکو مارکسییان بۆ دیمۆکراسی هەبوو، بێگومان ئێمە لەو قاڵبەدا نامێنینەوەو وەک رێبەری مەزن دکتۆر قاسملوو دەڵێ: بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بۆ ئێمە بنەمایەو خوێندنەوەشمان بۆ دیمۆکراسی ئەو دیمۆکراسییە نوێیەیە کە لەسەر بنەمای رێککەوتن‌و گەرەنتی کردنی مافی کەمینەو بە فەرمی ناسینی جیاوازییەکان دامەزراوە. هەر چەشنە هەڵوێستو سیاسەتێکیشمان لەسەر ئەو دوو بنەمایەو لەو چوارچێوەیەدا دەبێ. دنیا گۆڕاوەو ئاستی هۆشیاری خەڵکەکەشمان چووەتە سەرێ، چیدیکە ناتوانین لە رابردوو بخۆین‌و لە پشت ناوی رێبەرانی شەهیدمانەوە خۆ حەشاردەین‌و چۆلەکە رەنگ کەین‌و بە نرخی کەناری بیفرۆشین. گەمەکردن بە وشەکان‌و چەواشەکاری کردن کە ئەمە لادەرەو ئەوە لادەر نییە کەڵکی نەماوە. دەبێ کار بکەین‌و خەباتەکەمان بەهێز بێ تا خەڵک رەواییمان پێ بدات. ئەو شێوازە کۆن‌و سواوە کەڵکی نەماوە کە تۆ بۆ پاساودانەوەی لاوازییەکانی خۆت من بشکێنی. ئێستا دەبێ بڵێی بۆ پێشخستنی خەباتی نەتەوەکەت چیت پێیەو پرۆژەت چییە؟ خراپ بوونی من بەواتای باش بوونی تۆ نییە. خەباتی نەتەوایەتی‌و حزبی دیمۆکراتیش لەپاوانی هیچ کەس‌و لایەنێکدا نییە، بەڵکو سەرمایەی نەتەوەیی خەڵکی کوردە. هیوادارم کە هەردوو لایەن بتوانین راستییەکانی سەردەم ببینین‌و خزمەت بە شۆڕشی مافخوازانەی کورد بکەین. بەجێگەی ئەوەی کە بەرد بخەینە سەر رێی یەکتر با هەوڵ بدەین دوو هێزی دۆست بین‌و تواناکانمان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورددا بەکار بێنین نەک بۆ کوتانی یەکتری

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی دێسەمبەری ٢٠٠٦

------------------------------------------

# دوکتور قاسملوو، شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە

ئەگەر چەمکی شۆڕش بەواتای گۆڕانکارییەکی قوڵو بنچینەیی لە بنیاد، پێکهاتەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا بزانین کە گۆڕانی بارودۆخی ئارایی لێدەکەوێتەوەو نۆرمو بەهاکانی کۆمەڵگا دەگۆڕێ، شۆڕشگێڕیش دەبێتە ئەو هێزە مرۆییەی کە ئەرکی شۆڕشی بەئەستۆوەیە، واتە بواری دەرهەستو بەرهەستی پێویست بۆ بەئاکام گەیاندنی شۆڕشو بەئۆبژە کردنی سۆبژەی شۆڕش دەرەخسێنێ، بەدیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین کە شۆڕشگێڕ لە قۆناغی یەکەمدا هەست بەپێویستیی شۆڕشو بوارە لەبارە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات، لەقۆناغی دووهەمدا هەوڵ بۆ تیۆریزەو میکانیزەکردنی بیرۆکەی شۆڕش دەدات، قۆناغی سێهەم قۆناغی جەماوەری کردنەوەی بیرۆکەی شۆڕشو ڕێکخستنو مۆبیلیزەکردنی خەڵکە، لەم قۆناغەدایە کە شۆڕشگێڕی داڕێژەرو تیۆریسییەن بەکردەوە دێتە گۆڕەپانی پراکتیزەکردنی تیۆرەکەیو بەئاکام گەیاندنی بیرۆکەی شۆڕشەوە. کەوابوو شۆڕشگێڕ تیۆریسییەنێکی پراگماتیستە کە بەبیروکردەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی تێدەکۆشێ. هەڵبەت ڕوونو ئاشکرایە کە لەهەر شۆڕشێکدا هەموو شۆڕشگێڕان بەواتای داهێنانی تیۆریی شۆرش، تیۆریسیەن نین بەڵکوو تەنیا کۆمەڵە ئێلیتیکی تایبەتن کە ئەرکی تێوریزەکردنی بیرۆکەی شۆڕشیان لە سەرشانە بەڵام هەموو شۆڕشگێڕێک پێویستە هەستی بەپێویسیتی شۆڕش کردبێتو لەلایەنە ئێپیستێمیکەکانی تێگەیشتبێت.

پێویستی شۆڕشو گۆڕانکاری لای شۆڕشگێڕ لەقۆناغی ڕاو بۆچوونێکی بیٚوزە دەرباز دەبێتو بەقۆناغی باوەڕێکی قووڵو بزوێنەر دەگات کە لەبنیادی کەسایەتییدا ڕەگ دادەکوتێ. بەو پێیەی کە هەرچەشنە گۆڕانخوازییەکی سیاسی، کۆمەڵاییو ئابووری، ڕاستەو خۆ یا ناڕاستەوخۆ ڕوو لەدەسەڵاتی سیاسی دەکاتو بنچینەکانی مانەوەی دەخاتە مەترسییەوە، تاکی گۆڕانخواز یا شۆڕشگێڕ دەبێتە مەترسییەک بۆ دەسەڵات واتا خوازیاری بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتو لەنێوبردنی دەسەڵاتی ئارایییە. لێرەدا زۆرجار بەهەڵەکەسایەتیی گۆڕانخوازی شۆڕشگێڕ بەدەسەڵاتخواز ناوزەد دەکرێ، بۆیە پێش ئەوەیکە بڕۆینە سەرباسی تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕ پێویستە پێناسەیەک بۆ کەسایەتیی دەسەڵاتخواز بکەین، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بەپێناسەیەک دەکەم کە "ئەریک فرۆم" بۆ کەسایەتیی دەسەڵاتخوازی دەکات: "بونیادی کەسایەتیی دەسەڵاتخواز، بونیادی کەسایەتیی کەسێکە لەسەرێکەوە بە تەسلیم بوون بەهێزێکی ترو پشتبەستنی ڕەمزی بەخاوەن پلەو پایەو دەسەڵاتەکان هەست بەهێزو شوناسی خۆی دەکات، لەسەرێکی تریشەوە دەسەڵاتێکی ڕەمزیی بەسەرکەسانێکدا هەیە کە تەسلیمی ئەو دەبن یان پشتی پێدەبەستن. واتە کەسایەتیی دەسەڵاتخوازانە ئەو دەمە هەست بەهێزو شوناسی خۆی دەکات کە خۆی لەخزمەتی دەسەڵاتێکی بەرواڵەت پایەدار دەبینێتەوەو دەبێتە بەشێک لەو دەسەڵاتەو لەهەمان کاتیشدا لەڕێی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە بەرامبەر خەڵکێک کە لەژێر دەستی ئەودان، گەشە دەکات. لەڕاستیدا ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی نەخۆشییەکی

ئیزدواجیانەی ئازاردانو ئازارچەشتنە کە هەستی دەسەڵاتو شوناس بەو دەبەخشێت. ئەو کە دەبێ بەبەشێک لە بەشەکانی گەورەیەک (ئیدی ئەو گەورەیە هەرچییەک بێت) خۆی بەگەورە دەبینێت. ئەگەر بەتەنیا بمێنێتەوە خۆی لە خۆیدا هەرەس دەهێنێت. هەربۆیە هەڕەشەکردن لەدەسەڵاتدارانو کەوتنە مەترسیی بونیادی دەسەڵاتیان، لەواقیعدا بە هەڕەشەیەک دەژمێردرێ بۆ سەرکەسایەتیی دەسەڵاتخوازانەی ئەو کەسە (واتە هۆکارە وجودیو عەقڵانییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە). لەم رووەوە ئەو بەناچاری دژ بەم هۆکارانە دەوەستێتەوە کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتخوازی دروستدەکەن. چونکە بەم رێگەیە لەراستیدا لەپێناوی پاراستنی هۆکارەکانی بوونو ژیانی خۆیدا دەجەنگێت".

ئەگەر چاو لەفۆچکەی دەسەڵات لەناو رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانیشدا بکەین گەلێک جار کەسایەتیی لەم چەشنەمان وەبەرچاو دەکەوێت، بۆیە مەرج نیە هەرکەس کە لەشۆڕشدا بەشدار بوو خاوەن کەسایەتیی شۆڕشگێڕانە بێت. هەرچەند لەوانگەی سیاسەتەوە هەموو بەشدار بووانی شۆڕش بەشۆڕشگێر پێناسەدەکرێن بەڵام شۆڕشگێڕ لەروانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتیو بە بۆچوونی کەسانێکی وەک ئەریک فرۆم ئەو کەسەیە کە ئامانجدارانەو بەباوەڕەوە تێکەڵاوی شۆڕش دەبێت، واتە هەڵوێستەکەی پشت بەمەعریفەیەک دەبەستێ کە بۆی بۆتە باوەڕو لەهزرو بیریدا رەگی داکوتاوەو بنیادی بۆتەوە. بۆیە کەسایەتیی شۆڕشگێڕ بڕوایەکی قایمی بەخۆیو رێبازەکەی هەیەو لەدژوارترین هەلومەرجەکانیشدا تووشی لەرزۆکیو پاشگەزبوونەوە نابێت، ئەم تایبەتمەندییە رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەکەسایەتیی دوکتور قاسملوودا هەیە، دوکتور قاسملوو رێبەرایەتی شۆڕشێکی دەکرد کە هەڵکشانو داکشانی زۆری بەخۆوە دیوە، گەلێک قۆناغی شکستو سەرکەوتنی ئەزموون کردوە، گەلێک رۆڵەی ئازاو کەسایەتیی گەورەی لەگەڵدا بووە کە بەشێکیان یان شەهید یابریندار، کەم ئەدامو پەک کەوتەبوونە یا لەقۆناغێک لەقۆناغە دژوارەکاندا تووشی شکستو بێهیوایی بوونەو کاروانی خەباتیان بەجێهێشتووە، کە یەکێک لەهۆکارەکانی ئەم بەجێهێشتنە دەتوانێ نەبوون یا لاواز بوونی باوەڕی شۆڕگێڕانە لەو کەسانەدا بێ‌واتە بەشێک لەو کەسانە خاوەن کەسایەتیی شۆڕشگێڕانە نەبوونەو هەندێک سەمەدی (ئەنگیزە) لاوەکی راکێشی شۆڕشی کردون. لەهەلومەرجێکی ئەو تۆدایە کە کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی دوکتور قاسملوو باشتر دەردەکەوێ. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیو لەکاتێکدا کە وتووێژەکانی دەوڵەتی کاتیو هێزی کورد بۆ دابینو دەستەبەر بوونی مافەکانی نەتەوەی کورد لەئێراندا بێ ئاکام دەمێنێتەوەو رژێم بڕیاری شەڕو جیهاد دەدات، دوکتور قاسملو وەک رێبەری حیزبی دیمۆکراتو شۆڕشی نەتەوایەتی کورد لەم پارچەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئاگاداری ناهاوسەنگیی هێزەکانو بەهێزتر بوونی نەیارەکەیەتی، شێلگیرانە بڕیاری بەرخودانو شەڕی چەکداری دەدات، تەنانەت پاش داگیرکردنی شارو گوندەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی رژێمی ئێرانو پاشەکشەی ناچاریی هێزە کوردەکان بۆ دەرەوەی وڵاتیش دیسان کۆڵ ناداتو تووشی بێهیوایی نابێت بەڵکوو ئاڵای شۆڕش هەر بەرز رادەگرێتو دەڵێ: "بەبڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕ گرینگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێو دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوەو لەدەستی هاتووە، لەپێناو شۆڕش،

ئازادیو رزگاریی نیشتمانەکەیدا کردویەتی".

کەم نەبوون ئەو شۆڕشگێڕانەی! کە ئاگر بەسی ئێرانو عێراق ئەژنۆی شکاندنو ترسو بێهیوایی دایگرتن. بەڵام لەو دەمەیشدا قاسملووی رێبەر بەو پەڕی ئازایەتیو لێهاتوویییەوە شرۆڤەی بارودۆخەکە دەکاتو دەڵێ: "ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوەو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە رێککەون (هەرچەند کە ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە) کوردەکان دەبێ چ بکەن؟

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بۆ کوردەکان تەنیا یەک رێگا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لەوە کەیەک بگرنو بەهەموو هێزیانەوە دیفاع لەخۆیان بکەن. بەئاشکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجار باشی ئاشبەتاڵو خۆبەدەستەوەدان لەگۆڕێدا نیە. بەربەرەکانێو خۆڕاگریی گەلی کورد لەشارو دێدا هەر درێژەی دەبێو لەتەواوی شێوەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگیرێ. ئەمرۆ جووڵانەوەیەکی بەتەواوی سازماندراو بەرێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕەوە لەکوردستان لەگۆڕێدایە..."

باوەڕ بەخۆییو پشت ئەستوور بوون بەهێزی شۆڕش لەو تایبەتمەندییە شۆڕشگێرانانەیە کە بەتەواوەتی لەبیروکردەوەی دوکتور قاسملوودا رەنگی دابوەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە پسپۆرانە کەڵکی لەهەموو فاکتەرە دەرەکیو ناوەکییەکان بۆ پێشخستنی شۆڕش وەردەگرتو خاوەنی دیپلۆماسییەکی بەهێز بوو بۆ پێکهێنانی پێوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکان، بەڵام لەپێشدا گرینگایەتی بەهێزو وزەی نەتەوەکەی دەداو دەیگوت: "لەپێشدا، بایەخ بەهێزی بێپایانی گەلی کورد بدەینو لەخۆمانو خەباتی خۆمان دڵنیا بینو وەک عامڵێکی سەربەخۆ لەمەیدانی سیاسیی وڵاتدا خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێو هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ".

## شۆڕشگێڕ یا ئاژاوە خواز

تەنیا هۆکاری شۆڕشگێڕانە نیە کە مرۆڤ لەدەسەڵاتی زاڵ یاخی دەکاتو سەمەدی سەرهەڵدانی تێدا دروست دەکات، واتە هەندێک جار بەرژەوەندیی تاکەکەسی هاندەری سەرهەڵدانو یاخی بوونی مرۆڤە، مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە کە پێویستە جیاوازییەک دابنێین لەنێوان کەسایەتی شۆڕشگێڕو کەسایەتی ئاژاوەخوازدا.

شۆڕشگێڕ بۆیە دێتە گۆڕەپانی خەباتو ئاڵای شۆڕش هەڵدەگرێت کە لەنێوەرۆکی دەسەڵاتی زاڵو پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییە ئاراییەکانی کۆمەڵگا بێزراوەو بەناکارامە و نەگونجاویان دەزانێ بەواتایەکی دیکە هەست بە

چەوساندنەوە، نایەکسانیو پێشێلکرانی مافی خەڵک، چین، توێژ یانەتەوەیەک دەکاتو بەئەرکی خۆی دەزانێت دژ بەو دیاردانە هەڵوێستی خۆی هەبێت، لەراستیدا سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕ پشت بەمەعریفەیەک دەبەستێ کە لەبەستێنی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەری هەڵداوە، بەڵام ئاژاوە خواز ئەو کەسەیە کە سەرهەڵدانو یاخی بوونەکەی هیچ ژێرخانێکی مەعریفی نیە، بەڵکوو تەنیا کۆمەڵێک قازانجو بەرژەوەندیی تاکەکەسی وەک نەبوونی خۆی لەدەسەڵاتدایە کە هاندەریەتی، واتە چون خۆی لە دەسەڵاتدا نابینێتەوە، رەخنەگریەتی و دژایەتیی دەکا، دەنا ئەگەر هەر ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەرە بەبێ ئەوەیکە هیچ چەشنە گۆڕانێکی مەعریفی یا سیستماتیک لەخۆیدا پێک بێنێ یا پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوورییەکان بەئاقارێکی داوەرانەدا بەرێت، بەس لەپێکهاتەی دەسەڵاتەکەیدا جێگایەکیش بۆ ئەو تەرخان بکاتو پلەوپایەکی بداتێ، بێدەنگ دەبێت، نەک هەربێدەنگ دەبێت بەڵکوو دەبێتە پاساودەری کەموکۆڕیو هەڵاواردنەکانی دەسەڵاتیش بەلەبەر چاوگرتنی ئەم پێناسەگە لەبابزانین رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕ بووە یائاژاوەخواز؟

دوکتور قاسملوو هەم بەپێی پێگە کۆمەڵایەتییەکەیو هەم بەپێی پێگە زانستیو سیاسییەکەی دەیتوانی شوێنو جێگایەتی باشتر و بەرزتری لەدەسەڵاتی ئێران یاخود لانی کەم لەئەورووپا هەبێ، بەڵام دەبینین بەو پەری لەخۆ بوردوویی‌و بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە لەکوردستانو چیا سەرکەشەکانی دەمێنێتەوەو باوەشی قەندیلو هاورێتی پێشمەرگەو ژیانی دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، دوکتور قاسملوو گەلێک جارو بەڕاشکاوی باس لە ئامانجەکانی خۆی و حیزبی دیمۆکرات دەکاتو جەماوەری بوونی ئەو ویستانە دەخاتە روو،بۆ نموونە لەکاتی وتوویژ لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لەوەڵامی نوێنەرانی ئێراندا کە داوا دەکەن واز لەخودمۆختاری بێنێ دەڵێ: "ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفیو مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە".

یان جارێکی دیکەو لەوتوویژ لەگەڵ "عاتفەی گورگین"دا دەڵێ: "ئێمە لەوباوەڕەداین پاش تاقیکردنەوەی دووسەرە رۆیی توندو تیژ واتە سەرەڕۆیی پاشایەتیو سەرەڕۆیی رژیمی خومەینی کاتی ئەوە هاتووە کە رژیمێکی دیمۆکراتیک لەئێران دابمەزرێ، ئێمە ئامادە نین لەگەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکار بینو هەر لەبنەڕەت دا هەرچەشنە دیکتاتۆرییەک رەد دەکەوینەوە. ئێمە دەمانەوێ بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بەکۆبوونەوەی دەسەڵات لەتاران بێنین". ئەمانەو گەلێک نمونەی دیکە پێشاندەری ئەو راستییەن کە یاخی بوونو سەرهەڵدانی دوکتور قاسملوو بەدوور بووە لەهەرچەشنە مەبەستێکی تاکەکەسیو ئاژاوە خوازانە، یاخی بوون بووە لەدەسەڵاتی سەرەڕۆییو سەرهەڵدان بووە لەپێناو دابینو دەستەبەر بوونی هەندێک ئامانجی گشتیو بەتایبەتی مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەی ژێر دەستی کورد.

## شۆڕشگێڕ ئایدیالیستە یا ریئالیست؟

شۆڕشگێڕ بەو پێیەی کە دژ بەواقیعی کۆمەڵگای ئارایی‌و پێوەندییەکانی سەرهەڵدەدات، پێویستی بەخوێندنەوەی ریئالی کۆمەڵگاو کەرەستەی گۆڕانی واقیعی هەیە، ئەو بڕوای بەهێزێکی زەوینی بۆ گۆڕانکاری هەیە کە تەنیا لەهزرو ویستی مرۆڤ و کۆمەڵانی خەڵکدا بەرهەم دێت. بڕوای بەبزاوتو جۆلانەوەیەکی ئۆرگانیک هەیە کە هەموو تاک، چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا بە وێنەی ئەندامانی لەش لەپرۆسەی وەگەڕ خستن‌و گۆڕاندا رۆڵیان هەبێ. بۆیە دەتوانین بڵێین شۆڕشگێڕ مرۆڤێکی ریئالیستە کە لەسەر بەستێنی واقیع دەژی نەک لەئوتوپیادا، بەپێچەوانەی مرۆڤ ئایدیالیست کە ئەریک فرۆم گوتەنی "خاوەنی خود شەیداییەکی فرەیە. لەراستیدا کەسایەتییەکی دەروونپەرێشی (نائومێدییەکی تێکەڵ بەخۆ گەورەزانی) هەیە، کە وەکو هەر دەروونێکی تری نەخۆش لەدنیای دەورووبەری خۆی جیاو پێنامۆیە. بەڵام رێگاچارەیەکی لەبەردەمدایە کە ئەو لەدەروونپەرێشان جیادەکاتەوە. ئەو خۆی بەبیانوویەکەوە (هەر بیانوویەک بێت، سیاسی، ئایینی،... هتد) بەستۆتەوەو کردوویەتی بەکۆڵەکەی بوونی‌و بەبتێکو بەتەسلیمبوونی تەواوەتی بەرامبەر بەوتبەی خۆی، بەماناو گەرمیی ژیان دەگات. لەهەلومەرجەکانی تەسلیمبوونیدا شوناسی خۆی لەو بتە دەستێنێت، بتێک کە خۆی قوتی کردۆتەوەو رەهایی پێ بەخشیوە".

لەراستیدا شۆڕشگێڕ نەبڕوای بەکاریزماو قارەمان هەیەو نەهەوڵ دەدا کە ببێتە قارەمان‌و کاریزما واتە بڕوای بەئۆتوریتەی عەقڵانی‌و دیمۆکراتیک هەیەو دژبەقارەمان پەرستی‌و کاریزما پەروەرییە، هێزو سەرچاوەی شۆڕش‌و گۆڕان لەخەڵکدا دەبینێت نەک لەبت یا کەسایەتیەکی تایبەتدا. هەموو هەوڵیشی ئەوەیە کە خەڵک بێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک رۆڵی خۆیان لەشۆڕشدا ببینن‌و بەتەمای قارەمان‌و رزگاریدەر نەبن. شۆڕشگێڕ گۆڕانخوازێکی پراگماتیستە کە لەوەهم‌و خۆزگەدا ناژی، بەپێی ریئالی کۆمەڵگا تیۆری هەڵدەبژێری یا دادەڕێژێ‌و لەکردەوەدا تاقی دەکاتەوە. لای ئەو هیچ بیرو کەسایەتییەک پیرۆز نیەو بڕوای بەهیچ بیرو تیۆرییەکی نەگۆڕو رەها نیە واتە نابێتە کۆیلەی هیچ بۆچوون‌و ئایدۆلۆژیایەکو نایهەوێ خەڵکیش بکاتە کۆیلەی بیرو کەسایەتیی خۆی. زۆرجار هەست دەکەی شۆڕشگێڕ ئەو مرۆڤە وشیارو پێگەیشتووەیە کە کەوتۆتە جیهانێکی شێتو ئیفلیجەوە، چونکە بۆ پێگەیاندن‌و تێگەیاندنی خەڵک هەوڵ دەداتو تێدەکۆشێ هێزو تواناکانی خەڵکیان پێبناسێنێ، بەپێچەوانەی هەندێک دەسەڵاتخوازو ئاژاوەگێری بەناو شۆڕشگێڕ کە وەک مۆرەو پەیژەی گەیشتن بەدەسەڵات چاو لەخەڵک دەکەن.

گەورەیی لای شۆڕشگێڕ نەبوون بەمۆرەو کۆیلەیە بۆیە زۆر بەئاسانی دەڵێ: "نا"و مل کەج ناکات. دوکتور قاسملوو دەڵێ: "هیچ نیعمەتێک لەجیهاندا لەئازادی بەنرختر نیە، ئازادی کەرامەتو شەخسییەت دەدا بەئینسان‌و رێگا نادا بکرێ

بەمۆرە... ئینسان دەبێ لەحاڵەتی مۆرە بێتە دەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندووو چالاکی کۆمەڵ".

لێرەدا ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەروانگەی شۆڕشگێڕێکی راستەقینەی وەک دوکتور ڤاسلموودا، مرۆڤ کاتێک هەڵدەداتو گەشە دەکات کە بۆخۆی هەست پێبکات، بۆ خۆی بیربکاتەوەو بۆ خۆیشی بڕیار بدات.

## شۆڕشگێڕ نوێخوازو رەخنەگرە

شۆڕش لەخۆیدا گۆڕانکارییەکە بۆ نوێ بوونەوە. واتە رەدکردنەوەی باری ئارایی‌و هەنگاونان بەرەو بارودۆخێکی نوێترو پێشکەوتووترە، کەوابوو دەسپێکی شۆڕش گومانێکە کە دەخرێتە سەرئێستا، رابردووو نەریتە دەستو پاگرەکان، هانا ئارێنت سەبارەت بەپرۆسەی شۆڕش دەڵێ: "چەمکی نوێی شۆڕش لەم تێگەیشتنە جیا ناکرێتەوە کە رەوتی مێژوو لە ناکاو سەر لە نوێ دەست پێدەکاتەوەو چیرۆکێکی بەتەواوەتی نوێ دێتە ئاراوە کە قەت نەزانراوەو نەگوتراوە". ئەمەش بەواتای گۆڕانکارییەکی قوول‌و پێکهاتە شکێنە بۆیە کەسایەتیی شۆڕشگێڕیش کە شوناسی خۆی لەچەمکی شۆڕشەوە وەردەگرێ ناتوانێ لەم تایبەتمەندییانە بەدوور بێت واتە شۆڕشگێڕ خاوەن کاراکتەرێکی گۆڕانخوازو داهێنەرە.

گۆڕانخوازی‌و داهێنانیش پێویستی بەگیانی رەخنەگری‌و رەخنەگرتن هەیە واتە کەوتنە بەر رەخنەی باری ئاراییە کە پێویستی گۆڕان‌و داهێنان دێنێتە ئاراوە. کە وابوو شۆڕشگێڕ ئەو رەخنەگرە شێلگیرەیە کە بەکردەوە دێتە گۆڕەپانی گۆڕانکاری‌و داهێنانەوە، رەخنە سەرەکیترین چەکی شۆڕشگێڕە کە کە لەتێگەیشتنێکی یا لەوەسەرچاوە دەگرێ نەک لە وەهمێکی ئایدیالیستییەوە.

شۆڕشگێڕ قەت لەرەوتی گۆڕانکاری‌و نوێکردنەوەدا پەنا بۆ ئامرازو میکانیزمی کۆن‌و سواو ناباتو دەزانێ کە بەکەرەستەی کۆن‌و رزیو، نوێ چێ ناکرێتو سەرەتای خراپ قەت ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە، بۆیە یا خۆی تیۆریسیەنە نەیا بەدوای تیۆری‌و میکانیزمی نوێ‌و جیاوازدا دەگرێ بۆ گۆڕانکاری. لێرەدایە کە بەرە شۆڕشگێڕی راستەقینەو نوێخواز لەئاژاوە خوازی بەناو شۆڕشگێڕ کە بەمەعریفەو ئامرازی کۆنەوەو تەنیا بەمەبەستی گەیشتن بەدەسەڵات، دروشمی گۆڕان‌و نوێخوازی هەڵدەگرێت، جیا دەکرێتەوە کەسایەتی ئاژاوەخواز بۆ رەوایی بەخشین بەخۆی شانازی بەپێبەندبوونی خۆی دەکات بەنەریتو باوەرە کۆنەکانی کۆمەڵگاوەو بەپێداگرتن لەسەر باوەڕە نەریتییەکان‌و بەپیرۆزکردنیان دەیهەوێ سیمایەکی خەڵکی‌و جەماوەری بەخۆ بدات، لەکاتێکدا کە شۆڕشگێڕی راستەقینە لەهەمانکاتدا کە ریئالیستانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بیرو باوەڕی خەڵکو نەریتەکان دەکات، لەهەمان کاتیشدا پێ لەسەرپێویستی گۆڕانی ئەو نەریتو باوەڕانە دادەگرێتو

مەعریفەو جیهانبینیو گوتارێکی نوێ پێشکەش دەکات، ئەم کەسایەتییە لەباتی ئەوەی ببێتە پێدا هەڵبێژی نەریتو دەسەڵات، بێز دەکاتەوە لەکۆرو کۆبوونەوەی نەریتخوازانو دەسەڵاتدارانی ناشارەزا. بۆیە دەتوانین بڵێن شۆڕشگێڕی راستەقینە هەمان رووناکبیری پراگماتیستە.

بەچاوخشاندنەوەیەک بەسەر وتارو هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوودا بەسانایی ئەم راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە قاسملوو ئەو شۆڕشگێڕە راستەقینەیەیە کە ئازایانە نەریتەکان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکۆنەکان، رەوتی بزوتنەوەو گوتاری زاڵی کۆمەڵگاکەی دەخاتە ژێر پرسیارو رێگایەکی نوێ پێشنیار دەکات کە بەکردەوەش بۆ سەقامگیرکردنی هەنگاو دەنێ. دوکتور قاسملوو لەکتێبی (کوردستانو کورد)دا زۆرجارو بەراشکاوانە نەریتو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان دەخاتە ژێر رەخنەو پێ لەسەر پێویستی گۆڕانکاری دادەگرێت رەخنە لەگوتاری سۆسیالیستیو سۆسیالیزمی ئارایی (موجود) کە گوتاری رووناکبیریی زاڵی ئەو سەردەمەی کوردستان، ئێرانو تەنانەت جیهانیشە (بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێهەم) دەگرێتو دۆزێکی نوێ واتە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک دێنێتە ئاراوە.

دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەیدا کە باوەڕی بەسۆسیالیزم هەیە بەڵام بەروانینێکی ریئالەوە چاو لەو دۆزەو بارودۆخی کۆمەڵگای دەکات، بۆیە پێ لەسەر گۆرانکاری لەو دۆزەو چەسپاندنی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک دادەگرێ: "هەم لەباری تیۆرییەوەو هەم لەباری عەمەلییەوە باسی بارە باشەکانی سۆسیالیزممان کرد، هێندێک گیرو گرفتی سۆسیالیزمی مەوجوودو هۆی ئەو گیرو گرفتانەشمان خستە بەرچاوو، لەئاخردا هاتینە سەر ئەوە کە گیرو گرفتی ئەساسی لەسۆسیالیزمی مەوجوود دا، نەبوون یان مەحدوود بوونی دیموکراسیی سیاسییە. ئایا ئەو سوسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دروستی بکەین، بەتەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لەوڵاتانی سۆسیالیستی دا دامەزراوە؟

وەلامی ئەو پرسیارە زۆر بەراشکاوی ئەوەیە کە: نا! ئەوە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەماندا ناگونجێ. چونکە راستە کە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بەڵام هێشتا خۆی بەتەواوی لەپێوەندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی رزگار نەکردوە. تەرکیبی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمانو تەرکیبی چینایەتیی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداری دا هەیە. فەرهەنگو سوننەتی گەلەکەشمان تایبەتینو، لەگەڵ فەرهەنگو سوننەتی گەلانی دیکە فەرقی هەیە. هەر بۆیە زۆر روونە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانهەوێ دای بمەزرێنین، دەبێ لەگەڵ سۆسیالیزمی یەکیەتیی سۆڤیەتی، یان فەرانسە، یان ویەتنام، یان هەر جێگایەکی دیکە فەرقی هەبێ".

وڵاتانی سوسیالیستی دەخاتە بەر رەخنەو سەبارەت بەرۆڵی رەخنە لەو وڵاتانەدا دەڵێ: "رەنگ بێ ئەو پرسیارە بێتە پێش

که ئەگەر ئەندامانی حیزب لەوڵاتانی سۆسیالیستیدا رەخنەکانی خۆیان بەراشکاوی بڵێن چ دەبێ؟ وڵام ئەوەیە کە لەنەزەر زۆربەی ئەو ئەندامانە، ئەم کارە وەک سەر لەدیواردان وایەو بەتاقیکردنەوە دەزانن کە ئەگەرچی مومکینە لەهەوەڵدا بەرووالەت پێیان بڵێین کە ئەو رەخنەو رەخنەگرتنە مافی خۆیانە، بەڵام لەیەکەم هەلکەوتدا بیانوویان پێ دەگرێو سزایان دەدەن" .

بزوتنەوەی کوردو تەنانەت حیزبی دیمۆکراتیش لەژێر چاوی وردبینو رەخنەگری دوکتور قاسملوو رەدنابونو ئازایانەو دڵسۆزانە قامک لەسەر لایەنە لاوازەکانیانو پێویستی ریفۆرم لەوانە دا دادەنێ:"پێشڕەوبوونو رادەی شۆرشگێر بوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری رابردووی خۆیو بەتایبەتی هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆرشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گۆیا بەباسی هەڵەی رابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یا لەئیعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بەپێچەوانە پێلێنانو راست کردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانی رابردووی تێکۆشان ناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێو جیددی بوونو بەرپرس بوونی حیزبەکە نیشان دەدا. بۆیە پێویستە کزیو هەڵەکانی زەمانی کۆماری کوردستان بگوترێنو بخرێنەروو. بائەوەش بڵێن کە رەخنەگرتن لەبەڕێوەبەریی حیزب لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا نە نرخی کۆمار کەم دەکاتەوەو نەئیعتباری بەرێوەبەرانی ئەو وەختەی حیزب دێنێتە خوارێ"

ئەگەرچی قاسملوو مرۆڤێکی سۆسیالیستە بەڵام لەشیکردنەوەی هۆیەکانی تێکچوونی کۆماردا ناکەوێتە ژێر هێژمۆنی روانگەی بەستراوەیی "dependency"یەوەو تەنیا لایەنی دەرەکی تاوانبار ناکات بەڵکوو بەتێڕوانینێکی مۆدێرنیستییەوە "modernization" شرۆڤەی هۆیەکانی سەرنەکەوتنی کۆمارو لایەنە لاوازە نێو خۆییەکانی سیستمی کۆمار، حیزبی دیمۆکراتو کۆمەڵگای کوردستان دەکات. "پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەو بیرو باوەڕە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا بەهێز بوو کە هۆی ئەسڵیی تێک شکانی ئەم کۆمارە، سیاسەتی چەوتی یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرامبەر بەوەزعی ئێران بوو. گوایا یەکیەتیی سۆڤیەتی خەڵکی کوردستانی هاندا بۆ ئەوە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ، لەپاشان بەتاقی تەنیای بەجێ هێشتو رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران توانی بەهاسانی لەنێوی بەرێ. ئەنجامی ئەو لێکدانەوەیە زۆر روونە، ئەوە خۆ ئاسوودەکردنو خۆماندوونەکردنە. تاوانبارکردنی خەڵکی دیکە هەموو وەختێک لەرەخنە لەخۆگرتن خۆشترە. بێجگە لەوە ئەگەر لێکدانەوەمان بەو شێوەیە بێ، ئیعترافمان کردوە کە کۆماری کوردستان دەستکردی بێگانە بووەو ئەوەش راستو رەوان ئەوو بیروڕایەیە کە دوژمن لەسەرەتای پێکهاتنی ئەم کۆمارەوە تا ئێستا بڵاوی دەکاتەوە، بیرو ڕایەک کە لەگەڵ واقعییەت رێک ناکەوێو هەوڵی ئەوەیە کە باری راستەقینەی مێژوو بگۆڕێ.

هێزی ئەسیلی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٢٥ - ١٣٢٤ گەلی کورد بووەو هۆی ئەسڵیی پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش دیسان هەر

ئەوە بووە کە گەلی کورد ویستوویەتی بەمافی رەوای خۆی بگاو چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. ئەودەم دیارە هۆی ئەسڵیی تێکچوونی کۆماری کوردستان کزیی نێوخۆی جووڵانەوە، کزیی نێوخۆی حیزبو لەپێش هەمووان دا زەعفی بەرێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو کزیو لاوازییە لەهەموو بارەکانی ژیانو تێکوشانی حیزبو کۆماری کوردستان دا خۆی دەنواند".

ئەمانەو دەیان نموونەی دیکە دەیسەلمێنن کە دوکتور قاسملوو وەک شۆڕشگێڕێکی راستەقینە خاوەن کاراکتەرێکی رەخنەگرو داهێنەر بووە.

## کۆنە پارێزی (کۆنسێرڤاتیزم) یا ئاشتیخوازی

شۆڕشگێڕ وەک رووناکبیرێکی گۆڕانخواز، مرۆڤێکی شێلگیرو رادیکاڵە سەبارەت بڕواو بۆچوونەکانیو خۆی بەدەست باری ئارایيو پێوەندییە کۆنە کۆمەڵایەتيو سیاسییەکانو دەسەڵاتی بێدادییەوە نادات، بۆیە زۆر سروشتییە کە لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانیدا پەنا بۆ کردەوەو میکانیزمی توندوتیژیش بەرێت. لەجێدا زۆربەی بیریاران، شۆڕش وەک گۆڕانکارییەکی توندو تیژانە پێناسە دەکەن، بەڵام لێرەدا دووبابەتی بنەڕەتی دێنە گۆڕێ کە شایانی سەرنجو تێرامانن، یەکەم مەبەستی شۆڕشگێڕ لە گۆڕانکاری و تەنانەت کردەوەی توندو تیژ چیە؟ جگە لەوەیە کە گۆڕانکاری لەپێناو پێشکەوتنو گەیشتن بە کۆمەڵگای ئازاد و دادوەرانەو ئاشتییەکی سەقامگرتوو دایە؟ شۆڕش میکانیزمێکە بۆ گۆڕانکاری بە مەبەستی دابینو دەستەبەرکردنی مافەمرۆییەکانو سەقامگیرکردنی ئاشتیو ئازادی. لەجێدا شۆڕشگێڕ مرۆڤدۆستو ئەوینداری ژیانە، بەژیاندا نەنووساوە. بەپیری مردنەوە دەڕوا بۆ پێکهێنانی ژیانێکی باشتر. ئەوەی لە لای ئەو رەسەنە مرۆڤو گیانو ژیانو مەعریفەیەتی. ئەو بەگیانێکی مرۆڤدۆستانەوە رەخنە لەباری ئارایيو سنووره دژێوەکانی کۆمەڵگا دەگرێت و لەپێناو گۆڕانیاندا ئاگری شۆڕش هەلدەگیرسێنێت. کەوابوو زۆر لۆژیکییە کە شۆڕشگێڕ لەهەر قۆناغێک لەخەباتەکەیدا بۆی بلوێ شێوازی ئاشتیخوازانەو ناتوندوتیژ هەلبژێرێو لەرێگای وتووێژو دیالۆگەوە ئامانجەکانی مسۆگەر بکات، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک نابێ بە کۆنەپارێزی، سازان و پاراستنی باری ئارایی لێکبدرێتەوە، چوونکە لەراستیدا شۆڕشگێر وازی لە ئامانجەکانی نەهێناوەو دانی بەبارودۆخی کۆنو نەریتیدا نەناوە، بەڵکوو تەنیا بەپێی گونجان میکانیزمێکی کەم تێچووتری هەڵبژاردووە. دووهەم، شۆڕشگێر لەچ بەستێنو هەلومەرجێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووریو ئابووریدا ئاڵای شۆڕش هەلدەدات؟ بێگۆمان شۆڕشگێری ریالیست ناتوانێ راستییەکانی کۆمەڵگاو پێوەندییەکانی کۆمەڵ لەهەموو بوارەکاندا لە بەرچاو نەگرێت، کەوابوو ناچارە لەوسیستمەدا هەوڵی گۆڕانکاری بدات، ئەو لەبۆشاییدا ناژیو ناتوانێ بەشێوەیەکی رەها هەموو رێئالی کۆمەڵگا رەدبکاتەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا واز لەئیدەکانی ناهێنێتو شێلگیرانەو بەشێوەیەکی لۆژیکی

تێدەکۆشێت کە بیانکات بەریئالو واقیعی کۆمەڵگا. بۆیە هەرچەن بیریارێکی وەک ویکتۆر وۆلفنشتاین پێی وایە کە: "هەرکەسێک، هەرچەندە کەمتر خۆی بەگۆڕانێکی بنچینەیی کۆمەڵگاو بەتەواوەتی وەلانانی چینێکی سەردەستەوە خەریک بکات. لەوانەیە کەمتر بتوانێت تایبەتمەندییە سایکۆلۆژیکەکانی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ لەخۆوەنیشان بداتو هەرچەندە زۆرتر ئینتیمای بەکارهێنانی ئامرازێکی سیاسیی ئاشتیخوازانە کەرەواییەکی نەریتی هەبێ تێدا بەهێزتر بێت، ئەگەری ئەوەی کە خاوەن سایکۆلۆژییەکی شۆڕشگێڕانە بێ کەمترە" . بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئامانجی شۆڕش کە گۆڕانکارییەکی قوولو پێکهاتە شکێنە دەتوانین بڵێین، ئەگەر شۆڕشگێڕ لەقۆناغەکانی شۆڕشدا هەستی بەوەکرد کە ئامرازێکی ئاشتیخوازانەی وەک دیالۆگ دەتوانێ کاریگەر بێتو لەهەمانکاتیشدا بنەما هزرویو ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕش خەوشدار ناکات. بۆ دەبێ نەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێ؟

دوکتور قاسملوو وەک شۆڕشگێڕێکی شارەزا لەگەمەی سیاسیدا لەگەڵ ئەوەیکە پێ‌لەسەر مەبەستو ئامانجەکانی شۆڕشەکەی دادەگرێت. لەهەمانکاتدا ئاگادارە کە لەچ بەستێنو هەلومەرجێکدا گەمەی سیاسی دەکاتو زانایانەو بەبەرپرسایەتییەوە کەڵک لەهەموو ئامرازەکان وەردەگرێت: " ئێمە وەکو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەرۆژی ئەوەڵەوە رامان گەیاندووە کە شەڕخواز نین، ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین. ئێمە شەڕ بۆ شتێکی دیکە دەکەین. شەڕەکەش ئێمە دەستمان پێنەکردووە. ئەو شەڕە بەسەر ئێمەدا تەحمیل بووە. شەڕی ئێمە بۆ دێموکراسیو خودموختارییە. هەر وەختێکی بەدێموکراسیو خودموختاری گەیشتین، دەست لەشەڕەکە هەڵ دەگرین. پاشان لەسیاسەتدا ئەوە رەشو سپی نیە، هەموو شتێکو هیچ شتێک. هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەوێ". راشکاوانە هەرچەشنە خۆبەدەستەوەدانو تەسلیم بوون لەبەرامبەر هەلومەرجی سیاسی ناوچەو وڵاتانی سەردەست رەددەکاتەوەو دەڵێ: "بۆ ئەوە کە ئەو ئەرکە گرینگە کە باسم کرد، نیشان بدەین کە ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین، هێزێکی سەربەخۆین، داوای دێموکراسیو خودموختاری دەکەینو دەمانهەوێ ئەو دیموکراسیو خودموختارییە وەربگرین، شەڕی ئێرانو عێراق هەبێو نەبێ ئەوە رەبتی بەئێمە نیەو بۆ ئامانجەکانی خۆمان هەر شەڕی خۆمان بەڕێوە دەبەین. ئێمە شەڕخواز نین، بەڵام تەسلیم تەڵبیش نین، تەسلیم نابین" .

## دۆستایەتی و دوژمنایەتی

لەشۆڕشدا ئامانجو مەبەستی شۆڕشە کە دۆستو دوژمنی شۆڕشگێڕ دیاری دەکات، بۆ وێنە لەشۆڕشێکی چینایەتیدا کە لەپێناو مافو بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکاردا دەکرێ، کرێکارانو چینی چەوساوەی هاوبەرژەوەندی دەبن بەدۆستو پاڵپشتی یەکترو لەهەمانکاتدا چینی بورژواو سەرمایەداریش دەکەونە بەرەی دژبەشۆڕشەوە، چوونکە لەجێدا شۆڕشێکی کرێکاریو گەیشتنی کرێکاران بەئامانجەکانیان، بەرژەوەندیی سەرمایەدار دەخاتە مەترسییەوەو رووخانی دەسەڵاتی بورژوازی

لێدەکەوێتەوە. هەروەها لەشۆڕشێکی رزگاریخوازانەی نەتەوەییشدا، بەرژەوەندی نەتەوەیە کە دۆستو دوژمن دیاری دەکات، گەیشتنی نەتەوەیەکی بندەستی وەک کورد بەمافو ئازادییەکانی، بێگومان دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستی فارس یا هەر نەتەوەیەکی دیکەی دژی کورد کەم دەکاتەوەو بەرژەوەندییەکانی دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە لەشۆڕشداو بەتایبەت لەشۆڕشێکی سیاسیدا، دۆستایەتیو دوژمنایەتی بەپێی بەرژەوەندی دەکرێ، کەوابوو هێزێکی فارس کەبڕوای بەمەزنایەتیو پیرۆزی ئێرانو تاقە نەتەوەیەک بەناوی ئێرانی (بەشوناسی فارسییەوە) لەووڵاتەدا هەیە قەت ناتوانێ دۆستو پاڵپشتی نەتەوەی کوردو داکۆکیاری ئامانجەکانی بێت، تەنانەت هێزە زێدەخوازە تورکەکانیش لەئێراندا کە چاوی تەمایان بڕیوەتە خاکی کوردستان قەت ناتوانن دۆستی شۆڕشی کوردو هێزە شۆڕشگێڕەکانی بن. بۆیە شۆڕشگێڕ زانایانەو بەپێی ئامانجو بەرژەوەندییەکانی شۆڕشەکەی دۆستایەتیو دوژمنایەتی دەکاتو قەت ئامادە نابێ لەپێناو دۆستایەتییەکی رووکەشو بێبنەمادا ساویلکانە بەرژەوەندییە رەسەنەکانی شۆڕشەکەی بخاتە ژێر پێیەوەو قەتیش لەپێناو چەپڵەی هێزێکی بەناو دۆستدا کە لەراستیدا بەرژەوەندییەکانی بەتەواوەتی دژایەتیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو هەیە، ئامادە نابێ داژیەتی هێزێک بکات کە دەتوانێ ببێتە یارمەتیدەرو دۆستێکی ستراتژیک بۆ ئەو.

دوکتور قاسملوو لەو پێوەندییەدا دەڵێ:"بابەسەراحەتەوە بگوترێ کە ئێمە بەخاتری دۆستایەتی قەت واز لەسەربەخۆییو قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆییو قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو واز لەدۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزبو گەلی کوردو گەلانی ئێرانو سەربەخۆییمانە. میعیاری ئەساسی سەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆستایەتی دەکەین بەڵام لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی یەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین" .

## ئاکام

لێکدانەوەی هەر کام لەرەهەندەکانی ژیانو کەسایەتی هەرکەسێکی شۆڕشگێڕ بەتایبەت کە رێبەری شۆڕشیش بوو بێت. پێویستی بەلێکدانەوەو لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سەردەمو شوێنو کاتی ژیانی ئەو کەسایەتییە هەیە. رەنگە هەندێک لەبۆچوونو هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوو یا لەخۆیاندا رەخنەیان لەسەر بێت یا لانی کەم لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا نەگونجێنو پێویستیان بەپێداچوونەوەو خوێندنەوەیەکی نوێ هەبێت، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لەبایەخی ئەو بۆچوونەنانە کەم ناکاتەوە واتە نابێ کەسایەتییەکی وەک دوکتور قاسملوو کە لەسەردەمی شەڕی ساردو هەلومەرجێکی سیاسیی جیاوازدا رێبەرایەتی شۆڕشی کردووە هەڤدەساڵ لەمەوبەر شەهید بووە بە ربەی ئێستا شرۆڤە بکرێت. بۆیە ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە زیاتر جەختی لەسەر فاکتەرە نەگۆڕەکان کردووەو هەوڵدراوە بە ربەیەکی لۆژیکیو گونجاوو لەگەڵ سەردەمی ژیانی دوکتور قاسملوو شرۆڤەی رەهەندی شۆڕشگێڕانەی کەسایەتیی ئەو رێبەرە بکات. لەم بابەتەدا زیاتر لایەنە

پۆزەتیڤەکانی ئەم کەسایەتییە بەرجەستە کراوەتەوە، بەڵام دەکرێ لەبابەتێکی دیکەدا لەروانگەیەکی رەخنەییەوە شرۆڤەی ژیانو کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بکرێت. لێرەدا هەوڵی من دەستنیشان کردنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕو رادەی رەنگدانەوەیان لەکەسایەتیی دوکتور قاسملوودا بووە.

**سەرچاوەکان:**

١- الوین استانفورد کوهن، - تئوریهای انقلاب، ترجمەی علیرضا طیب، نشر قوس، چاپ اول - تهران ١٣٨٠
٢- مصطفی ازکیا، - جامعەشناسی توسعه، نشر کلمه، چاپ دوم - تهران ١٣٧٩
٣- پیتەر پلیچ، - ئیسکۆرت بەرەو تاران، وەرگێڕانی حەسەنی ئەیوب زادە، چاپی دەزگای وەرگێڕان، چاپی دووهەم - هەولێر
٤- ئەریک فرۆم، چەند وێستگەیەکی فیکریو ئەدەبی، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم - ٢٠٠٠
٥- عبدالرحمن قاسملوو، - چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا (کورتە مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران)، چاپی کۆمیسیوونی چاپەمەنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٣٨١
٦- قادر وریا - قاسملوو لەرێبازیدا زیندووە، چاپی ئاوێر، چاپی یەکەم - ٢٠٠٥ - (نوسینو کۆکردنەوە)
٧- کاوە بەهرامی، - تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم - (کۆکردنەوە)

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - مانگی جانێوێری ٢٠٠٧**

---------------------------------------------

# ئێستا بەستێنی هزری بۆلێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکان زۆر لەبارترە

## دیمانە:

**خۆرهەلات نیوز**

**لە درێژەی لێکدانەوەی تەوەری قەیرانی گوتاری هاوبەش**

لەناو پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەم پرسیارانەمان ئاراستەی "سمایل بازیار" (ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد، بەڵام ناوبراو دواتر ئاگاداری کردینەوە کە وڵامی پرسیارەکان ناداتەوە. بۆیە ئەم پرسیارانەمان سپارد بە "رامبۆد لوتف پووری"(نوێنەری حیزبی ناوبراو لە سلێمانی) ئەمەش دەقی وڵامەکانی ناوبراوە.

**خۆرهەڵات نیوز**: هۆکاری ئەو لێکدابڕانانەی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟مەبەست لەو لێک دوورکەوتنەوەیە، دابڕانی فیکریو گوتارییە؟

**وڵام**: بێ گومان دابڕانی پارتەکانی کوردستان شتێکی تازە نییە،ئەگەر چاو لە رابردووش بکەی بە دەگمەن قۆناغێکت بۆ دەسنیشان دەکرێ کە ئەم پارتانە و بە تایبەت دوو پارتی بە تەمەنتر، واتە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، هاوخەبات و هاو پرۆژە بووبێتن. تەنانەت سەردەمێک لە شەڕی براکوژیشیان ئەزموون کردووە.کە وابوو دابڕان تا ئاستی شەڕکردنیش لە نێو پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵام هۆکارەکانی دابڕان بە پێی قۆناغ جیاوازیان هەبووە. سەرەتا کێشەکە هزری و ئایدۆلۆژیکی بوو، بۆ وێنە دابڕان و تەنانەت شەڕی نێوان دێموکرات و کۆمەڵە، تا رادەیەکی زۆر سەرچاوەی لە هزر و ئایدۆلۆژیا و بۆچوونی سیاسییەوە دەگرت.

من حەز دەکەم بڕێک راشکاوانە قسە بکەم و رەخنەشم لە هەموو حیزبەکان و تەنانەت حیزبەکەی خۆشم هەیە، بۆیە هیوادارم دڵی کەسم لێ خەوش دار نەبێ. ئەو کاتە لایەنێک بە هەڵگرتنی ئاڵای خەباتی چینایەتی و پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم، تەنیا ریگای بەختەوەری لە لە گوتاری خۆی دا دەدیت و هێزەکەی دیکەی کە خەباتی نەتەوەیی - دیمۆکراتیکی هەڵبژاردبوو بە نۆکەری بورژوازی و ئیمپریالیزمی جیهانی دەزانی. رووبەڕوو بوونەوەی ئەو دوو گوتارە،

رەنگێکی تەواو هزری و سیاسی بە ململانێیەکان بەخشیبوو. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەگەر هۆکاری دیکەش لە ئارادا بووبێ، کەوتبووە پەراوێزی فاکتەری هزرییەوە. بەڵام ئێستا و لەو قۆناغە نوێیە دا، هۆکاری هەژمونیک هزر و گوتار نییە.

ئێستا بەشێک لەو هێزانەش کە پێشتر دژ بە خەباتی نەتەوایەتی و دیمۆکراسیخوازی بوون، دروشمەکانیان گۆڕیوە و وەک هێزێکی نەتەوەیی هاتوونەتە نێو بزاڤی کوردەوە، هێندێک هێزی دیکەش هاتوونەتە نێو گورەپانەکەوە کە ئەوانیش هەڵگری دروشمی نەتەوەیین و رەنگە رادیکاڵتر لە حیزبی دیمۆکراتیش بن. کە وابوو ئێستا بەستێنی هزری بۆ لێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکان زۆر لەبارترە لە هەر سەردەمێکی دیکە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا بۆتە هۆکاری لێکدابڕان و دوور کەوتنەوەی ئەو پارتانە لە یەکتر، هەژمۆن خوازی، پاوانخوازی، خۆبەزلزانی و ناڕاست بوونی ئەم هێزانەیە بەرامبەر بە یەکتر.

بە تایبەت حیزبە بە تەمەنەکان کە پێیان وایە کوردستان موڵکی تۆمار کراویانە و ئەوانیش تاقە دەمڕاستی نەتەوەی کوردن لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەستەواژەکانی حیزبی پێشەنگ و نوێنەری راستەقینەی خەباتی.... هەموو لەو مەزنخوازییەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمن خۆم پێشتر و بە پێی کاری حیزبیم، ئەو دەستەواژانەم بەکار هێناوە بەڵام نە ئەو دەم و نە ئێستاش بڕوام پێی نەبووە و نییە. رەنگە لەو قۆناغە دا کە پێشتر باسم کرد، دوو حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە نوێنەرایەتی دوو شێوە خەباتی نەتەوەیی و چینایەتییان کردبێ بەڵام لە قۆناغی ئێستا دا بە کار هێنانی ئەو دەستەواژانە بە هیچ شێوەیەک لە جێی خۆیاندا نین.

**خۆرهەڵات نیوز:** پێتان وانیە کە ئێوە لە گوتارێکی شۆڕشگێڕانەی موحافیزە کارەوە گەڕاونەتەوە بۆ گۆتارێکی تەواو موحافیزە کارانە؟

**وڵام:** پرسیارێکی جوانە. بەڵام من وای لێدەکەم: لە گوتارێکی شۆڕشگێرانەوە گەڕاوینەتەوە بۆ گوتارێکی کۆنسێرڤاتی (موحافیزەکارانە) بە رواڵەت شۆڕشگێڕانە. تا ئەو دەم کە لە شاخ بووین و خەباتی چەکداری لە گۆڕێدابوو، گوتار و ئاکاری ئێمە بە تەواوی شۆڕشگێڕانە بوو، تەنانەت ئەگەر باس لە ئاشتی و دیالۆگیش دەکرا، بە پاراستنی بنەماکانی شۆڕش و راست لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕش دا بوو. بەڵام دواتر کە تووشی ژیانی ئوردوگایی بوین بەرە بەرە لە بنەماکانی شۆڕش و گوتاری شۆڕشگێڕانە دوور کەوتینەوە و بەرەو کۆنسێرڤاتیزم چووین، لە شۆڕشگێڕیی پراکتیکەوە تووشی شۆڕشگێڕیی نووسراوەیی بوین. واتە تەنیا لە رۆژنامە و وتارەکاندا، جاربار باسی شۆڕش و بنەماکانی دەکرا کە ئەویش لە بەر چەند هۆیەک کە باسی دەکەم بەرە بەرە کەمڕەنگ بۆتەوە.

نیشتەجێ بوون و ئوردوگا نشینی بۆ حیزبێکی شۆڕشگێڕ وەک قەفەس بۆ پڵینگ وایە، تووشی سستی و ژیانی رۆژانەی دەکات. ئەم بارودۆخە زۆربەی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. لەم بارودۆخە دا حیزب بۆ پاراستنی خۆی و بەڕێوە بردنی ژیانی رۆژانەی شۆڕشگێڕەکانی، دەبێ بە پێکهاتەیەکی وەک دەوڵەت و حکومەتی کەمپەکانی بە دەستەوە دەگرێ بە شێوەیەک کە ژووری سکرتاریا دەبێتە کۆشکی سەرکۆماری و بەرپرسە حیزبییەکان دەبن بە ئەنجومەنی وەزیرانی کەمپەکانیان و ئۆرگانەکان رۆڵی وەزارەتخانە لەو کۆمەڵگا حیزبییە دا دەگێڕن، پێشمەرگە و شۆڕشگێڕەکانی تریش دەبن بە فەرمانبەری ئەو وەزارەتانە. بەرپرسانی حیزب پێیان وایە دەبێ هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان لەو کەمپانە دا کۆ بکەنەوە بۆ رۆژێک کە دەرفەتی لە باریان بۆ هەڵکەوێ کە ئەو دەسەڵاتە بچووکە بکەن بە دەسەڵاتێکی گەورەتر. ئەم بارودۆخە کۆمەڵێک نەخۆشی و دەرەنجامی نیگەتیڤی لێدەکەوێتەوە کە هۆکاری کۆنسێرڤاتیزە بوونی حیزبن.

لەم قۆناغە دا بەرە بەرە شەڕی پارتیزانی، ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە، ژیانی سادەی شۆڕشگێڕی، دیسیپلینی نیزامی، و ویستی بە کۆمەڵ، جێگای خۆیان دەدەن بە بەرگرییەکی پەرچەکردارانە لە بەرامبەر تیرۆر، ئەدەبیاتی کۆنە پارێزانە، ژیانی رەنگاو رەنگ و پڕ چاوەڕوانی شار، بوروکراسییەکی بۆش و بێ بنەما و ویستی تاکەکەسی. لێرە دا چەندایاتی جێگای چۆنایەتی دەگرێتەوە لە کاتێکدا کە رێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕ، کە هەوڵی گۆڕانی قووڵ و پێکهاتە شکێن دەدات، پێویستی بە هێزی پەروەردەکراوی بە کەیفییەت هەیە و تەنیا فاکتەری بە هێزی لە بەرامبەر داگیرکەر دا باوەڕمەندی و کەیفییەتی هێزەکانێتی. بەرپرسانی حیزبی بە بردنە سەرەوەی رێژەی نەفەرات و گرینگی دان بە چەندایەتی دەکەونە هەوڵێکی نەزۆک و بێ ئاکامەوە بۆ راگرتنی بالانسی چەندایەتیی هێزەکانیان لە گەڵ دوژمن دا. ئەمەش لە خۆیدا حیزب بەرەو سانتڕالیسم و گەشەی بروکراسی و قەڵەوی دەبات کە توانایی جموجووڵی کەم دەکاتەوە و لە بیر و کردەوە دا تووشی سستی دەکات.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا کە پارت بۆ نیشان دانی هێزی خۆی و بە دەست هێنانی رەوایی لە هەوڵی قەڵەو کردنەوەی خۆی و بردنەسەرەوەی چەندایەتییەکەی دایە رێگا لە هەر چەشنە رەخنە و دروست بوونی بیرێکی جیاواز دەگرێ، چونکە پێی وایە لە رەواییەکەی کەم دەکاتەوە و دەبێتە کۆسپ بۆ بردنە سەرەوەی چەندایەتی.

بۆ ئەو مەبەستە حیزب و رێبەرانی پیرۆز دەکرێن کە کەس رێگای رەخنە لێ گرتنیان بە خۆی نەدات. حیزب لە دۆخی ئامراز بوون دێتە دەرێ و دەبێ بە ئامانج واتە حیزبایەتی دەکەوێتە سەرووی نەتەوایەتییەوە. هەموو کێشە و نەخۆشییەکانی حیزب لە ژێر دروشمی رووکەش دا دەشاردرێنەوە و بە دەستی دەرەکییەوە دەبەسرێنەوە، بۆیە هەر کەس یا لایەنێکیش بیهەوێ پەردە لە سەر ئەو نەخۆشیانە لابدات و رەخنەیان لێ بگرێت، بە نفوزی و پیاوی دوژمن تاوانبار دەکرێت و دەبێ لە نێو ببردرێ.

ئەم دژایەتییە نێو خۆییە وردە وردە جێگای خەبات بۆ نەتەوە و گۆڕینی باری ئارایی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و بەرپرسانی حیزبی لە هەندێک بۆنە دا نەبێ کە باس لە دوژمن و کۆمەڵگای کوردستان بکەن، تەنیا خۆیان خەریکی ئەو کۆمەڵگا چووکە حیزبییە دەکەن کە دەسەڵاتدارییەکەیان بە دەستەوە گرتووە.هەست کردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە پاراستن و دابین کردنی تاکەکان و هاورێکیی ئەو کەمپانە و کەڵکەڵەی دابین کردنی ژیانی رۆژانە، حیزب تووشی واقیع گەراییەکی موحافیزەکارانە دەکات کە ئارمانج خوازیی شۆڕشگێڕانە دەسڕێتەوە و وەک هەستێکی کەم بایەخی هەڵنەسەنگێندراو لە قەڵەمی دەدات و هەر چەشنە هێز و بیرۆکەیەکی گۆڕانخواز لە نێو حیزبدا بە تێکدەری باری ئارایی حیزب و هاورێکیی کۆمەڵگا دەزانێ و سەرکوتی دەکا.

بۆ بردنە سەرەوەی چەندایەتی و پاراستنی ئەو حکوومەتە پووشاڵییە، حیزب لە هەر چەشنە ریسک و کردەوەیەکی هێرشبەرانە خۆ دەبوێرێ. شەڕ لە سەر کورسییەکانی ئەو حکوومەتە دەبێتە کەڵکەڵەی هزری بەرپرسەکان و دەبنە شەیدای ئەو مانۆڕە نیزامی و تەشکیلاتییانەی کە جاروبار لە بۆنەیەکی حیزبی دا بەڕێوە دەچێ. سکرتێر کاتێک کە بە بەردەم ٢٠٠ یا ٣٠٠ پێشمەرگە دا دەڕوا و رێزی لێ دەگرن، خۆی وەک سەرکۆمارێک دێتە بەر چاو کە ١٠ ملیۆن کوردی لە بەردەمدا راوەستاون. ئەمە ئەو نەخۆشییە کوشندەیە کە رێبەرانی ئێمەی تووشی وەهمێکی دەروونی کردووە و نایانهەوێ بە ریسک و کردەوەی رادیکاڵ ئەو دەسەڵاتە وەهمییەیان بکەوێتە مەترسییەوە.

خۆویستی جێگای خۆبەخشی دەگرێتەوە، بۆ نموونە دەڵێم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا پێش کۆنگرەی سێزدە، سکرتێری ئەو کاتی حیزب پێشنیار دەکات کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە نۆرە بچنەوە ناوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات بۆ چالاکی. ئەمە لە خۆیدا پێشنیارێکی شۆڕشگێڕانە بوو. بەڵام ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی رەدیان کردەوە و تەنانەت یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە ماوەیەک پاش کۆنگرەی سێزدە بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە وڵامدا دەڵێ: "مامۆستا دەتهەوێ بە کوشتنمان دەی".

ئەمە ئەو نەخۆشییەیە کە باسم کرد. ئەو کەسەی کە ساڵەها لە گەرمەی شەرێکی خەستی چەکداریدا بووە و لە مەرگ نەترساوە، ئێستا ژیانی ئاسوودەی کەمپەکانی کۆیە و سەیارەی علوج و دەسەڵات، وا بە ژیانییەوە دەنووسێنێ کە ئەو ئامانج و پاڵنەرەی راکێشی شۆڕش و خەباتی کرد لە بیر دەچێتەوە و نایهەوێ ریسک بکا.

یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی کۆنسێرڤاتیزە بوونی حیزبێکی شۆڕشگێڕ ئەوەیە کە لە بەها رەسەنەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە و پشت لە هێزی گۆڕانخواز و سەرەکیی شۆڕش دەکات و لە جیاتی ئەوان پشت بە دوژمن و هێزی ناشۆڕشگێڕ

دەبەستێ. بۆ نموونە پشت بە هێزێکی مەزنخوازی ئێرانی دەبەستێ کە لە جێدا کورد بە نەتەوە نازانێ یا لەگەڵ هێزێکی تورک دۆستایەتی دەکات کە چاوی تەمای بڕیوەتە خاکەکەی و نەک هەر پشتیان پێ دەبەستێ و دۆستایەتییان لە گەڵ دەکات، بەڵکوو بە کەیفی ئەوانیش دەڵێ و بڕیار دەدات. کەچی لەولاوە پشت لەو هێزانە دەکات کە هاو خەمی ئەون و ئامانجی ئەوانیش لە شۆڕش هەر ئەو شتەیە کە ئەو ئامانجیەتی. ئەوەش راست لە بەر ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری جێگای خۆی داوە بە هەوڵدان بۆ دەسەڵات واتە ئەو حیزبە، زیاتر لەوەی کە لە خەمی سەرکەوتن بە سەر نەیار و هەڤڕکە هزرییەکەیدایە، لە خەمی وەلانان و لە نێو بردنی ئەو هێزانەدایە کە وەک خۆی بیر دەکەنەوە. یانی لە ئاڵتەرناتیڤ دەترسێ. زۆر جاریش بۆ وەلانان و ناکاریگەر کردنی ئەو هێزانە، هانا بۆ هێندێک شێواز و کۆمەڵێک هزری دژەبیر دەبات کە لە بنەماکانی خۆی دووری دەخەنەوە و بێ نێوەرۆکی دەکەن. بۆیە من ئەو قسەیەتان پشتراست دەکەمەوە کە حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەرەو کۆنسێرڤاتیزم رۆیشتوون.

**خۆرهەڵات نیوز: بۆچی ئەو پەلامارانەی کە کۆماری ئیسلامی رۆژانە دەیانکاتەسەر خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئێستا ئەو گرنگایەتییەیان لە لایەن پارتەکانەوە پێ نەدراوە، بەو مانایە ئەمە بۆچی نەبۆتە هاندەرێک بۆ لێک نزیک بوونەوەی پارتەکان لە رووی گوتارییەوە؟**

**وڵام**: حیزبەکانی ئێمە لە خەڵک دوور کەوتوونەتەوە. ئەوانە ئەو حیزبانە نین کە لە شەستەکاندا(هەتاوی) لە نێو دڵی کوردستان و لە جەنگەی رووداوەکان دا بوون. تەنیا لە دوورەوە رووداوەکان دەبیسن، کە وابوو بە رادەی پێویست هەست بە قووڵی و بەربڵاوی رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان ناکەن. کەمپ نشینی و پیر بوونی شۆڕش، حیزبەکانی ئێمەی تووشی نەخۆشی ئاسایی بوونەوە کردووە. واتە پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کورد و رووداوەکانی کوردستانیان زۆر بە لاوە گرینگ نییە و هەست ناکەن خەڵکی کورد و بۆخۆشیان لە دۆخێکی نائاسایی دا دەژین. زۆر ئەم قسەیەم بیستووە کە شۆڕش بە پەلە ناکرێ. رەنگە هێندێک جار بۆ گاڵتە بیڵێن، بەڵام ئەمە لایەنی سایکۆلۆژی هەیە و لە کردەوەیاندا رەنگی داوەتەوە. بە پێچەوانەی ئەو قسەیە، شۆڕش گۆڕانکارییەکی خێرایە بۆیە دەبێ پەلەی تێدا بکرێ. شەست ساڵە لە شۆڕشداین کەچی نەک هەر سەر نەکەوتووین بەڵکوو وەک پێشتریش باسم کرد، لە بنەما سەرەکییەکانی شۆڕش دوور کەوتووینەتەوە. ئەو کولتوور و میکانیزمەی دوژمنانمان بۆ سەرکوتی خەڵک بە کاری دێنن، ئێستا بۆتە کولتوور و میکانیزمی حیزبەکانی ئێمەش بۆ سەرکوتی جیا بیرانی ناو خۆیان. ئێستا پێشمەرگە بۆ پێشمەرگایەتی و شۆڕش پەروەردە ناکرێ، بەڵکوو بۆ دارەدەستی و چەقۆ کێشی رایدێنن.

حیزبەکانی ئێمە ئەوەندەی خەریکی خۆخۆری و شەڕی دەسەڵاتن لە نێو خۆیان و ئەوەندەی لە نێوان یەکتر دا حاشا لە یەک

دەکەن، نیوەی ئەوەش بیر لە کوردستان ناکەنەوە. راپەڕینێک لە کوردستان دەست پێ دەکات. لە مهابادەوە وردەوردە شارەکانی دیکەش دەگرێتەوە و پتر لە مانگێک دەخایەنێ، حیزبەکانی ئێمە کە لەوپەڕی بێ پرۆژەییدا بە سەر رووداوێکی ئەوتۆ دا دەکەون، تا ماوەیەک هەر حەپەسابوون و هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو. کە هەڵوێستیشیان گرت هەوڵیان دا راپەڕینەکە دامرکێنن. یەک مانگ بوو خەڵک هاتبووە دەنگ و شەهیدی دەدا کەچی حیزبەکانی ئێمە کێشەی ئەوەیان بوو کە ئەم راپەڕینە بە بۆنەی شەهید بوونی شوانەی سەید قادرەوە بوو یا ساڵرۆژی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملو. گرینگ ئەوەیە خەڵک راپەڕیون، بەڵام گرینگ بۆ حیزبەکانی ئێمە ئەو هەڤرکییە ناپیرۆزەی نێوانیانە، خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسک کردوویەتی کە چی ئەمان کە یەک هەنگاویشیان بۆ هەڵنەگرتووە، هەوڵدەدەن بیکەن بە هی خۆیان.

نموونەی زۆرن، بەڵام ئەمن تەنیا ئاماژە بە نموونەیەکی دیکە دەکەم، زستانی پار خەڵکی ماکۆ لە ساڵیادی رفاندنی ئۆجەلان و دەستگیر کردنی لە لایەن تیرۆریستیە مرۆڤ رفێنەکانی تورکیاوە هاتنە سەر شەقام و راپەرینێکیان ساز کرد کە وردە وردە خەریک بوو، شارەکانی دیکەشی دەگرتەوە، ئەو راپەڕینە بە تەواوەتی نەتەوەیی بوو ومەبەستێکی نەتەوەیی لە پشتەوە بوو کە ئەویش پرۆتێستۆ کردنی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیی دەوڵەتی تورکیا و داکۆکی لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو. کەچی لە راگەیاندراوی کۆمیسیۆنی رێکخستنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەوە هاتووە کە ئەو راپەڕینە لە سەر کێشەی سوتەمەنی بووە، ئەمە ئەو پەڕی سووکایەتی بوو بەو خەڵکەی هاتنە سەر شەقام و شەهیدەکانی ئەو راپەڕینە، لە جێدا سووکایەتی بوو بەو ئامانجانەی کە حیزبی دیموکراتی لە رۆژی یەکەمەوە بۆ دامەزرا.

ئەمەشیان بۆیە والێکرد کە دان بەوەدا نەنێن کە ئەو خەڵکە بۆ پشتگیری لە ئۆجالان هاتوونەتە سەر شەقام، دەڵێن ئێمە لە سیاسەتماندا نیە "pjak و pkk" زەق بکەینەوە، ئەمە هەر ئەو شتەیە کە پێشتریش باسمان کرد بۆ سڕینەوەی یەکتر تەنانەت ئامادەن ئاو بە ئاشی دوژمن و سووکایەتی بە نەتەوەکەشیان بکەن . بۆیە نەک هەر خەباتی خەڵکی کورد و پەلامارەکانی رژێمی ئێران نەبۆتە هاندەرێک بۆ نزیک بوونەوەیان لە یەکتر لە باری گوتارییەوە، بەڵکوو لە پێناو نەهێشتن دو حاشاکردن لە یەکتر گۆتارێکی ژەهراوییان هەڵگرتووە کە تەنیا لە بەرژەوەندی نەیارانی کوردایە.

**خۆرهەلات نیوز: ئێمە دەبینین خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژبەرۆژ لێک نزیکتر دەبنەوە، بەو مانایە هەنگاو بۆ پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەش یا با بڵێین بۆ زاڵتر کردنی گوتارێکی "ناسیونالً - لیبراڵ" هەڵدەگرن، بەڵام بە پێچەوانەوە پارتەکان لەو رووەوە رۆژ بە رۆژ لێک دوور دەوکەونەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیەکە ئەو چالاکییانەی پارتە کوردییەکان لە چ پێناوێک دایە؟**

**وڵام**: دیسان دەڵێمەوە حیزبەکانی ئێمە وەک ئەسحابی کەهفیان لێ هاتووە، لە خەڵکی کورد و لە گوتاری تازەیان دورن، هەر سەرقاڵی رابردوون و بە پێوەری ئەو کات مامەڵە لە گەڵ ئیستا دا دەکەن، هێشتالە دەوری کۆمەڵێک بۆچوونی سواو و ئایدۆلۆژیای پاسیڤ کۆبوونەتەوە و بەوانە کۆمەڵگای ئیستای کوردستان شرۆڤە دەکەن و بە عەقلی شاخەوە خەباتی شار هەڵدەسەنگێنن. گوتاری زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئێمە گۆڕاوە، بە پێچەوانەی پێشوو کە گوتارێکی سوسیالیستی و مارکسی زاڵ بوو، ئیستا گۆتاری خەڵک نەتەوەی - دیمۆکراتیە.

من ئەو تەعبیرەی ئێوەش کە دەڵەی ناسیۆنال - لیبراڵە بە راست دەزانم بەڵام پێویستە روون بکرێتەوە. تێگەیشتنی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێمە لە ناسیۆنالیزم و لیبرالیزم هەڵەیە. ناسیۆنالێزمی مۆدێرن بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی کلاسیک کە لە سەر بنەمای سروشتی و میژوو و کولتوور دامەزرا، لە سەر بنەمای ئیرادە و ویستی ئازاد دادەمەزرێ . ویستی هاووبەشی تاکەکانە کە نەتەوەیەک پێک دێنێ، نەتەوە پێکهاتەیەکی عەقلانییە کە لە ئاکامی ماف و ویستی ئازاد و دڵخوازی کۆمەلێک تاک و بە رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی درۆست دەبێت .رێنان دەڵێ "بوونی نەتەوە دەنگدانی رۆژانەی گشتییە" واتە نەتەوە نە ئەزەلی و نە ئەبەدی، بەڵکوو ئۆرگانیزمێکە کە تاکەکان تێیدا خۆیان پێناسە دەکەن ، شوناسی خۆیان هەڵدەبژێرن و و چوارچێوەیەک بۆ پاراستنی خۆیان بنیاد دەنێن.

کەوابوو لێرەدا ویستی تاک پارێزراوە، لیبرالیزمیش بەمانای دەروەست نەبوون لە بەرامبەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا نیە، واتە دژە کۆمەڵ نیە، بەڵکوو فەلسەفەی لیبرالیزم جەخت لە سەر ئازادی و بەرپرسیارەتی تاک لە چوارچێوەی یاسا و کۆمەڵگادا دەکات واتە بەرژەوەندی تاکە سەربەست و بەرپرسیارەکان گرێدەدات بە بەرژەوەندی گشتییەوە. بۆیە بەراستی لەم سەردەمەدا پێویستە ناسیۆنالیزم لە روانگەی لیبرالیزمەوە بخوێندرێتەوە، وەک خوێندنەوەی کەسانێکی وەک "جان ئیستوارت میل"و "ئایزایا بێرلین"، دەنا ناسیۆنالیزمی کلاسیک کە سەروەری بەنەتەوەیەک دەدات و حوکمی دەخاتە دەست و لە سەر کۆمەڵێک بنەمای نەگۆڕی سروشتی و کولتووری دادەمەزرێ، سیستمگەلێکی وەک بەعس یان دەسەڵاتە شۆڤێنەکانی ئێران و تورکیا بەرهەم دێنێ کە لە سەر بنەمای سەردەستی نەتەوەیەک و ژێردەستی و سڕینەوەی ئەوانی دی دادەنرێت، لەکاتێکدا کە گیانی نەتەوە لە ناسیۆنالیزمی مۆدێڕندا ویستی ئازادی تاکەکانە بۆ پێکەوە بوون. بۆیە منیش پێموایە گوتاری رووناکبیریی خەڵکی کورد ئێستا بەرەو گوتارێکی "ناسیونال - لیبرال" رۆیشتووە.

لە کاتێکدا حیزبەکان تازە بۆ سیستمە کۆن و ئیکسپایەرەکان گەڕاونەتەوە، خەڵک داوای ئۆتۆریتەی عەقڵانی و دیمۆکراتیک دەکات کە چی ئەوان کاریزمایان بۆ دروست دەکەن، خەڵک بۆ شرۆڤەیجیهان، کۆمەڵگا و پێکهاتە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان مێتۆدی عەقڵانییەتی رەخنەگرانەیان هەڵبژاردووە کەچی ئەوان باس لە هێڵی سوورو پیرۆزەکان دەکەن،

خەڵک لە ئێستادا دەژی و رووی لە داهاتوویە کە چی ئەوان لە رابردوودا ماونەتەوە، خەڵک داوای بەشداری و دابەشکردنی دەسەڵات دەکەن کەچی ئەوان پاوانخوازی و سانترالیزم پێڕەو دەکەن، خەڵک فرەچەشنی و پلۆرالیزمیان دەوێ کە چی حیزبەکان کار بۆ پێکهاتەی یەکدەست و دەسەڵاتی مۆنۆپۆل دەکەن. بۆیە رۆژبەرۆژ لێک دوور دەکەونەوە. چالاکییەکانیان لە پێناو پاراستنی ئەو دەسەڵاتە وەهمییەی کەمپەکانیان و سڕینەوەی یەکتر و نەهێشتنی هەڤرک و ئاڵتەرناتیڤەکانیاندایە. بە ئێستایەکی ئیفلیجەوە خەون بە کورسییەکانی داهاتوویانەوە دەبینن. بێ پرۆژە و پاسیڤن، بەجێگەی پێگەیاندنی نەتەوەکەیان و بەهێزکردنی بزاڤەکەیان، بۆ گەیشتن بە ئامانج و هێنانەدی دروشمەکانیان پەنا بۆ دوژمنە جەوهەرییەکانیان دەبەن و لە دەرکەی پان ئێرانیست و سەڵتەنەت خوازەکان دەدەن. دەیمین، بەجێگەی ئەوەیکە پشت بە سەرچاوەی هێزی خەڵکەکەیان ببەستن، چاویان لە لێزمە بارانێکی رەحمەتە!! کە لە ئاسمانی دەسەڵاتە گەورەکانی دنیاوە بەسەریاندا بباری.

هێشتا نەیانتوانییوە هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی رێک وپێک بن و بەشەرمەوە باس لە مافەکانی کورد دەکەن نەکا دڵی برا فارسەکانیان لێ بێشێت.هێشتا لە نێوان دوو شوناسی کوردستانی بوون و ئێرانی بووندا گیریان کردووەو خۆیان بۆ یەکلایی ناکرێتەوە. بۆیە دەتوانم بڵێم بارتەقای چالاکییەکانیان لە هەندێک هەڵوێستی پەرچەکردارانەی جاروبارو لاوازو چاوەڕوانییەکی کوشندە تێپەڕ نابێت.

**خۆرهەڵات نیوز**: نەبوونی دیسکۆرسی هاوبەش لە نێوان پارتەکاندا، بەپێی ئەو لێک نزیک بوونەوەی خەڵک کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، ئەوەمان پێدەسەلمێنێت کە لە کۆمەڵگای ئێمە، خەڵک لە پارتەکان پێشکەوتووترن، واتە بە پێچەوانەی وڵاتانی دی لە کۆمەڵگای ئێمەدا پارتەکان پاشکەوتوون و ئەمەش دژ بەو بەها مۆدێرنانەیە کە ئەورۆ باڵی بەسەر کۆمەڵگادا شۆڕ کردۆتەوە، ئایا ئەمە تراژیدیایەکی سیاسی نییە بۆ بەرەو قەیران بردنی دۆزی کورد؟

**وڵام**: بەڵێ وایە. بە داخەوە حیزبەکانی ئێمە لە خەڵکەکەیان وەدواکەوتوون، بەڵام ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە کە ئەم حیزبانە یا خود حیزبێکیان دەبوو پێشەنگی خەڵک بوویاین یا بڵێم وەک پێشتریش ئاماژەم کرد من لە جێدا بڕوام بە حیزبی پێشەنگ نیە. ئەو چەمکە یەکەم جار لەلایەن لێنینەوە هاتە ئاراوە و تەنیا بۆ ڕەوایی بەخشین و پاساو هێنانەوە بۆ حیزبی کۆمۆنیست بوو کە لەلایەن کەسانێکی وەک پۆلخانۆفەوە کەوتبووە بەر رەخنە.

ئەوان دەیانگوت هوشیاریی چینایەتی کۆمەڵگای ئێمە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە شۆڕشی پرۆلیتاریایی تێدا بکرێت. ئەم بۆچوونە کە بڕوای بە گوران و پێگەیشتنی سروشتی کۆمەڵگابوو بە فوتابخانەی خۆرسکی ( spontaneity

school) ناسرا بوو. لێنین لە بەرامبەر ئەمانەدا رۆڵێکی پێشەنگی بە حیزبی کۆمۆنیست دەدا کە کرێکارو وەرزێرەکان بۆ شۆڕش پەروەردە دەکات و پێویست ناکات کە چاوەڕوانی شۆڕشی بورژەوازی بکرێت و ئینجا بوار بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریایی خۆش ببێ، واتە پرۆلیتاریایەکی چووکەی هوشیار دەتوانێ پێشەنگایەتی هەموو چینی کرێکار بکات و پێش ئەوەیکە سەرمایەداری بە قۆناغی گوڕان و پێگەیشتوویی بگات، شۆڕشی پرۆلیتاریایی بکات. بۆیە پێشەنگ بوونی حیزب بەتەواوەتی چەمکێکی مارکسیست ـ لێنینیستییە. بەڵام حیزب لە پێناسەی خۆیدا و لە هەموو روانگەکانی دیکەوە شتێکی دیکەیە. چ لە روانگەی نۆرمییەوەو چ لە روانگەی تەوسیفیەوە حیزب پێناسەیەکی دیکەی هەیە.

بە کورتی حیزب دەبێ لەگەڵ خەڵکدابێ، واتە حیزبەکان زمانحاڵی نۆرم، بەها، بڕوا، ئارمانج و ئەولەوییەتەکانی خەڵکن کە لە چوارچێوەی رێباز و پرۆگرام و سیاسەتەکانیاندا دەیانگونجێنن، حیزبەکان پردێکن لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا کە خواستە جۆربەجۆرەکانی خەڵک یەکدەخەن و بەشداریی جەماوەری دەکەن بە بەشدارییەکی رێکخراو وئامانجدار. بوونی حیزبەکان پێش بە دیسپۆتیزمی ژاکۆ بۆنی و دیسپۆتیزمی تاکەکەسی دەگرێت، بەڵام دەبینی حیزبەکانی ئێمە لە گەڵ خەڵکدا نین، ئارمانج و ئەولەوییەتەکانی خەڵکی ئێمە گۆڕاون، کەچی حیزبەکانی ئێمە هەر لەجێی خۆیاندان و بگرە پاشەکشەشیان کردووە، پێشتر ئاماژەم بە نموونەکانی دا بۆیە چیتر باسیان ناکەمەوە. دیسکۆرسی هاوبەشیان نیە لەبەر ئەوەیکە هەموو خۆیان بە حیزبی پێشەنگ و سەرەکی و جەماوەری دەزانن.

**خۆ ئەگەر پێشەنگ بوونیشمان قبووڵ بێت ئەوە پێویستی بە پەروەردە هەیە.**

لینین باس لە پەروەردەی شۆڕشگێرانە و بژاردەیەکی هوشیار دەکات کە خەڵک تێدەگەیەنن، پەروەردەیەک کە لە لای حیزبەکانی ئێمە زۆر لاوازو سەرەتاییە. پەروەردەی کۆمەڵگای ئێمە زۆر پێشکەوتووترە لەو پەروەردەیەی فێرگەکانی حیزبەکانمان، باس لە بژاردەیەکی هوشیار دەکات کە دەکەوێتە پێش خەڵک و لەماف و ئازادییەکانیان تێیان دەگەیەنێت، دەی تۆ چاو لەو بژاردەیە بکە لە حیزبەکانی ئێمە دان و رێبەری خەڵک دەکەن، کارەساتە، برادەر باس لە مافی نەتەوایەتی خەڵکەکەی دەکات کە چی هێشتابۆ خۆی جیاوازی قەوم و نەتەوە نازانێ، باس لە خەباتی دیموکراتیک دەکات لە کاتێکدا دەڵێ هیچ بۆچوونێکی جیاواز بە فەرمی ناناسم، باس لە سوسیالیزم و مافی کرێکاران و شۆڕشی پرۆلیتاریایی دەکات کە چی ئاوڕێک لە کۆمەڵگاکەی ناداتەوە کە یەک لە سەدیشی کرێکار تێدا نیە و... بەداخەوە ئاستی تێگەیشتنی ئەم بژاردانە!! زۆر لە ئاستی هوشیاری خەڵک نزمترە. پێکهێنانی حیزبی جەماوەری بە بێ پەروەردە کارەساتی لێدەکەوێتەوە، واتە بە بێ پەروەردە لە سەر بەستێنی کۆمەڵێک جیاوازیی خێڵەکی، ئایینزایی و ناوچەیی حیزبێکی جەماوەری دروست دەبێ کە دواتر دەبێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی خێڵەکی و ناوچەیی.

حیزبـەکانی ئێمـە ئێستا وان. بـاس لـە خـەباتی نەتەوایـەتی و تەنانـەت چینایـەتیش دەکـەن لـە کاتێکدا ئەگـەر چـاو لـە ململانێیە نێوخۆییەکانیان دەکەی بەشێکی خێڵەکی و ناوچەییە، ململانێی هەورامی و سۆرانی و کورمانجی یا ململانێیباکووری و ناوەندی و باشووری. ئەمەیە ئەو کارەساتەی بەسەرماندا هاتووەو بەڕووی خۆماندا ناهێنین. حیزب دەبێ نوێنگەی ویست و پێویستییەکانی کۆمەڵگای سەردەم بێت نەوەک حیزبەکانی ئێمە کە هەر لـە شەستەکان(هەتاوی) و وەهمە ئایدۆلۆژییـەکانی خۆیاندا دەژین. بۆیە ئەمە تراژدیایەکە دۆزی کوردی بەرەو قەیران بردووە.

**خۆرهەڵات نیوز**: ئەتۆ بۆ خۆت لە حیزبێکی کوردستانیدای کە چی وەک کەسێکی دەرەوەی حیزب قسەدەکەی، پێت وانییە بـۆ خۆت بەشێک لەو کێشانەی، چۆن وڵامی ئەم پارادۆکسە دەدەیتەوە؟

**وڵام**: راستە مـن لـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردستـاندام، بـەڵام بابـەکورتی بۆتـان روون بکەمـەوە کـە یەکـەم: مـن وەک خـۆم قسەدەکەم نـەوەک حیـزب. دووهـەم: ئـەمن لەگـەڵ کۆمەڵێکی دیکە لـە ئەنـدامانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستـانی ئێران کـە هەستمان بەو کێشانە کردبوو بەمەبەستی ریفۆرم و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بونیادی رەوتێکی هزریمـان لـە حیزبـدا دانـا بەناوی "رەوتی ریفۆرم"، ئێمە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان خستە گەڕ بۆ ئـەوەی چارەسـەرییەک بـۆ هـەموو ئـەو گرفتـە هزری و پێکهاتەییانەی بدۆزینەوە کە پێشتر ئاماژەم پێکردن، هەوڵمان ئەوە بـوو کـە حیـزب نـوێ ببێتـەوەو لەشێرپەنجەی ئوردوگانشینی و ململانێی دەسەڵات و خێڵگەرایی وناوچەگەری رزگار بێت، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو بژاردە هوشیارەی!!! رێبـەری ئـەو حیزبـەی بەدەستەوە بـوو، خـووی بـەتاریکی گرتبـوو و لـە رووناکـایی دەترسـا، بۆیـە نـەک هـەر رێگـەی پـێ نـەداین و هاریکاری نەدەکردین، بەڵکوو بەگیانێکی بژاردە کوژییەوە کەوتنە دژایەتیمان و رێگایان لـێ گـرتین، چـی لـەو عەقڵییەتـەی دەکەی کە رۆشنفکر بە رۆشنکفر ناودەبات، ئەمە راست تەعبیرێکە یەکێک لە بژاردەکانی!! رێبەری حیزب بەکاری هێنا بوو.

بۆیە ئەو کات سەرەڕای هەموو هەوڵ و ماندووبوونمان دەستکەوتەکانمان زۆر کـەم بـوون. بـەڵام ئێسـتا و لـە دوای لـەتبوونی ئەو حیزبە، کە ئەو لەتبوونەش راست دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی باسم کردن، بەشـی هـەرەزۆری رەوتـی ریفـۆرم لـە گـەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتین، بۆیە دەڵێم بەشی هەرەزۆر چونکە دوو سێ کەسێکمان بڕیاری وازهێنان لە حیزبیـان دا کە بەخۆشییەوە هـەر پێوەنـدیی هزریمـان لەگـەڵیان هەیـە و بـەردەوام ئـاڵ وگـۆڕی بیروڕایـان لەگـەڵ دەکـەین، بـێ گومـان ئەوبەشەش کە ئێمە لەگەڵی کەوتین لـەو کێشە و رابـردووەدا بەشدار بـوو، بـەڵام ئاراستەیەکی نـوێ و هیـوا بەخشـی بـۆ گۆڕانکاری تێدا دەبینرا. وەک بڵێی دەیهەوێ پێدا چوونەوەیەک بە خۆیدا بکات و قۆنـاغێکی نـوێ دەست پێبکـات. ئەمـە تـا رادەیەکی زۆر لە قسەو کردەوەیاندا دەرکەوتبوو، بۆیە ئێمە پاش وتووێژ لە گەڵیان و هەڵسەنگاندنی راوبۆچوونـەکانیان و بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە لایەنەکەی دیکە نیشانی دابوو بە تەواوەتی نەگۆڕو چەقبەستوویە، بەمەبەستی گۆڕانکاری و

دەستپێکردنی خەباتێکی نوێ لە گەڵیان کەوتین.

ئێستا ئێمە لە سەرەتای حەرەکەتێکی نوێداین. پێویستە لە بواری پێکهاتەیی، پەروەردەیی و گوتاریدا خۆمان نوێ بکەینەوە و وەرزێکی نوێ لە مێژووی حیزب و خەباتەکەماندا دروست بکەین. نەک هەر ئێمە بەڵکوو هەموو حیزبەکانی دیکەش. ئەمە گۆڕانێکی ناچاریی و لە دایک بوونەوەیەکە دەبێ ژانەکەشی قبووڵ بکەین، دەنا دەکەوینە بازنەیەکی تیکراری و خەڵکەکەشمان لە خۆمان وخەباتەکەمان ناهۆمێد دەکەین. ئێمە نابێ لە رەخنە بترسین، بەڵکوو دەبێ پێشوازی لێ بکەین و تەنانەت خۆمان رەخنە لە خۆمان بگرین، ئەمە ئێستا لە حیزبی ئێمەدا خەریکە وەک پڕەنسیپێک جێگیر دەبێت

سەرچاوە: خۆرهەلات نیوز

مانگی فێبریوێری ٢٠٠٧

---------------------------------------

## رێبەرێکی نەتەوەیی و سیاسەتوانێکی شارەزا

سەرەتا:

یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک بوونی رێبەرییەکی زانا، شێلگیرو لێهاتووە .لە شۆڕشێکی نەتەوەییش دا بوونی رێبەرییەک کە بە تەواوەتی شارەزای مافەکانی نەتەوەکەی و میکانیزمەکانی خەبات و گەمەی سیاسی بێت و شێلگیرانە داکۆکیان لێبکات، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

رێبەرێکی نەتەوەیی دەبێ پێش هەمووشتێک چەمک و دەستەواژە سیاسییەکان و چوارچێوەی حقوقیان بناسێت، واتە دەبێ بزانی دەستەواژەی نەتەوە چ پێناسەیەکی سیاسی هەیەو لەباری حقوقییەوە مافەکانی چن؟ نەک وەک هێندێک شێوە رێبەری ناشارەزا نەتوانێ سنوورە حقوقی و سیاسییەکانی قەوم و نەتەوە لێک بکاتەوە. پێویستە توانایی لێکدانەوەی دروست و راستبینانەی هەلومەرجی سیاسی و دەوروبەری بۆ دیاری کردنی میکانیزمی گونجاوی خەبات هەبێت، سنوورەکانی تاکتیک و ستراتژی لێک بکاتەوەو شارەزای گەمەی سیاسی بێت.

مێژووی شۆڕشی نەتەوەیی کوردو بزاڤە رزگاریخوازانەکەی دەیان رێبەری شارەزاو ناشارەزای ئەزموون کردوە. بەداخەوە هەبوون و هەن رێبەرانێک کە ناشارەزا لە زانستی سیاسی، چوارچێوەی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکان نەناسیوە، خوێندنەوەیەکی وردو دروستیان لە هەلومەرجی سیاسی نەبووەو هەرەمەکی میکانیزمی خەباتیان هەڵ بژاردووەو بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بێژین کەوتوونەتە نێو گەمەی سیاسییەوە. کەم نەبوون ئەو سەرۆک خێڵ و پیاوە ئاینییانەی کە بەبێ هیچ چەشنە بەکگراوەند و زانایییەکی سیاسییەوە بەهۆی هەندێک هۆکاری لاوەکی وەک پاراستنی دەسەڵات و رکەبەرایەتیی خێڵەکی یا داکۆکی لە نۆرم و بەها ئایینییەکان پەلکێشی بازاڕی سیاسەت و گۆڕەپانی خەبات کران و ئێستاش ئێمە وەک رێبەرانی شۆڕشەکەمان دەیانناسین. خەساری هەبوونی رێبەرانی لەم چەشنە کاتێک دەردەکەوێ کە بە سانایی فریو دەدرێن، بە لێکدانەوەی هەڵەی هەلومەرجی ناوەکی و دەرەکی و تێکەڵ کردنی تاکتیک و ستراتیژی و بەزاندنی هێڵە سوورە ستراتژیکە نەتەوەییەکان شۆڕش و قوربانیدانی نەتەوەکەیان لەبار دەبەن. بەڵام بێگومان رێبەرانێکیشمان هەبووەو هەن کە بە بڕواو زانایییەوە ریزەکانی خەباتیان هەڵ بژاردووەو بە هوشیارییەوە هاتوونەتە نێو گەمەی سیاسییەوە. ئەوانە رێبەڕانی نانەریتی، مۆدێرن و پێشکەوتنخوازی کوردن کە دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری شەهیدی حیزبی دێموکراتی

کوردستانیش یەکێکیانە.

**دوکتور شەرەفکەندیو شارەزایی لە مافەکانی نەتەوەکەی:**

وەک پێشتریش باسم کرد یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی رێبەرێکی لێهاتوو، شارەزاییەتی لە چەمکە سیاسییەکان و چوارچێوەی حقوقییان. ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە وەک یەکێک لە بنەماکانی رێبەری لە بەرچاو بگرین و بمانەوێ کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی شرۆڤە بکەین، دەتوانین بێژین ئەم بنەمایە یەکێک لە کاراکتەرە هەرە سەرەکییەکانی کەسایەتیی سیاسی دوکتور شەرەفکەندییە. بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش ئاماژەیە بۆ دوایین وتووێژی ئەو رێبەرە شەهیدە لەگەڵ عەلی کێشتگەر کە پووشپەڕی ١٣٧١ی هەتاوی لە رۆژنامەی "فیدایی" دا بڵاو بۆتەوە.

لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی کێشتگەردا کە دەیهەوێ بیسەلمێنێ لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانیدا دەبێ حیزبی دێموکرات تەنیا گرینگی بە دێموکراتیک بوونی بەرەکە بدات و لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد پێداگری نەکات، دوکتور شەرەفکەندی زانایانە جەخت لەسەر پێوەندی دێموکراسی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی دەکات و بایەخدان بە چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی وەک یەکێک لە مەرجەکانی سەقامگرتنی دێموکراسی و یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی دێموکراتیک بوونی بەرە ناو دەبات و دەڵێ: "ئێمە لەگەڵ هەموو پێکەوە بوونێکدا نین. ئێمە جارێک ئەوەمان ئەزموون کردوە. لە راستی دا ئەگەر شتێک نەتوانێ بە شێوەیەکی دیاریکراو وڵامدەری کێشەکانی ئێمە بێت بێ مانایەو هیچی لێشین نابێت. لانی کەم ئەوە دیاری بکەین کە لەگەڵ چ لایەنگەلێکدا هاوکاری دەکەین و ئەگەر رۆژێک ئەم لایەنانە جێی رێژیمی ئێستا بگرنەوە چییان لێ دەکەوێتەوە. ئازادی و دێموکراسی دوو وشەی قورس و ناروونن، شایش باسی لە ئازادی دەکرد، هەر ئێستا رێژیمی کۆماری ئیسلامی مەگەر بە شێوەی خۆی باس لە ئازادی و دێموکراسی ناکات.

تەنیا ئیدعای دێموکراسی کێشەکان چارەسەر ناکات. مەسەلە لە ناوەرۆکی ئەم دێموکراسییەوەیە. بۆ وێنە کەسێک حاشا لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات چۆن دەتوانێ دێموکرات بێت. بۆ هاوکاری لەگەڵ وەها هێزگەلێک هیچ هۆیەک نیە دیسان هەمان چیرۆکی رووخانی شا دووپات دەبێتەوە. من چۆن لەگەڵ هێزێکدا هاوکاری بکەم کە هەر لە ئێستاوە مافی دێموکراتیکی نەتەوەیی قبووڵ نیەو دژایەتی دەکات. کە دەبینێ ئێمە لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان هاوکاری ناکەین هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە، چونکی ئەوان لە بنەڕەت و ناوەرۆکدا نادێموکراتیکن. زۆربەی ئەو هێزانەی دیکەش کە بە رواڵەت باس لە دێموکراسی دەکەن و ناڵێن کە مەبەستیان لە دێموکراسی چیە، مەسەلەکەیان هەر بە هەمان شێوەیە. لەگەڵ وەها یەکگرتووییەکدا لە باشترین حاڵەتدا دیسان دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی شاو زۆرێک لەو کەسانەی کە

ئەمڕۆ ئیدعای دێموکراسی دەکەن لە رەزا پەهلەوییەوە بگرە تا سەڵتەنەتخوازەکانی دیکەو دێموکرات و نادێموکرات، هەر هەموویان، جیا لە گەڕانەوە بۆ سیستمێکی هاوشێوەی سەردەمی شا ئامانجێکی دیکەیان نیە. ئەوە چ قازانجێکی هەیە لە دوای ئەو هەموو رەنج و کوێرەوەرییە دیسان بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە بووین؟ ئەگەر بڕیار وایە گۆڕانێک بێتە ئاراوە دەبێ لانیکەم چەند هەنگاوێک بەرەو پێش بێت" (٢) خاڵێکی دیکە کە لەم قسانەدا دەردەکەوێ کاراکتەری شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازبوونی دوکتور شەرەفکەندی. وەک دەزانین شۆڕشی راستەقینە گۆڕانێکی بەرەو پێشە، واتە هەموو گۆڕانێک ناتوانێ پەسندی شۆڕش و مرۆڤی شۆڕشگێڕ بێت، بەڵکوو بێ ئەم لاو ئەولا دەبێ هەڵگری تایبەتمەندیی نوێبوونەوەو پێشکەوتنخوازی بێت. کەوابوو وەک رێبەری شەهید ئاماژەی پێدەکات، گۆڕانێکی پاشڤەڕۆیانە کە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد دەستەبەر نەکات، تەنیا بەفیڕۆ چوونی خەبات و تێکۆشانەو هیچ قازانجێکی نابێت.

بۆچوونی دوکتور شەرەفکەندی سەبارەت بە میکانیزمی خەبات:وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی رێبەرێکی مۆدێرن ئەوەیە کە لە دیاری کردنی میکانیزمی خەباتدا راستبینانە هەلومەرج و بارودۆخی دەوروبەر هەڵ دەسەنگێنێت و بەبێ ئەوەی سنووری تاکتیک و ستراتیژی تێکەڵ بکات، میکانیزمی گونجاو هەڵبژێرێت. بۆ وێنە لە هەلومەرجێکدا کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ هەیە ئاگری شەڕی چەکداری هەڵ ناگیرسێنێت و بە پێچەوانەشەوە لە کەش و هەوایەکی داخراوو میلیتاریزە کراودا ساویلکانە ناکەوێتە نێو وەهمی خەباتی مەدەنی و خەباتی چەکداری رەد ناکاتەوە. لەو بارەوە دوکتور شەرەفکەندی لە هەمان وتووێژدا دەڵێ: "لە راستیدا کێشەی حیزبی دێموکرات و هیچ حیزبێکی دیکە چالاکیی چەکداری و کوشتن و بڕین نیەو ئەمە تەنیا میتۆدێکە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ رێژیم. لە راستیدا ئەوەیکە رێژیم ئیزن بە هیچ شێوە تێکۆشانێکی سیاسی و راشکاوانە نادات و هەرشێوە چالاکییەک بە توندی سەرکوت دەکات. یان دەبێ واز لە تێکۆشان بێنی یان دەبێ بەرنگاریی بکەیت. ئێستا کە هێرشی رێژیم، هێرشێکی نیزامییە، بەرنگاریی ئێمەش نیزامی و چەکدارییە. بەڵام شتێکی روون و ئاشکرایە هەرکات حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک بتوانێ بەشێوەی یاسایی چالاکی بنوێنێ و نەکەوێتە بەر تورەیی و سەرکوتی رێژیم، هۆیەک بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی چەکداری نامێنێ. ئێمە ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین تاکتیک وڵامی تێکۆشان و داواکانمان سەرکوت و توندوتیژی بێت، بە شێوازی چەکداری بەرنگاری لە خۆمان نیشان دەدەین .(٣)."

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە دوکتور سەعید زۆر زانایانە هەلومەرجی خەبات دەخوێنێتەوە و پۆتانسییلەکانی رێژیم بۆ قبووڵی خەباتی ناتوندوتیژ لێک دەداتەوە. بۆیە چالاکی چەکداری وەک تاکتیکێک بۆ ئەو قۆناغە لە خەبات دەست نیشان دەکات.

**دوکتور شەڕەفکەندی لە نێوان گەمەی سیاسیدا:**

**چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونەوەی دوکتور سەعید لەگەڵ کێشە سیاسییەکان و لێکدانەوەکانی لەسەر سیاسەتە فەرمییەکانی حیزب و بەگشتی خوێندنەوەی وردو شرۆڤەی زانایانەی لەسەر گەمە سیاسییەکان، سیمای رێبەرێکی بلیمەت و لێوەشاوەی پێ بەخشیبوو.**

**رێبەرێک کە بە لێوەشاوەییەوە هاوکێشە سیاسییەکان بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی کوردو ستراتیژییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی راڤە دەکات.**

**لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە قسەکانی دەکەم لە هەمان وتووێژ لەگەڵ عەلی کێشتگەردا:**

**دوو مەسەلە لە ئارا دایە، یەکیان سیاسەتی ئێمە لەگەڵ هەر شێوە رێژیمێک و، یەکیشیان سیاسەتی ئێمەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەلایەک دێموکراسی بۆ ئێران و لەلایەکی دیکەش خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە. ئامانجی حیزبی دێموکرات سەقامگیر بوونی دێموکراسییە لە ئێران و بە بۆچوونی ئێمە خودموختاری لە کوردستانی ئێران ئاکامی ئەم دێموکراسییە دەبێ. بەو واتایەی کە ئەگەر دێموکراسی بە مانای دەسەڵاتی خەڵکی بێت و ئەوەیکە خەڵک سەبارەت بە هەرکێشە یەک کە پێوەندی بە خاک و نیشتمانی خۆیانەوە هەیە بڕیار بدەن). کاتێک کە دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا سەقامگیر بێت، دابەزاندنی ئەم دێموکراسییە لە کوردستانی ئێران لە فۆرمی فیدراڵدا دەبێت. کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە، سەقامگیر بوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەک کە هەموو خەڵک بتوانن راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئازادانە دەربڕن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم دێموکراسییە لە کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان بە شێوەی رەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتیی ئەوان خۆی دەنوێنێ. تا ئێستا ئێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاری دا راگەیاندوە، بەڵام ئەوکات (لە داهاتوودا) خۆیان (نەسلەکانی دیکە) دیاری دەکەن ویستەکانیان بە چ شێوەیەک دەبێت."(٤)**

"

**ئێمە ئێرانمان پێ وڵاتێکی فرە نەتەوەیە... لەوانەیە رێچارەی گشتی بۆ ئێران سیستمی فیدراتیو بێت، کە تێیایدا سەرجەم نەتەوەکان خاوەنی مافی تایبەتی خۆیانن... بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژوویی و عادەتی رەسمی کە لە ئێراندا هەیە قبووڵ کردنی مافی نەتەوایەتی (جیا لە فارسەکان) لە بیروڕای ئێرانی ئەمڕۆدا تا رادەیەک دژوار دێتە بەرچاو. هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر قەرار بێت سەبارەت بە (بۆ وێنە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران)، شوێن و ناوچەکانی**

دیکەی ئێران وەک: ئیسفەهان، شیراز، تاران و هتد بڕیار بدەن چونکی نەتەنیا مەسەلەکەیان بۆ دیار و ئاشنانیە بەڵکوو شتێکە بە پێچەوانەی رەسم و عادەت، لە باشترین حاڵەتدا راو بۆچوونی لە سەر نادەن یان ئەگەری ئەوە هەیە دژایەتی دەکەن. کەوابوو بە کورتی دەبێ بڵێم، سەبارەت بە وەیکە خەڵکی کوردستان بیانەوێ لە ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا بمێننەوە یا نا، تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ."(٥)

"

من پێموایە رووناکبیری ئێرانی دەبێ خۆی لەم چوار چێوەیە دەرباز بکات و لەو توێکڵە خۆی دەرهاوێ و دوگم بوون وەلا نێت، تابۆکان بشکێنێ. هەر ئێستا سەبارەت بە ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان، رووناکبیران و کەسانی دێموکراتی ئێرانی داوامان لێ دەکەن تەواویەتی ئەرزی و ئەم جۆرە شتانە (کە هەر هەمویان قسەی شا بوون) قبوڵ بکەین.... ئەوە کوێی دێموکراتیکە کە ئێوە لە پێشدا ناچارمان دەکەن تابۆ و چوار چێوەیەک قبوڵ بکەین. ئەوە هەمان زۆرەملییە. پێمان دەڵێن لە ئێراندا ستەمی نەتەوایەتی نەبووە و ئەوەی هەبووە ستەمی گشتی بووە. ئێمە دەڵێین نا، جیا لە ستەمی گشتی ستەمی نەتەوایەتییش هەبووە. ئەوە ستەمی نەتەوایەتییە کە منی کورد هەر لە منداڵییەوە ناچار دەکرێم بە زمانی فارسی پەروەردە بم و تەنانەت لەم قۆناغەشدا ناتوانم دوو وشە بە زمانی خۆم (کوردی) بنووسم... رووناکبیری ئێرانی هەروەک چۆن بە روانینێکی دێموکراتیکانەوە چاو لەو وڵاتانەی دیکە وەک کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو و یوگۆسلاوی و هتد دەکەن. سەبارەت بە ئێرانیش دەبێ هەروا بیر بکەنەوە و تێ بگەن کە پێکهێنانی وڵاتێک و ژیان لە چوار چێوەیەکی جوگرافیاییدا تەنیا لە رووی ویست و مەیل و هەستێکی قوڵ و ئارەزوومەندانەوە مسۆگەرە، نەک لەرووی زەخت و چوار چێوەیەکی لە پێشدا دارێژراوەوە."(٦)

**ئاکام:**

لە ئاکامی ئەم وتارە و کۆی باسەکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە رێبەری شەهید د. شەرەفکەندی، رێبەرێکی ستراتیژیست، شارەزا لە گەمەی سیاسی، دێموکرات و نەتەوەیی بووە، هەروەها د. سەعید خەباتگێڕێکی چەپە، بەڵام چەپ بە واتای نوێخواز و گۆڕانخواز، وەک لە بۆچوونە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکاندا دیارە چەپ بوون لە لای د. سەعید زۆر دوورە لە چەپ بوون بو واتا مارکسیستییەکەی. ئەو شۆرشگێڕێکی نەتەوەیی و دێموکرات بوو، خوێندنەوەشی بۆ کێشەی نەتەوەیی و دێموکراسی بەتەواوەتی لە خوێندنەوە مارکسیستییەکان جیاوازە. راستییەکانی کەسایەتیی د. سەعید و تایبەتمەندییە بەرزەکانی لە ژێر سێبەری هەبوونی گەورە رێبەری مێژووی کورد د. قاسملوو دا بە تەواوەتی بۆ خەڵک روون نەبوونەوە و سەد حەیف و مەخابن کە پاش شەهید بوونی د. قاسملووش، تەنیا ماوەیەکی کورت ژیا و نەیارانی ئازادی و دێموکراسی شەهیدیان کرد. بەڵام بەو حاڵەشەوە لێکدانەوە و شرۆڤەی کەسایەتیی د. شەرەفکەندی بابەتێک نیە لە وتارێکی ئەوتۆدا

بگونجێت، بەڵکوو ئەو تەنیا ئاماژەیەکی کورت بە هێندێک لە کاراکتەرەکانی کەسایەتیی ئەو رێبەرە شەهیدە بوو.

یادی بەرز و رێگای پڕ رێبوار بێت

پەراوێزەکان:

١- شەرەفی، سمایل . شەرەفکەندی سیمای شۆرشگێڕێکی نەتەوەیی، ل ٧٥ و ٧٦
٢- هەمان سەرچاوە . ل ٨٤
٣- هەمان سەرچاوە . ل ٦٦ و ٦٧
٤- هەمان سەرچاوە . ل ٦٨
٥- هەمان سەرچاوە . ل ٦٩
٦- هەمان سەرچاوە . ل٧٣ و ٧٤ و ٧٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

-----------------------------------------

# فەرمانی جیهاد یا تەکفیرو ئەنفالی نەتەوەیەک

(بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی نەتەوەی کورد)

## سەرەتا:

بابەتی ئەم وتارە شرۆڤەیەکی کورتی ئەو عەقلییەت یا ڕوانگەو ئایدولوژیایەیە کە لە پشت دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بووەو هەنووکەش لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی پاشڤەڕۆی ئایدۆلۆژیکدا بۆتە پاساودەری چەوساندنەوەو کۆت کردنی نەتەوەیەک. بۆ دەسپێکی باسەکە پێویستە ئاماژەیەک بەواتاو نێوەرۆکی هێندێک چەمکی وەک جیهاد، تەکفیر، ئەنفال و دەستەواژەگەلێکی پێوەندیدار بەوانەوە بکەین کە سروشت و گەوهەرێکی سیاسی بە ئیسلام دەبەخشن و وەک بابەتی دەسەڵات و حکوومەت وێنای دەکەن ئینجا بەراوردێک بکەین لە نێوان ئەرک (فۆنکسیۆن)و واتای ئەو چەمکانە لەگەڵ فتوای جیهادی خومەینی و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد.

### جیهاد، غەزوە، ئەنفال و تەکفیر:

جیهاد لە واتای ئایینی و قورئانییەکەیدا بۆ خەبات لە دژی حەزو ئارەزووە دەروونییەکانی خودی مرۆڤ بەکار دەچێ کە زیاتر لایەنێکی عیرفانی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیهاد جگە لەم شێوە خەباتە دەروونییە کە بە پێی وتەیەکی پێغەمبەری ئیسلام بە جیهادی گەورە ناسراوە، خوێندنەوەیەکی دیکەشی لێکراوەو شێوازێکی دیکەشی هەیە بە ناوی جیهادی بچووک کە تەعبیر لە شەڕی دژ بە نەیارانی ئیسلام یا نامۆسڵمانەکان دەکا. دەتوانین جیهادی بچووک یا شەڕی دژ بە مرۆڤە نامۆسڵمانەکان کە بابەتی باسەکەی ئێمەیە لە دوو قۆناغی مێژوییدا شرۆڤە بکەین. یەکەم قۆناغی سەرەتایی دەسەڵاتداریێتیی ئیسلام واتە بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلام لە شاری مەدینە دایە کە زیاتر شەڕەکانی ئەم قۆناغە لە ژێر ناوی ((غەزوە))دا پێناسە دەکران، بۆیە دەڵێم قۆناغی بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلام لە شاری مەدینە، چونکە بەر لەوەو لە کاتێکدا کە موسڵمانەکان لە شاری مەککە بوون دەسەڵاتی سیاسییان بە دەست نەبووو هیچ چەشنە فەرمانێک سەبارەت بە شەڕو بەربەرەکانێی چەکدارانە دژ بە ناموسڵمانەکانی قورەیش نە لە ئایەتەکانی قورئان و نە لە قسەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا بەدی ناکرێ بەڵکوو مەبەست لە جیهاد لەو سەردەمەدا زیاتر جیهادی دەروونی و خۆ پاقژ کردنەوەیە لە حەزو ویستە دنیاییەکان.

لە هەموو دۆکیۆمێنتە مێژووییەکانی سەبارەت بە ئیسلامدا شەڕەکانی پێغەمبەر دژ بە نەیارانی وەک غەزوە ناودێر کراون و ئەگەر هێندێک شەڕیش پێغەمبەری تێدا بەشدار نەبووبێ بە ((سریە)) ناویان لێ براوە. واتە غەزوەکان هێماو فۆرمی راستەقینەو بەرهەستی جیهادی بچووک یا سیاسین. هەر چەند پاساوی سەرەکیی شەڕەکانی پێغەمبەر، خەبات لە رێگەی خودا و دینی خودادا بووە، بەڵام بوونی هاندەری ئابووری وەک سەرەکیترین پاڵنەری ئەم شەڕانە، راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بۆ نموونە لە دوو شەڕی گەورەی مۆسڵمانەکان واتە شەڕەکانی ((بەدر)) و ((ئۆحۆد))دا، بوونی هاندەری ئابووری وەک هاندەری سەرەکی تەواو روون و ئاشکرایە. لە شەڕی بەدردا موسڵمانان بۆ تاڵانکردنی کاروانی گەورەی بازرگانیی قورەیش و دەسکەوت و دەرباز بوون لە دۆخی نالەباری ئابووریی خۆیان لە مەدینە بۆسەیان بۆ کاروانەکە داناو تاڵانیان کرد لە شەڕی ئۆحۆدیشدا هۆکاری سەرەکیی شکستی مۆسڵمانەکان هەڵەو پەلەپەلی کەماندارەکان بوو کە بۆ کۆکردنەوەی دەسکەوت و بێبەش نەمان لە تاڵانەکەدا، شوێنە ستراتیژیکەکانی خۆیان بەجێ هێشت. کە وابوو لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێک لە سەرەکیترین پاڵنەرەکانی غەزوەکان یا جیهادی بچووک، هاندەری ئابووری و دەسکەوت یا ئەنفال بووە. ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە بەواتای دەسکەوت کە لە قۆرئاندا تەعبیر لەو دەسکەوتانەی دەکا کە موسڵمانەکان لە شەڕەکاندا بەدەستیان دەهێناو بۆیان هەبوو کەڵکی تەواویان لێ وەربگرن. دیارە ئەم شێوە شەڕ کردنانە لە پێناو دەسکەوت یا ئەنفالدا تایبەت بە سەردەمی ئیسلام نیەو درێژکراوەی کولتووری خێڵەکیی عەرەبەو رەگی لە شێوەی ژیان و ئابووریی خێڵەکیدا هەیە کە لە سەر بنەمای راورووت بنیاد نراوەو پشت بە شەڕو تاڵان دەبەستێ، کەوابوو ئەنفال یا دەسکەوتی ماددی هاندەرێکی سەرەکی و یەکێک لە رەهەندە بیچمدەرەکانی غەزوەکان یا جیهادی بچووکە.

قۆناغی دووەم پاش ئەوە دەست پێدەکا کە پێغەمبەری ئیسلام کۆچی دوایی دەکاو بە هۆی ململانێی دەسەڵاتەوە خوێندنەوەی جیاواز لە حەقیقەتی ئیسلام و بڕوای ئیسلامی دێنەگۆڕێ. ئەم جیاوازی و ناکۆکییانە دواتر لە چوارچێوەی چەمکی ((تەکفیر))دا تیۆریزە دەکرێن و لە شەڕوپێکدادانی چەکدارانەدا دەچنە قۆناغی پراکتیکەوە. تەکفیر واتە بە کافردانان لەو کاتەوە دەبێتە چەمکێکی گرینگ و بابەتێکی جێگەی سەرنج کە لایەنە جۆراوجۆرە ئیسلامییەکان بە خوێندنەوەیەکی رەها لە حەقیقەتی ئیسلام و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، ئاکارو تێگەیشتنی خۆیان لە ئیسلام بە تاکە رێگەی راست و حەقیقەتی رەها دادەناو ئەوانی دیکەیان بە لادەر لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام و کافر لە قەڵەم دەدا، واتە تەکفیریان دەکردن. لە راستیدا تەکفیر پاساوێکی ئایدۆلۆژیکی ئایینی بوو کە رەوایی بە شەڕو کوشتاری بڕوامەندان و مۆسڵمانانی جیابیر دەدا. ئەمەش راست بە پێچەوانەی ئەو خوێندوەیە لە جیهادو غەزوە بوو لە سەرەتای ئیسلامدا کە تەنیا شەڕ کردن لە دژی نەیارانی ئیسلام و ناموسڵمانەکانی بەڕەوا دەزانی. بە دروست بوونی ئایینزاکانی شێعەو سوننی و ئەو لک و بەشانەی لێیان جیا بوونەوە، تێزی تەکفیر پتری پەرە ئەستاندو ناکۆکی و بەرەوڕوو بوونەوەکان رەنگێکی توندتریان بە خۆوە گرت. لە سەردەمی ئێستادا چەمکەکانی جیهادو تەکفیر سەرەکیترین ژێرخانی ئیسلامی سیاسی و

بناژۆخوازیی ئیسلامی پێک دێنن.

لە تەنیشت ئەم چەمکانەدا بابەتێکی دیکە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ و دەتوانێ وەک بەڵگەیەک سەلمێنەری گریمانەی باسەکەی ئێمە بێ، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی موسڵمانەکان یا باشترە بێژین بۆچوونی بیرمەندانی ئیسلامی لە سەر بابەتی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی سیاسیی مۆسڵمانەکان لەگەڵ نامۆسڵمانەکان و بەشدار کردنیانە لە سیاسەت و دەسەڵاتدا، ئینجا بەراورد کردنی ئەو بۆچوونانە لەگەڵ سیاسەت و پراکتیکی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. توێژەری کورد ((شێرکۆ کرمانج)) لە کتێبی ((بە سیاسی کردنی ئیسلام))دا بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە و دۆکیۆمێنتی بیرمەندانی ئیسلامی، لەو بوارەدا نموونەگەلێک دەخاتە روو کە لێرەدا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەم:

((ماوردی کە باس لە رۆڵی غەیرە موسڵمانان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا دەکا، جەخت لە سەر ئەوە دەکا، کە غەیرە موسڵمان بۆی هەیە پۆستی باڵا بۆ نموونە وەزیر، وەرگرێ بە مەرجێک ئەرکەکانی لە بواری (کەتەگۆری) جێبەجێکردن تێ پەڕ نەکا. کەچی ئیبنی تەیمییە ئەو رۆڵەش بە شایستەی غەیرە موسڵمان نابینێ... و رێگە بە غەیرە موسڵمانان نادا هیچ پۆستێکی سیاسی یا سەربازی وەربگرن)).(١)

((حەسەن بەننا لەو باوەڕەدایە، هیچ پۆستێکی گرنگ نابێ بدرێ بە غەیرە موسڵمانەکان، چونکە وەک خۆی گوتەنی، لەوانەیە ببێتە مایەی زیاد بوونی هێزو دەسەڵاتیان.)) (٢)

((قەرەزاوی لەو باوەڕەدایە، ژمارەی غەیرە موسڵمانان و ژنان لە پارڵەماندا هەرگیز نابێ لە زۆرینە تێپەڕ بکاو رۆڵی یاسادانانیشیان نابێ بە هیچ جۆرێک پێ بسپێردرێ.)) (٣)

لێرەوە دەچینە نێو بابەتی بەراورد کردنی ئەو بۆچوون و چەمکە ئیسلامییانە لەگەڵ گەوهەری سیاسەتەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت فتوای جیهادی خومەینی دژ بەو نەتەوەیە.

**فتوای جیهادی خومەینی و سیاسەتەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە کورد:**

لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا خومەینی رێبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران فتوای جیهاد دژ بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەردەکاو دوابەدوای ئەوە رێژیمی ئیسلامی ئێران بە هەموو هێزی خۆیەوە هەڵ دەکوتێتە سەر نیشتمانی کوردو خاکی کوردستان دەکاتە گۆڕەپانی شەڕێکی داسەپاوی داگیرکەرانە کە بە هەزاران رۆڵەی کوردی تێدا بوونە قوربانی و کوردستانیش بوو بە کۆلۆنیی دەسەڵاتێکی داگیرکەری بیانی. لەو کاتەوە تا ئێستا سیاسەتەکانی رێژیمی ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کورد درێژەی هەمان عەقڵییەتی پشت فتوای جیهادو ستراتێژیی کۆلۆنیالیستانەی رێژیمە لە کوردستان دا.

وەک لە پێشدا باسم کرد، جیهاد لە واتای غەزوە یا جیهادی بچووک لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەری ئیسلام دا تەنیا بۆ شەڕو بەربەرەکانێی نەیارانی ئیسلام یا ناموسڵمانەکان رەوا بووە، نەک بۆ لێدانی باوەڕداران و موسڵمانەکان کەچی لە قۆناغی پاش پێغەمبەردا بە هۆی خوێندنەوەی جیاواز لە ئیسلام و هاتنە ئارای هێندێک چەمکی وەک لادەر لە ئیسلام و تەکفیر کردنی بڕوامەندانی جیابیر، رەوایی بە شەڕو جیهادی دژ بە بڕوامەندانی جیابیر دراو مەملەکەتی ئیسلامی بوو بە شانۆی دەیان و سەدان شەڕو بەربەرەکانی لە نێوان موسڵمانەکان دا. کەوابوو کاتێک کە رێبەرێکی ئایینی و سیاسیی وەک خومەینی فتوای جیهاد لە دژی کورد دەردەکا پشت بە هەمان لۆژیکی قۆناغی پاش سەردەمی پێغەمبەر دەبەستێ و بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاوی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان موسڵمانی سوننین و هێندێکیش باوەڕدارانی یارسانین، بە تەکفیر کردنیان فەرمانی کوشتارو لەنێوبردنیان دەردەکا. بەم شێوەیە خومەینی کارەکتەرێکی ئایینی بە سیاسەتی کۆلۆنیالی و داگیرکەرانەی حکوومەتەکەی دەداو تەکفیری کوردان و لادانیان لە رێبازی راستەقینەی ئیسلام دەکاتە پاڵپشت و پاساوی سەرکوتی بێ بەزییانەی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد. بۆیە دەتوانین بێژین هەرچەند کە شەڕی خومەینی و کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا دژ بە شوناس و ویستە رەواکانی نەتەوەی کودر بوو بەڵام بە دەرکردنی ئەو فتوایە بەرگێکی ئایینی بە بەر ئەو شەڕە داسەپاوەدا دەکاو رەوایی بەو هەموو تاوان و کوشتارە دەدا کە پاسدارانی رێژیم و خوێنمژانێکی سادیستی وەک خەڵخاڵی و لاجەوەردی لە کوردستاندا بە ئاکامیان گەیاند.

وەک وتمان فتوای جیهاد لە دژی باوەڕداران و موسڵمانانی جیابیر لە مێتۆدەکانی ئایینی ئیسلام دا، سەرەتا پێویستیان بە تەکفیر کردنیان هەیە، کەوابوو هاوکات لەگەڵ دەرکردنی فتوای جیهاد لە دژی کوردان، تەکفیریش کراون و بە لادەر لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام و کافر لە قەڵەم دراون بەڵام ئاماژەم بە چەمکێکی دیکەش کرد کە پێوەندییەکی گەوهەری و

دانەبڕاوی بە چەمکی جیهادەوە هەیە، ئەویش چەمکی ئەنفال بوو. چونکە بە پێی بەڵگەنامەکانی ئایینی ئیسلام و بە تایبەت قورئان، دەسکەوتەکانی غەزوەکان یا بێژین جیهاد بۆ موسڵمانانی جیهادی، ئەنفالن و بۆیان هەیە کەڵکی تەواویان لێ وەربگرن کەواتە دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی ناڕاستەوخۆ دەرکردنی فەرمانی ئەنفالی خەڵکی کوردیش بووەو ڕێگەی بۆ تاڵان و کوشتاری ماڵ و گیانی خەڵکی کورد بە رووی پاسدارە بەناو جیهادچییەکانیدا دەکاتەوە. بۆیە دیتمان و دەبینین کە ماڵ و گیان و نامووسی تاکەکانی کورد بە هەموو شێوەیەک و بە بێ سنوور دەکەونە بەر شەپۆلی دەستدرێژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. کوشتاری خەڵکی سنە لە شەڕی یەک مانگە، ژینۆسایدی گوندەکانی قاڕنێ، قەڵاتان و ئینەدرقاش، ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، ئیعدام و ئەشکەنجەو دەستدرێژی کردنە سەر کوڕان و کچانی خەباتکاری کورد لە بەندیخانەکانی ڕێژیم (کە بە پێی دوایین ئامارە بڵاوکراوەکان هەنووکەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەڕێوە دەچن) و سەدان تاوانی دژە مرۆڤانەی دیکە سەلمێنەری ئەو راستییەن کە خومەینی و پاسدارەکانی نەتەوەی کوردیان بە کافر داناوەو پێشێل کردنی سروشتی ترین مافەکانی ئەو نەتەوەو سەرکوتی ویستە رەواکانیان بە جیهاد لە قەڵەم داوەو ئاخوندەکانی ڕێژیمی ئیسلا می لە ژێر ناوی جیهاددا دیماگۆگانە خەڵکی ئێرانیان بۆ شەڕو کوشتاری کوردان هانداوە.

هەروەها ئاماژەم بە بۆچوونی هێندێک بیرمەندی ئیسلامی وەک حەسەن بەننا، ماوردی، قەرەزاوی و ئیبنی تەیمیە کرد کە چ ڕێنوێنییەک دەدەن بۆ چۆنیەتی بەشدار کردنی ناموسڵمانەکان لە کاروباری سیاسی دا. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئەو بۆچوونانەو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەردەمی فتوای خومەینییەوە تا ئێستا لە کوردستان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە عەقڵیەتی تەکفیری کوردان هەتا نهاژێ هەر بەردەوامە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ڕێگە بە کوردان بە تایبەت سوننی و یارسانەکانیان نادا کە پۆستە بەرزەکانی وەک رێبەری و سەرکۆماری وەربگرن بەڵام لە دەرەوەی یاسای بنەڕەتییش، کۆماری ئیسلامی نەک لە ئاستی وەزیرو پلەو پایەی بەرزی حکوومەتی ناوەندیدا بەڵکوو لە ئاستی بەڕێوەبەریی بەرزی لۆکاڵیی ناوچە کوردنشینەکانیش دا ڕێگە بە تاکەکانی کورد نادا کە پۆست وەربگرن. لە پەرلەمانیشدا کەمترین ڕێژەیان هەیە. کەواتە چ لە ئاستی سیاسەتدارێژی و چ لە ئاستی بەڕێوەبەریدا کورد بە هاووڵاتی پلە دوو دێتە ئەژمارو وەک ناموسڵمانێک سەیر دەکرێ.

## ئاکام:

لە نێوەرۆکی ئەم بابەتە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئاخوندەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە سەروویانەوە خومەینی دیماگۆگانە بەرگی ئایین بە سەر سیاسەتی سەرکوتی خەباتێکی مافخوازانەو بزاوتێکی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی‌دا دەکەن و خەڵکی ساویلکەی دەوروبەریان بۆ شەڕو کوشتارێکی نامرۆڤانە هان دەدەن.

هەروەها تێ دەگەین کە ئێمەی کورد لە بەرامبەر چ سیاسەتێکدا جێمان گرتوەو دەسەڵات چ روانگەیەکی بەرامبەر بە ئێمە هەیە. فەرمانی جیهاد تەنیا شەڕێکی داگیرکەرانەی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو ئێمە لە هەمان کاتدا کە بڕیاری کوشتارمان دروا، تەکفیر کراوین، ئەنفال کراوین و لە ئێراندا هاووڵاتییەکی پلە دووو کەسانێکی ناموسڵمانین کە تەنیا مافی ژیانێکی سووکی ژێردەستەییمان هەیە. دوور نیە ئەگەر لە داهاتوودا داوای "جزیە"شمان لێ بکەن.

**پەراوێزەکان**:

١- کرمانج شێرکۆ، بە سیاسی کردنی ئیسلام چاپی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥، لاپەڕەی ١٦٧
٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩
٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

-----------------------------------------

# بزاڤی نەتەوەیی کورد و مێتۆدەکانی خەباتی رزگاریخوازانە

## سەرەتا:

یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ولات یا باشتر بڵێین کۆمەڵگا فرەنەتەوەییەکان هەبوونی ئاریشە و ململانێی سیاسی و نەتەوەییە لە نێوان نەتەوە بندەستەکان یا ئەو هێزو رێکخراوانەی کە تەعبیر لە ویست و خواستەکانیان دەکەن لەگەڵ نەتەوەی سەردەست یا دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتدا. ئەم ململانێیە زۆرتر یا هەر لەجێدا کاتێک سەرهەڵدەدا کە لە لایەک دەسەڵاتی سیاسی حاشا لە بوونی جیاوازییەکان و مافە پێوەندیدارەکانیان دەکات و سیاسەتی هاوچەشن کردن یا ئاسیملاسیۆن و تواندنەوەی کولتوور و شوناسی نەتەوەکانی دیکە لە کولتوور و شوناسی نەتەوەی سەردەست پێڕەو دەکات و لە لایەکی دیکەش بەرهەمی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی سیاسی و تێگەیشتنی نەتەوە بندەستەکانە لە بارەی شوناس و ماف و ئازادییەکانیان. بەم شێوە کێشەی شوناس، بیرۆکەی مافخوازی و بەرگری لە کولتوور و بوونی نەتەوە دێنێتە ئاراوە کە لە رەوتی گووران و بیچم گرتنی خۆیدا بزاڤێکی شوناسخوازنە بەرهەم دەهێنێ کە جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازیی لێ دەکەوێتەوە. واتە دەچێتە قۆناغی پراکتیکەوە و کاراکتەری گشتگیری بەخۆوە دەگرێت. جۆراوجۆری و جیاوازیی بزاڤە شوناسخوازەکان لە نێوەرۆک، ئامانج و میتۆددا، راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسیی ئەو کۆمەڵگاگەلەی کە ئەو بزاڤانەیان تێدا هەڵکەوتوون.

رادەی دەروەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی بە پرەنسیپەکانی دێموکراسی، رادەی توندبوونی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و هاوچەشن سازی، میکانیزمی رووبەروو بوونەوەی دەسەڵات لەگەڵ داخوازییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان و هەندێک پاڵنەری دیکەی وەک زەختی ئابووری و هاندەری دەرەکی، سەرەکیترین فاکتەرەکانی دارێژەری نێوەرۆک و بیچمدەری مێتۆدەکانی خەباتی نەتەوە لە بزووتنەوەی شوناسخوازیدان.

### بزاڤی کۆمەڵایەتی و بزاڤی سیاسی:

لە پێناسەیەکی کورتدا دەتوانین بێژین بزاڤی کۆمەڵایەتی بریتییە لە رێکخستنی بیچمدراوو بەرهەستی گرووپێکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی گۆڕان یا پارستنی باری ئارایی کۆمەڵگا یا پەرەپێدان و بەرگری لە هەندێک ئامانجی دیاریکراو.

سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بریتین لە گشتگیری، بەردەوامی، ئامانجی دیاریکراو، پرۆژەی پراکتیکی و ئایدۆلۆژیای رێنوێن بەڵام ئەگەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتیی وەک بزاڤی نەتەوەیی، بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و دیاریکردنی چارەنووسی کردە ئامانج، ئەوەدەم دەبێتە بزاڤێکی سیاسی و میتۆد و شێوازی تایبەت بە خۆی پێرەو دەکا.

**بزاڤی نەتەوەیی:**

بزاڤی نەتەوەیی، جووڵانەوەی شوناسخوازانەی گرووپێکی کۆمەڵگایە کە بە پێی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش وەک کولتوور، مێژوو، نیشتمان و خەمی هاوبەش، خۆی لە گرووپ یا نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری جیا دەکاتەوە. لۆژیکی بزووتنەوەی نەتەوەیی پشت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبەستێ و دەسەڵاتی خۆبەڕێوە بردن یا تەنانەت جیابوونەوە بە گەرەنتییەک بۆ پێشکەوتن و بەختەوەریی دەزانێ. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی سیاسی وەک هاوچەشن سازی، ئاسیمیلاسیۆن، چەوساندنەوە و وەپشت¬گوێخستنی جیاوازییەکان و هەروەها بەکارهێنانی میتۆدی توندوتیژ و سەرکوت لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ویست و داواکانی بزاڤی نەتەوەییدا، کارگەریی راستەوخۆیان لەسەر رادەی دوورکەوتنەوەی نەتەوەکان لە ناوەند و بەرزبوونەوەی خواستی جیابوونەوە هەیە.

**بە کورتی دەتوانین هەلومەرجە بەرهەست و دەرهەستەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوەیی بەم شێوە دەستنیشان بکەین:**

هەلومەرجە دەرهەستەکان (شرایط ذهنی): هەست کردن بە هەڵاواردنی نەتەوەیی، هەست کردن بە بێبەش بوونی رێژەیی (محرومیت نسبی)، بیروبڕوای دەمارگیرانە و شۆڤێنیستیی دەسەڵاتی ناوەندی و هەبوونی بێدادی.

هەلومەرجە بەرهەستەکان (شرایط عینی): هەڵاواردنی سیاسی - ئابووری - کۆمەڵایەتی و کولتووری، بێبەش کردن، نابەرابەری و سەرکوتی ویست و ئازادییەکان.

**میتۆدەکانی خەبات لە بزاڤی سیاسی - نەتەوەییدا:**

وەک باسمان کرد بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، میتۆدو میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەڵدەبژێ کە دەبێتە شێوەی خەباتی ئەو نەتەوەیە. ئەوەشمان وت کە هەڵبژاردنی جۆری خەبات پێوەندییەکی راستەوخۆی بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ ئەو بزاڤە و رادەی دەروەست بوونی بە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە هەیە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بڕوای بە کۆمەڵگای مەدەنی و بنەما دیموکراتیکەکان هەبێ، ئەوا بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەییش

شێوازێکی نەرم و ناتوندوتیژ دەگرێتە بەرو لە رێگای خەباتێکی ژیاری و کولتوورییەوە هەوڵ دەدات ئامانجەکانی دابین بکا. میکانیزمەکانی خەبات لەم میتۆدەدا زیاتر خۆیان لە نافەرمانی مەدەنی، پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵی کولتووری و رووناکبیریی رەخنەگر، خۆپیشاندان و مانگرتنی نارەزایی دەربڕین و کردەوە سیمبۆلیکەکاندا دەبیننەوە. ئەم میکانیزمانە نەک هەر تێکدەری دیمۆکراسی و لەژێرپێنەری یاسا نایەنە ئەژمار، بەڵکوو لە کۆمەڵگای مەدەنیدا وەک گەرەنتییەک بۆ پاراستنی دیمۆکراسی و مافی کەمینەکان لەبەرچاو دەگیرێن کە دەتوانن پێش بە سەرەڕۆیی گرووپی زۆرینە و دەسەڵاتی سیاسیی بگرن، واتە بیاڤێکی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگا چێ دەکەن لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی حکوومەتدا. گرووپ یا نەتەوەی نارازی لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و لە سیستمێکی دیمۆکراتیدا، لە ئاکامی ئەم شێوە خەباتەدا دەتوانێ رای گشتی وڵات و جیهان بۆلای خۆی رابکێشێ و دەسەڵاتی سیاسی ناچار بە پاشەکشە و رەچاوکردنی ماف و داواکارییەکانی خۆی بکا و تەنانەت لە دەرەتانێکی دیمۆکراتیکی وەک هەڵبژاردن یا راپرسیدا ویستی خۆی پراکتیزە بکا. بەڵام وەک وتمان کەڵک وەرگرتن لەم میتۆدە کاتێک وڵامدەر دەبێ کە دەسەڵاتی سیاسی و گرووپی باڵا دەست لە بەرامبەر بنەما سەرەکییەکانی دیمۆکراسیدا دەروەست بن و بە کورتی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە گۆڕێ دا بێ.

بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ئامادە نەبێ مل بۆ ماف و ویستە دێموکراتیکەکانی گرووپ یا نەتەوەی بندەست رابکێشێ و رێز بۆ هەوڵە دیمۆکراتیکەکانیان دابنێ یا لەجێدا دەرەتانی خەباتی مەدەنی و یاساییان پێنەدا، ئەوا نەتەوەی ژێردەست بۆ دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و بە مەبەستی پاشەکشە پێکردنی حکوومەت یا لانیکەم راکێشانی بیرورای گشتیی وڵات و جیهان هانا بۆ میتۆدی توندوتیژو خەباتی چەکدارانە دەبا، میتۆدێک کە رەنگە لە بەراورد لەگەڵ دەستکەوتەکانیدا ناچار بە دانی تێچوویەکی زۆر ببێ، بەڵام نەتەوەی بندەست وەک دوایین رێگا ناچار دەبێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

لە پێناسەیەکی کورتدا دەتوانین بێژین، خەباتی چەکدارانە هەوڵ و تێکۆشانێکی هوشیارانەیە لە پێناو رووخاندن یا ناسەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی دا. ئەم میتۆدە بە پێی بارودۆخی سیاسی و خەباتەکەی لە دوو میکانیزمی سەرەکی کەڵک وەردەگرێ. یەکەم شەڕی پارتیزانی و کۆمەڵێک هێرشی بەرتەسک و ئامانجدارە، ئەم شێوازە کە باوترین میکانیزمی خەباتی چەکدارانەیە زیاتر مەبەستی ناسەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و راکێشانی بیرورای گشتییە بۆ لای ئامانج و ئاریشەی نەتەوەکەی. لەو رێگایەوە هەوڵدەدا دەسەڵاتی ناوەندی ناچار بە دانوستان و رەچاوکردنی داواکارییەکانی بکا. میکانیزمی دووهەم راگەیاندنی شەڕێکی تەواو و گشتگیرە کە لە چوارچێوەی ئەرتەشێکی ئازادیبەخشدا هەوڵی رووخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی و گەیشتن بە مافەکانی خۆی دەدا. ئەم میکانیزمە بۆ گەیشتن بە ئامانج زۆربەی کات پشت بەهێزو لایەنی دەرەکی دەبەستێ.

وەک پێشتریش باسمان کرد خەباتی چەکدارانە هەڵگری تێچوویەکی زۆری گیانی و مادییە، بەڵام بێگومان لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی سیاسی نادیموکراتیک بێ و لەنەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا، کەڵک وەرگرتن لە میتۆدی ناتوندوتیژی و خەباتی مەدەنییش تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێ و دەسکەوتەکانیشی بەرچاو نابن. چونکە لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەسەڵاتی سیاسی لە وڵامی نافەرمانیی مەدەنی و نارەزایەتی دەربڕینی هێمن و شارستانییانەی خەڵک دا، پەنا بۆ ئامرازی سەرکوت و میکانیزمی توندوتیژی وەک گرتن، کوشتن، ئەشکەنجە و دوورخستنەوە دەبات و تێچووی گۆڕانکارییەکان دەباتە سەرێ ئەمەش راست بۆ نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، نەبوونی دیمۆکراسییەکی سەقامگیر و بەدامو دەزگاکراو، نەبوونی پێناسەیەک بۆ خەبات و نا فەرمانی مەدەنی لە قامووسی حکوومەت و بە گشتی نەبوونی بیاڤێکی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگا لە بەرامبەر حکومەت دا دەگەڕێتەوە.

### کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سیستمێکی جیهانی سێهەمی:

وەک لە نێوەرۆک و رواڵەتی کۆماری ئیسلامی دا دەردەکەوێ، کۆماری ئیسلامی سیستمێکی ئایدۆلۆژیکی پاشڤەرۆی تۆتالیتێرە کەلە لایەن گرووپێکی بەرتەسک یا ئۆلیگارشییەکی ئاخوندییەوە بەرێوە دەچێ و وەک زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەم نامۆ بە کولتووری دێموکراسی و بنەماکانی کۆمەڵگایەکی شارستانییە. واتە بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، رێوشوێنی دێموکراتیک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و بیروڕای جیاواز لە یاساو رێساکانیدا لە بەرچاو نەگیراوە و هیچ پێناسەیەکی روونی بۆ هەندێک چەمکی وەک دێموکراسی، رای جیاواز، مافی هاوڵاتیبوون، نافەرمانیی مەدەنی، مان گرتن و ... نیە. بۆیە میکانیزمی رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەم بابەتانە تەواو نادێموکراتیک و سەرکوتکارانەیە. لەم سیستمە دا هەڵبژاردن تەواو کۆنترۆڵ و فیلتێریزە کراوە و رێکخراوە مەدەنی و NGO کانیش تەواو لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەزگای دەسەڵات دان. ئەو NGO و رێکخراوانەش کە سەربەخۆیی هزری و سیاسیی خۆیان لە حکوومەت تا ئێستا پاراستووە بە توندی لە ژێر زەختدان و هەرجارەو بە بیانوویەک و بە شێوەیەک کێشەو ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێ. لەم سیستمە دا وەک هەموو سیستمێکی تۆتالیتێر و نادێموکراتیکی دیکە، دێموکراسی بە دام و دەزگا نەکراوەو ئۆلیگارشییەکی دەسەڵاتدار هەموو چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە پێی ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندییەکانی خۆی پێناسە و شرۆڤە دەکا و تەنیا رێگا و دەرەتانی چالاکی بەو NGO و رێکخراوانە دەدا کە پاساودەری سیاسەتەکانی بن و لە راستی دا لە لایەن مۆرەکانی خۆیانەوە بەرێوە دەچن. دەنا ئەوانی دیکە بەردەوام لە ژێر زەخت و چاوەدێریدا دەبن و تا ئاستی داخستنی تەواویش دژایەتییان دەکا.

لە سیستمی سیاسیی ئێراندا نەتەوە ژێردەستەکان وەک گرووپگەلێکی خاوەن شوناسی سیاسیی جیاواز پێناسە نەکراون و

هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتییان بۆ لەبەرچاو نەگیراوە. کۆلۆنیالیزمی کۆماری ئیسلامی هیچ دەرەتانێکی یاسایی و دیمۆکراتیکی بۆ نەتەوە بندەستەکان لەبەرچاو نەگرتوە کە لەو رێگایەوە تەعبیر لە شوناس و مافی سیاسی خۆیان بکەن و میکانیزمێکی یاسایی نیە کە لە رێگایەوە بتوانن مافی دیاریکردنی چارەنووسیانی پێدابین بکەن. بۆیە لە سیستمێکی ئەوتۆدا دەست بردنی نەتەوەکان بۆ میکانیزمێکی توندوتیژی وەک خەبات و بەرگریی چەکدارانە بابەتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە. لە راستیدا هەڵبژاردنی میتۆدی خەبات و بەرگریی چەکدارانە لە لایەن نەتەوەیەکی بندەستی وەک کوردەوە بۆ پاراستن و داکۆکی لە مافەکانی لە چوارچێوەی ئێرانێکی نادیموکراتیک و دیکتاتۆری لێدراودا تەنیا دژکردەوە و وڵامێکی لۆژیکی بووە بە سیاسەتەکانی هاوچەشن سازی، ئاسیمیلاسیۆن، ژینۆسایدی جەستەیی و کولتووری، چەوساندنەوە و سەرکوتی ماف و ئازادییە دیمۆکراتیکەکانی لە لایەن دەسەڵاتەوە.

کەوابوو خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد رەوایی خۆی لەو بارودۆخە کارەساتبارە وەردەگرێ، نەک لە ویست و ئارەزووی کۆڕو کۆمەڵێک بژاردە یا سیاسەتێکی نێودەوڵەتییەوە. بێگومان هەر چەشنە لێکدانەوەیەکیش سەبارەت بەم میتۆدە لە خەباتی نەتەوەی کورد بکرێ، دەبێ هەموو ئەو بارودۆخ و فاکتەرانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن تێیدا لەبەرچاو گیرابێ، دەنا لێکدانەوەیەکی ئابستراکت و خوێندنەوەیەکی رەها دەبێ کە لە سنووری رۆژنامەو ماڵپەڕەکان و گەنگەشەیەکی رووناکبیرانە ناترازێ و هیچ باندۆرێکی لەسەر واقیعی کۆمەڵگا نابێ. هەروەها شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی خەباتی کوردیش بە پێوەری هەندێک مۆدێلی ئەزموونکراوی دیکە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەندێک فاکتەری وەک: جیاوازییە کولتوورییەکان، هەبوون یا نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، جیاوازیی دەسەڵاتە سیاسییەکان بە پێی رادەی دەروەست بوونیان بە بنەما دیمۆکراتیکەکان، حەشیمەت و...، خوێندنەوە و بەراوردێکی نالۆژیکی و تاک رەهەندی دەبێ کە لە ئەگەری پراکتیزە بوونیدا دەتوانێ کۆمەڵێک شوێنەواری نێگەتیڤ و قەرەبوو نەکراو لەسەر رەوتی خەباتی نەتەوەیی کورد دابنێ.

### میتۆدی کاریگەر یا میتۆدی فرەرەهەند:

هەروەک چۆن خوێندنەوەی ئابستراکت و تاک رەهەندیی خەباتی کورد و بردنە ژێر پرسیاری خەباتی چەکدارانەی ئەم نەتەوەیە و دەست نیشان کردنی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ وەک تاکە رێگای خەبات، نالۆژیکی و کارەساتبارە، بەهەمان شێوەش لەبەرچاو گرتنی میتۆدی خەباتی چەکدارانە وەک تاکە میکانیزمی خەبات و بەرخۆدان، تێگەیشتنێکی هەڵەیە و پاسیڤ بوون و پەراوێز کەوتنی بزاوتی رزگارخوازانەی نەتەوەی کوردی لێ کدەکەوێتەوە. بێگومان تێگەیشتن لە گەوهەر و نێوەرۆکی دیکتاتۆرییە مۆدێرنەکانی ئەم سەردەمە و جیاوازییان لەگەڵ دێسپۆتیزم و سیستمە دیکتاتۆرە کلاسیکەکانی پێشوو، یەکێک لە سەرەکیترین مەرجەکانی شرۆڤەیەکی لۆژیکی و دروستە بۆ گەیشتن بە روانگەیەکی راست و

میکانیزمی گونجاوی خەبات. لەسەردەمی ئێستادا زۆربە هەرەزۆری سیستمە سیاسییە داخراوەکانیش بۆ سەلماندنی رەوایی دەسەلاتەکەیان، ئەگەر بە شێوەیەکی رووکەش و رواڵەتیش بێ پەنا بۆ هەندێک فاکتەری دیمۆکراتیکی وەک رایگشتی، هەڵبژاردن، ئازادی رادەربڕین، هەبوونی رێکخراوی ناودەوڵەتی و... دەبەن، دیارە لەم سیستمانەدا ئەم فاکتەرانە لە نێوەرۆکی راستەقینەی خۆیان بەتاڵ دەکرێن و لە ئەرک و فۆنکسیۆنی خۆیان دوور دەخرێنەوە. هەرچەند کە ئەمە بەو واتایە نیە کەهیچ دەرەتانێک بۆ کارکردن لەوبوارانەدا نیەو کەڵک لێ وەرگرتنیان هیچ ئاکامێکی نابێ. راستە دەرەتانەکە زۆر کەمە و دەسەلاتی سیاسییش بەمەبەستی رەوایی بەخشین بە خۆی ئەو دەلاقانەی هێشتۆتەوە، بەلام نابێ ئەو دۆخە بەشێوەیەکی رەها سەیر بکرێ، چونکە لە سیاسەتدا هەرلایەنێک دەبێ هەوڵ بدا. بچووکترین هەل و دەرفەتەکان ببینێتەوەو بیانقۆزێتەوە. تەنانەت سیاسەتێکی ئەکتیڤ و کاریگەر ئەوەیە کە بتوانێ لە خراپترین هەلو مەرج و داخراوترین پێکهاتەدا دەرفەت بخولقێنێو کەلێن و بۆشاییەکانی نێوسیاسەت و پێکهاتەی دەسەلات بدۆزێتەوەو کارتەکانی دوژمن لە دژی خۆی بەکار بێنێتەوە.

بەکورتی، سیاسەتی ئەکتیڤ و متیۆدی کاریگەر بۆ نەتەوەی کورد لە خەباتی رزگاریخوازانەدا، پێڕەو کردنی میتۆدی خەباتی فرەرەهەندە. ئەم میتۆدە هیچ کات هاوکێشەکان بە لۆژیکی رەش وسپی یا سیفروسەد ناخوێنێتەوە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەی کە هیچ میتۆدێکی بەتەواوەتی رەد ناکاتەوە، لە هەمان کاتدا بە پێی هەلومەرج، ئەولەوییەت بەندییان دەکا و هەوڵ دەدا هاوکات و وەک تەواوکەری یەکتر کەڵکیان لێ وەبگرێ. مەودای نێوان سیفرو سەد دەبینێو هەموو دەرفەتەکانی خەبات لە بەر چاو دەگرێ. ئەم میتۆدە مادام لە چوارچێوەی سیستمێکی وەک کۆماری ئسلامی دا خەبات دەکا قەت خەبات و بەرگریی چەکدارانە رەد ناکاتەوەو خۆی چەک ناکات بەڵکوو بەپێی هەلومەرج شێواز و بارستاییەکەی دەگوڕێ. هەروەها بە هۆی داخراو بوونی سیستمی سیاسییش، کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانی خەباتی مەدەنییش وەپشت گوێ ناخا، بەڵکوو بەشێوەیەکی چالاک دەچێتە نێو هاوکێشەکانەوە، بۆ نموونە لەرێگای NGO و رێکخراوە نادەوڵەتییەکانەوە هەوڵ دەدا بۆ ئامانجەکانی، کولتوور سازیو بەستێن سازی بکا و وەک هەندێک کەنالی نیوە فەرمی بۆ موبیلیزاسیۆنی خەڵک کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەگەر مەجالێکی بەرتەسکیش بۆ نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنی و نافەرمانیی شارستانییانە هەبێ، لە پێناوی بەرجەستە کردنەوەی ئاریشەی نەتەوەکەی دا و راکێشانی رای گشتی بۆلای داواکانی لە دەستیان نادا و کەڵکیان لێ وەردەگرێ. هەروەها تێ دەکۆشێ لەململانێی هەڵبژاردنەکاندا ئەگەر تەواو ئازادو دێموکراتیکیش نەبن رۆڵ بگێڕێ و بیانکا بە دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای ماف و خواستەرەواکانی و بەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەلات.

بۆیە لەکۆتایی ئەم بابەتەدا دەتوانین بێژین ئاکامی ئەم باسە ئەوەیە کە لە جیهانی ئاڵۆزو فرەلایەنیی سیاسەتی ئەم سەردەمە دا کە داگیرکەران بۆ سەپاندنی دەسەلاتی نارەوای خۆیان و درێژەدان بەو کۆلۆنیالیزمە نوێیەیان لە هەموو

ئامرازێـک کـەڵک وەردەگـرن و تەنانـەت دیماگۆگانـە پڕەنسـیپە دێموکراتیکـەکانیش لـە خزمـەت ئامانجـەکانی خۆیانـدا چەواشەدەکەن، پێویستە نەتەوە ژێردەستەکان و بزاوتە رزگاریخوازانەکانیان ئەم ئاڵۆزی و پێوەندییەرایەڵکەییە وەک خۆی ببینن و واز لەو میتۆدە کلاسیکە تاک رەهەندییانە بێنن، نەبەتاقی تەنێ بە خەباتی چەکدارییەوە بنووسێن و وەک تەنیا میکانیزم ئەویش بەهەمان مۆدێلی پێشوو پێڕەوی بکەن، نە بە پەلەپەل و بەتێڕوانینێکی ساکارو تەقلیدییەوە بانگی رەدکردنەوەی بەرگریی چەکدارانە بدەن و بەبێ هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی گونجاو نەتەوەکەیان چەک و ئاو بەئاشی دوژمن دا بکەن. بەڵکوو پێویستە بەتێڕوانینێکی ئەمرۆیی و هەمەلایەنەوە، متیۆدێکی فرە رەهەند پێڕەوبکەن کەهاوکات و بەشێوازێکی نوێ بتوانێ کەڵک لەهەموو میکانیزم و میتۆدەکانی خەبات وەک تەواو کەری یەکتر وەرگرێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**

--------------------------------

# ئێران و ئەگەرەکانی گۆڕان لە داهاتوودا

**سەرەتا:**

ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی گووران (تکامل)ی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئەو راستییەمان بۆ دەردەخا کە گووران‌و پێگەیشتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەرهەمی کۆمەڵێک گۆڕانە لە ژێرخان‌و سەرخانەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا، کە ئەوەش لە خۆیدا ئاکام‌و بەرهەمی گۆڕانە لە هەندێک بواری دیکەی وەک : بارستایی کۆمەڵگەو رێژەی حەشیمەت، ئایدۆلۆژیاو بڕواکان واتە نۆرم‌و بەهاکان، بارودۆخی جوگرافیایی، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو... واتە دەتوانین بێژین کە گۆڕان لەو بیاڤانەدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە بنیادە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە وەک بنیادەکانی بنەماڵە، ئابووری، سیاسەت، دەسەڵات و... و نوێ بوونەوەی سیمای کۆمەڵگە. بەپێی بۆچوونی بیرمەندانێکی وەک دورکهایم، ئێسێ نیسێر، ئاگوست کۆنت، داروین‌و هەندێک کەسی دیکەش، کۆمەڵگەکان بەردەوام لەبەردەم گۆڕانێکی روو لە گەشەو تەکامولی دان، واتە بەردەوام لە هەڵکشاندان‌و لە ساکارییەوە بۆ ئاڵۆزی دەڕۆن بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە گۆڕان گەوهەرو نامووسی رەوتی مێژوویی کۆمەڵگەکانە، کە بێ گومان رادەی بەربڵاوی‌و قووڵایی ئەو گۆڕانانەش لە خۆیدا دەگەرێتەوە بۆ رادەی گۆڕان لەو بوارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدان.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئەم بابەتە کورتەیە ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە رەوتی گۆڕانگارییەکان لە ئێران‌و کاریگەرییان لە سەر بنیادی سیاسەت‌و دەسەڵات لەم وڵاتەدا.

**ئێران لە بەردەم گۆڕانی سیاسیدا:**

ئەگەر چاوێک بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو بوارەکانیدا بخشێنین‌و لەگەڵ رابردووی خۆی بەراوردی بکەین بەروونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کۆمەڵگەیە یەکێک لەو کۆمەڵگە گەلەیە کە گۆڕانەکانی رەوتێکی خێراو بەردەوامیان هەیە. گەورە بوونەوەی بارستایی کۆمەڵگە چوونە سەرەوەی رێژەی حەشیمەت‌و بە تایبەت گەنج بوونی، پەرەسەندنی بیرو ئایدۆلۆژیای نوێ، بارودۆخی فرەچەشنی جوگرافیایی، پێشکەوتن‌و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیاو بە گشتی پەرەسەندنی دەسکەوتە مادییەکانی مۆدێرنیزم واتە مۆدێرنیزاسیۆن، هەموو کۆمەڵێک هۆکاری لەبارن بۆ گۆڕان لە بنیادو سەرخانەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام لە نێو ئەم فاکتەرانەدا دوو فاکتەری حەشیمەت‌و مۆدێرنیزاسیون رۆڵێکی بەرچاوترو کاریگەرتر دەبینن.

گەنج بوونی کۆمەڵگەی ئێرانو بەهرەمەند بوونیان لە دەسکەوتە مادییەکانی مۆدێرنیزم، بەرەبەرە پێوستیو ئینتمای سەقامگیرکردنی لایەنە کەلتوورییەکانی مۆدێرنیزم واتە مۆدێرنیتەشی هێناوەتە ئاراوە، کە یەکێک لەو لایەنانە خۆی لە گەشەی سیاسیو ساوکە بوونی (سەقامگیربوون) ئازادیو دیموکراسییەکی راستەقینەدا دەبینێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر هەڵبژاردن یەکێک لە لایەنە مادییەکانی مۆدێرنیزمی سیاسی بێت، ئێستا چیدیکە خەڵک نایهەوێ کە ئەم هەڵبژاردنە تەنیا بەرهەمهێنی دیموکراسییەکی رواڵەتیو دیماگۆگ بێت. بەڵکوو ئەوەی لە بزاڤی دیموکراسیخوازانەی ئێستادا هەڵدەهێنجرێ، خواستی دیموکراسییەکی بنگەهیو دەستاودەست بوونی راستەقینەی دەسەڵاتە. واتە کۆمەڵگە لە قۆناغی تێپەڕیندایە لە مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسییەوە بۆ مۆدێرنیتەی سیاسی. وەک دیتوومانە لە پاش بزاڤی مەشرووتەوە هەتا ئێستا لە ئێراندا جۆرێک لە مۆدێرنیزاسیۆن بەردەوام لە گەشەو پەرەسەندندا بووە. پەرەسەندنی بوروکراسی، تەکنۆلۆژیاو تەنانەت هەڵبژاردنو دیموکراسییەکی رواڵەتیو... لایەنە ماددییەکانی مۆدێرنیزم بوون کە لەوکاتەوە تا ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر لەم کۆمەڵگەیەدا ئامادەییان هەبووە بەڵام تا ئێستاش نەیانتوانیوە بەرهەمهێنەری لایەنی ماددیی مۆدێرنیزم واتە مۆدێرنیتە بن. واتە ئەگەر هەڵبژاردنێک لە گۆڕێدا بووە قەت نەیتوانیوە بەرهەمهێنەری جێگۆڕکێیەکی راستەقینە لە دەسەڵاتدا بێت، بەڵکوو تەنیا بۆتە هۆی خاپاندنی خەڵکو دەستاودەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان ئۆلیگارشییەکو کۆمەڵێک ئێلیتی تایبەتدا کە حکوومەتیان پاوان کردوە. بەگشتی دەتوانین بێژین ئەو هەڵبژاردنانە تەنیا بۆ تاقمی دەسەڵاتدار هەڵگری مانای هەڤرکیو دیموکراسی بووە، دەنا بۆ خەڵک دووبارە بوونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی تاقمێکو رەواییدان بە دەسەڵاتی ئەو ئۆلیگارشییەی بووە کە حکوومەت و کۆمەڵگەی تاپۆ کردوە. بەڵام ئەوەی ئێستا لە بزووتنەوەی خەڵکدا دەبینرێت ویستی کۆتایی هێنان بەو دیموکراسییە رواڵەتییەو سەقامگیرکردنی دیموکراسییەکی راستەقینەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە پاوانی تاقمێکی دیماگۆگ کە بەهاکانی شۆڕشیان کردۆتە بیانووی گەندەڵیو دیکتاتۆری، بێنێتەدەرو رادەستی خەڵکی بکاتەوە.

**رووداوەکانی ئەم دواییەو داهاتوو:**

وەک لە راپەڕینەکانی ئەم دواییەی خەڵکی بکاو ئێران لە پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا دیتمان، خەڵک چیدیکە ئامادە نیە دەسەڵاتی تاقمێکو دیموکراسییەکی رواڵەتی قبووڵ بکاو خۆی ساغ کردۆتەوە کە کۆتایی بەو دۆخە بێنێیو ئەو جارە مۆدێرنیتەی سیاسی بەرهەم بێنێی. بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەرچی ناچارە تێچوویەکی گران بدات بەڵام پێداگرەو پاشەکشە ناکات. لێرەدا بابەتێک کە بۆتە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتنی بزاڤی دیموکراسیخوازانەی خەڵک، هاوڕێ بوونی دوو هۆکاری نێوخۆیو دەرەکی لەگەڵ ئەو بزاڤەن.

**یەکەم: فاکتەری نێوخۆیی:**

بەهۆی پاوانخوازیی باڵی بناژۆخوازی دەسەڵات لە ئێراندا، ئێستا بەرەبەرە باڵەکانی دیکەی نێو ئەو دەسەڵاتە واتە تیکنۆکراتەکان (رەفسەنجانیو...)و ریفۆرمخوازەکان (کەڕووبی، موسەوی، خاتەمی و...) هەتا دێ زیاتر لە ویستەکانی خەڵک نزیک دەبنەوەو بەرە بەرە دەنگیان وەپاڵ دەنگی خەڵکەکە دەدەن، کە ئەمەش لە خۆیدا کەلێنێکی گەورەی لە دەسەڵاتدا دروست کردووە کە تا دێ گەورەتر دەبێو ئەگەری بە ئۆپۆزیسیۆن بوونی ئەم باڵانەی بەرز کردۆتەوە. بێ گومان بە هۆی پێگەو دەستڕۆیشتوویی ئەم باڵانە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم دیاردەیە فاکتەرێکی یارمەتیدەرو خێراییبەخش دەبێ لە سەرخستنی ئیرادەی خەڵکدا.

**دوویەم فاکتەری دەرەکی:**

کۆماری ئیسلامی بەچەند هۆ لە ژێر چاوەدێریو زەختی نێونەتەوەییدایە، تیرۆریزمی دەوڵەتیو پشتگیری لە گرووپە تیرۆریستەکان, پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، دژایەتیی ئیسراییلو تێکدانی رەوتی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناڤینو بەتایبەت هەوڵدانی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمو بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، لە سەرەکیترینی ئەو هۆیانەن کە ئەم رێژیمەیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا کردۆتە مەترسییەک بۆ هێمنیو ئاسایشی جیهانیو سەقامگیر بوونی دێموکراسی. هەتا ئێستاش هەوڵەکانی وڵاتانی رۆژئاواو بە تایبەت ئەمریکا بۆ دۆزینەوە رێگا چارەیەکی هێمنو دیپلۆماتیک لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بێ ئاکام ماونەتەوە. بۆیە پاش هەڵبژاردنی ئەم جارەی سەرکۆماری لە ئێرانداو ئەو ساختەکارییە گەورەیەی کە زۆر کەس ناوی کودەتایەکی نەرمیان لە سەر دانا کە راپەڕینی بەربڵاوو پڕ شکۆی خەڵکو سەرکوتی خوێناویو بێبەزەییانەی رێژیمی لێ کەوتەوە, دونیای دەرەوە، بەتایبەت زۆربەی وڵاتانی ئورووپاییو ئەمریکاش هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەنگی خۆیان لەگەڵ دەنگی خەڵکی ئێران بخەنو چیدیکە نەبنە پارێزەری ئەو دەسەڵاتە گەندەڵو دیکتاتۆرە. هەر لەو پێناوەدا هەتا ئێستاش بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی گەورەی جیهان دەوڵەتی ئەحمەدی نەژادیان بە فەرمی نەناسیوەو دەوڵەتی ئۆباماش لە ئەمریکا بەرەبەرە خەریکە واز لە سیاسەتی دیالۆگو دانوستان لەگەڵ ئێران بهێنێو چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا هەڵوێستێکی شێلگیرانەتر لە بەرامبەر ئێراندا بگرن.

گرینگیی ئەم بابەتەش ئەو کاتە زیاتر دەبێت کە هاوکات لەگەڵ ئەوانە وڵاتانی چینو رووسیاش کە تا ئێستا پاڵپشتو نزیکی کۆماری ئیسلامی بوون، بەرەبەرە لێی دەکشێنەوەو بە تەنیای دەهێڵن.

**ئاکام:**

به له بەرچاو گرتنی نێوەرۆکی ئەم باسەو له ئەگەری وەراست گەڕانی ئەم شرۆڤەیەدا بەراود دەکرێ که مانگەکانی داهاتوو بۆ ئێران بەگشتیو بەتایبەت بۆ کۆماری ئیسلامی قۆناغێکی پڕ لە کێشەو بارگاویی کۆمەڵێک گۆڕانی گەورە بن. ئەوەی راستی بێ پێ ناچێ کە زەختو سەرکوتەکانی رژیم بتوانێ لەم قۆناغەدا ویستو ئیرادەی خەڵک تێک بشکێنێتو پاشەکشەیان پێ بکا. بە تایبەت کە وەک باسمان کرد ٢ فاکتەری نێوخۆییو دەرەکی ئێستا بوونەتە هۆکاری لەبارو یارمەتیدر بۆ بزاڤی دێموکراسیخوازانەی خەڵک.

کۆماری ئیسلامییش وەک زۆر سیستمی پاوانخوازو دیماگۆگی دیکەی ئەم جیهانە، لە مێژە بەربەرەکانێی ویستی گۆڕانو دێموکراسیخوازیی خەڵک دەکات و مل بۆ داواکانیان راناکێشێ, بەڵام وەک ووتمان گەوهەرو نامووسی مێژووی کۆمەڵگەکان، گۆڕان لە پێناو گوورانو تەکامولی روو لە گەشەیە. بۆیە هەرچەشنە بەرخودانێک لە بەرامبەر ئەو یاسا سروشتییەدا مەحکووم بە دۆڕانو لەنێو چوونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠٠٩

-----------------------------

## کارەساتی هەڵەبجە، عەقڵییەتی پاکتاوو براکانمان

بێگومان کەم نەبوون ئەو نەتەوانەی کە لە پێناو مافخوازی و خەباتی رزگاریخوازانەدا گەلێک تێچووی قورس و گرانیان داوەو تووشی کۆمەڵێک کارەسات و چەرمەسەری بوونە. هێندێک لەو نەتەوانە تەنیا بە تاوانی نژاد، ئایین و شوناسی نەتەوەییان نەک هەر حاشا لە بوونیان کراوەو کەوتوونەتە بەردەم سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی کولتوورییەوە، بەڵکوو تەنانەت پاکتاوی جەستەیش کراون.

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە رابردووی کۆن بدەینەوە دەتوانین ئاماژە بە هێندێک نموونەی وەک: رەشەکوژییەکانی مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان لە یەکتر، کوشتاری شیعەکان لە لایەن تەیموری لەنگ و هەروەها کوشتاری سونییەکان لە لایەن سەفەوییەکان و دەیان نموونەی دیکە بکەین. بەڵام ئەگەر تۆزێک بۆ سەردەمەکانی نوێتر هەڵکشێین، قەڵاچۆ کردنی سوورپێستەکانی ئەمریکا، پاکتاوی جوولەکەکان لە ئاڵمانی سەردەمی نازی و کوشتارو ئەنفالی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە نموونە هەرە دیارەکانن. بەڵام لە راستیدا ئەم چەشنە لە سیاسەتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەباتی پێکهاتە جیاوازە کولتووری و ئێتنییەکان لە ساڵانی پاش نیوەی سەدەی بیستەمەوە بەرەبەرە بەرەو پەراوێز کەوتن و کاڵ بوونەوە رۆیشت، کە هۆکاری ئەم دۆخەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهانداو بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میکانیزمە یاساییانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ رێگرتن لە پێڕەو کردنی ئەم سیاسەتە لە بەرچاو گیران. بەڵام مخابن سەرەڕای هەموو ئەو میکانیزمە وەستێنەرانە دیسان جیهان نەیتوانی خۆی لە ژێر سێبەری رەشی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانە دەرباز بکاو هەتاوی رێزگرتن لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەی وەک یەک نەگرتەوە. بە بێ هیچ چەشنە زێدەبێژییەک دەتوانین بڵێین توندترین و درێژخایەن ترین شێوازی پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتە واتە پاکتاوی کولتووری و جەستەیی کە هەنووکەش بەردەوامە، سیاسەتی پاکتاوو سڕینەوەی کوردە کە لە لایەن داگیرکەرانی چوارپارچەی کوردستانەوە پێڕەو دەکرێ. رەنگە بە پێی دەرەتان و بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە نەکرێ هەموو رەهەندەکانی ئەم سیاسەتە لە هەموو پارچەکانی کوردستان لێکبدەینەوە. بۆیە لێرەدا زیاتر جەخت دەکەینە سەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە لایەن داگیرکەری عێراق و تیشک دەخەینە سەر هێندێک بابەتی پێوەندیدار بەو رووداوەوە. لە راستیدا ئەم وتارە زیاتر هەوڵ دەدا سەرەڕای ئاماژەیەکی کورت بە کارەساتەکە، لێکدانەوەیەک بکا بۆ دوو رەهەندی دیکەی ئەم بابەتە واتە: عەقڵییەتی پاکتاوو لۆژیکی شۆڤێنییانەی بەعس وەک نموونەیەک لە عەقڵییەتی زاڵ بە سەر سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و هەروەها هەڵوێستی هێندێک لەو نەتەوەو دەوڵەتانەی کە زۆرجار نووسەران و

سیاسەتڤانانی ئێمە وەک براکانمان ناویان دێنن.

**کارەساتی کیمیابارنی هەڵەبجە:**

لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨دا فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی رێژیمی بەعس بە پێچەوانەی هەموو یاساو پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان و بە کەڵک وەرگرتن لە چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی، بەخەستی بۆردمانی شاری هەڵەبجەیان کرد. فڕۆکەکانی بەعس بە رشتنی ٣ جۆرە گازی کوشندەی کیمیایی بە سەر خەڵکی بێ تاوانی ئەم شارەدا کارەساتێکی مرۆییان خوڵقاند کە دەکرێ وەک بەشێک لە پرۆسەو سیاسەتی ژینۆسایدی نەتەوەی کورد لە لایەن داگیرکەری بەعسەوە بێتە ئەژمار. گەورەیی ئەم تاوانە دژەمرۆییەو قووڵیی ئەم برینە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین لە کۆی ٧٠٠٠٠ کەسی حەشیمەتی هەڵەبجە لەو ساڵەدا ٥٠٠٠ کەس شەهیدو پتر لە ١٠٠٠٠ کەس بریندار بوون. هەروەها هەزاران کەسیش کە بەرەو شارەکانی دەوروبەر هەڵاتبوون لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی رێژیمەوە قۆڵبەست و بێ سەروشوێن کران و ئەوەی دیکەش ئاوارەی ئێران بوون. بە شێوەیەک، کە شاندی پسپۆڕی زانکۆی جێنتی بێلژیکی کە لە ئاوریلی ١٩٨٨دا سەردانی هەڵەبجەی کردبوو، لە راپۆرتەکەی خۆیدا رایگەیاند کە: "تارمایی مەرگ باڵی بە سەر هەڵەبجەدا کێشا بوو. هیچ گیانلەبەرێکی تێدا نەدەبینراو بۆنێکی ناخۆش لە شارەکەدا بڵاو ببووەوە".

بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی ئەو کردەوە دژە مرۆییەی حکوومەتی عێراق واتە رووی بەرهەست و ئاماریی کارەساتەکەیە. دیوەکەی دیکە ئەو عەقڵییەتە فاشیستییەو ئەو روانگە شۆڤێنییەی حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارانی عێراقە کە کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و دەیان و سەدان کارەساتی دیکەی بەرهەم هێنا.

**عەقلیەتی پاکتاو:**

ئەگەر چاوێک لە بەرنامەو سیاسەتەکانی حکوومەتی بەعسی عێراق بکەین و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سیستمێکی فاشیستیدا بەراوردیان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو رێژیمە خاوەنی کاراکتەرێکی تەواو فاشیستییە. کاریزماسازی رادیکاڵ و بە پیرۆز کردنی رێبەرو قسەو کردەوەکانی (زۆرجار فاشیزم بە ئایینی سیکۆلاری نوێ ناو دەبرێ)، پێکهێنانی ئێلیتی گوێڕایەڵی حیزبی وەک بازنەیەک لە دەوری رێبەردا، ئەندامگیریی بەربڵاو و بە زۆرو بە حیزبی¬ کردنی کۆمەڵگە، پێکهێنانی کۆمەڵگەی مێگەل و رەشایی، مۆنۆپۆل کردنی سیستمەکانی پەروەردەو راگەیاندن لە خزمەت ئیدیۆلۆژیی حیزبدا، بە تاوان و خیانەت لە قەڵەم دانی هەر چەشنە جیاوازییەکی هزری و سیاسی و بڕوا هەبوون بە کەمینەی تاوانبارو خائین واتە پاکتاوی ناخودی، توندوتیژی و شەڕخوازی واتە سادیسمی سەرکەوتنی پەیتاپەیتای خوێناوی و دروست کردنی وەهمی

هەرگیز نەدۆڕان (شکست ناپـژیری) و دیماگۆژییـەت لـە سـەرەکیترین تایبەتمەندییـەکانی هـەر سیسـتمێکی فاشیسـتین. کـە هەموو یا زۆربەیان لـە پێکهاتـە، ئیدیۆلۆژی و پراکتیکی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە گشتی و بە تایبـەت لـە حکوومـەتی لـە نێوچـووی عێراقـدا رەنگیـان داوەتـەوە. لـە خۆیـدا ئـەم عەقلییەتـە بەرهـەمی شکست یـا کۆمـەلێک شکستی نەتەوەیـەک و هەسـت کـردن بـە سـووکایەتی پێکـراوی و چووکەکراوی (تحقیرشـدن)یـە کـە دەبێتـە گرێیـەکی سـایکۆلۆژیک و سادیسمێک کە بۆ دامرکانەوەی خۆی پێویستی بە شەڕی بەردەوام و سەرکەوتنی پەیتاپەیتا هەیە. ئەو خەڵکەی کە دۆڕانی پەیتاپەیتا بـڕوا بـەخۆبوونی لـێ ئەسـتاندۆتەوە، گـەورەیی و بـوونی سـەرفرازانەی خـۆی لـە کەسـایەتیی رێبـەری کارێزمـادا دەبینێ بۆیە بە تەواوەتی تێیدا دەتوێتەوەو رێبەر بەرابـەر دەبـێ بـە گـەل و وڵات و ئیدیۆلۆژی و هـەموو ژیانیـان. کـەوابوو بۆمان دەردەکەوێ کە ئیدیۆلۆژیگەلێکی وەک نازیزم، کەمالیزم و بەعسیزم خـاوەنی چ عەقلییـەتێکن و ئـەو عەقلییەتانـەش لە چ بەستێنێکەوە سەر هەڵدەدەن و کەسایەتیگەلێکی فاشیستی وەک هیتلەر، ئاتاتورک و سەدام بەرهـەمی کـام هەلومـەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسین. ئەگەر نازیزم بەرهەمی شکستی ئەڵمان لە شەڕی یەکـەمی جیهـانی و کـەمالیزمیش بەرهـەمی شکستی عوسمانی لە هەمان شەڕو پارچەپارچە بوونی بوو، بەعسیزمیش دژکردەوەی هیستریکی ناسیونالیزمی سووکایەتی پێکـراوی عەرەب بوو کە شەڕی ئیسراییلی دۆڕاندبوو. بۆیە (کەمالیزم و بەعسیزمی سادیستیش نـەیارێکی لـە کـورد کـەم دەسـەڵاتتریان دەست نەدەکەوت کە گرێیە سایکۆلۆژیکەکانیانی بە سەردا بکەنەوە).

### هەڵوێستی براکانمان:

زۆر جار دەستەواژەکانی "برا عەرەبەکانمان"، "برا فارسەکانمان" یا "برا تورکەکانمان" بەر گـوێ کـەوتووەو رەنگـە بەشێکمان وەک راستییەک وەرمان گرتبێ. لێرەدا نامهەوی دەست بکەم بە بەڵگە هێنانـەوە کـە ئایـا ئەوانـە راسـتن یـا نـا. ناچمـە سـەر باسی ئەوەی کە براکانمان چەند جارو سەرەڕای کێشەکانی نێوان خۆیان بەڵام بۆ لێدان و سـەرکوتی ئێمـە یـەکیان گرتـووە. بەڵکوو تـەنیا ئامـاژە بـە هەڵوێستیان دەکـەم لەهەمبـەر کۆکـوژی و کارەسـاتە مرۆییـەکەی هەڵەبجـەدا. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش تەنیا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەم کە پێم وابێ دەربڕی هەموو راستییەکانەو خوێنەر لە کرۆکی باسـەکە تێدەگـەیەنێ. وەک دەزانـین زۆرینـەی نەتـەوەی کـورد موسـوڵمانن و پتـر لـە یـەک میلیـارد بـرای ئایینیمـان هەیـە کـە بـرا تـورک و فـارس و عەرەبەکانیشمان بەشێکیانن. کە کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامیش دەگیردرێ هەموو براکانمـان بەشـدارن جگـە لـە خۆمـان نـەبێ کە براکانمان نایەڵن ببین بە خـاوەنی دەوڵـەت و بەشـداریی تێدا بکـەین. تـەنیا چەنـد رۆژ دوای کارەسـاتەکەی هەڵەبجـە کۆنفرانسی وڵاتـانی ئیسلامی لـە کوێت بـەڕێوە چـوو، وڵاتـانی بەشدار پـاش کۆتـایی هـاتنی کۆنفرانسـەکە بڕیارنامەیـەکیان پەسند کرد کە ئەم خاڵانەی لە خۆ دەگرت: پشتگیری خۆیان لە بزووتنەوەی فەلەستین دەربڕی و داوایان لـە ئیسراییل کـرد زەوییە داگیرکراوەکان چۆڵ بکا، هێرشی ئیسراییل بـۆ سـەر لوبنانیـان پرۆتێسـتۆ کـردو خوازیـاری کشـانەوەی هێزەکانیـان لـە

باشووری ئەو وڵاتە بوون، لۆمەی دەستێوەردانی یەکیەتیی سۆڤییەتیان لە ئەفغانستاندا کرد، خوازیاری کشانەوەی ئیسراییل لە بەرزاییەکانی گۆلان (جولان) بوون، دەسەڵاتی نژادپەرستانەی پریتۆریایان لە باشووری ئەفریقا و نامیبیادا پرۆتێستۆ کرد، دەوڵەتی بولغارستانیان بە بۆنەی گۆڕینی ناوە تورکیەکان بە ناوی بولغاری پرۆتێستۆ کردو چەند بڕیارێکیتر. کەچی بەداخەوە براکانمان دەمیان بوو بە تەڵی تەقیوو تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش باسی کوردە خنکاوەکانی دەشتی شارەزووریان نەکرد، نەک هەر برا بەشخۆرەکانمان تەنانەت برا مۆسوڵمانەکانی دیکەشمان لەو کۆنفرانسەدا باسی پێنج هەزار کوردی مۆسوڵمانیان نەکرد کە لە شاری هەڵەبجەدا شەهید کران. چونکە پێیان خۆش نەبوو دڵی سەددامی برایان بێشێ. چونکە ئەو برای حەقەو ئێمە لە زڕدایکەکەین، برایەتیی ئێمە تەنیا بە کەڵکی ئەوە دێ کە هەر بێدەنگ و کۆیلە بین. ئەگەر برا فارسەکانیشمان جاروبار شتێکیان لە سەر دەگوت و باسی کارەساتی هەڵەبجەیان دەکرد، ئەوە نە لەبەر خۆشەویستیی عەلی، بەڵکوو لە بۆغزی عومەردا بوو. واتە زۆر لە خەمی ئێمەدا نەبوون بەڵکوو بە دژی برا عەرەبەکانمان ئەوەیان دەکرد.

لە راستیدا ئەوان بەشێک لە کێشەکە بوون، سەددام تەنانەت لە دادگاشدا بۆ کیمیایی باران کردنی هەڵەبجە پاساوی هەبوونی پاسدارەکانی ئێرانی لەوێ دەهێنایەوە. کەوابوو ئەوان بۆ خۆیان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوکارەستاتە بوون.

لە کاتێکدا کە براکانمان نەک هەر بە هانامانەوە نەدەهاتن بەڵکوو دەنگیشیان کپ دەکردین، وڵاتانی دیکەی جیهان وەک ئۆسترالیا، ئیسراییل و... کە برای مۆسوڵمانیشمان نین و جاری واشە بە دوژمنیان دەزانین بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو کارەیان پرۆتێستۆ کردو خوازیاری دادگایی کردنی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بوون. ئەمە ئەو خاڵەیە کە مرۆڤی کورد تووشی تێڕامان دەکات، رەنگە پێویست بێ برایەتی و دۆستایەتی و دوژمنایەتییەکانمان سەر لە نوێ پێناسە بکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٠٩

---------------------------------------

## "پژاک نەک هەرسەربەخۆ نییە بەڵکو لە باڵی رۆژهەڵاتی کوردستانی پ.ک.ک یە"

**دیمانە**

**پـژاک رێکخراوێکـی سـەربەخۆی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان نییە بـاڵی پ.ک.ک یە و وەک دەشـزانین پ.ک.ک لەگەڵ ئێـران لە پێوەندیدایە.**

**رامبـود لوتـف پـوری**: رامبـود لوتـف پـوری لە دایـک بـووی سـاڵی ١٩٧٤ی زایینـی لە شـاری سنەی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانە، بڕوانامەی بە کالۆریوسی لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی ئیسفەهان وەرگرتوە و بەرپرسی چەندین گۆڤاری خوێنـدکاری بـووە لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات، لە سـاڵی ١٩٩٢ەوە هاوکـاری لەگەڵ حیزبـی دێمـوکرات دەست پـێ کـردووە و لە سـاڵی ١٩٩٥ەوە بە فەرمی بووتە ئەندامی رێکخستنی نهێنی ئەو حیزبە ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی ئاشکرابوونی چالاکییەکانی ناچار بـووە رۆژهەڵاتـی وڵات بە جێ بهێڵێت و راستەوخۆ بێتە ریزی رێکخستنە ئاشکراکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نـاو حیزب دا ئەم بەرپرسایەتییانەم هەبـووە: بەپرسی بەشـی فارسی رۆژنـامەی کوردسـتان، بەرپرسـی پێوەنـدییەکانی حیـزب لە سلێمانی، جێگری بەرپرسی کۆمیسیونی رێکخستنی نهێنی، ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، ئێستاش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسـی کۆمیسـیونی لێکـۆڵینەوەو فێرکردنـی حیـزبیە، لاوێکـی چـالاکە لە بـواری گـۆڕان کە یەکەمـین هانگـاوبوو لە نێـو پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە سەر دەستی ڕامبود و چەند کادرێکی دیکەی ئەو پارتە هـاتە ڕاگەیانـدن بـۆ بە ئاگـابوون لە ڕوشی حیزبـی دیمـوکرات وچەنـد پرسێکی دیکە کە پەیوەنـدی بەڕەوشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە ئەم دیمانەیەمـان لەگەڵـی سازکرد.

**ارزان**: ڕەوشی پـارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات چۆن دەبینن لەم کاتەدا؟

**رامبود لوتف پوری**: بەداخەوە پـارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات بە گشـتی یـان بێـژم زۆربەیـان لەگەڵ قەیـران بەرەوڕوون، ئەم پارتـانە نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ گۆڕانەکـانی سـەردەم بگـونجێنن، واتە هەڵگری هەمـان سیاسـەت و ستراکتۆری سـەردەمی شەڕی ساردن و بە هەمان میتۆدی ئیکسپایەری حیزبە چەپەکان ئیش دەکەن. هیچ گۆڕانێکیـان بەسـەر خۆیـان دا نەهێنـاوە و حاشـایان لە قەیرانەکـانی نێوخۆیـان کـردوە تـا ئەوەی کە ئەو قەیرانـانە تەقینـەوەو پـارچە پـارچەبوونی حیزبەکـانی

لێکەوتەوە. ئەم حیزبە شۆڕشگێڕانە بەرەبەرە بوون بە حیزبی کۆنسێرڤاتی پاسیڤ کە نەک هەر کاریگەریەکی ئەوتۆیان بەسەر رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبووە بەڵکوو لە خۆیاندا کەوتبوونە نێو زەلکاوی ململانێی نامەعریفی و ناوچەیی و شەڕی دەسەڵاتێکی وەهمی. ئەم حیزبانە لە گەمارۆی قەیراندان، چەندین قەیران. قەیرانی ناچالاکی واتە خووگرتن بە کەمپنشینی و دوورکەوتنەوە لە گۆڕەپانی سەرەکیی شۆڕش، قەیرانی شووناس واتە پێشمەرگە بوون یان پەنابەر بوون لە لایەک، و لە لایەکی دیکەش کوردبوون یان ئێرانی بوون. بەم شێوە ئەم حیزبانە بەردەوام کەسایەتیی دووفاقی و گوتاری دوالیستیی پارادۆکسیکاڵ بەرهەم دێنن. قەیرانی ستراکتۆر واتە ستراکتۆری ئەم حیزبانە هەمان ستراکتۆری سانترالیستی حیزبە چەپەکانی سەردەمی شەڕی سارده کە بۆ جیهانی ئاڵۆزی ئەم سەردەمە تەواو نەگونجاون. قەیرانی ئۆتۆریتەو رەوایی واتە مانەوەی پاسیڤیان لە کەمپە پەنابەرییەکان و گوتارە ژەنگاوییە تیکرارییەکانیان و ناکاریگەرییان لەسەر رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئۆتۆریتەو رەواییانی بردە ژێر پرسیار. قەیرانی رێبەری واتە نەبوونی رێبەری ستراتێژیست و خولانەوەیان لە نێو بازنەیەکی داخراودا. رێبەرانی ئەم حیزبانە نەیانتوانی بە بیرێکی ستراتژیکەوە بۆ کێشەکانیان بڕوانن و بە چارەسەرکردنیان ببنە ئەکتەری ئەکتیڤی نێو گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی کوردستان. رێبەرانی لەو چەشنە حیزب تووشی جەڵتەی مێشک دەکەن واتە راست لەو کاتەدا کە باس لە بەرنامەو پرۆژە بۆ گۆڕان و نوێکردنەوە دەکرێ و حیزب رووی لە گەشە ناوە، لە پڕدا پرۆژەیەکی سەقەت دێنن یا بڕیارێکی هەڵنەسەنگێندراو دەدەن کە حیزب تووشی جەڵتەی مێشک دەکات وەک ئەوەی بە سەیارەوە لە خێرایی ۱۲۰دا بتهەوێ بە بێ راوەستان بەک لێدەی. بەداخەوە ئەم حیزبانە نە بۆ بەخۆداهاتنەوە تێچوویەکی زۆریان دا، لەت لەت و پارچە پارچە بوون، بەڵام بە خۆشییەوە ئێستا دەبینین سەرەڕای هەندێک گرفت هەندێکیان هوشیار بوونەتەوە و بوێرانە رووبەڕووی کێشەو قەیرانەکان دەبنەوەو لە هەوڵی چارەسەریدان. ئەگەر چی لێک دوور و ناتەبان، بەڵام ئاسۆیەکی گەش لە چالاک بوونەوەو نوێبوونەوە بەدی دەکرێ، نەگەیشتوونەتە ئاستی دڵخواز بەڵام کەوتوونەتە سەر هێڵی ریفۆرم و پێشکەوتن.

**ارزان**: دوای ئەو گرژیانەی نێو حیزبی دێموکرات و پارچە بوونیان بۆ دوو حیزبی سیاسی ئایا ئەو گرژیانە بە یەکجاری کۆتایی پێ هاتوون؟

**رامبود لوتف پوری**: ئەگەر مەبەستت گرژی نێوان دوو حیزبەکەیە، دەبێ بڵێم کۆتایی نەهاتووە، بەڵام زۆر کەم بۆتەوە. ئێستا گرژییەکان لە شێوەی ساردن واتە نەبوونی پێوەندی و دووری لە یەکتر و جاروبارێش هێرشێکی میدیایی لەسەر ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان کە بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەک دەڵێم زۆربەیان یەک لایەنە بوونە، ئێمە بەردەوام هەڵگری گوتاری دۆستی و ئاشتی و تەبایی بووین کەچی بەداخەوە ئەوان بەپێچەوانە دەجووڵێنەوە.

**ارزان:** دوای ئەوە چەند کادرێکی خاوەن بڕوانامە رەوتێکی ریفۆرمیان هەڵبژارد، رامبود وتەبێژی ئەو رەوتە بوو ئەو هەنگاوە لە نێوەندی پارتەکانی رۆژهەلات هەنگاوێکی تازە بون، کێ بوون لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوە بوون و تا چەند ئەو هەنگاوەی ئێوە کاریگەری هەبوو؟

**رامبود لوتف پوری:** پێش هەموو شتێک با ئەوە بڵێم رەنگە بە هۆی دەرکەوتنم لە میدیاکان کەسێکی دیاری ئەو رەوتە بووبێتم، بەلام هیچ کات وتەبێژی رەوت نەبووم، رەوتی ریفۆرم کۆمەڵێک گەنجی دڵسۆز و لێهاتووی نێو حیزبی دێموکرات پێکیان هێنا کە سەر بە نەوەی چوارەمی حیزب بوون. ئەم کەسانە سەرەڕای ئەوەی کە بڕوایەکی قووڵیان بە پێگەی جەماوەری و قورسایی حاشاهەڵنەگری حیزبی دێموکرات لە بزاڤی نەتەوەیی رۆژهەلاتی کوردستان هەبووەو هەیەو بە تەواوەتی خۆیان بە پێڕەوی رێبازی ئەو حیزبەو شەهیدەکانی دەزانی لە هەمان کاتدا هەستیان بە پێویستی ریفۆرم و گۆڕانێکی هەمەلایەنەی بنگەهی لەو حیزبەدا کردبوو. بۆیە لەو کەشوهەوا داخراوە دووباڵییەی پێش لەت بوونی حیزبدا، رەوتی ریفۆرم ئەو بازنە داخراوەی شکاندو بوو بە رێگای سێیەم. سەرەڕای ئەو هەموو زەختانەی کە دەخرانە سەر ئەم رەوتە بەلام توانی زۆر کەسی دیکە لە خۆی کۆ بکاتەوەو گوتار و میتۆدی نوێ لە حیزبدا بەرهەم بێنێت. پاش لەت بوونی حیزبیش کە کەشوهەوایەکی کراوەتر خولقاو ئاخێوی ریفۆرمیستی لە حیزبدا گشتگیر بوو، رەوتی ریفۆرم کەوتە نێو بەستێنێکی لەبار و چ لە ئاستی پرۆژەو چ لە پراکتیکدا سەرکەوتووتر بوو.

ئێستا دەتوانم بێژم رەوتی ریفۆرم سەرکەوتنی خۆی و حیزبەکەی واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەو گۆڕانکارییەکانی دوای کۆنگرە هەتا ئێستادا دەبینێتەوە.

ئەو ئامانجانەی کە رەوتی ریفۆرم کاری بۆ دەکردن ئێستا بەرە بەرە خەریکن لە حیزبدا وەدی دێن. دڵنیاشم لە داهاتووشدا گۆڕانکارییەکان جیدیتر و زۆرتر دەبن. بە بڕوای من ئامانجەکانی رەوتی ریفۆرم یان بڵێین گۆڕانخوازی و ریفۆرم بوونەتە خوێنی ژیانبەخش و لە دەمارەکانی حیزبی دێموکراتدا دەگەڕێن.

**ارزان:** پژاک وەک پارتێکی رۆژهەلاتی کوردستان خۆی ناساندووە لە کاتێکدا بە بۆچوونی زۆرێک لە سیاسییەکانی کوردستان ئەو پارتە بە باڵی پ.ک.ک لە رۆژهەلاتی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت بە بۆچوونی ئێوە پژاک پارتێکی سەربەخۆیە؟

**رامبود لوتف پوری:** بە کورتی ئەگەر ولام بدەمەوە، دەڵێم ئەو بۆچوونە راستە. پژاک نەک هەر سەربەخۆ نییە بەڵکوو لە جێدا هەر حیزب یا پارت نییە. باڵی رۆژهەلاتی کوردستانی پ.ک.ک یە.

پژاک لە ئایدۆلۆژیاو ستراکتۆردا تەواو گرێدراوی پ.ک.ک یە. سەرکردایەتی پژاک بڕیاردەر نین، بەڵکو سەرکردایەتی پ.ک.ک یە کە تاکتیک و ستراتیژییان بۆ دیاری دەکات. گەریلاکانی پ.ک.ک لە رۆژهەڵات پژاکن و لە باکوور پ.ک.ک لە باشوور و رۆژئاواش ناوی دیکەیان هەیە.

**ارزان:** پێوەندی ئێوە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆنن بەتایبەتی پژاک؟

**رامبود لوتف پوری:** ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان نەبێ کە ئەوانیش بۆ خۆیان نایانەوێ، لەگەڵ هەموو پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی گەرم و دۆستانەمان هەیە. سەبارت بە پژاکیش دەتوانم بڵێم ئێمە هیچ پێوەندییەکی دیپلۆماتیکمان لەگەڵی نییە. ئەگەر پێویست بێ پێوەندییەکیشیان لەگەڵ بگرین ئەوا راستەخۆ لەگەڵ پ.ک.ک دەیگرین.

**ارزان:** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەرەیەکی کوردستانی لەسەر ئاستی پارتەکانی رۆژهەڵات درووست بکرێت لە کاتێکدا بە هۆی ئەو گرژییانەی لە فەلەستین هەیە پێدەچێت ئێران پەلکێشی ئەو کێشەیە بکرێت؟

**رامبود لوتف پوری:** لە مێژە کاتی پێکهێنانی بەرە هاتووە، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی هەلومەرجی دەرهەست و بەرهەست(عینی و ژهنی) بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە ئامادە نیە، ئەو کارە نەکراوە. واتە حیزبەکان پەیتا پەیتا تووشی لێکترازان دەبن و گیانی خۆبەزلزانی و پێکەوە هەڵنەکردن لە هەندێکیاندا بەهێزە. ئەو هەلومەرجە بەرهەستەش کە لە باشووری کوردستان بوو بە هۆی ئاشتی و پێکهاتنی حیزبەکان هێشتا لە رۆژهەڵات نەهاتۆتە ئاراوە. بەڵام ئەگەر شەڕێکی لەو بابەتەی ئاماژەت پێداوە بەرۆکی ئێران بگرێت رەنگە ئەو دەم هەلومەرج بگۆڕدرێت و ببێتە هۆی لێک نزیکبوونەوەی حیزبەکان بۆ هاوکاری و جێبەجێ کردنی پرۆژەی هاوبەش.

**ارزان:** ئەگەر بەرەیەک درووست ببێ ئایا پژاکی تێدا دەبێ؟

**رامبود لوتف پوری:** پێشتر ووتم پژاک رێکخراوێکی سەربەخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان نییە کە بێتە نێو ئەو بەرەیەوە. ئەو بەرەیە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ هەڵوێستی شێلگیرانەی هەبێت، کە وابوو ناکرێ پژاکی تێدا بێت کە باڵی پ.ک.ک یە و وەک دەشزانین پ.ک.ک لەگەڵ ئێران لە پێوەندیدایە. سیاسەتی پژاک بەرامبەر بە ئێران پێڕەوی لە سیاسەتی پ.ک.ک و چۆنیەتی پێوەندیەکانی لەگەڵ ئێران دەکات.

**ارزان: خوێندنەوەتان بۆ ئایندەی ڕژێمی ئێران چۆنە لە کاتێکدا چۆتە بەرەی دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە لە ناوچەکە؟**

**ڕامبود لوتف پوری:** پاش رووخاندنی یەکیەتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی دونیای دوو جەمسەری، کاتی بەکارهێنانی دەسەڵاتە توتالیتەر و ئایدۆلۆژیکەکان بەسەر چوو. ئێستا هاوڕێکی(نەزم)یەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە ڕێگا بە مانەوەی ئەو حکومەتانە نادات. ئێستا سەردەمی دیموکراتیزاسیۆن و هێمنییە. ئەم دەسەڵاتانە یان دەبێ ریفۆرم بکەن و خۆیان لەگەڵ ئەو رەوتە بخەن یان ئەوەی کە شەپۆلەکانی ئەو رەوتە گۆڕانە تێکیان دەشکێنێ و دەیانڕووخێنێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە پێکهاتە کۆماری ئیسلامی وەک دیتمان ریفۆرم هەڵنەگرە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا مەحکوم بە شکست و نەمانە. ئەو هەوڵانەی ئێستاشی وەک پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، پشتیوانی لە تیرۆریزم و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە هەموویان پەلەقاژەگەلێکن کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆشی بە تەواوەتی هەستی بەو مەترسییە کردوە. ڕێژیمی ئێران سیستمێکە کە تەنیا لە هەلومەرجی نائاسایی و قەیراندا دەتوانێ بژی، ئەو سیستمە ئایدۆلۆژیکە تەنیا لە بەرامبەر نەیارێکدایە کە دەتوانێ خۆی پێناسە بکات . بۆیە بەردەوام پەرە بە تیۆریی پیلانگێڕی و قەیرانسازی دەدات.

**ارزان: لەم دواییانەدا ئێوە لە نێو خاکی ئێران چەند چالاکییەکی چەکداریتان ئەنجام دا سکرتێری حیزب لە ئۆرگانی حیزبەوە ووتی کەس ناتوانی بۆ ئەو چالاکییانە سەرکۆنەمان بکات. ئایا ئێوە ئێستا بە کاتێکی گونجاو دەزانن بۆ چالاکیی چەکداری؟**

**ڕامبود لوتف پوری:** پێش هەموو شتێک بێژم کە ئەو قسانە قسەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بوو نە سکرتێری حیزب، کەسی یەکەمی حیزبی ئێمە ئێستا کاک خالیدی عەزیزییە. بەڵام ووتەکانی مامۆستا حەسەنزادە دەقاودەق تەعبیری لە هەڵوێستی ڕێبەریی حیزبی ئێمە دەکرد.

لە جێدا فەلسەفەی بوونی ئێمە خەبات بۆ ڕزگاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وابوو زۆر پێویست و سروشتییە کە لە نێو خەڵکی خۆماندا بین. یەکێک لە شێوەکانی بوونیشمان لە نێو خەڵکدا شێوازی چەکدارانەیە. ئەو چەکە تەنیا بە مەبەستی بەرگرییە، چۆن پێشمەرگەی حیزب بنێرینەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ هیچ ئامرازێک بۆ خۆپاراستن! خۆ پێشمەرگە نانێرینە پاریس کە لەگەڵ دەسەڵاتێکی کراوە و دیموکراتیکدا بەرەوڕوو بێ و بۆ راپەڕاندنی ئەرکی سیاسی خۆی پێویستی بە چەک نەبێ. پێشمەرگەی ئێمە کە دەچێتەوە ناچارە کە ڕووبەڕووی یەکێک لە دیکتاتۆرترین و دڕندەترین دەسەڵاتەکانی

سەرزەوی بێتەوە. دەبێ لە کەشوهەوایەکی تەواو داخراو و پڕ مەترسیدا ئەرکە سیاسییەکانی خۆی راپەڕێنێت، کە وابوو ناچارە بۆ بەرگری لە خۆی چەک هەڵگرێ.

**ارزان: چالاکی سیاسیتان لە نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان چۆنە، تا چەند توانیوتانە جەماوەر لە دەوری حیزبەکەتان کۆ بکەنەوە؟**

**رامبود لوتف پوری:** حیزبی دێموکرات بەردەوام یەکێک لە سەرەکیترین ئەکتەرەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستان بووە، بە پێی پێگەی جەماوەری و قورسایی ئەم حیزبە لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا بەردەوام لە چەقی رووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەو بەشەی وڵاتدا بووە ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش حیزبی دێموکرات لە مێژووی نیشتمان و نەتەوەکەیدا رەگی داکوتاوە و بۆتە خاوەن دیرۆکێکی لە مێژینە. هێماو سیمبۆلەکانی ئەم حیزبە ئێستا هێماو سێمبۆلی نەتەوەیین، بە دیویکی دیکەدا دەتوانم بێژم ئەم حیزبە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بە گشتی و بەتایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستاندا سیمبۆلسازترین رەوت و رێکخراو بووە. بۆ نموونە پێکهێنانی کۆماری کوردستان، راپەڕینی ٤٧ - ٤٦، خەباتێکی درێژخایەن و قارەمانانەی چەکداری، پێشکەش کردنی زیاتر لە ٥ هەزار شەهید و بەتایبەت رێبەرانێکی شەهیدی وەک پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی ئەم حیزبەی کردۆتە سەرچاوەو رێفرێنسی سەرەکی بۆ ماف و پرسە نەتەوەییەکان و خەبات لە پێناو وەدیهێنانیاندا، بۆیە بەردەوام جەماوەری لە دەور بووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەتوانم بڵێم لە قۆناغی پاش راگرتنی بە کردەوەی خەباتی چەکداری و مانەوەی ئەو حیزبە لە کەمپە پەنابەرییەکانی دەشتی کۆیە بە هەندێک هۆ کە لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێکرد روخساری شۆڕشگێڕانەی ئەم حیزبە لە سیاسەت و پراکتیدا بەرەو کاڵ بوونەوە رۆیشت. بەڵام لەگەڵ ئەو نوشوستییەدا ئێستاو بەتایبەت لە دوای کۆنگرەی چواردەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان دیسان رێگای پێشکەوتنی گرتۆتەبەر و دەیهەوێ لە پرۆسەی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستاندا رۆڵێکی کاریگەر ببینێت. ئێستا ئێمە گوێمان بۆ خواست و ویستەکانی نەتەوەکەمان کردۆتەوەو چی دیکە هەوڵ نادەین راستییەکان بخەینە نێو چوارچێوەی تەسکی سیاسەتێکی ئێکسپایەرەوە، هەوڵمان داوە هەرچی زیاتر واز لە میتۆدی ناکارەمەی دوورەپەرێزی بێنین و برۆینەوە نێو گۆڕەپانی سەرەکی شۆڕش و زۆر هەوڵی دیکە. سەرەڕای هەموو ئەمانە وەک سەرەتاش باسم کرد نەگەیشتووینەتە خاڵی مەبەست و کەم وکۆڕیشمان هەیە بەڵام کەوتووینەتە سەر هێڵی ریفۆرم و ئاکتیڤ بوونەوە کە هیوادارم هەروا لەسەر ئەو رەوتە بمێنینەوە. بەم هۆیانەوە ئێستا توانیومانە تا رادەیەکی بەرچاو گۆمی مەندی دیکتاتۆریەتی رێژیم و دورگەی بە رواڵەت ئارامی رۆژهەلات بشڵەقێنین و خەڵکی کورد بەتایبەت چالاکە سیاسییەکانی لە دەوری ئامانجێکی رەوا کۆ بکەینەوە. ئەگەر هەروا لەسەر هێڵی ریفۆرم و گۆڕانخوازی بمێنینەوە، منیش وەک هاوڕێیەکمان کە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا ئەم ناوەی لەسەر

دانابوو، ناوی ئەم قۆناغە دەنێم "هەستانەوەی قەندیل".

**ارزان:** نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەم رۆژانەدا بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی «موجاهیدینی خەلقی دەرکرد ئایا بە بۆچوونی ئێوە دوای دەرکردنی هێزەکانی«موجاهیدینی خەلق» پارتە کوردییەکانیش تووشی گرفت نابن بە هۆی ئەو باڵادەستییەی ئێران هەیەتی لە عێراقدا؟

**ڕامبود لوتف پوری:** لەگەڵ ئەوەی کە من پێم وانیە ئەو بڕیارەی مالیکی جێبەجێ ببێ، بەڵام بارودۆخی ئێمەو موجاهیدینی خەلقیش وەک یەک بەراورد ناکرێ، موجاهیدین وەک هێزێکی تیرۆریست ناسراوە بەڵام ئێمە وانین. جگە لەوەش بێگومان ئێران هەوڵ دەدات هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیون یا لە نێو بەرێ یا لانی کەم پەراوێز و ناکاریگەریان بکات. پێشتر ئەم هەوڵەی بەرامبەر بە ئێمەش بە کار هێناوە. بەڵام وەک ووتم ئێمەو موجاهیدین وەک یەک نین موجاهیدین لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق دایە کە بەداخەوە ئەو حکومەتەش لە ئێران نزیکە، کە چی ئێمە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمداین، حکومەتێکی خۆماڵیی کوردی، ئێمە پاڵمان بە براکانی خۆمانەوە داوە. دڵنیام هەر چەندەش حکومەتی ئێران زەخت بخاتە سەر حکومەتی هەرێم هەرگیز ناتوانێ بەرامبەر بە ئێمە ناچار بەو کارەیان بکات. گەرەنتی ئێمە گیانی برایەتی و یەکبوونی نەتەوەیی و کوردایەتییە.

Amade krdni فەرمان عوسمان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ویراش پریس - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠٠٩

------------------------------------------

## با ئەو ئاژاوەیەی داگیرکەران لە باشووری کوردستان دەینێنەوە بخرێتە داوێنی خۆیان

**"رامبوود لوتف پووری" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ "چاودێر":**

**ئا: ب. کامیار**

ئاماژە: خەباتی چەکدارانە لە بزووتنەوەی سیاسی کورددا خاوەن رابردوو و مێژوویەکی تایبەتە. ئەم میتۆدە لە خەبات لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بە شێوازی جیاجیا تاقی کراوەتەوە. خەباتی چەکدارانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نەوەدەکانەوە بەرەبەرە بەرەو کزی دەچێ و کۆتایی پێ دێ. ئەمە تا رادەیەکی زۆر بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی وڵاتدا تووشی دارمان دەکات. هەنووکە کە هەندێ لایەنی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەو بڕوایەن کە خەباتی چەکدارانە دەتوانێ میکانیزمی باش بێت بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ. ئەمەش بۆتە هۆی وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیار. لەم پێوەندییەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی "رامبوود لوتف پووری" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**چاودێر: ئایا ئێستە خەباتی چەکدارانە دەتوانێ وەک جۆرێک لە خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەور ببینێت و کارساز بێت؟**

**رامبوود لوتف پووری:** پێش هەمووش شتێک پێم خۆشە ئەو راستییە دووپات بکەمەوە کە خەباتی چەکداری تەنیا ئامرازێکە یان تاکتیکێکە لە خزمەت خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا، وەک هەموو شێوەکانی دیکەی خەبات نە ئێمە بە زەبری چەک سەردەکەوین و نە داگیرکەریش دەتوانی بە هێزی چەکداری ئیرادەمان تێک بشکێنێ و بە چۆکماندا بێنێ. زۆر جار گوتومە کورد بە ویستی خۆی چەکی هەڵنەگرت، نە پێشەوا نە دوکتور قاسملوو و نە نەوەی ئێستاش بە ویستی خۆی دەستی بۆ چەک و هەڵبژاردنی خەباتی خۆێناوی نەبردووە. خەباتی چەکدارانەی کورد وڵامێکی لۆژیکی بووە بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و پاکتاوو سرووشتی خۆبە زلزان و درندانە و هەڵسوکەوتی فراوانخوازانە و چەوسێنەرانەی داگیرکەرانی کوردستان. شەهید سمکۆی شکاک بۆ وتووێژ بانگهێشت کرابوو کە چی تیرۆریان کرد. شەهیدان پێشەاو قازی و دوکتور قاسملووش هەروا. واتە ئێمەی کورد بەردەوام هانامان بۆ میکانیزمی ئاشتیخوازانەو دیالۆگ بردووە کە چی داگیرکەر تەنیا لە بیری فێڵ و پیلان و لە نێوبردنماندا بووەو ئەگەر هێزی هەبوو بێ تەنیا بە گولله وڵامی داوینەتەوە. ئەگەر جارو بار

دیالۆگیشی لەگەڵ کردبێتین یا لە پێناو پیلانگێڕی و تیرۆری ڕێبەرانماندا کردوویەتی یان ئەوەی کە لاواز بووەو ویستوویەتی بمانخافڵێنێ. کاتێک کە (هیأت حسن نیت) لە تارانەوە دێنە کوردستان بۆ وتووێژو بە ناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد. نوێنەری وەلی فەقیە لە کوردستان «ئاخوند کرمانی» لێیان دەپرسێ و دەڵێ بۆ چی هاتوون؟ ئایا بە تەمان بەراستی لەگەڵیان(کوردەکان) پێک بێن و کێشەکە چارەسەر بکەن؟ لەو کاتەدا «عزت اللەسحابی» کە ئەندامی شاندەکە بووە وڵام دەداتەوە: نە ئێمە تەنیا دەمانەوێ بیان خافڵێنین تا دەسەڵاتمان لە تاران سەقامگیر دەکەین ئینجا سەرکووتیان دەکەین. ئەمە نیازی (هیأت حسن نیت) بووە. دەسەڵاتێک کە ئەمە حوسنی نیەتەکەی بێت چ ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەت لە بەردەم دا دەهێڵێتەوە. کە وابوو هەر لە سەرەتاوە ئێمە ناچار بووین دەست بۆ چەک بەرین. بە بڕوای من ئەگەر ئەو بەرگریە چەکدارانە ڕەوایەمان نەکردبا ئێستا نەتەوەیەک بە ناوی کورد لە ئارادا نەبوو، ئاسیمیلەیان دەکردین و دەیانتواندینەوە. یان دەبوو ببین بە تورکە شاخییەکانی مستەفا کەماڵ یان ئێرانییە بە نێوەڕۆک فارسەکەی ڕەزا خان. بۆیە چەکی پێشمەرگە پارێزەری شوناسمان و دەنگی گوللەی چەکەکەشی ئەوە هاواری دەردو ئازارو مافخوازیەمان بووە کە نەیاندەهێشت لەسەر میزی وتووێژو کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە دەری ببڕین.

بەڵام سەبارەت بە ئێستا، ئەتۆ دەبێ کاتێک واز لەو میکانیزمە بێنی کە هۆکارە پێکهێنەرەکانی لە نێو چووبێتن. ئەگەر لە تورکیا دەرەتانێکی بچووک بۆ پارتێکی وەک D.T.P کرابێتەوەو کەشوهەوایەکی نیمچە دێموکراتیک ڕەخسابێ کە پرسی وەلانانی چەکی هێنابێتە گۆڕێ، خۆ لە ئێراندا هیچ نەگۆڕاوە. داگیرکەرەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر هەمان سرووشت و نیوەڕۆکی ٣٠ ساڵ لەمەوبەری ماوە. ئەگەر خراپتر نەبووبی باشتر نەبووە. خۆ چالاکانی مەدەنی لە هەموو بوارەکانی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران، ڕۆژنامەوانان و... چەکیان هەڵنەگرتووە ئەی بۆ ڕۆژ نیە هەواڵی گیران و ئیعدامیانمان وەبەر گوێ نەکەوێت. NGO کان، ڕۆژنامەکان و سەنتەرە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان پەیتا پەیتا دادەخرێن. هەر چالاکی مەدەنی کوردە و حوکمی زیندان و ئیعدامی بەسەردا دەسەپێ. دەی باشە چی گۆڕاوە؟ ئەوەش لە خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە. لە یەک ڕستەدا بێژم داگیرکەران ئەو کاتە لێمان دەگەڕێن کە واز لە مافەکانمان بێنین و ملکەچی ستەم بین. کە وابوو خەباتی چەکداری بۆ نەتەوەی کورد بە هەمان هۆکاری پێشوو بەڵام بە میتۆدێکی جیاوازو گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا یەکێ لە میکانیزمەکانی بەرگریی ڕەوایە. شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی نەتوێینەوە، بۆ ئەوەی بمێنین. بۆ ئەوەی داگیرکەران و دونیاش بزانن کە هەین. کە کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد لە ئارادایەو دەبێ ئاوڕی جیددی لێ بدەنەوە.

**چاودێر**: ئەو میتۆدە تازەی کە ئاماژەتان پێکرد دەبێ چۆن بێ؟

**رامبوود لوتف پووری**: وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا هەر لە سەرەتاوە ئێمە چەکمان بەو هیوایە هەڵنەگرت کە بەو چەکانە

دەسەلاتی ناوەندی تاران بڕوخێنین بەڵکوو چەکمان بۆ پاراستنی بوونو شووناسمان هەڵگرت. بۆیە شەڕی چەکداریمان کرد کە وەک رێبەری شەهید «دوکتور قاسملوو» دەڵێ: دوژمنان ناچار بکەین لێمان بپرسن چیتان دەوێ. بۆ ئەوەی کە بیروڕای گشتی جیهان بزانن کێشەی کورد جیددییە. ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ئێمە بە شێوەی هێزی گەورەو بوونی بەربلاوی پێشمەرگە بە دوای ئەو مەبەستەدا دەچووین. بەلام ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕاوە. کۆمەڵێک فاکتەری رێگرو رێگاخۆشکەر یا بێژین پۆزەتیڤ ونیگەتیڤ هاتوونەتە ئاراوە. ئەو کاتە دوژمنەکەمان لاوازتر بوو، دەسەلاتەکە ناسەقامگیرگرتووتر بوو لە ئێستا، سەرقاڵی شەڕێکی گەورەی دژ بە عێراق بوو، لە کوردستان ناشارەزا بوو، هێڵەکانی پێوەندی و هاتووچۆ سەرەتایی و کەم بوون و چەندین فاکتەری دیکەش. بەلام لە هەمان کاتدا هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، هەلومەرجی سەردەمی شەڕی سارد، بەرژەوەندیخوازیی زلهێزەکان و داخراو بوونی کەشوهەوای زانیاریو پێوەندییەکان رێگای بە ئێمە نەدەدا کە کێشەو چالاکییەکانمان وەک خۆی و لە کاتی خۆیدا باس بکەین و بۆ بیروڕای گشتی جیهان رایگوێزین، دەنا بەراستی لەو سەردەمەدا کوردستانمان کردبۆوە گۆڕەپانی خەباتێکی چالاک و بەرفرەی رزگاریخوازانە. ئێستا ئەو هەلومەرجە گۆڕاوە داگیرکەر لە باری سوپاییەوە بەهێزە، تا رادەیەکی بەرچاو خۆی سەقامگیر کردوە، سەرقاڵی شەڕی گەورە نیە، تا رادەیەک کوردستانی ناسیوە، هێڵەکانی پێوەندی و رێگاوبان پەرەیان سەندووە بۆ ناوچە دووردەستەکانی کوردستانیش. ئەمانە بۆ ئەو فاکتەری لەبارن، بەلام لە هەمان کاتیشدا هوشیاری نەتەوەیی خەڵکی کورد لەچاو ٣٠ ساڵ لەمەوبەر گەشەیەکی زۆری کردوە، نێوەرۆکی چەوسێنەرانەی رێژیم بە تەواوەتی روون و ئاشکرا بۆتەوە، پێشکەوتنی جیهانی ئینفۆرماتیک دەرەتانی باشی بۆ خۆدەربڕین و خۆناساندن بۆ نەتەوە ژێردەستەکانو یەک لەوانیش نەتەوەی کورد کردۆتەوە. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن هەلومەرجەکە گۆڕاوەو ئەگەر بمانەوآ دەتوانین قازانجی باشی لێوەرگرین. رەنگە نەتوانین بەو بەربلاوییەی رابردوو چالاکی چەکدارەنەمان هەبێت، بەلام چالاکی ئێستامان ئەگەر بەرتەسکیش بێت دەتوانێ دەنگدانەوەی زیاتری هەبێتو دەکرێ کەڵکی زۆرتری لێوەربگرین.

**چاودێر**: ئایا فەزای سیاسیی نێونەتەوەیی خەباتی چەکدارانە بە میتۆدێکی گونجاو لە قەڵەم دەدات و ئاوڕی لێدەداتەوەو پشتیوانی لێدەکات؟

**رامبوود لوتف پووری**: بەداخەوە بیروڕای گشتی جیهانی پێشکەوتوو بە تایبەت ئەورووپاو ئەمریکا، کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم بە ربەی کۆمەڵگای خۆیان هەڵدەسەنگێنن. بۆیە بەردەوام هاندەری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژن. نەک هەر کورد پێم وانیە لە دونیادا نەتەوەیەکی خەباتکار هەبێت کە ئەگەر بۆی بلوێ لە رێگای دێموکراتیک و ناتوندوتیژەوە خەبات بکات و بە مافەکانی بگات، دیسان رێگای شەڕو شۆڕش هەڵبژێرێ. بەلام راستییەکە ئەوەیە کە راستییەکانی کۆمەڵگا جیهانی سێهەمەکان و سرووشتی سەرەڕۆیانەی دەسەلاتەکانیان زۆر بە کەمی ئەو دەرەتانە دەرەخسێنێ. جیهانی سێهەم

مەملەکەتی رەشەکوژی و ژینۆسایدو پاکتاوە، مەملەکەتی ئەنفال و ئیعدام و داپڵۆسینە. لۆژیکی زاڵ بەسەر دەسەڵاتدارانی جیهانی سێهەم لۆژیکی سەرکوتو کوشتو بڕە. ئێمە وەک خەڵکی کێبێک ناتوانین ریفراندۆمی سەربەخۆیی وەڕێ بخەین. ئێمە ناتوانین وەک خەڵکی ئەمریکا، سەرکۆماری وڵات دادگایی بکەین، ئێمە شوێنێکی وەک هایدپارکی لەندەنمان نیە کە بە ئازادی دەنگی تێدا هەڵبڕین. جیهان دەبێ لەم جیاوازییانە تێبگات. مەبەستم بیروڕای گشتی جیهانە، بەڵام ئەگەر لە بیروڕای گشتی گەڕێین پێم وایە کۆمەڵگای سیاسیی نێونەتەوەیی و بەتایبەت دەوڵەتە گەورەکان زۆربەیان هاتونەتە سەر ئەو بڕوایە کە رێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە لە بەرامبەر هاوڕێکی جیهانی دا ملهوڕەو سەربزێوانە هەموو یاساو رێسا نێونەتەوەییەکان پێشێل دەکات، لە ریگای هێمنی دیالۆگو دانوستانەوە مل بۆ ئیرادەی خەڵکو یاسا نێونەتەوەییەکان راناکێشێت. بۆیە ئەوانیش تا رادەیەک هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە کە هەوڵە دیپلۆماتیکەکان بێ ئاکامن و دەبێ بیر لە رێگە چارەی توندی وەک سوپایی بکەنەوە. کە وابوو پێم وانیە دژ بە خەباتی چەکدارانەی ئێمە راوەستن.

**چاودێر**: پێت وانییە ئەمە جۆرێک مەترسی ساز بکات بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان؟

**رامبوود لوتف پووری**: دەبێ ئەو روانگە کلاسیکە بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان بگۆڕین. من پێم وانیە بەرژەوەندی باشووری کوردستان لەوەدا بێ کە هێزەکانی رۆژهەلات بە بێ دەنگی لە کەمپەکاندا دانیشن. ئەو چەند ساڵە ئەم هێزانە بێ دەنگ بوون باشە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی چ بوو؟ ئایا وازی لە دەستێوەردان لەم پارچەیە هێنا؟ ئایا ئەنسارو چەندین گرووپی ئیسلامی و تیرۆریستی دیکەی تەیار نەکردو هانی نەدان بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێم؟ ئایا دانی بە سەروەری سیاسیی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا ناوە؟
ئەی بۆ خۆمان فری و بدەین. سەبارەت بە کێشەی کورد، داگیرکەرانی چوارپارچەی کوردستان خاوەنی یەک عەقڵییەتن و یەک ستراتێژییان هەیە. بەڵام رەنگە لە میتۆی رووبەڕوو بوونەوەیدا جیاوازیان هەبێت. کە وابوو داگیرکەران بەردەوام ترسیان لە بەهێزبوونی جووڵانەوەی کورد هەیە. ئەوان دەزانن بوونی دەسەڵاتێکی کوردی لە پارچەیەکی کوردستان هیچ نەبێ هاندەرو هیوابەخشی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتیانە بۆ درێژەپێدانو بەگوڕتر کردنی خەبات. بۆیە قەت چاویان بەرایی نادات سەرکەوتنی ئەم حکومەتە ببینن. دژایەتی دەکەنو بەردەوام بۆی لە هەوڵی پیلانگێڕیدا دەبن.
بە بڕوای من بەهێزبوونی جووڵانەوەی کوردو هێزە سیاسییەکانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەتوانێ لە بەرژەوەندی باشووری کوردستاندا بێت. حکومەتی هەرێم دەتوانی لەم پتانسییەلە وەک کارتێک لە گەمەی سیاسیدا بۆ راگرتنی باڵانس و زەخت خستنەسەر داگیرکەرانی کوردستانیش کەڵک وەبگرێ، ئەوە جگە لەوەیە کە ئاسایشی نەتەوەیی کورد وادەخوازێ کە پاڵپشتی هێزەکانی پارچەکانی دیکە بن. با ئەو ئاژاوەیەی داگیرکەران لە باشووری کوردستان دەینێنەوە بخرێتە داوێنی خۆیان. ئێمە چالاک بین یانە، رێژیمی ئێران قەت واز لە باشووری کوردستان ناهێنێ، رەنگە بە رواڵەت پێوەندییەکی

نیوەفەرمی ئابووری و سیاسی لەگەڵ دابمەزرێنێت بەڵام لە بنەوە هەوڵی بنکۆڵ کردنی دەدات. تیرۆریستی بۆ پەروەردە دەکات و دەینێرێ، مادە هۆشبەرەکانی تێدا بڵاو دەکاتەوە، شیعەکانی لێ هان دەدا شکست بە دۆزی کورد بێنن لە بەغداو... بە بڕوای من کورد لەم پارچەیە دەبێ زیاتر لە سەروەریی سیاسی خۆی و ئاسایشی نەتەوەیی کورد بە خاوەن دەرکەوێت. ئەمە دەبێ ستراتیژی بێت بەڵام تاکتیک بە پێی هەلومەرج دەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێت. لە هەمان کاتدا هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەبێ هەستیاریی باروودۆخی حکومەتی هەرێم رەچاو بکەنو میکانیزمگەلێک هەڵبژێرن کە بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان کە بەشێکە لە بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد نەخەنە مەترسییەوە. ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە لە بازنەی ئەو میتۆدە کۆنانە بێنە دەرێ و میکانیزمی نوێ تاقی بکەنەوە کە رەنگە لێرە نەکری زیاتری شی بکەمەوە.

**چاودێر**: ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگا لە لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێ ئاڵتەرناتیڤ دەبێ چی بێ؟

**رامبوود لوتف پووری**: پێم وانییە شتی وابکەن، بەڵام ئەگەر واش بوو نابێ دەستەوەستان بین، درێژەدانی خەبات و پەرەپێدانی لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئێمە بنەمایە کە وابوو نابێ واز لەوە بێنین. ئێمە بۆ حەسانەوە نەهاتووینەتە باشووری کوردستان. فەلسەفەی بوونی ئێمە خەباتە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بۆیە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا دەبێ دەست بە جێ میکانیزمێکی دیکە بدۆزینەوە؟ وەک گوتم ئەگەر تۆزێک کراوەتر بین و خۆمان بە میتۆدە کۆنەکانەوە نەبەستینەوە، رێگا زۆرن تەنیا دەبێ لە تاقی کردنەوەی میکانیزمە ئەزموون نەکراوەکاندا بوێر بین.

**چاودێر**: ئەگەر ئەم شێوە لە خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیندوو بکرێتەوە، پێت وایە ئاکامەکەی بە کوێ دەگات؟

**رامبوود لوتف پووری**: پێشتر گوتم کە ئێمە مەبەستمان لەم شێوە خەباتە چیە؟ بۆیە زیندووبوونەوەی ئەم میکانیزمە ئەم ئامانجانە دەپێکێ. ئەگەر بە کورتی بێژم کوورەی خەبات گەرم رادەگرێ، هیوا دەخولقێنێ، پێش بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن دەگرێ، قەیران دەخولقێنێ و جیهان لە ویست و ئازارەکانمان تێدەگەیەنێ و لە یەک رستەدا دوورگەی بە رواڵەت ئارام و خنکێندراوی دەستی داگیرکەر دەشڵەقێنێ. واتە دەبێتە کاتالیزۆرێک بۆ پێشخستنی شێوەکانی دیکەی خەباتو بزووتنەوەی کورد بە گشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

سەرچاوە: نیشتمان وێبلاگ - رێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠٠٩

## نەسرەوتن وانەی ڕێبەرێکی نەسرەوتوو بۆ حیزبی دیمۆکرات

مەرج نیە هەر کەس کە لە شۆڕشدا بەشدار بوو خاوەن کەسایەتیی شۆڕشگێڕانە بێت. ئەمە راستییەکە هەموو شۆڕشەکانی جیهان لە خۆ دەگرێت . هەرچەند لە روانگەی سیاسەتەوە هەموو بەشداربووانی شۆڕش بە شۆڕشگێر پێناسە دەکرێن بەڵام شۆڕشگێڕ لە روانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و بە بۆچوونی کەسانێکی وەک «ئەریک فرۆم» ئەو کەسەیە کە ئامانجدارانە و بە باوەڕەوە تێکەڵاوی شۆڕش دەبێت، واتە هەڵوێستەکەی پشت بەمەعریفەیەک دەبەستێ کە بۆی بۆتە باوەڕ و لە هزر و بیریدا رەگی داکوتاوە و بنیادی بۆتەوە. بۆیە کەسایەتیی شۆڕشگێڕ بڕوایەکی قایمی بە خۆی و ڕێبازەکەی هەیە و لە دژوارترین هەلومەرجەکانیشدا تووشی لەرزۆکی و پاشگەزبوونەوە نابێت.

ئەم تایبەتمەندییە رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوودا هەیە، دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی دەکرد کە هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە دیوە، گەلێک قۆناغی شکست و سەرکەوتنی ئەزموون کردووە، گەلێک رۆڵەی ئازا و کەسایەتیی گەورەی لەگەڵدا بووە کە بەشێکیان یان شەهید یا بریندار، کەم ئەندام و پەککەوتە بوونە یا لە قۆناغێک لە قۆناغە دژوارەکاندا تووشی بێهیوایی بوونە و کاروانی خەباتیان بەجێ هێشتووە، جیا لەو کەسانەی کە بە ناچاری و بە بێ ویستی خۆیان لە ریزەکانی خەبات دوور کەوتوونەتەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم بەجێهێشتن دەتوانێ نەبوون یا لاواز بوونی باوەڕی شۆڕشگێڕانە لەو کەسانەدا بێ، واتە بەشێک لەو کەسانە خاوەن کەسایەتیی شۆڕشگێڕانە نەبوون و هەندێک هۆی لاوەکی پەلکێشی شۆڕشی کردوون. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدایە کە کەسایەتیی نەسرەوتووی دوکتور قاسملوو باشتر دەردەکەوێ. ئاوڕدانەوەیەک لە بڕیار و هەڵوێستەکانی د.قاسملوو لە بڕگە جیاوازەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات تابلۆیەک لە ئینسیاتیڤ و نەسرەوتنی شۆڕشگێرانەی ڕێبەرێکمان بۆ وێنا دەکات کە هەنووکەش باندۆری بە سەر خهباتی حیزب و نەتەوەکەیدا هەیە و بوونەتە وانەی ڕێبازێکی شۆرشگێڕانە.

### چەند نموونەیەکی مێژوویی

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و لە کاتێکدا کە وتوویژەکانی دەوڵەتی کاتی و لایەنی کورد بۆ دابین و دەستەبەربوونی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بێئاکام دەمێنێتەوە و رژیم بڕیاری شەڕ و جیهاد دەدات، دوکتور قاسملوو وەکوو رێبەری حیزبی دێموکرات و شۆڕشی نەتەوایەتی کورد لەم پارچەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئاگاداری ناهاوسەنگیی هێزەکان و بەهێزتربوونی دوژمنەکەیەتی، شێلگیرانە بڕیاری بەرخودان و بەرگری چەکدارانە دەدات، تەنانەت پاش داگیرکردنی شار و

گوندەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێران و پاشەکشەی ناچاریی هێزە کوردەکان بۆ دەرەوەی وڵاتیش دیسان کۆڵ نادات و تووشی بێهیوایی نابێت بەڵکوو ئاڵای شۆڕش هەر بەرز رادەگرێت و دەڵێ: «بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕ گرینگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لەدەستی هاتووە، لە پێناو شۆڕش، ئازادی و رزگاریی نیشتمانەکەیدا کردوویەتی.»

ئاگربەسی ئێران و عێراق بۆ بزاوتی رزگاریخوازانەی کورد لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان مەترسییەکی گەورەی هێنایە ئاراوە و گریمانەی تێکشکانەوەی جوڵانەوەی کورد لەو دوو پارچەیەی کوردستان بوو بە مۆتەکەی خەونی رزگاریخوازانی کورد. ترس لە ساتوسەوداکردن بە دۆزی کورد لە لایەن هەر دوو دەوڵەتی عێراق و ئێران بەشێک لە رزگاریخوازانی کورد و تەنانەت سەرکردەیشی تووشی دڵەڕاوکێ و بێهیوایی کرد. بەڵام لەو دەمەیشدا قاسملووی ڕێبەر بەو پەڕی ئازایەتی و لێهاتووییەوە شرۆڤەی بارودۆخەکە دەکات و دەڵێ: «ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە رێککەون (هەرچەند کە ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە) کوردەکان دەبێ چ بکەن؟

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بۆ کوردەکان تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لەوە کە یەک بگرن و بەهەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بە ئاشکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجارە باسی ئاشبەتاڵ و خۆبەدەستەوەدان لە گۆرێدا نیە. بەربەرەکانێ و خۆڕاگریی گەلی کورد لەشار و دێدا هەر درێژەی دەبێ و لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگیرێ. ئەمڕۆ جووڵانەوەیەکی بەتەواوی سازماندراو بە ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕەوە لە کوردستان لە گۆڕێدایە...»

باوەڕبەخۆیی و پشت ئەستووربوون بە هێزی شۆڕش لەو تایبەتمەندییە شۆڕشگێرانانەیە کە بە تەواوەتی لە بیر و کردەوەی دوکتور قاسملوودا رەنگی دابوەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە پسپۆڕانە کەڵکی لە هەموو فاکتەرە دەرەکی و ناوەکییەکان بۆ پێشخستنی شۆڕش وەردەگرت و خاوەنی دیپلۆماسییەکی بەهێز بوو بۆ پێکهێنانی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکان، بەڵام لە پێشدا گرینگایەتی بە هێز و وزەی نەتەوەکەی دەدا و دەیگوت: «لە پێشدا، با بایەخ بە هێزی بێپایانی گەلی کورد بدەین و لە خۆمان و خەباتی خۆمان دڵنیا بین و وەک عامڵێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی وڵاتدا خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ»

دوکتور قاسملوو هەم بە پێی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی و هەم بەپێی پێگە زانستی و سیاسییەکەی دیتوانی شوێن و جێگایەکی

باشتر و بەرزتری لە دەسەڵاتی ئێران یا خود لانیکەم لە ئەورووپا هەبێ، بەڵام دەبینین بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە لە کوردستان و چیا سەرکەشەکانی دەمێنێتەوە و باوەشی قەندیل و هاوڕێتی پێشمەرگە و ژیانی دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، دوکتور قاسملوو گەلێک جار و بە ڕاشکاوی باس لە ئامانجەکانی خۆی و حیزبی دێموکرات دەکات و جەماوەری بوونی ئەو ویستانە دەخاتە روو، بۆ نموونە لە کاتی وتوویژ لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە وەڵامی نوێنەرانی ئێراندا کە داوا دەکەن واز لە خودموختاری بێنێ دەڵێ: «ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی و مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە».

یان جارێکی دیکە و لە وتوویژ لەگەڵ «عاتفەی گورگین»دا دەڵێ: «ئێمە لەوباوەڕەداین پاش تاقیکردنەوەی دوو سەرەڕۆیی توندوتیژ واتە سەرەڕۆیی پاشایەتی و سەرەڕۆیی ڕێژیمی خومەینی کاتی ئەوە هاتووە کە رژیمێکی دێموکراتیک لە ئێران دابمەزرێ، ئێمە ئامادە نین لەگەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکار بین و هەر لە بنەڕەتدا هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک رەد دەکەوینەوە. ئێمە دەمانەوێ بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە تاران بێنین». ئەمانە و گەلێک نمونەی دیکە پیشاندەری ئەو راستییەن کە سەرهەڵدانی دوکتور قاسملوو بە دوور بووە لە هەرچەشنە مەبەستێکی تاکەکەسی، یاخی بوون بووە لە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی و سەرهەڵدان بووە لە پێناو دابین و دەستەبەربوونی هەندێک ئامانجی گشتی و بەتایبەتی مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەی ژێر دەستی کورد.

لە کۆتاییدا دەتوانین بێژین لێهاتوویی سیاسی، ئینسیاتیڤ و باوەڕی قایمی د.قاسملوو بە خەبات و ڕێبازەکەی کەسایەتییەکی شێلگیر و خولقێنەری لێ دروست کردبوو کە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتیش ئەژنۆیان شل نەکرد و نەسرەوتوو و لێزانانە بەستەڵەکی بێەیوایی دەشکاند و ڕێگای نوێ دەکردەوە. لە هەمان کاتدا ئەم کەسایەتییە نەسرەوتووە باندۆرێکی ئەوتۆی لە سەر خەباتی حیزب و نەتەوەکەی دانا کە وانەی نەسرەوتن و بەرخودانی کردە هێمای مانەوە و هەوێنی سەرکەوتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٢

-------------------------------------

## تێڕامانێک لەسەر گەلاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان

ئاوڕدانەوەیەک لە رووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەت پێشهاتە سیاسییەکانی نێو ئەم وڵاتە، راستییەکمان بۆ دەردەخات کە ئەویش بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بە گشتییە.

لە لایەک ئاستی رووناکبیریی پیاوان و بەهرەمەندبوونیان لە تیۆرییە پێشکەوتووە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرز بۆتەوە و لە لایەکی تر بەشداری و ئامادەبوونی ژنان لە بیاڤی گشتی کۆمەڵگا و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات پەرەی سەندووە.

ئەمە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیکدا دەتوانێ وەک پارامێترێک بۆ هەڵسەنگاندنی رادەی پێشکەوتنی وڵات و کۆمەڵگا لەبەرچاو بگیردرێ و وەک فاکتەرێکی پۆزتیڤ لێک بدرێتەوە. بەڵام هەر ئەم فاکتەرە پۆزتیڤە بۆ سیستمێکی ئایدۆلۆژی نەریتی و داخراوی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێتە فاکتەرێکی هەڕەشە و وەک مەترسییەک لەبەرچاو دەگیردرێت. هەر لە جێدا سیستمە سیاسییە ئایدۆلۆژیکەکان، چوارچێوەیەکی داخراو و کۆمەڵێک پاساو و بنەمای تایبەت و نەگۆڕیان بۆ فەلسەفەی بوون و پێویستیی مانەوە و مێتۆدی کارکردنیان هەیە کە وەک بناغەکانی پاراستنی ئەو سیستمە رۆڵ دەبینن و هەر گۆڕانکاری و رووداوێک کە لەو چوارچێوە دەرباز بێت و پرەنسیپەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە، وەکوو مەترسی و هەڕەشەیەکی شێلگیر بۆ سەر گشتییەتی سیستمەکە لەبەرچاو دەگیردرێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش وەک یەکێک لەو سیستمانە، بنچینەکانی خۆی لەسەر ئایدۆلۆژیایەکی نەریتیی ئایینی بنیاد ناوە. بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین ئایدیالی ئەم سیستمە پێکهێنان یان پاراستنی کۆمەڵگایەکی نەریتی و ئایینییە کە کەلتوورەکەی پشت بە هەندێک نۆرم و بەهای ئایینی پیاوسالارانە دەبەستێ. لە راستیدا کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵەکانی خۆی لەو پێناوەدا دەست پێکرد و بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو بوارەکاندا بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگای ئێرانی کردە سەرەکیترین ئامانجی خۆی.

لەو چوارچێوەیەشدا سیستمی پەروەردە گرینگترین بەشی کۆمەڵگایە و دەبوو لەوێوە دەست پێ بکەن. پرۆژەی شۆڕشی

کولتووری و دامەزراندنی ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی کولتووری یەکەمین هەنگاوی پراکتیکی و بنیادیی ئەو سیستمە بوو. ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی کولتووری بڕیاری جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکانی ئێرانی دەرکرد، هەر چەند ئەم بڕیارە هەنووکە بە تەواوی نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام هەر لە جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە ریزی کورسییەکانی خوێندنی پۆلەکان و گۆڕینی نێوەڕۆکی سەرچاوەکانی خوێندنەوە دەستی پێکرد تا ئەمڕۆ کە باس لە پێکهێنانی زانکۆی تاکرەگەزی و جیاکردنەوەی بەشەکانی خوێندن بەپێی رەگەز دەکرێت. ئەگەر چاوێک لە نامیلکەی کۆنکووری ئەمساڵی زانکۆکانی ئێران بکەین، ئاراستەیەکی سەرەکی تێدا بە دی دەکرێ کە ئەویش بەپیاوانەکردنی زیاتری بەشە تەکنیکی و ئەندازیارییەکان و بەژنانەکردنی بەشەکانی زانستە مرۆییەکانە.

پاساوەکانی جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە:

* چارەسەریی گرفتە کولتوورییەکان بە هۆی لەمپەری رەوشتییەوە

واتە جیاکردنەوەی هەر دوو رەگەزی نێر و مێ لە یەکتر لە زانکۆکان و کەمکردنەوەی دەرەتانی پێکەوەبوونی ئەم دوو رەگەزە بە مەبەستی رێگرتن لە روودانی هەر چەشنە کێشەیەکی رەوشتی.

بەم شێوەیە هەوڵ بۆ پاراستنی کولتووری ئایینی و خەوشدارنەبوونی پرەنسیپەکانی دەدرێت.

* بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی زانکۆکان

مەبەستی ئەم پاساوە ئەوەیە کە جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە پۆلەکانی خوێندن و زانکۆکان دەبێتە هۆی ئازادی و ئاسوودەیی هزرییان و تەرخانکردنی کاتەکانی خوێندکاران بۆ فێربوون و خوێندن و دوورکەوتنەوەیان لە بابەتی لاوەکی و بێسوود.

* رەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ کوڕان

لەم بارەوە بەڵگاندنەکە ئەوەیە کە هەندێک لە بەشەکانی خوێندن بەتایبەت ئەندازیارییەکان هیچ قازانجێکی بۆ کچان نیە و بوونی کچان لەوێ تەنیا رێگا لە کوڕان دەگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە لە کۆمەڵگای نەریتیی ئێراندا پیاو دابینکەری سەرەکیی باری دارایی بنەماڵەیە، کەوابوو لە بەشە تەکنیکییەکانی خوێندندا کە لە داهاتوودا ئەگەری

بەدەستهێنانی کاریان زیاترە، پێویستە زیاتر کوڕان وەربگیرێن. بێگومان ئەمانە تەنیا پاساوەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەلاڵەیەن دەنا ئامانجە سەرەکییەکان بە رانەگەیەندراوی لە دوو تویّی بڕیارەکاندا ماونەتەوە.

**ئامانجە سەرەکییەکان**

**⁕ ئامانجی ئابووری**

وەک باسمان کرد لە هەندێک لە بەشەکاندا بە هۆی نەبوونی بازاڕی کار بەتایبەتی بۆ کچان، دەرچووانی ئەم بەشانە سەرباری تێچوویەکی زۆری خوێندن کە بەشی زۆری دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەت لە کۆتاییدا و پاش دەرچوون بێکار دەمێننەوە. لە چارەسەرییەکی پێچەوانەدا، ئەم گەلاڵەیە دەیهەوێت لە لایەک ئەو تێچووە کەم بکاتەوە و لە لایەکی تر بە ئاراستەکردنی خوازیارانی کچی ئەو بەشانە بۆ زانکۆ ناحکوومییەکان سەرچاوەیەکی داهاتیش بۆ دەوڵەت دابین بکات. بۆیە دەڵێین چارەسەری پێچەوانە، چوونکە لە راستیدا چارەسەری ئەو کێشەیە نۆرماڵکردنی رادەی وەرگرتنی خوێندکار و رەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی ئەو بەشانەیە نەک بە رەگەزی کردنیان.

**⁕ ئامانجی کۆمەڵایەتی**

لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەمان پێکرد کە کۆمەڵگای ئێران و سیستمە حکوومەتییەکەی نەریتیی ئایینییە و لەسەر بناغەی کولتوورێکی پیاوسالارانە دامەزراوە. کەوابوو ژیان و مانەوەی ئەم سیستمە بەندە بە پاراستنی بنەما کولتوورییەکانی و دوورخستنەوەی لە هەر پرۆسەیەک کە ئەم هاوڕێکییە تێک بدات. پەرەسەندنی ئامادەبوونی ژنان لە بیاڤی گشتی کۆمەڵگا و هوشیاربوونەوەی هزری و سەربەخۆیی مادییان گەورەترین هەڕەشە بۆ ژیان و مانەوەی ئەم سیستمە واتە سیستمی نەریتیی ئایینی پیاوسالارانەیە. رێژەی لە سەدا شەستی ئەمساڵی کچان لە نێو وەرگیراوانی زانکۆدا فاکتەرێکە بە توندی هەڕەشە لە بناغە نەریتییەکانی ئەم کۆمەڵگا پیاوسالارە دەکات. دەربازبوونی ژنان لە بیاڤی تایبەتیی بنەماڵە و هاتنیان بۆ نێو بیاڤی گشتیی کۆمەڵگا، بوار بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و سەربەخۆیی مادییان دەرەخسێنێ کە ئەمە لە خۆیدا نۆرم و بەهاکانی کولتووری کۆمەڵگای پیاوسالار دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە سیستمی حکوومەتیی ئێران هەوڵ دەدات میکانیزم بۆ رێگرتن لەو هەڕەشەیە و کۆنترۆڵی بارودۆخی دارایی دابنێت.

* ئامانجی سیاسی

لە راپەڕینەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی خەڵکی ئێراندا رۆڵی خوێندکاران و بزاڤی خوێندکاری بەگشتی رۆڵێکی بەرچاو و دیار بوو. ئەم بابەتە لە دوو سۆنگەوە شایانی لێ وردبوونەوە و تێڕامانە،

**یەکەم**، بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچانی خوێندەوار و خوێندکار لەو راپەڕینانەدایە، تا ئەو رادەیەی کە کەسێکی وەک "نەدای ئاغاسوڵتان" دەبێتە هێما و سیمبۆلی ئەو قۆناغە لە راپەڕینی خەڵک. لە رابردوودا زۆرترین قورسایی جووڵانەوە نارەزایەتییەکان لەسەر شانی نیوەی کۆمەڵگا واتە پیاوان بوو، بەڵام رووداوەکانی چەند ساڵی رابردوو دەریانخست کە نیوەکەی تری کۆمەڵگا واتە ژنانیش پەیوەستی جووڵانەوە بوون و ئاستی هوشیاریی سیاسییان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە دیوە. کە بێگومان ئەم دیاردەیەش بەرهەمی پەروەردەی پێکهاتەشکێن و رەخنەگرانەی زانکۆیە.

**دووهەم**، پیاوانیش کە پێشتر وەک توێژێکی شوێنکەوتە و پیرەو تێکەڵ بە جووڵانەوە دەبوون و بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری وەدوای رێنوێنییەکانی توێژە نەریتییەکانی کۆمەڵگا (وەک ئاخوندەکان) دەکەوتن، لە ساڵانی رابردوودا راستییەکی نوێیان دەرخست کە ئەویش دەرکەوتنی هەندێک ئێلیتی رووناکبیر و تیۆریسییەن لە نێویاندا بوو کە رۆڵی رێنیشاندەر و تیۆریسییەنی جووڵانەوەکانیان دەدیت. ئەم توێژە ئێلیتە هەمان ئەو کەسانە بوون کە یا خوێندکار بوون یان پەروەردەی سیستمی نوێی زانکۆکان بوون و لە زانستە مرۆییەکاندا پسپۆڕ و شارەزا بوون.

بە کورتی دەتوانین بێژین گەڵاڵەی ئاماژەپێکراو، گەڵاڵەیەکی دوو مەبەستە بوو بۆ کۆنترۆڵ و ناکاریگەرکردنی هەر دووکی ئەو دیاردانەی ئاماژەیان پێکرا. واتە ئامانجە سیاسییەکانی ئەم گەڵاڵەیە بریتی بوون لە، یەکەم، دوورخستنەوەی پیاوان لە بەشەکانی زانستە مرۆییەکان لە ترسی پیاوانی رووناکبیر و داهێنەر و تێگەیشتوو، دووهەمیش دوورخستنەوەی ژنان لە بیاڤی گشتیی کۆمەڵگا لە ترسی ژنانی سەربەخۆ و سیاسی و هوشیار.

دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە:

بێگومان دوورخستنەوەی کچان لە بیاڤی گشتیی کۆمەڵگا و بەرتەسککردنەوەی دەرەتانی چوونە زانکۆیان، بەرەوڕووی دۆخێکی نەخوازراو، واتە پێکهێنانی ناچاری ژیانی هاوبەشیان دەکاتەوە، ئەمە وێڕای جێبەجێکردنی گەڵاڵەی تەواوکەری "وەلانانی شێوازەکانی پێشگیری لە ئاوسبوون" بە تەواوەتی ژنان لە چوارچێوەی بیاڤی تایبەتی واتە بنەماڵەدا قەتیس

دەکاتەوە و کۆمەڵگا لە نیوەی پۆتانسییێل و هێز و وزەی خۆی بێبەش دەکات. هەروەها پرۆسەی هاوسەرگیری ناچارییش کۆمەڵێک دیاردەی وەک چوونەسەرەوەی رێژەی خۆکوژی ژنان، جیابوونەوەی هاوسەران و نادەروەستی بەرامبەر بە بنەماڵە و گەندەڵیی رەوشتی بەرهەم دێنێت.

گرینگترین ئاکامی جێبەجێکردنی ئەم گەلاڵەیەش نەریتی مانەوەی کۆمەڵگا بە هۆی تاکرەگەزیبوونەوەی هێزە ئاکتیڤەکەیەتی کە دەبێتە یارمەتیدەری مانەوەی سیستمی پیاوسالاری و درێژەکێشانی دەسەڵاتی رەهای پیاو لە کۆمەڵگادا. بێگومان کۆی ئەم بارودۆخەش ئیزۆلەبوونی زیاتری کۆمەڵگای ئێرانی لە سیستمی جیهانیدا لێدەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

----------------------------------------

## ڕێبەرێک لە ئاوێنەی ئەندێشەکانیدا

"کوردەکان ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە نەوێ، کەمتریان ناوێ. ئەگەر لە روانگەی مێژوویی و تیۆریکەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین، دەبینین وڵاتێک کە ئەمڕۆ بەناوی ئێران ناسراوە،

بە درێژایی مێژوو پێکهاتەیەک بووە لە نەتەوە جیاوازەکان، بەڵام هیچ شتێک هەتا هەتایی نیە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیابن ئێستا نەتوانن لێک جیابنەوە. کێشەکە هەلومەرجی ئەمڕۆیە، ئەگەر دنیا لە حاڵی گۆڕاندایە، شتێکی سروشتییە کە دۆستایەتییەکان، رێککەوتنەکان، پێکەوە ژیانەکان و روانینەکانیش هەر هەموویان دەگۆڕێن. جیا لە هەمووی ئەمانە هیچ راستییەکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە نەتەوەکانی ئێران هەمیشە پێکەوە ژیاون. ئازەربایجان و ئەفغانستان و هتد هەر هەموویان جیا بوونەوە دنیاش نەرووخا. بۆچی ئێستا بڤەیە."

#### ڕێبەری شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی

یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک بوونی رێبەرییەکی زانا، شێلگیرو لێهاتووە. لە شۆڕشێکی نەتەوەییشدا بوونی رێبەرییەک کە بە تەواوەتی شارەزای مافەکانی نەتەوەکەی و میکانیزمەکانی خەبات و گەمەی سیاسی بێت و شێلگیرانە داکۆکییان لێ بکات، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

رێبەرێکی نەتەوەیی دەبێ پێش هەمووشتێک چەمک و دەستەواژە سیاسییەکان و چوارچێوەی حقوقیان بناسێت، واتە دەبێ بزانێ دەستەواژەی نەتەوە چ پێناسەیەکی سیاسی هەیەو لەباری حقوقییەوە مافەکانی چن، دەتوانین بێژین ئەم بنەمایە یەکێک لە کاراکتەرە هەرە سەرەکییەکانی کەسایەتیی سیاسیی دوکتور شەرەفکەندییە. بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش ئاماژەیە بۆ دوایین وتوویژی ئەو رێبەرە شەهیدە لەگەڵ عەلی کێشتگەر کە پووشپەڕی ١٣٧١ی هەتاوی لە رۆژنامەی "فیدایی" دا بڵاو بۆتەوە.

لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی کێشتگەردا کە دەیهەوێ بیسەلمێنێ لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانیدا دەبێ حیزبی دێموکرات تەنیا گرینگی بە دێموکراتیک بوونی بەرەکە بدات و لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد پێداگری نەکات، دوکتور

شەرەفکەندی زانایانە جەخت لەسەر پێوەندیی دێموکراسی و چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی دەکات و بایەخدان بە چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی وەک یەکێک لە مەرجەکانی سەقامگرتنی دێموکراسی و یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی دێموکراتیک بوونی بەرە ناو دەبات و دەڵێ: "ئێمە لەگەڵ هەموو پێکەوە بوونێکدا نین. ئێمە جارێک ئەوەمان ئەزموون کردوە. لە راستیدا ئەگەر شتێک نەتوانێ بە شێوەیەکی دیاریکراو وڵامدەری کێشەکانی ئێمە بێت بێ مانایەو هیچی لێ شین نابێت. لانیکەم ئەوە دیاری بکەین کە لەگەڵ چ لایەنگەلێکدا هاوکاری دەکەین و ئەگەر رۆژێک ئەم لایەنانە جێی رێژیمی ئێستا بگرنەوە چییان لێ دەکەوێتەوە. ئازادی و دێموکراسی دوو وشەی قورس و ناروونن، شایش باسی لە ئازادی دەکرد، هەر ئێستا رژیمی کۆماری ئیسلامی مەگەر بە شێوەی خۆی باس لە ئازادی و دێموکراسی ناکات؟

تەنیا ئیدعای دێموکراسی کێشەکان چارەسەر ناکات. مەسەلە لە ناوەرۆکی ئەم دێموکراسییەوەیە. بۆ وێنە کەسێک حاشا لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات چۆن دەتوانێ دێموکرات بێت. بۆ هاوکاری لەگەڵ وەها هێزگەلێک هیچ هۆیەک نیە دیسان هەمان چیرۆکی رووخانی شا دووپات دەبێتەوە. من چۆن لەگەڵ هێزێکدا هاوکاری بکەم کە هەر لە ئێستاوە مافی دێموکراتیکی نەتەوەیی قبوڵ نیەو دژایەتی دەکات." خاڵێکی دیکە کە لەم قسانەدا دەردەکەوێ کاراکتەری شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازبوونی دوکتور شەرەفکەندییە. وەک دەزانین شۆڕشی راستەقینە گۆڕانێکی بەرەو پێشە، واتە هەموو گۆڕانێک ناتوانێ پەسندی شۆڕش و مرۆڤی شۆڕشگێڕ بێت، بەڵکوو بێ ئەم لاو ئەولا دەبێ هەڵگری تایبەتمەندیی نوێبوونەوەو پێشکەوتنخوازی بێت. کەوابوو وەک رێبەری شەهید ئاماژەی پێدەکات، گۆڕانێکی پاشڤەڕۆیانە کە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد دەستەبەر نەکات، تەنیا بەفیڕۆ چوونی خەبات و تێکۆشانەو هیچ قازانجێکی نابێت.

### بۆچوونی دوکتور شەرەفکەندی سەبارەت بە میکانیزمی خەبات

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی رێبەرێکی مۆدێرن ئەوەیە کە لە دیاری کردنی میکانیزمی خەباتدا راستبینانە هەلومەرج و بارودۆخی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت و بەبێ ئەوەی سنووری تاکتیک و ستراتێژی تێکەڵ بکات، میکانیزمی گونجاو هەڵبژێرێت. بۆ وێنە لە هەلومەرجێکدا کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ هەیە ئاگری شەڕی چەکداری هەڵ ناگیرسێنێت و بە پێچەوانەش لە کەش و هەوایەکی داخراوو میلیتاریزە کراودا ساویلکانە ناکەوێتە نێو وەهمی خەباتی مەدەنی و خەباتی چەکدارانە رەد ناکاتەوە. لەو بارەوە دوکتور شەرەفکەندی لە هەمان وتووێژدا دەڵێ: "لە راستیدا کێشەی حیزبی دێموکرات و هیچ حیزبێکی دیکە چالاکیی چەکداری و کوشتن و برین نیەو ئەمە تەنیا میتۆدێکە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ رژیم. لە راستیدا ئەوەیکە رژیم ئیزن بە هیچ شێوە تێکۆشانێکی سیاسی و راشکاوانە نادات و هەرشێوە چالاکییەک بە توندی سەرکوت دەکات. یان دەبێ واز لە تێکۆشان بێنی یان دەبێ بەرنگاریی بکەیت. ئێستا کە هێرشی رژیم، هێرشێکی

نیزامییە، بەرنگاریی ئێمەش نیزامی و چەکدارییە. بەڵام شتێکی روون و ئاشکرایە هەرکات حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک بتوانێ بەشێوەی یاسایی چالاکی بنوێنێ و نەکەوێتە بەر تورەیی و سەرکوتی رژیم، هۆیەک بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی چەکدارانە نامێنێ. ئێمە ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین تا کاتێک وڵامی تێکۆشان و داواکانمان سەرکوت و توندوتیژی بێت، بە شێوازی چەکدارانە بەرنگاری لە خۆمان نیشان بدەین.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە دوکتور سەعید زۆر زانایانە هەلومەرجی خەبات دەخوێنێتەوە و پۆتانسیێلەکانی رێژیم بۆ قبووڵی خەباتی ناتوندوتیژ لێک دەداتەوە. بۆیە چالاکیی چەکداری وەک تاکتیکێک بۆ ئەو قۆناغە لە خەبات دەست نیشان دەکات.

### دوکتور شەرەفکەندی لە گەمەی سیاسیدا

چۆنیەتیی بەرەورووبوونەوەی دوکتور سەعید لەگەڵ کێشە سیاسییەکان و لێکدانەوەکانی لەسەر سیاسەتە فەرمییەکانی حیزب و بەگشتی خوێندنەوەی وردو شرۆڤەی زانایانەی لەسەر گەمە سیاسییەکان، سیمای رێبەرێکی بلیمەت و لێوەشاوەی پێ بەخشیبوو.

رێبەرێک کە بە لێوەشاوەییەوە هاوکێشە سیاسییەکان بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی کوردو ستراتیژییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی راڤە دەکات.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە قسەکانی دەکەم لە هەمان وتووێژ لەگەڵ عەلی کێشتگەردا:

"دوو مەسەلە لە ئارا دایە، یەکیان سیاسەتی ئێمە لەگەڵ هەر شێوە رێژیمێک و یەکیشیان سیاسەتی ئێمەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەلایەک دێموکراسی بۆ ئێران و لەلایەکیتریش خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە. ئامانجی حیزبی دێموکرات سەقامگیر بوونی دێموکراسییە لە ئێران و بە بۆچوونی ئێمە خودموختاری لە کوردستانی ئێران ئاکامی ئەم دێموکراسییە دەبێ. بەو واتایە کە ئەگەر دێموکراسی بە مانای دەسەڵاتی خەڵکی بێت و ئەوەیکە خەڵک سەبارەت بە هەرکێشەیەک کە پێوەندی بە خاک و نیشتمانی خۆیانەوە هەیە بڕیار بدەن. کاتێک کە دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا سەقامگیر بێت، دابەزاندنی ئەم دێموکراسییە لە کوردستانی ئێران لە فۆرمی فیدراڵدا دەبێت. کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە، سەقامگیر بوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەک کە هەموو خەڵک بتوانن راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئازادانە دەربڕن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم

دێموکراسییە لە کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان بە شێوەی رەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتیی ئەوان خۆی دەنوێنێ. تا ئێستا ئێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاری دا راگەیاندوە، بەڵام ئەوکات (لە داهاتوودا) خۆیان (نەوەکانی داهاتوو) دیاری دەکەن ویستەکانیان بە چ شێوەیەک دەبێت."

"ئێمە ئێرانمان پێ وڵاتێکی فرە نەتەوەیە... لەوانەیە رێ چارەی گشتی بۆ ئێران سیستمی فیدراتیو بێت، کە تێیایدا سەرجەم نەتەوەکان خاوەنی مافی تایبەتی خۆیانن... بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژوویی و عادەتی رەسمی کە لە ئێراندا هەیە قبووڵ کردنی مافی نەتەوایەتی (جیا لە فارسەکان) لە بیروڕای ئێرانی ئەمڕۆدا تا رادەیەک دژوار دێتە بەرچاو. هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر قەرار بێت سەبارەت بە (بۆ وێنە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران)، شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێران وەک: ئیسفەهان، شیراز، تاران و هتد بڕیار بدەن چونکی نەتەنیا مەسەلەکەیان بۆ دیار و ئاشنانیە بەڵکوو شتێکە بە پێچەوانەی رەسم و عادەت، لە باشترین حاڵەتدا راو بۆچوونی لە سەر نادەن یان ئەگەری ئەوە هەیە دژایەتی بکەن. کەوابوو بە کورتی دەبێ بڵێم، سەبارەت بە وەیکە خەڵکی کوردستان بیانەوێ لە ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا بمێننەوە یا نا، تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ."

"من پێموایە رووناکبیری ئێرانی دەبێ خۆی لەم چوار چێوەیە دەرباز بکات و لەو توێکڵە خۆی دەرهاوێ و دوگم بوون وەلا نێت، تابۆکان بشکێنێ. هەر ئێستا سەبارەت بە ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان، رووناکبیران و کەسانی دێموکراتی ئێرانی داوامان لێ دەکەن تەواویەتی ئەرزی و ئەم جۆرە شتانە (کە هەر هەمویان قسەی شا بوون) قبوڵ بکەین... ئەوە کوێی دێموکراتیکە کە ئێوە لە پێشدا ناچارمان دەکەن تابۆ و چوار چێوەیەک قبوڵ بکەین. ئەوە هەمان زۆرەملییە. پێمان دەڵێن لە ئێراندا ستەمی نەتەوایەتی نەبووە و ئەوەی هەبووە ستەمی گشتی بووە. ئێمە دەڵێین نا، جیا لە ستەمی گشتی ستەمی نەتەوایەتییش هەبووە. ئەوە ستەمی نەتەوایەتییە کە منی کورد هەر لە منداڵییەوە ناچار دەکرێم بە زمانی فارسی پەروەردە بم و تەنانەت لەم قۆناغەشدا ناتوانم دوو وشە بە زمانی خۆم (کوردی) بنووسم... رووناکبیری ئێرانی هەروەک چۆن بە روانینێکی دێموکراتیکانەوە چاو لەو وڵاتانەی دیکە وەک کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو و یوگۆسلاوی و هتد دەکەن. سەبارەت بە ئێرانیش دەبێ هەروا بیر بکەنەوە و تێ بگەن کە پێکهێنانی وڵاتێک و ژیان لە چوار چێوەیەکی جوگرافیاییدا تەنیا لە رووی ویست و مەیل و هەستێکی قوڵ و ئارەزوومەندانەوە مسۆگەرە، نەک لەرووی زەخت و چوار چێوەیەکی لە پێشدا دارێژراوەوە."

**ئاکام:**

لە ئاکامی ئەم وتارە و کۆی باسەکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە رێبەری شەهید د. شەرەفکەندی، رێبەرێکی ستراتیژیست،

شارەزا لە گەمەی سیاسی، دێموکرات و نەتەوەیی بووە، هەروەها د. سەعید خەباتگێڕێکی چەپە، بەڵام چەپ بە واتای نوێخواز و گۆڕانخواز، وەک لە بۆچوونە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکاندا دیارە چەپ بوون لە لای د. سەعید زۆر دوورە لە چەپ بوون بو واتا مارکسیستییەکەی. ئەو شۆرشگێڕێکی نەتەوەیی و دێموکرات بوو، خوێندنەوەشی بۆ کێشەی نەتەوەیی و دێموکراسی بەتەواوەتی لە خوێندنەوەی مارکسیستییەکان جیاوازە. راستییەکانی کەسایەتیی د. سەعید و تایبەتمەندییە بەرزەکانی لە ژێر سێبەری هەبوونی گەورە رێبەری مێژووی کورد د. قاسملوو دا بە تەواوەتی بۆ خەڵک روون نەبوونەوە و سەد حەیف و مەخابن کە پاش شەهید بوونی د. قاسملووش، تەنیا ماوەیەکی کورت ژیا و نەیارانی ئازادی و دێموکراسی شەهیدیان کرد. بەڵام بەو حاڵەشەوە لێکدانەوە و شرۆڤەی کەسایەتیی د. شەرەفکەندی بابەتێک نیە لە وتارێکی ئەوتۆدا بگونجێت، بەڵکوو ئەوە تەنیا ئاماژەیەکی کورت بە هێندێک لە کاراکتەرەکانی کەسایەتیی ئەو رێبەرە شەهیدە بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

--------------------------------------

## هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندا

### یەکیەتیی نێوخۆیی و یەکخستنەوەی ماڵی حیزب

«لەمە زیاتر دژایەتی یەکتر مەکەن، یەکگرتوو و پاڵپشتی یەکتر بن... دڵنیا بن یەکیەتی و تەبایی و بەدەستهێنانی زانست دەبێتە هۆی سەرکەوتنتان لە بەرامبەر دوژمندا... یەکیەتی و یەکڕیزیتان بپارێزن...»

پێشەوا قازی محەممەد (لە وەسییەتنامەی پێشەوادا)

**سەرەتا:**

بێگومان یەکێک لە سەرەکیترین مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر بزاوت و جووڵانەوەیەک یەکیەتی و یەکڕیزیی ئەندامانی ئەو بزاڤەیە.

تەنیا لە یەکیەتییەکی ئۆرگانیکی ئەندامانی ئەو بزاڤەدایە کە بزاڤ وەکوو پەیکەرێکی یەکگرتوو دەتوانێ جووڵانەوەیەکی ئامانجدار و کارامە بێنێتە ئاراوە. واتە بزاڤ وەک ئۆرگانیزمێک کار دەکات کە هەرکام لە ئەندامەکانی سەرباری جیاوازییان لە بیچم و نێوەڕۆک و ئەرکەکانیاندا، وێکڕا و هەرکام بە شێوەی خۆیان لە خزمەت ئامانجێکی گشتی و گەورەتردان، ئامانجێک کە دەرئەنجام بەرژەوەندیی تاک تاکیان و بەرژەوەندیی هاوبەش و گشتییان دابین دەکات. دیارە هەرکام لە ئەندامانیش لە خۆیاندا سیستمێکی ئۆرگانیکیان هەیە و لە کۆمەڵێک ئەندامی بچووکتر پێکهاتوون کە پێوەندییەکی چڕتر و گرێدراوییەکی بەهێزتریان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر ئۆرگانیزمی جەستەی مرۆڤ لە بەرچاو بگرین، دەبینین کە هەرکام لە ئەندامانی جەستە بیچم و نێوەڕۆک و ئەرکی تایبەتیی خۆیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا بە تێکڕایی لە خزمەت ئامانجێکی گشتی و هاوبەشدان کە ژیانی مرۆڤە. واتە کۆی ئەندامانی لەش بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ئەندامان ئەرکێکی ژیانەکیتریان لەسەر شانە کە خەوشداربوونیان دەتوانێ مەترسیی زۆر شێلگیر بۆ ژیانی مرۆڤ بێنێتە ئاراوە. لە کاتێکدا هەندێک لە ئەندامان لە ئەگەری تێکچوونیاندا کێشە بۆ ژیانی ئاسایی مرۆڤ دروست دەکەن، بەڵام نابنە هۆی مەترسییەکی شێلگیر بۆ سەر گیانی. ئەم هاوکێشەیە لە نێو ئۆرگانیزمی هەرکام لە ئەندامانیشدا بە هەمان شێوە بەدی دەکرێت، بەو جیاوازییەوە کە پێوەندییە ئۆرگانیکییەکە لێرەدا

زۆر چڕتر و ژیانەکیترە. واتە تێکچوونی هەرکام لە ئەندامانی ئەو بەشە دەتوانێ گشتییەتی ئەندامی ئۆرگانیزمە گەورەکە لە کارایی بخات. بۆیە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێو ئەندامانی ئۆرگانیزمە بچووکەکاندا زۆر ژیانەکیتر و گرینگترە تا هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێو ئەندامانی ئۆرگانیزمی گەورەدا. مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە سەلماندنی ئەو راستییەیە کە ئەم یاسایە بە سەر بیاڤی سیاسەتیشدا زاڵە. واتە لە پێوەندی لەگەڵ باسی ئەم بابەتەدا دەتوانین بێژین، یەکیەتی و یەکڕیزیی هەموو هێزە خەباتکار و دێموکراسیخوازەکانی ئێران پێوەندییەکی ئۆرگانیکە کە لە پێشدا بۆ ئێمەی کورد پێویستی بە یەکیەتی و یەکڕیزی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە و لە پێش ئەوەشدا بۆ ئێمەی دێموکرات پێویستیمان بە یەکڕیزی نێوخۆیی هەیە. بە دیویکی تردا ئەو درووشمە گرینگەی کۆنگرەی ١٥ واتە «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتن» لە کردەوەدا بەم شێوە تەعبیری لێ دەکرێ کە هەنگاوی؛

**یەکەم**؛ نەبوونی دووبەرەکی و ململانێی نالۆژیکیی لە نێو ریزەکانی حیزبدایە و هەنگاوی.

**دووهەم**؛ چارەسەرکردنی مەسەلەی هاوڕێیانی پێشوومانە.

**هەنگاوی سێهەم**؛ پێکهێنانی هاوکاری و یەکگرتووییە لە نێوان هێزە رەسەن و سەرەکییەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستاندا و ئینجا دەگەینە دوایین هەنگاو کە هاوکاری و یەکڕیزی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێرانییە.

لەم بەشەی ئەم وتارەدا بە کورتی تیشک دەخەینە سەر پێویستی و دەرەتانەکانی یەکیەتیی نێوخۆیی و یەکخستنەوەی ماڵی حیزب کە هەنگاوەکانی یەکەم و دووهەمی پرۆسەی یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندان.

### یەکیەتیی نێوخۆیی:

بوونی جیاوازیی بیرورا و ململانێی جیاوازییەکان لە هەر بوارێکدا هەبێ لە نێو هەموو پێکهاتەیەک و بەتایبەت لە رێکخراو سیاسییەکاندا بە دێ دەکرێت و تا رادەیەکیش نەک هەر سروشتییە بەڵکوو بۆ زیندوویەتی و چالاکیی رێکخراوە پێویستە. بەڵام بە مەرجێک کە ئەم جیاوازی و ململانێیانە بنەمایەکی لۆژیکی و سیاسییان هەبێت و لە خزمەت گەشە و بەرەوپێشچوونی گشتییەتی رێکخراودا بن، نەک وەک ئەوەی کە بەداخەوە لە نێو زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا دەبیندرێ لە پێناو دەسەڵاتێکی رواڵەتی و لەسەر هەندێک بنەمای نامەعریفی وەک باندبازی، تاکپەرەستی و ناوچەگەری بێت. بزووتنەوەی کورد بەگشتی و هێزە سیاسییەکانی لە رابردوودا ئەم چەشنە ململانێیە نامەعریفییانەیان بەداخەوە زۆر ئەزموون کردووە و جگە لە نەهامەتی و دابڕان هیچ ئاکامێکی باشیان لێ بە دەست نەهێناوە. کەوابوو وەک یەکەم هەنگاو پێویستە هێزە سیاسییەکان بە میکانیزمێکی گونجاو و کارامەوە بەرەورووی ئەم دیاردە ببنەوە و ریزەکانی نێوخۆیان تۆکمەتر بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراندنی سیستمێکی پەروەردە لەسەر بنەمای بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی

دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێت. پەروەردەیەک کە ئینتیمای نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکاتە تەوەری سەرەکی لە هزری خەباتی شۆڕشگێڕان و ئینتیما نەریتی و نامەعریفییەکانی وەک دەستەگەری، باندبازی، تاکپەرەستی و ناوچەگەری لاواز و کاڵ بکاتەوە.

**یەکخستنەوەی ریزەکان:**

لە چەند ساڵی رابردوودا دیاردەی جیابوونەوە و دابڕان زۆربەی هەرە زۆری رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی گرتەوە و کەشێکی لە ناهۆمێدی بە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستاندا زاڵ کرد. ئەم جیابوونەوانە کە بەگشتی بە دوور لە هەر چەشنە هۆکارێکی سیاسی و مەعریفی بوون، پتر بەرهەمی ژیانی چەقبەستوو و کەم چالاکیی پراکتیکی و ئەو ململانێیە نالۆژیکییانە بوون کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا. بەڵام ئەوەی کە ئێستا و پاش چەندین ساڵ تێپەڕبوون بە سەر ئەو جیابوونەوانەدا بۆ خەڵکی کوردستان و ئەندامان و کاربەدەستانی حیزبەکانیش دەرکەوتوو، ئەوەیە کە جیابوونەوە و دابڕان نەک هەر نەیتوانی ئەو کێشانە چارەسەر بکات و وزەی پەنگخواردووی نێو ریزەکانی شۆڕش وەگەڕ بخات، بەڵکوو جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی بەرەو لاوازی برد و پەرشوبڵاوی و ناهاوئاهەنگییەکی پتر لە جارانی خوڵقاند. واتە دەرکەوت کە درووشمەکانی چاکسازی و چالاکبوونەوە تەنیا بەرگێکی رووکەش بوون کە بە سەر باڵای دەسەڵاتپەرەستی و شەڕە کورسیدا کرابوون و هیچ رەگێکیان لە هەرێمی راستەقینەدا نەبوو و تەعبیریان لە ویستێکی دڵسۆزانەی نەتەوەیی نەدەکرد. بۆیە زۆری پێ نەچوو کە هەموو ئەو دیاردە ناحەز و نەخۆشییە کوشندانە خۆیان لە جەستەی ئەو حیزبانەدا دووبارە کردەوە. بەڵام سەرباری هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە ئەو جیابوونەوانە بەرەورووی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردیان کردەوە، ئەوەی کە جێگای هیوا و دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بەرەبەرە و تا رادەیەک کەشێکی راستبینی بەسەر لێکدانەوەی لایەنەکاندا زاڵ بووە و ورده ورده باسی لێک نزیکبوونەوە و یەکڕیزی هاتۆتە رۆژەڤی سیاسیی حیزبەکانەوە. رەنگە ئەم باسە پێشتریش لە لایەن هەندێک لە لایەنەکانەوە هاتبێتە گۆڕێ و مانۆڕیشی لەسەر درابێت، بەڵام جیاوازیی ئەم باسەی ئێستا لەگەڵ ئەوەی لە رابردوودا کراوە بۆ نێوەرۆکیان دەگەڕێتەوە، واتە بانگەوازی لێک نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوە، راستەوخۆ دوابەدوای جیابوونەوە زیاتر دەچێتە خانەی تاکتیک و مانۆری سیاسییەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە ستراتێژییەکە کە بەرهەمی ئامادەبوونی هەلومەرجی دەرهەست و بەرهەستی دیالۆگ و تێگەیشتن لە پێویستیی لێکنزیکبوونەوە و یەکڕیزی هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لەم سەردەمەدایە. کەوابوو پێویستە لێکنزیکبوونەوە و یەکڕیزی ببێتە گوتار و دیسکۆرسی زاڵ بەسەر پێوەندییەکانی هەموو لایەنە لێکدابڕاوەکاندا. هەنگاوی پراکتیکیش لەم پێناوەدا پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی ٣ فاکتەر هەیە:

**یەکەم:** خۆپاراستن لە هەڵدانەوەی ناپێویستی کێشە و ناخۆشییەکانی رابردوو و کوردوتەنی «کای کۆن بە با نەکردن».

**دووهەم:** لێکدانەوەی ورد و زانستییانەی هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو دیاردانە و دیتنەوەی میکانیزمێک بۆ چارەسەری و پێشگرتن لە سەرهەڵدانەوەی دووبارەیان.

**سێهەم:** دەسپێکردن و بەردەوامی لە دیالۆگ بەبێ هیچ پێش مەرجێک.

### حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو

لە پلینۆمی ١٤ی پاش کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکرات واتە ٢ پلینۆمی پێش کۆنگرەی ١٥، بڕیاری دەستپێکردنی دیالۆگ بە مەبەستی یەکڕیزی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو پەسند کرا. ئەم بڕیارە پاژێکی نوێی لە پێوەندییەکانی نێوان هەر دوولادا کردەوە و هیوا و هومێدێکی زۆری بە لایەنگران و دڵسۆزانی حیزب بەخشی. دوابەدوای ئەو بڕیارە و پاش یەکەم دانیشتنی شانەی هەردوو لایەن ئاسۆی یەکگرتنەوە روونـاکییەکی زۆرتری بەخۆوە دیت و دڵخۆشییەکی زیاتری خوڵقاند. بەڵام پاش ماوەیەک لە لایەن سەرکردایەتیی هاوڕێیانی پێشووەوە مەرجێک هاتە گۆڕێ کە داهاتووی پرۆسەکە و بەردەوامیی دیالۆگەکانی خستە نێو تەم و گومانەوە. هەرچەند لەسەرەتادا باسی دیالۆگی بێمەرج کرابوو بەڵام ئەو هاوڕێیانە بە هێنانە ئارای مەرجی بە فەرمی ناسینیان واتە فەرمی ناسینی ناوەکەیان لە دانیشتنەکاندا تا رادەیەک بارودۆخەکەیان ئاڵۆز کرد.

لە راستیدا دیاریکردنی مەرجێک کە خۆی یەکێک لە خاڵە جێی ناکۆکییەکان و جێگای گەنگەشەیە وەک مەرجی دیالۆگ و دانوستان بۆ پێکگەیشتن، ناتوانێ هەڵوێستێکی لۆژیکی بێت. خۆی بەکار هێنانی ناوی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئەو هاوڕێیانەوە، هەتا ئێستاش سەرەکیترین خاڵی جێی ناکۆکی و گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پێوەندی و هاوکاریی دوولایەن بووە. ئێستا چۆن دەکرێ قبووڵکردنی خاڵی جێی ناکۆکی بکرێتە مەرجی پێکەوەدانیشتن بۆ چارەسەریی ناکۆکی. ئەگەر ئەوە قبووڵ کرابا کێشەکان ئەوەندەیان نەدەخایاند و لەمێژ بوو پێوەندیی دۆستانە و هاوکاریش دەهاتە گۆڕێ. کەوابوو ئەگەر هەر دوو لایەن وەک ستراتێژی چاو لە پرۆسەی دیالۆگ و یەکڕیزی دەکەن نابێ مەرجێکی وا بێننە گۆڕێ کە ڕێگا لە دیالۆگ و دانوستان بگرێت. ئەو خاڵە دەتوانێ لە دیالۆگەکاندا بکەوێتە بەر باس، نەک ئێستا قبووڵ کردنی بکرێتە پێشمەرج. خۆی ئەوە شاکلیلی چارەسەریی کێشەکانە، ئەگەر کێشەی ناو چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە هێندە ناخایەنێت. جگە لەوانەش خۆی ئەگەر ستراتێژی و مەبەستی سەرەکیی ئەم دیالۆگانە یەکگرتن و یەکڕیزییە بۆ دەبێ کێشەی ناو بکرێتە بەربەست و ڕێگر لەم رەوتەدا.

لە کۆتاییدا شایانی باسە کە ئەم دەستپێشخەرییەی حیزبی دێموکرات بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و هەوڵدانی راستەقینە و شێلگیرانە بۆ لێکنزیک بوونەوە و یەکڕیزی لە کۆنگرەی پازدەهەمی ئەم حیزبەدا وەک بڕیاری کۆنگرە پەسند کرا. کۆنگرە

وەک ئەرکێک بە رێبەرایەتیی نوێی حیزبی راسپاردووە کە هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ پێکهێنانی کەشی لێکنزیکبوونەوە و هاوکاری و دەرئەنجام یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بخاتە گەڕ. لەگەڵ ئەوەیدا کە رێبەریی حیزب دەبێ ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئەم ئەرکە بخاتە گەڕ، بەڵام پرۆسەی ئەمە هاکێشەیەکی دوولایەنەیە و پێویستی بە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی شێلگیر و بەرپرسانە و دڵسۆزانەی هەر دوو لا هەیە. بێگومان بە ئەنجام گەیشتنی ئەم هەوڵانە و پێکهاتنی هەر دوولایەن دەبێتە نموونەیەک بۆ لایەنە ناکۆکەکانی هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانیش و بوار بۆ لێک نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی ئەوانیش دەخوڵقێنێ. لەوەش گرینگتر ئەو بەستێنە لەبارەیە کە لە دۆخێکی ئەوتۆدا بۆ هاوکاری و هاوخەباتیی هەموو هێزە رەسەن و سەرەکییەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان دێتە ئاراوە.

### یەکیەتیی کوردستانی و ئێرانی

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا پێویستیی یەکیەتیی نێوخۆیی حیزب و چارەسەرکردنی کێشەی هاوڕێیانی پێشوومان بە ئاراستەی یەکریزی و یەکخستنەوەی ماڵی حیزبدا هێنایە بەر باس و لە رەهەندی جیاوازەوە بابەتەکەمان شرۆڤە کرد. ئێستا و لە بەشی کۆتایی ئەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر پێویستیی لێک نزیکبوونەوە و هاوکاریی هێزە رەسەن و رزگاریخوازەکانی کوردستان و لە کۆتایشدا پەرەپێدانی ئەو هاوکاری و هاوخەباتییە بۆ ئاستی سەرتاسەریی ئێران و لەگەڵ هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران دەخەینە بەر باس و لێکدانەوە.

### پێکهێنانی هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان هێزە کوردستانییەکاندا:

کوردستان لە باری سیاسییەوە پێکهاتەیەکی فرەچەشن و رەنگامەیە. هەر چەند حیزبی دێموکرات سەبارەت بە مێژووی نزیک بە ٧٠ ساڵ خەبات ، پێکهێنانی تاکە دەسەڵاتی کۆماریی کوردستان، خەباتێکی قارەمانانەی چەکداری و پێشکەشکردنی پتر لە ٥٠٠٠ شەهید بە دایکی نیشتمان، هەندێک سیمبۆلی وەک ٣ رێبەری گەورەی شەهید و هەروەها پانتایی جوگرافیایی چالاکییەکەی کە لە باکووری ئەم پارچەیەی وڵاتەوە تا باشووری گرتۆتەوە، بە رەسەنترین، گەورەترین و بەنفووزترین هێزی سیاسیی کوردستان دەژمێردرێ، بەڵام ئەم راستییە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە بوون و نفووزی هێزەکانیتر لەبەرچاو نەگیردرێ. ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەندێک هێزی دیکەوە پتر لە دەیان ساڵە وێڕای حیزبی دێموکرات لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا بەشدارییان کردووە و لە جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا سەنگ و قورسایی خۆیان هەبووە. کەوابوو دەتوانین بێژین ئەم هێزانە بە هەموویانەوە سەرمایەی مادی و مەعنەویی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کوردن لە کوردستانی ئێراندا. بۆیە سەرکەوتنی دۆزی کورد و رزگاریی نیشتمانەکەی تەنیا لە سونگەی یەکیەتی و هاوخەباتیی ئەم هێزانەوە مسۆگەر دەبێت. دەمێکە بابەتی پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیی پێکهاتوو لە

سەرجەم هێزە ڕەسەن و سەرەکییەکانی نێو بزاوتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی سیاسیی کوردستاندایە. کە چی بەداخەوە هەنووکە ئەم بیرۆکەیە نەکەوتۆتە بواری پراکتیکەوە. بۆیە ئەوەی کە دەبێ لەم ساتەوەختەدا وەک ئەولەوییەت لە بەردەم سەرکردایەتیی کوردی ئێراندا بێت، پرۆژەی پێکهێنانی بەرە یا کوالیسیۆنێک لە کۆی هێزە سیاسی و ڕەسەنەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوانەی کوردە. سەرباری هەموو کەند و کۆسپەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم پێویستییە، دەتوانین ڕێککەوتننامەی ئەم دوایییەی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وەک سەرەتایەکی باش و هەنگاوێکی شێلگیرانە لە بەرچاو بگرین کە دەتوانێ دەرگایەکی نوێ بە ڕووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بکاتەوە. بێگومان ئەم هەنگاوە گرینگە لە لایەک پاژێکی نوێی لە پێوەندییەکانی دێموکرات و کۆمەڵەدا هێناوەتە ئاراوە و لە لایەکیش بەرگی راستەقینەی بە بەر خەونی یەکگرتوویی و هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا کرد.

لە ڕاستیدا ئەم ڕێککەوتننامەیە هەم پۆتانسییێلی ئەوەی هەیە و هەم پێویستیشە کە خۆی فراوان بکاتەوە و بەرە بەرە هێزە سیاسییەکانیتری کوردستانیش لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. ئەم دەسپێشخەرییەی دێموکرات و کۆمەڵە نابێ بە هیچ شێوەیەک بە واتای پاوانخوازی و لە بەرچاونەگرتنی هێزە سیاسییەکانیتر لێک بدرێتەوە، بەڵکوو ئەمە هەنگاوێکی ڕەچەشکێنانە بوو کە بەستەڵەکی پەرتەوازەیی و ناتەبایی شکاندو ڕێچکەیەکی بۆ هاوکاری و تەبایی کردەوە. چوونکە بێگومان هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە داهاتووی ئێران بە ئاراستەی گۆڕینی دەسەڵات و نەمانی کۆماری ئیسلامی بێتە ئاراوە هەر چەند جەوهەرێکی دێموکراتیشی هەبێت، ئەگەر کورد هێزی دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی نەبێت دیسانەوە بەشخوراو و لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە. هێزی کوردیش بە پلەی یەکەم لە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی خەڵک و هێزە سیاسییەکانیدایە کە دەبێ هەر لە ئێستاوە بواری بۆ بڕەخسێندرێت.

### لێکنزیکبوونەوە و هاوکاری لەگەڵ هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران:

دوایین قۆناغی یەکریزی، قۆناغی لێک نزیک بوونەوە و هاوکاری لەگەڵ هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێرانە. بێگومان ئەگەر ئەو هاوکارییە وەک بنەمایەکی سەرەکی لە خەباتی دژ بە کۆماری ئیسلامیدا لە بەرچاو بگرین، هاتنەئارا و بەردەوامبوونی پێویستی بە ڕەچاوکردنی هەندێک مەرج هەیە کە بریتین لە:

**یەکەم**، وەک ئاماژەی پێکرا دێموکراسیخواز بوونی ئەو هێزانەیە، واتە تەنیا ئۆپۆزیسیۆن بوون مەرج نیە بۆ ئەوەی هاوکاریی بەرامبەر چێ ببێت بەڵکوو بڕوای ڕاستەقینەی ئەو هێزانە بە بنەماکانی دێموکراسی و هەبوونی پلان و پرۆگرامێکی دێموکراتیک بۆ داهاتووی ئێران کە بتوانێ ئازادییە دێموکراتیکەکانی خەڵک گەرەنتی بکات مەرجێکی

سەرەکییە.

**دووهەم**؛ بە فەرمی ناسینی فرەنەتەوەبوونی ئێران و قبوولّی ئەو فرەییەیە کە لە پراکتیکدا خۆی لە ستراتژییەکی پلۆرالیستی و قبوولّی سیستمێکی فێدراتیو لە داهاتووی ئێراندا دەبینێتەوە. لە راستیدا بڕوا بە دێموکراسی و پلۆرالیزم چ لە ئاستی رێکخراو و چ لە ئاستی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا، سەرەکیترین مەرج بۆ یەکیەتی و یەکریزیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە لە ئێراندا. واتە لە ئاستی رێکخراودا دەبێ هەموو رێکخراوەکان بوون و قورسایی یەکتر بە فەرمی بناسن و هیچ رێکخراوێک پاوانخوازانە خۆی بە تەوەری گۆڕانکارییەکان دانەنێت و ئەوانیتر لە پەراوێزی خۆیدا نەبینێت. وەک پێکهاتە نەتەوەییەکانیش پێویستە هەموو نەتەوەکان بوون و مافی یەکتر بە فەرمی بناسن و هیچ نەتەوەیەک گریمانەی سەروەریی بە سەر نەتەوەکانیتری لە لا دروست نەبێت. چوونکە هەر چەشنە خۆ بەزلزانی و خۆ بە تەوەرگرتنی هەرکام لە نەتەوەکان، بازدان بە سەر مافی ئەوانیتری لێدەکەوێتەوە و ئەمەش هەلەکانی لێک نزیک بوونەوە و هاوکاری لە بار دەبات. نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی شێلگیر و یەکگرتووی بەهێزیش ئەگەری سەرکەوتن بە سەرکۆماری ئیسلامی و وەلانانی سیستمە تۆتالیتەرەکەی بەرەو لاوازی دەبات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

---------------------------------------------------

# ئەگەر ئێستا یەکنەگرن و کۆدەنگ نەبن بەدڵنیاییەوە داهاتوویەکی ناخۆشمان لێ پێشدا دەبێت

**دیمانە**

خەباتی چەکداری لە کوردستانی خۆرهەڵات لە ئارا دایە، شەڕ لە چەندین ناوچەی وەک شنۆ، ڕەبەت، مهاباد، پاوە، بانە و مەریوان و سەقز کراوە، ڕژیم گورزێکی گەورەی لێکەوتووە و دەگوترێ زیاتر لە ١٧٠ کوژراو و بریندراری هەیە، لە لایەکی تریشەوە بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و سەرجەم ڕیفۆرمخوازەکانی ناوخۆ و میدیای فارس و ئۆپۆزیسیۆنی فارس بە گشتی دژ بە خەباتی چەکداری دەدوێن و بە کاولکاریی ماڵی خەڵک و ڕژانی خوێنی دەزانن و دەڵێن دەستکەوتی نابێ.

بۆ تاووتوێ کردنی ئەو باسە، وتووێژێکمان لەگەڵ ڕێزدار ڕامبود لوتف پووری، چالاکی سیاسی، ئەنجام داوە کە لێرەدا دەخرێتە ڕوو.

**ڕۆژی کورد:** حدکا لە دوو ساڵی ڕابردووە سیاسەتێکی نوێی گەڵاڵە کردووە، کاراکتێرە سیاسیەکانی ئەو حیزبە ڕایانگەیاندووە پشتگیری خەباتی مەدەنی دەکەن و هاوسەنگەرانی شەقامیان لە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەتەنیا ناهێڵنەوە بۆ ئەم مەبەستەش جووڵەیان بە هێزی پێشمەرگەیان کردووە بە چەشنێک وەک ڕاگەیەنەرە گشتییەکان باس دەکەن چالاکیە سیاسی تەشکیلاتیەکانی ئەو حیزبە لە ئاستێکی بەریندا لە ناوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان درێژەی هەیە و ئەمەش دژکردەوەی هێزە ئەمنییەتی و نیزامیەکانی دەسەڵاتی ئێرانی بە شوێنەوە بووە بە گشتی ڕوانینتان لەو بوارەوە چیە؟

**لوتف پووری:** ئەم هەڵوێستەی حدکا هەرچەند درەنگ بوو بەڵام بەجێ و لۆژیکی بوو، نزیک بە ٢٠ ساڵە کە حیزبی دیمۆکرات بە شێوەیەکی بەرچاو چالاکییە چەکدارییەکانی خۆی کەم کردۆتەوە بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین بەگشتی ئامادەبوونێکی زۆر کەمڕەنگی لە گۆڕەپانی ململانێی سیاسیی کوردستاندا هەبووە. هەرچەند ڕەنگە من وەک خۆم چ ئەو کات و چ ئێستاش ئەوەم بە هەڵوێستێکی گونجاو نەزانیبێ بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی باشووری کوردستان لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵە و ڕەچاو کردنی هەلومەرجی هەستیاری ئەو بەشەی کوردستان لەو ماوەیەدا دەکرێ وەک هەڵوێستێکی پاساو هەڵگری لێکبدەینەوە. بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆوە

دیت، گۆڕانکارییەک کە پرسی کوردی لە پەراوێز دەرهێنا و خستییە چەقی هاوکێشەکانەوە. دوابەدوای ئەم گۆڕانکارییە کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا و تەنانەت باکووری کوردستانیش بوو بە یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم هاوکێشە نوێیە و توانی چەند هەنگاوی گەورە و بەرچاو لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیدا هەڵگرێ، تەنیا بەشێک لە کورد کە لەم ماوەیەدا هەست بە لاوازی و غیابی لەم ڕەوتە نوێیەدا دەکرا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. واتە جوڵانەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانیبوو بە کردەوە ببێتە بەشێک لە هاوکێشەکان و جێگا و سەنگی خۆی لە دیزاینی نوێی هێزە سیاسییەکانی ناوچەکەدا بدۆزێتەوە و جێگیری بکات. هەرچەند چالاکانی ناوخۆی وڵات بە پێی دەرەتان جاروبار هەنگاویان بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەگرت بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی بۆشایی چالاکی حیزبەکان پڕ بکاتەوە. بۆیە پێم وایە حیزبی دیمۆکرات بە لێکدانەوەی دروستی چەند پارامێترێک توانی جارێکیتر بێتەوە نێو بازنەی هاوکێشەکان و ڕۆڵی خۆی وەک بەشێک لە پڕۆسەی گۆڕانکارییەکان ببینێتەوە.

**یەکەم:** بارودۆخی باشووری کوردستان گۆڕاوە و چیتر بێدەنگیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک هەر خزمەت بە سەقامگیری و پێشڤەچوونی پرسی کورد لەم بەشە ناکات بەڵکوو دەبێتە هۆی لاواز بوونی لە هاوسەنگیی هێز و ململانێی نێوان بەرەکاندا.

**دووهەم:** پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە پەراوێز بێتە دەر و چ وەک بەشێک لە جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی هەموو کوردستان و چ وەک بەشێک لە بەرەی دیمۆکراسیخوازی و دژە تیرۆریزم لە ناوچەکەدا ئەرک و ڕۆڵی خۆی بە جێ بگەیێنێت.

**سێهەم:** خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی بەرەوڕوو بوون لە گەڵ سیستمی تۆتالیتێر و دەسەڵاتی سەرکوتکاری کۆماری ئیسلامی، ناتوانێ تەنیا پشت بە چالاکانی نێوخۆ ببەستێت و هەموو قورسایی ئەو خەباتە لە سەر شانی ئەوان دابنێت بەڵکوو پێویستە جوڵانەوەیەکی چەکدارانە وەک لاهێز و پشتیوانی ئەو خەباتە وەگەڕ بخرێتەوە. ئەم راسانە بێگومان کۆماری ئیسلامیی هەژاند چوونکە ئێران وەک سەرەکیترین ئەکتەری بەرەی تیرۆریزم و دژە دیمۆکراسی لەم ماوەیەدا توانیبووی ئاگری شەڕەکان لە خۆی دوور بخاتەوە و بە قەوڵی خۆی ببێتە دوورگەیەکی ئارام لە زەریای خرۆشانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. بەڵام ئەم جۆڵانەوەی حدکا و کوردی ڕۆژهەڵات بەگشتی دوو هێڵی سووری راست و چەپی بە سەر ئەم دوورگەیە و پڕوپاگاندای ئەم رژیمەدا هێنا. بۆیە وا شڵەژاوە.

**ڕۆژی کورد:** پێویست بوونی بەرگریی چەکداری هەنووکەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**لوتف پووری**: پێم وایە ئەگەر دەرەتانی دیمۆکراتیک بۆ خەبات و ململانێی سیاسی لە ئێراندا هەبا حیزبی دیمۆکرات قەت چەکی هەڵنەدەگرت، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە کەمترین مەجال بۆ رادەربڕینێکی ئازادانەش نیە چۆن خەباتی سیاسی دەکەی؟ دەسەڵاتێک کە ڕێگا بە هەندێک ریفۆرمی سیاسیی سەرەتاییش نادا چۆن دەهێڵێ لە ڕێگای ئاشتییانەوە پێ لەسەر پرسێکی گرینگی وەک مافی دیاریکردنی چارەنووس دابگری؟ خۆ حیزبی دیمۆکرات یەکدابەدوو چەکی هەڵنەگرت و خەباتی چەکدارانەی رانەگەیاند، حیزبی دیمۆکرات هەموو ڕێگا دیمۆکراتیکەکانی تاقی کردەوە، بەڵام ئاکامەکەی چ بوو؟ حوکمی جەهاد ، کوشتن، زیندان، ئەشکەنجە، ئیعدام و تیرۆر و تەنانەت تیرۆری ڕێبەرەکانیشمان. بۆیە شێوابی خەباتی چەکداری بژاردەی دڵخوازی کورد و حیزبی دیمۆکرات نەبووە و نیە بەڵکوو هەڵسوکەوتی نا دیمۆکراتیک و سەرکوتکارانەی لایەنی دەسەڵاتدارە کە ئەم شێوازە خەباتەت بە سەردا دەسەپێنێ.

**ڕۆژی کورد**: ئاوێتە کردنەوەی بەرگریی چەکداری و خەباتی مەدەنی ئاراستە کردییەکانی چۆن پێناسە دەکەن؟

**لوتف پووری**: خەباتی مەدەنی پێناسەی خۆی هەیە و پێویستی بە بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەیە، ئەمە لە گەڵ مەدەنییەت یا شارستانییەت جیاوازە کە مێژووەکەی بۆ رابردوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە. واتە کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی مۆدێرنیتەیە وکۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکە کە ئازادی رادەربڕین و ئەحزابی تێدایە، کۆمەڵگایەکە کە تێیدا نافەرمانی مەدەنی پێناسە کراوە و ڕێگا و ڕێکاری یاسایی بۆ دانراوە، کۆمەڵگایەکە کەتێیدا دەسەڵات دەستاودەست دەکرێ و ڕێگا بە هەژمۆنخوازی و تاکڕەوی نادرێ. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هیچکام لەم فاکتەرانە بەدی ناکرێ بۆیە پێم وا نیە هەر لەجێدا بژاردەی خەباتە مەدەنی لە ئێراندا بژاردەیەکی گونجاو بێت. بەڵام ئەگەر مەبەست بە جەماوەریتر کردنی خەبای شۆڕشگێڕانەی کورد و گرێدانی خەباتی شار و شاخ لە یەکتر بێت، پێم وایە ئەوە دەگونجێ بەڵام پێویستی بە هەوڵ و ڕێکخستنی زیاتر هەیە.

**ڕۆژی کورد**: شیوازی بەرگریی چەکداری دەخوازێ هەموو لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوئاهەنگی یەکتر ئەرکە نیشتمانیەکانیان بەڕێوە بەرن پێتان وایە ئەقڵییەتی عەمەلی بۆ بەڕێوە چوونی ئەرکێکی شیاو چەندە ئیمکانی عەمەلی هەیە؟

**لوتف پووری**: بێگومان ئەگەر بمانهەوێ باشترین دەسکەوتمان لەم خەباتەدا هەبێ پێویستمان بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت هاودەنگیی هێزەکانی پارچەکانیتری کوردستانیش هەیە. بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا ئەم پێویستییە نەهاتۆتە دی، جیا بوونەوە و لێکدابڕانەکان ئەوەندەیتر ئەم کارەی سەخت

کـردۆتەوە، بـۆیە پێویسـتە سـەرەتا ئەو لایەنـانەی کە لێـک جیـا بـوونەتەوە یەکبگـرنەوە و ئینجـا هەوڵ بـۆ پێکهێنـانی بەرەیەکـی کوردسـتانی لە ڕۆژهەڵات بـدرێ و دواتـریش کـۆنگرەیەکی نەتەوەیـی بـۆ هەمـوو کـورد پێکبهێنـدرێت. ئەمە ئایدیالترین دۆخە بۆ ئەوەی پرسی کورد کارتی بەهێزی بۆ یاریکردنی سیاسی هەبێت. بە تـایبەت لەم قۆنـاغەدا کە کوردی ڕۆژهەڵات جـارێکیتر دەسـتی داوەتە چەک و شانبەشـانی پارچەکـانیتری کوردسـتان بـۆ مافەکـانی خەبـات دەکـات.سـەبارەت بەوەش کە ئایا ئەم عەقڵییەتە لە نێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا بوونی هەیە یا نا، نامهەوێ پێشداوەری بکەم و هیـوادارم کە هەبێت، هەرچەند بە گشتی پێم وایە هەموومان لەو راستییە دەگەین بەڵام بەداخەوە هەندێک جار بەرژەوەنـدیی لاوەکی و تێبینیی ناپێویست وا لە لایەنەکان دەکات نەتوانن بە خـاڵی هـاوبەش و کـۆدەنگی بگەن. بەڵام سەربـاری هەموو ئەوانەش پێم وایە ئەگەر هەلومەرجی بەرهەست و دەرهەست واتە عەینی و زیهنی بە تەواوەتی بێتە ئاراوە، یەکگرتن و کۆدەنگی بە دوور نابینم. پێشم وایە خەریکین لەو ئامانجە نزیک دەبینەوە.

**ڕۆژی کـورد:** هێـزە نیشـتمانیەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە هەمـاهەنگێکی شـیاو دا کە ئامـاژەتـان پێکـرد دەتـوانن ئەو ئەزموونە بۆ دوارۆژی دەسەڵاتی سیاسیش بەکار بێنن؟ ئایـا ئەو هاوکارییـانە چەنـدە بـۆ گەیشـتن بە ئەقلییەتیکی سیاسی - دێمکراتیک و پلۆراڵ دەبێتە پێویستی خەبات و تێکۆشانی هەمە لایەنە؟

**لوتف پووری:** بەڵێ، ئەگەر ئێستا و لە هەلومەرجی خەباتـدا بتـوانن ئەو هاوئـاهەنگی و یەکگرتووییەیـان هەبێت، دەتـوانن وەک ئەزموونێـک بـۆ داهـاتووی دەسەڵاتداریشیانی بگـوێزنەوە، هەرچەنـد ئەمە پێچەوانەکەشی راسـتە، واتە ئەگەر ئێسـتا یەکنەگرن و کۆدەنگ نەبن بەدڵنیـاییەوە داهـاتوویەکی ناخۆشمان لێ پێشدا دەبێت. هاوکـاری و هاوئـاهەنگی پێویسـتی بە کولتـووری یەکتـر قبـووڵ کـردن و ڕێـزی بەرامبەر هەیە، واتە قبـووڵ بکەیـن کە کەس یـا لایەنـی جیـاواز لە ئێمەش لەو کۆمەڵگـایەدا بوونیـان هەیە و دەبـێ وەک خۆیـان وەربگیـرێن و ڕێـز لە مـاف و ئازادییەکانیـان بگیـردرێ. ئەگەر ئێمە لەم قۆنـاغەدا بتـوانین بـوونی ئەو کولتـوورە لە ئاکـاری خۆمانـدا بسـەلمێنین بێگومـان دەتـوانین هیـوادار بـین کە لە داهـاتوودا کۆمەڵگایەکی دیمۆکرات و پلوراڵمان هەبێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦**

--------------------------------------------

## چارەسەریی پرسی کورد لە نێوان پاراستنی یەکپارچەیی ئێران و جیابوونەوەدا

سەبارەت بە چارەسەر کردنی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەردەوام دوو روانگە لە ئارادا بوونە کە هەرکام بوونەتە بنەما بۆ دوو چەشنی جیاوز لە هەڵوێستی سیاسی بەرامبەر ئێران و کوردستان. یەکەم روانگەیەکە کە لە کوردستانەوە بۆ تاران دەڕوانێ و پێی وایە لە کوردستاندا دەبێ بۆ چارەسەریی پرسی کورد بگەڕێین و بە پەکەیجی دیاریکراوی خۆمانەوە لە گەڵ تاران بکەوینە دانوستانەوە، دووهەم روانگەش لە تارانەوە بۆ کوردستان دەڕوانێ و پێی وایە بۆ چارەسەریی پرسی کورد دەبێ لە تاراندا قورساییمان هەبێ و لەو سۆنگەوە مافەکانی کورد دەستەبەر بکەین . بەدەر لە لێکدانەوە و پاساوەکانی هەردوولا ئەگەر بمانهەوێ هەڵسەنگاندنێکی ئەو دوو بۆچوونە لە گەڵ بارودۆخی واقیعدا بکەین دەتوانین بێژین؛

هەر چەشنە سەنگ و قورساییەک لە دانوستانێکی ئەوتۆدا راستەوخۆ گرێدراوی بالانسی هێزە، واتە گرینگترین و سەرەکیترین فاکتەری یەکلاییکەرەوە لە دانوستانەکەدا رادەی هێز و بڕشتی لایەنەکانە. ئەمە یاسایەکی گشتی و جیهانگیرە لە دونیای سیاسەت و بە تایبەت لە جیهانی سێهەم و رۆژهەلاتی ناڤیندا. بەم پێیە ئەگەر دەسەلاتی ناوەندی لە تاران هێز و سەقامگیریی پێویستی هەبێت و لایەنی کوردیش هەروا کەم هێز و پەرش و بلاو بێت وەک ئێستا و لە رابردوشدا دیتومانە کەمترین بایەخ بە خواست و مافە سەرەتاییەکانی کورد نادرێ و دیسان دەگەڕێینەوە خالی دەسپێک، بە پێچەوانەش ئەگەر لایەنی کوردی بە هێز و توکمە بێت و ناوەند ناسەقامگیر و لاواز ئەودەم کارتی بەهێز لە دەستی کورددا دەبێت و ئەوپەڕی ساویلکەیی دەبێ ئەگەر کورد خێرا و لێبڕاوانە هەوڵی جیابوونەوە و سەربەخۆیی نەدات چوونکە تەنیا لە سەربەخۆ بووندایە کە کورد دەتوانێ سەرجەم مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات. لە هەلومەرجێکی وادا دانی هەر چەشنە گەرەنتییەک بۆ یەکپارچەیی ئێران دەبێتە هۆی بە هێز بوونی ناوەند و سووتانی کارتەکانی کورد لە گەمەکەدا. وەک دەزانین هەلێکی لەم چەشنە لە ٢٠٠٣ دا بۆ کوردی باشوور هەڵکەوت بەلام بەداخەوە هێزە سیاسییەکان ئەم پارچەیەی کوردستان کە لە ماوەی ١٠ ساڵدا نەیانتوانیبوو ریزەکانی خۆیان یەک بخەن بە سیستمێکی دوو ئیدارە و ناتەباوە رێگای هەڵەشیان هەڵبژارد، واتە لە باتی ئەوەی کە خێرا نێوماڵی خۆیان یەک بخەن و لە کوردستاندا مافەکانی خۆیان بچەسپێنن، روویان کردە بەغدا و بە هەوڵ و تێچووی خۆیان ماری سڕ بووی شۆڤێنیزمی عەرەبیان زیندوو کردەوە بە چەشنێک کە ئەو بەغدایەی وا لە بەر بێدەسەلاتی و پەرش و بلاوی تەسلیمی هەر داوایەکی کورد دەبوو ئێستا بە تەمای داگیرکردنی هەموو کوردستان و لە ژێر پێ نانی هەموو رێککەوتنەکانە. ئێستاش پێدەچێت هەندێک لایەنی کوردی

ڕۆژهەڵات بە تەمای دووبارە کردنەوەی ئەو هەڵەیەی باشوورییەکان لە ڕۆژهەڵات بن، واتە هەڵەیەک کە لایەنگرانی ڕوانگەی دووهەم خەریکن بیکەن.

بە پێی ئەزموون و لۆژیکی سیاسەت ڕوانگەی یەکەم دەتوانێ گونجاوترین ستراتیژی لایەنە کوردییەکان بێت لەم قۆناغەدا. واتە لە ئێستادا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ نێو ماڵی خۆیان یەکبخەن، ئەو هێزانەی کە جیا بوونەتەوە دیسان یەکبگرنەوە و ئینجا بەرەیەکی بەهێزی کوردستانی پێک بێنن لەم پێناوەشدا هەر داشکاندن و ئیمتیازدانێکیشیان بەرامبەر بە یەکتر هەبێ ڕەوایە و باشترە لەوەی کە بە لاوازییەوە ڕوو بکەنە تاران و ناچار بن لە سەر حیسابی مافەکانی کورد ئیمتیاز بە ناوەند بدەن. هەڵەیەکی کوشندەش دەبێ ئەگەر هەر لە ئێستاوە هێلکەکانی خۆیان بکەنە سەوەتەی تارانەوە و لە گەڵ کەس و لایەنگەلێک دابنیشن باسی مافەکانی کوردیان لە گەڵ بکەن و بۆ پێکهاتن ئیمتیازیشیان بدەنێ کە هێشتا دیار نیە لە داهاتوودا چ پێگە و قورساییەکیان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دەبێ. ئەم ستراتێژە هەڵە لەو خوێندنەوە هەڵەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوان بە هاوخەباتی خۆمان بزانین. پێویستە زۆر بە ڕوونی لەم ڕاستییە تێبگەین کە ئێمە و ئەوان لە یەک مەتەرێزدا نین، ئەوان چ ئێستا و چ لە داهاتوودا لایەنی بەرامبەری ئێمەن کە دەبێ ململانێیان لە گەڵ بکەین. هەر چەشنە ڕێککەوتنێک لە گەڵ هەر لایەنێکی ئێرانی لە ئێستادا ڕێککەوتنێکی مردوو و بێ بایەخ دەبێ چوونکە هیچ گەرەنتییەک بۆ داهاتوو دروست ناکات و لە نێو نەتەوەی کوردیشدا پشتگیری لێ ناکرێ. دیارترین نموونەی ئەم ڕاستییە لە عێراقدایە، لە کاتێکدا کە کورد بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی خۆی بە دەستووری کرد و بە کردەوەش چەسپاندنی بەڵام وەک دەیبینین حکومەتی بەغدا ئێستا کە بەهێزتر بووە نەک هەر نکۆڵی لە بەڵێنەکانی خۆی دەکات تەنانەت دەستووریشی لە ژێر پێ ناوە. لە لایەکیتریشەوە کوردی ڕۆژهەڵات سەلماندوویانە کە چیتر خۆیان لە بازنەی ئێراندا پێناسە ناکەن و کورستانیتر لەوەی بیر دەکەنەوە کە ئامادە بن بچنە نێو ڕێککەوتنێکەوە کە یەکیەتیی خاکی ئێران گەرەنتی بکات.

پانیە ئاشیلی کورد لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بەرامبەر بە داگیرکەراندا بەردەوام ناتەبایی نێوخۆیی و خۆ بە کەمزانین لە هەمبەر بێگانەدا بووە. بە چەشنێک کە لە نێوان خۆماندا زۆر ڕەق و تاک بڕیارین و بەرامبەر بە دوژمنیش نەک نەرم بەڵکوو دەستەوەستان و خۆ بەکەمزانین. ئەم خۆ بە کەمزانینە کەم و زۆر لە نێو هەموو هێزەکاندا بەدی دەکرێ. هەموو حیزبەکان مافەکانی کوردیان لە چوارچێوەی ئێراندا پێناسە کردوە و بە جۆرێک و لە چوارچێوەی سیستمێکی فیراڵیدا دانیان بە پێویستیی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا ناوە و ئیتر نەیانوتووە ئەگەر دەسەڵاتی ناوەندی دان بەو مافانەدا نەنێت چ دەبێ و تا کەی و چەندەیتر گیانی ڕۆڵەکانی کورد دەکەنە تێچووی ئەم دۆزە فاشلە، دیاریان نەکردوە تا چ ئاستێک دان بە خۆیاندا دەگرن و چ شتێک ڕوو بدا ئیتر ئەمان قبووڵی ناکەن و لە برا چەوسێنەرەکانیان جیا دەبنەوە.

ئەگەر ئەوان فیدرالیبیان قبوڵ نەکرد چ دەبێ؟ راستە ئێمەباسی فیدرالێزمی ئارەزوومەندانە دەکەین بەڵام دەبوو راشکاوانە بڵێین ئەگەر ئەوەمان لێ قبووڵ نەکەن ئێمە لە گەڵتان نابین و بڕاردەی جیابوونەوە هەڵدەبژێرین. بە داخەوە نەک هەر وایان نەوتووە بەڵکوو هێشتا هیچ نەبووە و هیچ راپرسییەکی دیمۆکراتیک نەکراوە باڵادەستیی فارسەکانیان قبووڵ کردوە و زمانی ئەوانیان وەک زمانی فەرمی پەسند کردوە. ئیتر کەس نیە لێیان بپرسێ بۆ فارسی؟ بۆ کوردی نا؟ بۆ تورکی نا؟ بۆ بلوچی نا؟ بۆ عەرەبی نا؟ ئینجا ئێوە چوزانن نەتەوەکانیتری ئێران ئەوە قبووڵ دەکەن یا کێ دەڵێ خەڵکی کورد دان بەم بڕیارە هەڵەدا دەنێت؟

لە کۆتاییدا ماوە بڵێم نە نەتەوەی سەردەستی فارس و دەسەڵاتی ناوەندی بە هۆی پاوانخوازییەوە دان بەو فیدرالیزمەدا دەنێت نە نەتەوەی کوردیش بە هۆی هوشیارییەوە چیتر خۆی بە ئێرانی دەزانێت. کەواتە هەردووک ئاماژەکە پێمان دەڵێن تەنیا چارەسەر یەکگرتنە لە نێوخۆدا و قۆستنەوەی هەر هەلێکی لەبارە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

------------------------------------------- ------

## رۆژئاوای کوردستان، چی روویدا و چ دەبێ؟

تێبینی: لە هەر شوێنێکی ئەم بابەتەدا کە وشەی رۆژئاوام بە تەنیا بە کار هێناوە مەبەستم ئۆرووپا و رۆژئاوای سیاسییە.

بێگومان سیاسەتی هەموو حیزبە کوردییەکان و لە نێویشیاندا پەکەکە و پەیەدە لە جێگای خۆیدا شایانی رەخنە و پێداچوونەوەن بەڵام ئەوەی بۆ رووداوەکانی ئەم دواییەی سوریا و هێرشی تورکیا دەگەڕێتەوە بابەتێکی تەواو جیاوازە. واتە دەمهەوێ بڵێم پەیەدە لەم قۆناغەدا هیچ بژاردەیەکی باشی لە بەردەمدا نەبوو، بۆیە لە نێوان بژاردە خراپەکاندا عەقڵانیترین بژاردەی هەڵبژارد. دەنا پێم وا نیە کەس بتوانێ حاشا لەو بەرخودانە قارەمانانەیە بکات و ناوی خۆبەدەستەوەدانی لە سەر دابنێت.

### چی رووی دا؟

١- پەیەدە بە پێکهێنانی هەسەدە وەرچەرخانێکی سیاسیی گەورەی کرد و وردە وردە خۆی لە بەرەی رووسیا، ئێران و سوریا دوور خستەوە و چووە بەرەی ئەمریکا و رۆژئاواوە.

٢- هەسەدە توانی لە شەڕی دژە داعشدا دەوری کاریگەر ببینێ و لاسەنگێکی هێز بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا لە بەرامبەر هەژمۆنی ئێران و رووسیادا دروست بکات.
٣- تورکیا و هێزە هاوپەیمانە سوورییەکانی لاواز ببون و چی وای نەمابوو کە تورکیا بە تەواوەتی لە هاوکێشەکانی سووریا دەربهاوێژرێ.

٤- ئێران و رووسیا کە بە تەمای گەڕاندنەوەی سەروەریی بەشار ئەسەد بۆ هەموو بەشەکانی سووریان، هەسەدە بە بەربەستێکی جیددی دەبینن بەڵام لە بەر دوو هۆکاری ئازایەتیی شەڕڤانانی کورد و پشتگیریی رۆژئاوا لە هەسەدە، دەستەوەستان مابوونەوە و چاوەڕێی دەرفەتیان دەکرد.

٥- تورکیا کە خەریک بوو هەموو کارتەکانی گەمە کردنی لە سووریا دەدۆڕاند بۆ ئەوەی بێتەوە نێو یارییەکە دەبوو بتوانێ

بالانسی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێ، بەڵام ئەمە ئاسان نەبوو، یا دەبوو ململانێی دەوڵەتی سوریا بە پشتیوانیی رووسیا و ئێران بکات یان شەڕی هەسەدە بە پشتیوانیی ئەمریکا و رۆژئاوا. وەک دەزانین تورکیا دەمێکە گڵۆپی ئیشارەی خۆی بۆ نزیک بوونەوە لە رووسیا هەڵکردوە و دەشزانێ کە رووسیا و ئێران لە سەرخستنی پرۆژەی سیاسییان لە سوریا زۆر شێلگیرن و رووبەڕوو بوونەوەیان دژوار و پڕ تێچووە. بۆیە تورکیا بژاردەی دووهەمی هەڵبژارد چوونکە هەم ئەمریکا و هەم وڵاتانیتری رۆژئاواش قەت وەکوو ئێران و رووسیا بوونێکی بەهێز و جیددیان لە سووریا نەبووە و ئەمریکاش ناوە بە ناوە رایدەگەیاند کە کێشەی داعش کۆتایی هاتووەو چیتر پێویست ناکات هێزەکانی لە سووریا بمێننەوە. هاوکات هەسەدەش سەربارى ئەوەی کە هێزێکی مەیدانیی جیددی و بە باندۆر بوو بەڵام وەک هێزێکی لۆکاڵی نەیدەتوانی بە تەنیا لەم یارییەدا گەمە بکات و پشتی بە یارمەتییەکانی رۆژئاوا و بوونی ژمارەیەک هێزی ئەمریکایی لە رۆژئاوای کوردستان بەستبوو. کەوابوو دزە کردن لەم بەرە و تێکشاندنی بۆ تورکیا ئاسانتر بوو و پاساوی پێویستیشی بۆ ئەم کارەی هەبوو واتە بە حیسابی خۆی دەڵێ شەڕی تیرۆر دەکەم و هێزە تیرۆریستەکان لە سنوورەکانی خۆم دوور دەخەمەوە.

٦- کەوابوو تورکیا هەوڵەکانی خۆی بۆ چوونە نێو رۆژئاوای کوردستان چڕ کردەوە. سەرەتا لە عەفرینەوە دەستی پێکرد کە هەم لە بەر هۆکاری ژێئۆپۆلیتیکی داگیرکردنی ئاسانتر بوو، هەم گرینگییەکی زۆری بۆ ئەمریکا نەبوو و هەمیش وەک تاقی کردنەوەی هەڵوێستی رۆژئاوا و شکاندنی قوبحی داگیرکاریی خۆی سودی لێ وەردەگرت. پاشان وردە وردە گوشاری بۆ ئەمریکا و ئورووپا هێنا کە بۆ داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستان گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵ کەن. بۆ ئەم مەبەستەش نزیک بوونەوە لە رووسیا و بابەتی پەنابەرانی وەک کارتی زەخت بە کار هێنا.

٧- دەرئەنجام تورکیا لە هەوڵەکانیدا سەرکەوت، واتە ئەمریکا بۆ ئەوەی تورکیا لە باوەشی رووسیا دەربێنێت و ئورووپاش لە ترسی پەنابەران گڵۆپە سوورەکانیان کوژاندەوە و هەسەدەیان لە نێو ئاگر و ئاسندا بە تەنیا هێشت.

٨- ئێران، سووریا و روسیاش کە دەیانزانی خۆڕاگریی هەسەدە سنووری هەیە و ناتوانێ سەودای نێوان ترامپ و ئەردۆغان هەڵوەشێنێتەوە، لە بەرامبەر هێرشەکەی تورکیاوە بێدەنگیان هەڵبژارد و لە بۆسەدا بوون کە هەسەدە لە ئەمریکا و رۆژئاوا بێهیوا بێت و جارێکیتر روو لەوان بکاتەوە. لە راستیدا ئەمە هەلومەرجێکی ئایدیال بوو بۆ ئەوان کە لە دۆخی لاوازی و ناچاریی بەڕێوەبەریی خۆسەردا بە کەمترین باج و بە منەتیشەوە رۆژئاوای کوردستان بهێننەوە ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد.

**ئەگەرەکانی داهاتوو:**

**ئەمریکا:**

زۆر کەس ئەمریکا بە خەیانەت کردن لە کورد تاوانبار دەکەن کە پێم وایە ئەمە لێکدانەوەیەکی ساکاری عامیانەیە. لە سیاسەتدا پەیمان پشت بە بەرژەوەندی دەبەستێت نەک سۆز و عەتف، بۆیە ناکرێ بێژین ترامپ خەیانەتی کرد بەڵام دەتوانین بڵێین ترامپ هەڵەیەکی گەورەی کرد کە تەنانەت پێکهاتەی سیاسیی ئەمریکا بە هەردوو حیزبی سەرەکیی کۆماریخواز و دیمۆکراتەوە لە گەڵی نەبوون و بێگومان لە داهاتوودا لە سەری دەکەوێت. چوونکە پێشبینی دەکرێ کە براوەی یەکەمی ئەم هێرشەی تورکیا، وڵاتانی دژبەری ئەمریکا واتە ئێران و روسیا بن. سەبارەت بە تورکیاش، ترامپ وەدوای کلاوی با بردوو کەوتوە، چوونکە حیزبی ئیسلامگەرای ئاک پارتی تەنیا بۆ بەرژەوەندیی نیزامی و ئەمنییەتی و جۆێک کەڵکاژۆ کردن لە ناتۆدا ماوەتەوە دەنا دەمێکە ئەم پارتە خەریکە تورکیا لە پێوەرە رۆژئاواییەکان دوور بخاتەوە و خەون بە زیندوو کردنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیەوە دەبینێ. ترامپ لە ماوەی ئەم چەندساڵەدا وێڕای ئەوەی کە لە نێوخۆی ئەمریکا توانیویەتی هەندێک سەرکەوتنی ئابووری تۆمار بکات بەڵام لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا تەنیا هەڵەی چاندوە و دۆڕانی هەڵگرتۆتەوە، لە ڤێنێزۆئێلا هەوڵەکانی بۆ لابردنی مادۆرۆ شکستی هێنا، هەراوهۆریای دانیشتنەکانی لە گەڵ کۆریای باکوور قەت دەرئەنجامی عەینی لێنەکەوتەوە و لە گەڵ ئێرانیش لە ئابلۆقەیەکی ئابووری کە قەیرانی جیهانی و ناوچەیی لێکەوتۆتەوە واوەتر هیچی بۆ نەکراوە، تەنانەت نەیتوانیوە گەرەنتیی پاراستنی خۆی و دۆستەکانیشی هەمبەر بە ئێران لە ناوچەکە و کەنداوی عەرەبدا بکات. کەوابوو زیاد بوونی ئەم هەڵە گەورەیە بە شکستەکانیتری دۆناڵد ترامپ بە پلەی یەکەم قورسایی ئەمریکا دادەبەزێنێ و ئینجا پێگەی خۆیشی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمریکادا لاواز دەکات.

**هەسەدە، تورکیا، سوریا و رووسیا:**

بێگومان خراپترین دۆخ ئەوەیە کە ناچار بی لە نێوان دوو دوژمندا یەکیان هەڵبژێری، بەڵام لەو کاتەشدا دەتوانی دۆڕاو نەبی و ئەگەر زەیرەک بی پاشەکشەیەکی ئاکتیڤ بکەی کە خۆت کارگێڕیت کردبێ. دەمهەوێ بێژم هەسەدە هەتا ئێرە دروست جووڵاوەتەوە و لە هەموو دەرفەتەکان تا ئەو جێگایەی کە بۆی لواوە زانایانە کەڵکی وەرگرتوە. پێش هەموو شتێک ناتوانین حاشا لەو راستییە بکەین کە بەرێوەبەریی خۆسەر لە رۆژئاوای کوردستان هەتا ئەم چرکە ساتەش بەرخودانێکی قارەمانانەی کردوە و قەت شانی لە ژێر باری بەرپرسیارەتیی خەڵک و نیشتمانەکەی چۆڵ نەکردوە، ئینجا کە بە هۆی ناهاوسەنگیی هێزەوە ناچار لە پاشەکشە بووە، بە شێوەیەکی ئاکتیڤ و زیرەکانە ئەو کارەی کردوە. واتە هەسەدە لە

لایەک بەو خۆڕاگرییە کەم وێنەیەی دونیای هەژاند و تێچووی داگیرکارییەکەی تورکیای لە هەموو ڕوویەکەوە بردە سەرێ و لە لایەکیتریشەوە پاشەکشەیەکی کلاسیکی نەکرد و خۆی بە دەست تورکیاوە نەدا، بەڵکوو بەرەیەکی گەورەتری شەڕی بەڕووی تورکیادا کردەوە واتە ڕێگای بە هێزەکانی سووریا داوە لە سەر سنووری تورکیا و هەندێک شاری ئەو دەڤەرە وەک مەنبج و کۆبانی جێگیر ببن و وەک قەڵغانێک لە نێوان هێزەکانی هەسەدە و تورکیادا بن. لە ڕاستیدا جۆری پاشەکشەکە کورد لە تەنیایی دەردێنێ و هەر سێ دوژمنەکانی کورد ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە. بۆیە دەڵێم ئەم پاشەکشەیە ئاکتیڤ و زیندوە چونکە دەرەتانی مانەوە و گەمە کردن لەو ساحەیە بۆ کورد دەهێڵێتەوە. لە ئاکامی ئەم پاشەکشەیەدا ئێستا تورکیا دەکەوێتە بەردەم دوو بژادەوە یا دەبێ واز لە پلانەکەی بێنێت و بکشێتەوە کە ئەمە بۆ تورکیا شکستێکی مەزن و بۆ ئەردۆغان مەرگی سیاسی دەبێ یان ئەوەی کە ناچارە بەگژ سوپای سووریادا بچێت کە لەو دۆخەشدا تووشی شەڕێکی ناڕاستەوخۆی مەترسیدار لە گەڵ ڕووسیا و ئێران دەبێتەوە و لەوێش ئەگەری دۆڕانی زۆرە.

## ئەنجام:

لە کۆتاییدا ماوە بڵێم هەسەدە زۆر عاقڵانە گەمەی کرد و تۆپەکەی خستۆتە ساحەی دوژمنانەوە. واتە کێشەیەک کە تورکیا ویستی وەک کێشەیەکی بچووکی کاتی و لۆکاڵ مەعامەلەی لە گەڵ بکات و بە سڕینەوەێ کورد لەو دەڤەرە و داگیرکردنی خێرای ڕۆژئاوای کوردستان کۆتایی پێ بێنێت، ئێستا خەریکە دەبێتە کێشەیەکی گەورەی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش کە وا بە ئاسانی و خێرایی کۆتایی نایێت. ئەردۆغان یا دەبێ قبووڵی شکست بکات و لە باتی موژدەی سەرکەوتن، هەواڵی دۆڕان بۆ تورکیا بەرێتەوە یان ئەوەی کە لە سەر بڕیاری خۆی سوور بێ و درێژە بەشەڕ بدات، بەڵام ئیتر نەک تەنیا لە گەڵ کورد و پەیەدە کە بە حیسابی خۆی بە تیرۆریستی ناو دەبات، بەڵکوو سوپای سوریای لە بەرامبەردایە و دەبێ بچێتە نێو زەلکاوی شەڕی ڕووسیا و ئێرانەوە.

کەوابوو بۆ بەڕێوەبەریی خۆسەر کە لە مەترسیی فەوتاندا بوو ئەمە تەنیا ڕێگا و دروستترین بژاردەیەک بوو کە هەم دەرەتانی مانەوەی بۆ هێشتەوە، هەم دوژمنانی کوردی ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە و ئەوانیشی ناچار لە دانی تێچووی ئەم شەڕە سەپێندراوە کرد و هەمیش کوردی وەک یاریوانێکی سەرەکی لە گەمەکەدا هێشتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------- ------

## چەندین ڕووداوی کارەساتبار

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕووداوی کارەساتبار بۆ کورد هاتنە پێشێ کە پێویستیی پێداچوونەوەیەکی جیددی لە شێوازی خەبات و خەتابی سیاسییان هێنایە ئاراوە.

**یەکەم**: پیلانی هاوبەشی ئێران، عێراق و تورکیا بۆ داگیر کردنی نزیک بە نیوەی خاکی باشووری کوردستان و هەوڵدان بۆ لە نێو بردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان.

**دووهەم**: داگیرکردنی عەفرین لە لایەن سوپای ئازادی سوریا و ئەرتەشی تورکیا.

**سێهەم**: هێرشی ئەمجارەی سوپای تورکیا و سوپای ئازادی سوریا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە مەبەستی نەهێشتنی دەسەڵاتدارێتیی کوردی لەو ناوچانە.

ئەم سێ ڕووداوە لە لایەک سەلماندیان کە داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی کورد قەت خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ پرسی کورد لە پارچەکانی کوردستان نەکردوە و هەموویان وەک یەک و وەکوو یەک بابەت چاو لە کێشەی کورد دەکەن و دەسکەوتەکانی لە هەر پارچەیەک بێت بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن و مافی سەرکوتکردنی بە خۆیان دەدەن.

لە لایەکیتریش ئەم ڕووداوانە کۆتاییان بەو تێزەی هێنا کە خەباتی پارچەکانی کوردستانی لێک جیا دەکردەوە و دەیکوت هەر پارچەیەک دەبێ بە جیا لەوانیتر خەباتی خۆی بەرێوە ببات.

واتای ئەم قسەیەم ئەوە نیە کە هەر حیزبێک ڕاستەوخۆ وبە بێ هاوئاهەنگی سەر بە کێشەی هەموو پارچەیەکی کوردستاندا بکات بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە دەبێ ئیرادەیەکی سەرتر لە ئیرادەی حیزبەکان، ئیرادەیەکی نەتەوەیی و گیانێکی گشتی بۆ ڕەچاو کردنی ئاسایش و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی ئیدارەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد بە گشتی بکات. بە دیوێکیتردا ئەم گیانە گشتییە دەبێ بتوانێ هێز و پوتانسییێلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە شێوەیەکی

ئۆرگانیک و گشتاڵتی بخاتە خزمەتی رزگاری نیشتمانییەوە.

نابێ چیتر ئەو هەڵەی دووپات بکرێتەوە کە پێمان وابێ ئەگەر لە گەڵ کێشەی پارچەکانیتری کوردستان وەک کێشەی خۆمان تەعامولمان کرد و هاوکارییەکی پلانمەندمان هەبوو ئەوا بیانووی دەستێوەردان و دژایەتیمان داوەتە دوژمنان. لەو سێ نموونەیەدا کە ئاماژەم پێدان دەردەکەوێ کە داگیرکەرانی کوردستان بە پێچەوانەی ئێمە قەت کێشە و رووداوەکانی پارچەکانیتری کوردستانیان بەدەر لە کێشەی خۆیان و دابڕاو لە کێشەی کوردستانی بندەستی خۆیان نەزانیوە، بۆیە لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا کە کورد لە ئامانجەکانی نزیک بۆتەوە بە هەموویانەوە خێرا و راستەوخۆ هەڵیانکوتاوەتە سەری. لەوانەیە داگیرکەران لە ململانێیەکانی نێوان خۆیاندا کوردی پارچەکانیتریان وەک لاهێزی زەخت بە کار هێنابێ و هەندێکیان یارمەتی دابن بەڵام قەت نەیانهێشتووە یارمەتییەکانیان سەرکەوتنی کوردی لێبکەوێتەوە. کەچی کورد بۆ رەزامەندی ئەوان زۆر جاران کەوتوونەتە دژایەتیی یەکترەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-------------------------------------------------- ------

## ئێستا بێژین چی؟

ماویەک لەمەوبەر و دوابەدوی نووسراوەیەکی بەڕێز حامید گەوهەری کە تێیدا لە چوارچێوەی باسێکی ڕەخنەییدا کۆمەڵێک بێڕێزی بە ڕێبەری شەهید د. قەسملوو کردبوو، بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی دیموکرات هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوبراوو. بێگومان ئەم هێرشانە لە دڵسۆزییان بۆ مێژووی حیزبەکەیان و خۆشەویستیی شەهید د. قاسملووە سەرچاوەی دەگرت و وێڕای ئەوەی کە لە گەڵ بەشی بێڕێزییەکەی نیم بەڵام پێم دژکردەوەیەکی لۆژیکی بوو.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، بۆ تەنیا ئەندامان و لاینگران بوون کە هەستیان بەو بەرپرسیارەتییە کرد کە دەبێ لە حاست ڕێبەرە شەهیدەکەیان بێدەنگ نەبن؟ بۆ سەرکردایەتیی ئەو حیزبە و خودی لێپرسراوی گشتی بەم پێویستییە نەحەسییان؟

پێم وایە ئەم وێنەیە و پۆستەکەی بەڕێز گەوهەری هەم وڵامی پرسیارەکەی منی تێدایە و هەمیش بەرەوڕووی هەندێک پرسیاری جددیشمان دەکاتەوە.

هەموومان دەزانین کە بەڕێز گەوهەری پێوەندییەکی زۆر نزیکی لە گەڵ یەکێک لە لایەنە دەسەڵاتدارەکانی باشوور هەیە هەمان ئەو لایەنەی کە لێپرسراوی گشتیش پێوەندییەکی قووڵی لە گەڵیان هەیە. کەواتە دەکرێ بێژین ئەم بێدەنگییە لە دوو هۆکار زیاتری نیە، یا لە بەر برا گەورە کە هەمان لایەنی باشووری بێ، پێویست بوو بێدەنگ بن یان ئەوەی کە هاوڕان و ئەرکیان دابەش کردوە واتە یەکیان ڕاسپێردراوە کە بنەما هزرییەکانی د. قاسملوو بکاتە ئامانج و ئەویتریش ڕێبازە دیموکراتیکەکەی لە روخساری دیموکرات بسڕێتەوە و بە دوو قۆڵی دیموکرات بەرنەوە سەر ڕێچکەکەی بەڕێز ئەحمەد توفیق.

بێگومان ئەمە یەکەمجار نیە کە قورسایی ئەو براگەورەیە باندۆر دەخاتە سەر بڕیاراتی حیزب، ماوەیەک لەمەوبەریش لە سەر دیاری کردنی یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی لە ئۆرووپا، کە زیاتر پێوەندیی بە براگەورەوە هەبوو تا حیزب، وێڕای ناڕەزایەتیی ناوەندی سیاسی کەچی بەڕێز لێپرسراوی گشتی ڕاسپاردەی براگەورەی بە هێند وەرگرت و بە بێ گوێدان بە ناڕەزایەتییەکان و پرەنسیپەکانی پێڕەوی حیزبی ، ئەو کەسەی کرد بە بەرپرس.

کەوابوو لێرەدا دەبێ روو لە بەڕێز لێپرسراوی گشتی بکرێ وڵامی ئەم پرسیارانەی لێ داوا بکرێ:

١- ئەگەر بەڕێز گەوهەری بێڕێزی بە ڕێبەری ناوداری کورد د.قاسملوو کردوە و د. قاسملووش بەشێکی سەرەکییە لە مێژوو و رەوایی دیمۆکرات و جەنابیشت خۆت بە قوتابی ڕێبازەکەی دەزانی، ئەدی بۆ بێدەنگی؟

٢- چۆنە بۆ بابەتێتر خێرا و تا ئاستی نووسینی کتێب پەرچەکردارت دەبێ کەچی لەم بابەتەدا دەڵەی نە بات دیوە و نە بۆران؟ گرینگیی کەسایەتیی د. قاسملوو لای تۆ دەبێ چەندە بێ؟

٣- ئایا نازانی کە بەرەبەرە خەریکی ڕێبازەکەی د. قاسملوو لە حیزب دەسڕییەوە یان بە ئەنقەست دەیکەی؟ نەڵەی وا نیە چوونکە دەڵێم کوا دیمۆکراسییە ناوخۆییەکەی حیزب ، کوا بڕیاری بە کۆمەڵ ، کوا هەڵبژاردنی بە دەنگ و ...

٤- ئەگەرشێوازی روانینت لە د. قاسملوو و ڕێبازەکەی ئەوەندە لە روانگەی بەڕێز گەوهەری نزیکە ئیتر بۆ راستییەکەی بە ئەندامان و لاینگرانی حیزبەکەت ناڵێی کەوا تووشی هەڵە و هەڵچوون نەبنەوە و بەڕێز گەوهەریش بە کاڵفام ناوزەدیان نەکات؟

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩

------------------------------------------------

# فەیس بووک پێوەرێکی باش نیە

یەکێک لەو ئامرازی پێوەندییانەی کە لە دەیەی رابردوودا بە خێرایی پەرەی سەندووە و بۆتە ژێدەرێک بۆ گەیاندنی زانیاری و پێوەندیی کۆمەڵایەتی، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکە. لە راستیدا فەیسبووک لە لایەک بۆتە بیاڤێک بۆ تێگەیشتن لە رای گشتیی کۆمەڵگا و لە لایەکیتریش بۆتە تریبوونێک بۆ کارتێکەری و دانانی باندۆر لە سەر رای گشتیی کۆمەڵگا و هاوکێشەکانی. لە کەس شاراوە نیە کە توانایی و کاریگەریی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە ئاستێکدا بووە کە توانیویەتی بەشێکی بەرچاو لە رووداوەکانی جیهان بخاتە ژێر باندۆری خۆیەوە و لە زۆر نموونەدا بۆتە سەرچاوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە و تەنانەت سەرهەڵدانی چەندین بزاوتی مەزنیش لە جیهاندا.

## میکانیزمی ئەم پرۆسەیە

لێرەدا فەیسبووک وەک ئامێرێک کار دەکات کە داتای خاو لە کۆمەڵگا وەر دەگرێت و پاش شەن و کەو (پردازش) کردنی وەک بەرهەمێکی توکمە بۆ بەکار هێنان پێشکەشی کۆمەڵگای دەکاتەوە. بە دیوێکیتردا فەیسبووک دەوری پسپۆڕێکی شارەزا لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی دەبینێ کە ئازار و ئارەزووەکانی تاک و کۆمەڵ بە پەرش و بڵاوی وەردەگرێ و پاش خەبتاندنیان، وەک پرۆژەیەکی گشتگیر و کرداری پێشکەشی کۆمەڵگای دەکاتەوە. بەڵام دروستی، بێخەوشیی و دڵنیایی ئەم کارکردە دوو مەرجی سەرەکی هەیە:

**یەکەم**: داتا و زانیارییەکان لە شوێنی راستەقینە و دروستەوە واتە لە ناخی کۆمەڵگای مەبەستەوە هاتبن.
**دووهەم**: شرۆڤەکاری شارەزا و راستبین لێکدانەوە و پرۆسێسیان بکات.

## بۆ ئێمە چۆنە؟

هەرچەند رەنگە ئاکامی باسەکە تا رادەیەک بۆ هەموو کۆمەڵگای کورد لە چوار پارچەی کوردستان راست بێت بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا مەبەستی سەرەکییە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئایا ئەو زانیارییانەی کە وەک داتای خاو لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان دێنە سەر لاپەڕەکانی فەیسبووک تا چەندە راستین

و لە شوێنی راستەقینەی مەبەستەوە واتە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێن؟ ئەگەر چاوێک لە لیستی چالاکانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر تۆڕی فەیسبووک بکەین بە سانایی بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەو کەسانەن کەوا لە دەرەوەی رۆژهەڵات دەژین و بەشێکی بەرچاویشیان ماوەیەکی زۆرە کە بەشێوەیەکی عەینی لەو کۆمەڵگایە دوورن. واتە بە دەگمەن کەسانێک دەبینرێن کە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەم بیاڤەدا ئامادەییان هەبێت. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە.

**یەکەم**: ئەوەی کە فەیسبووک لە رۆژهەڵاتی کوردستان فیلتێر کراوە و دەستڕاگەیشتنی خەڵکی ناوخۆ بەم تۆڕە ئاسان نیە.

**دووهەم**: ئەوەی کە لە ئەگەری دەستپێڕاگەیشتنیش بە هۆی سیستمی سەرکوتی داگیرکەری ئێرانییەوە، بەکارهێنەران یا ناتوانن لە شوناسی راستەقینەی خۆیان کەڵک وەر گرن یا ناتوانن هەموو راستییەک بدرکێنن.

کەوابوو تا ئێرە بۆمان روون بووەوە کە زانیارییەکان لە شوێنی راستەقینەی مەبەستەوە نایێن. واتە ناروونن، شێوێندراون، بەرهەمی تێکەڵاوی لە گەڵ کۆمەڵگاکانی دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانن، تەعبیر لە خواست و مەبەستی تاک و گرووپی جۆراوجۆری تاراوگەنشین دەکەن و بە گشتی بۆ شرۆڤەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان داتاگەلێکی متمانەپێکراو نین.

پرسیاریتر ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو کەس یا کەسانەی کە دەبێ ئەم زانیارییانە پرۆسێس بکەن و وەک پرۆژەی کرداری پێشکەشی کۆمەڵگای بکەنەوە تا چەندە راستبین و شارەزای ئەم کارەن؟ دیسان ئەگەر چاوێک لە چالاکانی کوردی رۆژهەڵاتیی سەر فەیسبووک بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەیان لەم مەرجانە بەرین و زیاتر کەسانێکن کە:

١- کەم سەوادن و لە بوارەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و سیاسی ناشارەزان و لێدوان و لێکدانەوەکانیان زیاتر بەرهەمی هەست و سۆز یا رق و قینن.

٢- لاینگر یا ئەندامی گرووپی سیاسیی جۆراوجۆرن کە هەوڵ دەدەن زانیارییەکان لە قاڵبی ئامانج و ئایدۆلۆژیای حیزب یا گرووپەکەیان بدەن. واتە لە باتی ئەوەی کە هەوڵ بدەن داتا و راستییەکان بکەن بە بنەمای لێکدانەوەی سیاسی و کاری حیزبییان، تێدەکۆشن کە راستییەکانی کۆمەڵگا بە پێی بەرژەوەندیی حیزبییان بشێوێنن و لە قاڵبێکی دوگمی بدەن.

٣- بەشێکی بەرچاویان کە زۆریش مەترسیدارن و من ناوی لۆمپەنی فەیسبووکییان لە سەر دادەنێم ئەو کەسانەن کە وەک

گرووپــی گوشــار یــا لە لایەن دوژمنەوە یــا لە لایەن گــرووپە سیاســییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە راسپێردراون کە هەر چەشنە دەنگێکی جیاواز و راستبێژکە بیهەوێ زانیاریی دروست و شەفاف پێشکەش بکات، بە کۆمەڵێک دروشم و تــۆمەت و هوتــافی پۆپۆلیســتانە بخنکێــنن. ئەم (شــعبان بــی مــخ)ە فەیســبووکییانە هەوڵ دەدەن بە پێکهێنــانی تەوژمێکــی پڕوپاگانــدایی جنێوبەخشــانە راســتییەکان بشێوێنن و جیــابیران و راســتبێژان بە تــۆمەتی جۆراوجــۆری وەک بەکرێگیــراو ، کــۆیلە و جــاش پەراوێز بخەن و بێدەنگیان بکەن. کەشێک کە ئەم لۆمپەنانە لە سەر فەیسبووک دەیخولقێنن وا دەکات کەزۆربەی مرۆڤە زانــا و دڵسۆزەکان بە تــایبەت ئەگەر لە نێوخۆی وڵاتیشدا بــژین و بیــانهەوێ راستییەکان وەک خــۆی بــاس بکەن و تەعبیــر لە ئــازار و ئارەزووەکــانی خەڵــک بکەن، ناچــارن ســەبارەت بە پاراســتنی کەســایەتیی خۆیــان ولە بەر ئەوەی کە نەکەونە بەر گۆپاڵی بێڕێزیی شەعبانەکان، بێدەنگی هەڵبژێرن.

## ئاکام

کەوابوو دەتوانین بێــژین ســەرباری ئەوەی کە فەیسبووک دەرەتــانێکی فراوانە بــۆ پێشکەش کردنــی زانیــاری و کــۆ کــردنەوەی داتاکانی نێو کۆمەڵگا و هەروەها پرۆسێسۆرێکی بەهێزە بۆ خەبتاندنی داتاکان و بەرهەم هێنانی پرۆژە و پلان.

بەڵام وەک لە سەرەوە باسم کرد لە ئاست رۆژهەڵاتی کوردستاندا سەرچاوەیەکی جێگای متمانە نیە، واتە نە داتــاکان ورد و دروستن و لە شوێنی سەرەکیی خۆیان واتە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێن نە شرۆڤەکارانیشی هەڵگری مەرجەکانی پێویست بۆ ئەم کــارەن. بــۆیە بــۆ ئــێمەی کــوردی رۆژهەڵاتــی کوردســتان فەیســبووک پێــوەرێکی بــاش نــیە بــۆ تێگەیشــتن لە ئــازار و ئارەزووەکانی کۆمەڵگاکەمان.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٩

-----------------------------------------

## وتوویژ بە چ مەبەستێک و بۆچی ئێستا؟؟؟

لە رۆژانی رابردوودا باتێکی سەرسووڕهێنەر کەوتە سەر لاپەڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کە سەرنجی زۆر چالاکی کوردی بە لای خۆیدا راکێشا وکۆمەڵێک پرسیاری گرینگ و جەوهەریی وروژاند. بابەتەکە ئاماژە بوو بە دانیشتن و وتوویژی چوار لایەنی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ شاندێک لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەسپێشخەریی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە یەکێک لە وڵاتانی ئۆرووپایی( ن) و بە ئامادەکاریی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. جیا لەوەی کە ئەم وتوویژە چۆن و لە رێگای چ لایەنێکەوە رێکخراوە، مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارە تیشک خستنە سەر مەرج، هەلومەرج و ئامانجەکانی وتوویژەکەیە.

دیارە خوێنەری بەرێز دەبێ ئەم تێبینییەشی لە بەر چاو بێت کە لەم وتارەدا باس لە گفتوگۆیەک دەکرێ کە دەبێ وتوویژی سیاسی لە نێوان دوو لایەنی پێک ناکۆک بێ کە لە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکانیان دەگەڕێن، نەک دانوستانێکی ئاسایی بە مەبەستی هاوکاریی سیاسی، ئابووری، کولتووری و...

### مەرج، هەلومەرج و ئامانجەکانی وتوویژ

بێگومان هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی بە تایبەتی کە بڕوای بە دیمۆکراسیش هەبێ میکانیزمی دیالۆگ بۆ چارەسەریی کێشە و گرفتەکانی رەت ناکاتەوە و وەک کەم تێچووترین و شارستانیترین رێگا بەردەوام لە بەر چاوی دەگرێ و هەوڵیشی بۆ دەدا.

بەڵام دیالۆگ وەک لە ناوەکەیرا دیارە پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە ودیوی ئاشکرای پرۆسەکە پێویستی بە بڕوا و دەروەست بوونی دوو لایەنە بە یاسا و رێساکانی وتوویژەوە هەیە، واتە هەر دوو لا لە پێشدا مەرجەکانیان بۆ دانیشتن دیاری دەکەن و لە ئەگەری رێککەوتنیشدا دەروەست بوونی خۆیان بە ئاکام و بڕیارەکانی دیالۆگەکەوە گەرەنتی دەکەن. ئەمە رەوتی ئاسایی وباوی دانووستانە لە دونیای مۆدێرندا. بەڵام هەمیشە دیالۆگەکان بەم شێوەیە بەڕێوە ناچن، بەڵکوو زۆر جار لایەنی نافەرمی و نەوێژراو و دیوی شاراوەی وتوویژەکان سێبەری خۆی دەخاتە سەر رەوتی دیالۆگەکە و بە ئاقارێکیتریدا دەبات. بە تایبەتی لە وڵاتانی نادیمۆکراتیکی جیهانی سێهەمدا زۆربەی کات ئەم لایەنە شاراوەیە رەوتی وتوویژەکان

دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و بە تەواوەتی ئامانجە سەرەکی و راگەیندراوەکە لە بار دەبات نەخاسمە ئەگەر دوو لایەنی دژبەر و دوژمنی یەکتریش بن. بۆیە سەرباری ئەوەی کە دیالۆگ باشترین چارەسەرە بۆ کێشەو ناکۆکییەکان بەڵام ئەم دۆخە کەشێکی دڕدۆنگی هێناوەتە ئاراوە و وایکردوە کە زۆرجار لایەنە سیاسییەکان بە تێبینییەوە هانا بۆ ئەم میکانیزمە بەرن و ئەگەربە تەواوەتیش خۆیانی لێ لا نەدەن لانیکەم بە هەندێک مەرجی تایبەتییەوە بچنە نێو پرۆسەکە.

بۆ نموونە مەرجی وەک کات و شوێن و ئاستی دانیشتنەکان یا ئاشکرا بوون ونەبوون و پێکهاتەی بەشدارانی دیالۆگەکە و بە تایبەتی نێوەرۆک و تەوەری باسەکان دێننە گۆڕێ. هەرچەند ئەم مەرجانە لە هەموو وتووێژێکدا بابەتی باسن بەڵام لەم چەشنە دانیشتنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دان گرینگی و هەستیاریی تایبەت بە خۆیان هەیە و مشتومڕ و ململانێیەکی زۆرتریان لە سەر دەکرێ. بابەتێکیتر کە لە لایەن هەر کام لە لایەنەکانەوە لەم چەشنە دیالۆگانەدا رەچاو دەکرێ لێکدانەوەی هەلومەرجی دیالۆگەکەیە کە خۆی لە چەند خاڵدا دەبینێتەوە، بۆ نموونە:

١- لێکدانەوەی لایەنی بەرامبەر سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵە کردنی لە گەڵ دیالۆگ لە رابردوودا و رادەی دەروەستبوونی بە یاسا و رێسا و ئاکامەکانی وتووێژەوە. واتە ئایا لەجێدا لایەنی بەرامبەر هیچ ئاماژەیەکی چ لە ئێستا و چ لە رابردوودا بۆ چارەسەریی کێشە و ناکۆکییەکان تێدا بەدی دەکرێ؟

٢- لێکدانەوەی سەنگ و قورسایی وکارتەکانی دەستیان بۆ دانوستان. واتە لە چ دۆخێکدا وتووێژ دەکەن، ئایا لە دۆخی لاوازیدان و هەلومەرج لە دژی ئەوانە یان لە دۆخی بەهێزیدان و هەلومەرجیشیان بۆ لە بارە؟

بە لە بەر چاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە پێشتر باسمان کرد هەر لایەنە خواست و مەبەستی خۆی لە وتووێژەکە و لانی کەمی داواکاری و لانی زۆری بەڵێنەکان( کف مطالبات و سقف تعهدات)ی دیاری دەکات. مەبەستی شاراوە لێرەدا دەتوانێت هەندێک شتی وەک بە دەستهێنانی ڤان(امتیاز)ی زیاتر، کەم کردنەوەی زەختەکان، خافڵاندن و بەدەستهێنانی دەرفەت وتەنانەت زەبر وەشاندن بێت.

بەم سەرەتایەوە دێینە سەر نموونەیەکی بابەتی و هەوڵ دەدەین بەراوردێکی ئەم فاکتەرانەی لە گەڵدا بکەین.

**وتوویژی نێوان چوار حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران**

**سەرەتا دێینە سەر باسی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی سیاسی کە کارنامەیەکی رەشی لە بواری وتوویژ و بە تایبەت لە گەڵ کورددا هەیە.**

سەبارەت بە مەرجەکان روون نیە کە کام لایەن زۆرتر دیاریکەر بووە، بۆ وێنە خواستی کۆماری ئیسلامی بووە کە وتوێژەکان نهێنی بێ، یا حیزبە رۆژهەڵاتییەکان؟ کات وشوێن چۆن دیاری کراون، ئایا مەبەستێک هەبووە کە گفتوگۆکان لە سەروبەندی ساڵوەگەڕی تیرۆری رێبەری کورد د. قاسملوودا بکرێ؟ یان بۆ لە سەر دەستی رێکخراوێک بەرێوە دەچێ کە چەکی بە بزووتنەوەی فارکی کۆلۆمبیا دانا و رێبەرەکەیان واتە "رۆدریگۆ لۆندونۆ "ی هێنایەوە کۆلۆمبیا؟ ئاستی بەشدارانی دیالۆگەکە بۆ وا دەستنیشان کراوە واتە لایەنی کورد لە بەرزترین ئاستی سەرکردایەتیدا(سکرتێرەکان و جێگرەکانیان) و وەک باس دەکرێ لایەنی ئێرانیش لە ئاستی هەندێک لێپرسراوی ئەمنییەتی و ئیتلاعاتیدا؟ هەرچەند ئەمانە بابەتی گرینگ و جێگای تێڕامانن بەڵام مادام زانیاریی ورد تا ئێستا بەر دەست نەکەوتوە بۆیە بە سەریاندا باز دەدەین و باسی هەلومەرجەکان دەکەین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە تا ئێستا بە شێوەیەکی جیدی دانی بە حەقیقەتی کێشەی کورددا نەناوە و هەر کاتیش کە بە ئاشکرا یا بە نهێنی بابەتی دیالۆگ لە گەڵ کوردی هێناوەتە پێشێ بە دوای مەبەستی لاوەکی(دیوی شاراوەی دیالۆگ) خۆیەوە بووە. واتە ٣ توخمی سەرەکی، پێکهێنەری جەوهەری دانووستانەکانی کۆماری ئیسلامی بووە لە گەڵ نەیارانی خۆی و بە تایبەتی کوردەکان.

**یەکەم**؛ خافڵاندن و بە دەستهێنانی دەرفەت، وەک وتوویژەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە گەڵ شاندی دانوستانکاری کورد کە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوەچوون. "حجت الاسلام کرمانی" کە ئەو کات نوێنەری وەلی فەقێ لە کوردستان بووە لە دیمانەیەکدا لە گەڵ گۆڤاری(چشم انداز) دەڵێ،کە وەفدی "حسن نیت" لە تارانەوە بۆ وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی کورد هاتنە کوردستان، پرسیارم لێ کردن؛ ئێوە بە راستی بۆ چارەسەری پرسی کورد هاتوون؟ کە خێرا "عزت‌الله سحابی" ئەندامی وەفدەکە وڵام دەداتەوە، نا، ئێمە بەس هاتووین بەم وتوویژە بیانخافڵێنین تا لە تاران حکومەت سەقامگیر دەکەین ئینجا کۆتاییان پێ دێنین. سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەو وەفدە کەسانێکی وەک سەباغیان، سەحابی و داریوشی فروهەری تێدا بووە کە رەنگە ئێستا زۆر کەس لە ئێمەمانان بە باشیش یادیان بکەین و بێگومان لە چاو کاربەدەستانی

ئێستای کۆماری ئیسلامیش، عەرز و ئاسمان جیاوازییان هەیە. بەڵام لە روانگەیاندا بۆ پرسی کورد جیاوازییەکی ئەوتۆیان تێدا بەدی ناکرێ. ئەنجامی وتووێژەکە و روداوەکانی دواتری ئەو سەردەمەش بە تەواوەتی راستیی قسەکەی "سەحابی"یان سەلماند.

**دووهەم**؛ زەبر وەشاندن، وەک وتوویژی شەهید د.قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ بە ناو دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە وییەنی پێتەختی ئۆتریش کە بە شێوەیەکی نهێنی بەڕێوە چوو و تەنیا مەبەستی ئێران لەو وتووێژە پراکتیزە کردنی پلانێک بوو بۆ شەهید کردنی رێبەری ناوازەی کورد د. قاسملوو.کە بە داخەوە تێشیدا سەرکەوتوو بوو.

**سێهەم**؛ نانەوەی کێشە و دووبەرەکی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و تێکدانی یەکیەتیی ریزەکانیان. کاتی خۆی بە هێنانە ئارای باسی دانوستان لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات، رێکخراوی موجاهیدینی خەلقیان بە لارێدا برد و بیانوویان بە دەست کەسیکی وەک مەسعود رەجەوییەوە دا بۆ زێدەخوازی و بەگژداچوونی حیزبی دیمۆکرات کە ئاکامەکەی لێکترازانی "شورای ملی مقاومت" و هاتنە دەرەوەی حیزبی دیمۆکرات لەو بەرەیە بوو. ئەم تاکتیکە چەندین جاریتریش لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەبارەت بە هێزەکانیتر بە کارهێنراوە و باندۆری نێگەتیڤیشی لە سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەبوە.

کەواتە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی یەک نمونەشی لە دانوستان پێشکەش نەکردوە کە نیازپاکی و مەبەستی چارەسەریی راستەقینەی پرسی کوردی تێدا بەدی بکرێت.

یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکان لە هەر دانوستانێکدا کارتەکانی مامەڵەن لە دەستی لایەنەکاندا کە ئەویش راست بۆ هەلومەرجی دانوستانەکە دەگەڕێتەوە. بۆ ئەوەی کە روونکردنەوەیەکی بابەتییانەترمان هەبێ، بابەتی دیالۆگ و دانوستان لە گەڵ ئێران دەخەینە بەر باس.لە دانوستانی نێوان کورد و ئێراندا هەر لایەنە هەوڵ دەدات ویست و ئامانجەکانی خۆی بسەپێنێت و بە دانی کەمترین قان زۆرترین دەسکەوتی هەبێ، ئەمەش پێوەندی بە هێز و کاریگەریی هەر کام لە لایەنەکانەوە هەیە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا. کارتەکانی کۆماری ئیسلامی دیارن، حکومەتێکی بەهێز کە سەرتاسەری خاکی رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کردوە و هێزێکی گەورە و تەیاری سوپاییشی تێدا دامەزراندوە و توانیویەتی لە هەموو بوارێکەوە کوردستان کۆنترۆڵ بکات، لە باری نێونەتەوەیی و ناوچەییشەوە وڵاتێکی بەهێزە و لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە گەڵ ئەم کارتە بەهێزانە گەورەترین خاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا گەمارۆی قورسی ئابووریی ئەمریکایە لە سەر ئەم وڵاتە کە زەبرێکی کوشندەی لە ئابوورییەکەی داوە و گوشارەکان تا

ئاستی گریمانەی هەڵگیرسانی شەڕیش زیادیان کردوە. بەڵام لە لایەکەیتری دانوستانەکەوە کورد هەیە کە لە دۆخێکی زۆر خراپدایە، واتە هێزەکانی لێک بڵاو و پەرپوەی هەندەرانن.بە دەیان و سەدان کیلۆمیتر لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتەکەیان دوورن، نە وەک جاران هێزی پێشمەرگەیان لە ناوخۆدایە و نە توانای رێکخستنێکی جەماوەریی بەهێزیان هەیە کە خەباتێکی مەدەنیی کاریگەر بەڕێوە بەرن، هەر حیزبە و بۆتە چەند لایەن و زۆریش ناتەبان. لە ئاستی نێو نەتەوەییدا دەسەڵاتی مانۆڕدانیان لە ئاستێکی نزمدایە و بە هۆی لاوازیی باری ئابوورییەوە راگەیاندن و رێکخستنیان لە ئاستی پێویستدا نیە و...

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەگەر چاوێک لە رابردوو بکەین دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکی تەواو پێچەوانەدا کە کورد لەوپەڕی بەهێزیدا بووە و لە باکوورەوە تا باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕەپانی چالاکیی پێشمەرگە بووە، بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی کوردستان تا رادەیەک لە ژێر کۆنترۆلی هێزە کوردییەکاندا بوو، رێبەرێکی گەورەی وەک دوکتور قاسملوو جڵەوداری شۆڕش بوو و پشتیوانی هەندێک لە وڵاتانی بەهێزی دونیای بۆ لای دۆزی کورد راکێشابوو و... و حکومەت بۆ خۆی لە بارودۆخێکی ناسەقامگیری وەک دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و شەڕی عێراقدا بوو و لە هەموو بوارێکەوە تووشی قەیران هاتبوو هەرگیز دانی بە رەوایی پرسی کورددا نەنا و ئەگەر جار و بار وتووێژیشی کردبێ بە یەکێک لەو مەبەستە لاوەکییانە کردویەتی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد. لێرەدا هەندێک پرسیار دێنە ئاراوە، گەلۆ دەسەڵاتێک کە لە سەردەمی لاوازیدا دانی بە پرسی کورددا نەناوە و تەنیا مەبەستی لە وتووێژ لە گەڵ کورد دارشتنی پلانی ئاژاوەگێڕانە و زەبروەشاندن بووە، ئێستا و لەم هەلومەرجەدا دەبێ بۆ چ مەبەستێک ئامادەی وتووێژ لە گەڵ کورد بێت؟

بێگومان سەرەتاییترین وڵام ئەوەیە کە رژیم لە ئاستی ناخۆیی و دەرەکیدا تووشی قەیران و کێشەیەکی جیددی هاتووە کە دەیهەوێ بە رێککەوتن لە گەڵ کورد زەختەکان لە سەر خۆی کەم کاتەوە. بێگومان ئەمە دەتوانێ دەرفەتێکی گونجاو بێ ئەگەر لایەنی کورد ئامادە و بەهێز بێت. چونکە وەک باسمان کرد کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی تەمەنی سەلماندوویەتی کە لە وتووێژەکاندا بەردەوام لایەنی شاراوەی مەبەست بووە کەوابوو لایەنی کورد دەبێ هێندە کارتەکانی بەهێز بن کە ئێران نەتوانێت بۆ جارێکیتر بیهێنێتە نێو گەمەی دۆڕانەوە. کەواتە با بزانین توانایی ململانێی هێزە کوردییەکان لەم یارییەدا چۆنە.

کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشە و سەرکوتیش بێ خەڵکی ئێرانی لە بێدەنگیدا راگرتوە و کەشێکی بە رواڵەت ئارامی پێکهێناوە. بە تایبەتی کە چاو لە کوردستان دەکەین جگە لە هەندێک چالاکی سیاسی و مەدەنی کەجار و بار دەبنە هۆی سەرئێشە بۆ کۆماری ئیسلامی و ئەویش بەدەر کردنی بڕیاری زیندان و ئیعدام بۆیان بەرەو رووی رەخنە دەبێتەوە هیچ

جوڵانەوەیەکی چالاک لانیکەم بە شێوەی کرداریی (بالفعل) تێدا بەدی ناکرێ. ئەوەی کە هەیە زیاتر لە ئاستی میدیایی و لە دونیای مەجازیدایە. کەوابوو چ لۆژیکێک قبووڵ دەکا کە لە هەلوومەرجێکی ئەوتۆدا کۆماری ئیسلامی بە دانوستان لە گەڵ کورد ئەو کێشەیە بەرجەستەتر بکاتەوە و فوو بە ئاوری بن خۆڵەمێشدا بکات ؟ بەراستی کارتەکانی دەستی کورد لەم وتووێژەدا چین؟ خۆ هێزی پێشمەرگەی چالاکیان لە ناوخۆدا نیە و بارودۆخێکی وەک ئەوەی تورکیا و باکووری کوردستانیش لە ئیران و رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا نیە کە خەباتێکی مەدەنیی بەرفروانیان پێ وەگەڕ خستبێ. کەواتە ئەو حکومەتەی کە لە سەردەمی بەهێزیی کورد و لاوازیی خۆیدا ئامادە نەبوە هەنگاو بۆ چارەسەریی پرسی کورد هەڵێنێتەوە ئێستا لە بەرامبەر کامە کارتی بە هێزی ئەم چوار حیزبەدا ئامادەی گفتوگۆ بووە؟ ئایا هاندەری کۆماری ئیسلامی لەم وتووێژەدا دەتوانێ لەو ٣ توخمە جەوهەرییەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن بە دەر بێت. لە راستیدا پێدەچێ مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژی ئەمجارە تا رادەیەکی زۆر جیاواز لە دانیشتنەکانی پێشوو بێت.

**یەکەم**، بە پێی ئەوەی کە ئێران لە گەڵ چوار لایەنی سیاسیی کورد دانیشتوە گریمانەی ئەوەی کە بە تەمای نانەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورددا بێت زۆر لاوازە.
**دووهەم**، هەم بە پێی شوێنی کۆبوونەوەکە و هەم بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییەی کە لە بارودۆخی ئێستادا ئێران هیچ پێویستییەکی بە زەبر وەشاندن و لێدانی سکرتێری ئەم حیزبانە نیە پێناچێ بە تەمای تیرۆر بێ و رەنگە کارێکی ئەوتۆ لەم هەلومەرجەدا پتر لە قازانج، زیانی بۆی هەبێ واتە هەم زەختە نێونەتەوەییەکانی لە سەر زۆرتر دەکا، هەم دەبێتە فاکتەرێک بۆ هاوسۆزیی زیاتر لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و جگە لەوانەش ئێستا هەست بەو مەترسییە ناکەن کە کاتی خۆی لەلایەن دوکتورقاسملوو ودوکتور شەرەفکەندییەوە بەرەوڕوویان ببووەوە.
**سێهەم**، کۆماری ئیسلامی پاش ٤٠ ساڵ ئەزموونی فەرمانڕەوایی خۆی سەقامگیر کردوە و پێویستی بە خافڵاندنی ئۆپۆزیسیۆن بە مەبەستی خۆ کۆکردنەوە نیە. کەواتە ئامانجی ئێران لەم وتووێژە چیە؟

**لێرەدا دوو حاڵەت هەیە**:

**یەکەم**، ئەوەی کە گۆڕانکارییەک لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و روانگەی بەرامبەر کێشەی کورد هاتبێتە گۆڕێ کە هێنابێتییە سەر ئەو بڕوایەی کە ئاوڕ لە کێشەی کورد بۆ چارەسەری بداتەوە. واتە وازی لە تۆتالیتاریزمی ئایینی هێنابێت و بە تەمای سەقامگیر کردنی سیستمێکی دیمۆکراتیک و فیدراڵ بێت. بەو پێیەی کە هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆ لە وتار و کرداری کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێت کەوابوو ئەم حاڵەتە زیاتر لە نۆکتە و گاڵتە دەچێت هەتا بابەتێک بۆ باس و تێڕامان.

**دووهەم:** کۆماری ئیسلامی لە ژێر زەختدایە بۆیە ئەم ڕێگایەی هەڵبژاردوە، پێم وایە ئەمەیان راست بێ و ئێران بە هۆی تەوژمێکەوە کە لە سەریەتی مێزی دیالۆگ لە گەڵ کوردی هەڵبژاردوە. بەڵام بەو پێیەی کە بابەتی زەختەکە پرسی کورد نیە و تەنانەت چارەسەریی پرسی کوردیش هیچ باندۆرێکی لە سەر ئەمریکا بۆ کەم کردنەوەی زەختەکانی لە سەر ئێران نابێ، بەو ئاکامە دەگەین کە دانیشتنی ئەمجارە جیاوازییەکی جەوهەری لە گەڵ ئەوانەی پێش خۆی هەیە.

**لێرە بەولاوە دۆزینەوەی وڵامەکە دژوار نابێ و دەکرێ تێبگەیین کە مەبەستی ئێران لە دیالۆگی ئەم جارە چیە.**

کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکە خۆی بۆ ئەگەری شەڕ ئامادە دەکات، یەکێک لە ئامادەکارییەکانیشی بۆ ئەم دۆخە توکمە کردنەوەی نێوماڵی خۆیەتی. واتە دەیهەوێ لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کەمترین دڵەڕاوکێی لە نێوخۆی ئێراندا هەبێ. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وتمان ئامانجی رژیم چارەسەری نیە دەکرێ بێژم کۆماری ئیسلامی بە تەمای پاسیڤ و بێدەنگ کردنی هێزە کوردییەکانە. میکانیزمی ئەم کارەش یا تەماع وەبەرنان یا هەڕەشە یان هەردووکیانە. هەواڵە نافەرمییەکانیش تا رادەیەک ئەم ئەگەرە پشتراست دەکەنەوە. گوایە نوێنەرانی ئێرانی بە سەرکردەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتیان راگەیاندوە کە ئێوە هەنووکەش خۆتان بە ئێرانی دەزانن و ئێستا کاتییەتی لەم قسەیەی خۆتان بە خاوەن دەرکەون و بە قازانجی دوژمن دژ بە وڵاتەکەتان واتە ئێران نەوەستنەوە ،ئەگەر وا بکەن ئەوا رێگاتان خۆش کردوە بۆ ئەوەی کە بتوانین لە داهاتوودا دیالۆگێکی دۆستانەمان هەبێ دەنا بە توندی بەرەوڕووتان دەبینەوە و بۆ سڕینەوەی یەکجاریتان هەنگاوی جیددی هەڵدەگرین. بۆیە دەتوانین بڵێین دانیشتنی ئەم جارە جەوهەری دانوستانی تێدا نیە و توخمە سەرەکییەکەی هەڕەشە و خۆسە پاندنە.

**بەڵام با بزانین حیزبە کوردییەکان لە هەلومەرجێکی نالەباری ئەوتۆدا کە ئاماژەمان پێکرد، بە بێ هیچ کارتێکی گوشاری سیاسی یا ئابووری بۆ چ مەبەستێک و لە پێناو کامە دەسکەوتدا دەچنە ئەم دانیشتنەوە.**

رەنگە یەکێک لە لێکدانەوەکان ئەوە بێ کە دەیانهەوێ خۆیان لە پەراوێز بێننە دەرێ و بچنە نێو بازنەی سیاسیی نێوخۆی ئێران و بتوانن بە مامەڵە کردنێکی سیاسییانەی لانیکەمی(حداقلی) ببنە یەکێک لە کاراکتەرەکانی گەمەی سیاسی لە ئێراندا. ئەم بیرۆکەیە کاتێک گونجاوە کە کۆماری ئیسلامیش وەک حکومەتی تورکیا لانیکەم بەشێک لە سەرەتاکانی دیمۆکراسی و یاسا و رێساکانی ململانێی و گەمەی سیاسیی دیمۆکراتیکی قبوول کردبێ و بڕوای پێ هەبن. ئینجا دەکرێ چاوەڕوانیی ئەوەمان لێ هەبێ کە لە ئاکامی دانوستانێکدا رێگا بدات ئەم چوار حیزبە چالاکیی خۆیان بەرنە بیاڤی لێگاڵ و ئەوانیش لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئەو حکومەتەدا یاری بکەن. تازە ئەگەر ئەم خەونەش وەڕاست گەڕێ و کۆماری

ئیسلامیی ئێران وەک تورکیای لێ بێ ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ گەلۆ ئەم چوار حیزبانە بە کامە کارتی گوشارەوە دەیانهەوێ خۆیان وەک واقیعێک بە سەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنن و کۆماری ئیسلامی بۆچی دەبێ ڤانێکی لەو بابەتەیان بداتێ؟ ئەو تورکیایەش کە باسمان کرد خۆ ئەگەر کارتە گوشارەکانی کورد نەبا ئێستاشی لە گەڵدا بێ ئامادە نەبوو هیچ ڤانێک بە کورد بدات و وتووێژی لە گەڵ رێبەرە بەندکراوەکەیان نەدەکرد، لەتورکیا وێڕای کێشەی ئەندامەتییەکەی لە یەکیەتیی ئەورووپا و دیمۆکراتیک بوونی رێژەیی حکومەتەکەی بەڵام فاکتەری سەرەکی هێزی کورد و کارتە گوشارەکانی، خودی کوردە کە توانیویەتی خۆی بکا بە واقیع و بە سەر هاوکێشە سیاسییەکانی ئەووڵاتەیدا بسەپێنێت. ئایا کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ئەم چوار حیزبە بە تایبەتی کام لەو کارتانەی کوردەکانی باکووریان بە دەستەوەیە، ئەوان بە یەک دەنگ لە گەڵ تورکیا قسە دەکەن و هەموویان لە سەر یەک هێڵ دەڕۆن و یەک رێبەریان هەیە کەچی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لایەنە لە هەوایەک لێ دەدا، هەر کام ملی رێیەکیان گرتوە و هەر کەسەو لە حاستە خۆی بۆتە رێبەرێک کە بە داخەوەزۆربەشیان پێکەوە ناتەبان. ئەوان هێزی چەکداری زۆر ، ئامادە و ئاکتیڤیان هەیە، ئەوان رێکخستنێکی بەهێزی دیسیپلینەیان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا هەیە، جووڵانەوەیەکی مەدەنی و جەماوەریی وایان رێکخستوە کە توانای هێنانە سەر شەقامی سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆن کەسی هەیە.خاوەنی چەندین سەرچاوەی مادیی بەهێز و دەیان دەزگای جۆراوجۆر و پرۆفشنالی راگەیاندنن و... کام لەمانە لە نێو جوڵانەوەی سیاسیی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستاندا بوونیان هەیە؟ ئەمانە کارتی بە هێزی گوشارن کە بەرهەمهێنەری توانای دیپلۆماسی و دانوستانن. چوار حیزبەکەی رۆژهەڵات بە بێ هیچکام لەم کارتەگوشارانە تەنانەت ئەگەر سیاسەتی لانیکەمیش بگرنە بەر چۆن دەتوانن ڤان لە کۆماری ئیسلامی وەربگرن؟ بێلەمانەش کۆماری ئیسلامییەک کە ئامادە نەبوو هیچ ڤانێک بە جیابیران و ریفۆرمخوازەکانی نێو پێکهاتەکەی خۆی بدات کە زۆر بە هێزتر لە کورد بوون و توانیبووشیان بەشێکی بەرچاو لە بنیادەکانی ئەودەسەڵاتە(وەک دەوڵەت و مەجلیس) بخەنە دەستی خۆیانەوە و ئەوەی بە سەر هێنان کە دیتمان ئیتر چۆن باج بەم حیزبانە بەو حاڵ و رۆژەیانەوە دەدات؟

پێدەچێت یەکێکیتر لە مەبەستەکانی ئەم چوار حیزبە لە پەراوێز هێنانە دەر و بە رۆژەڤ کردنی خۆیان بێ. بە هەر حاڵ ئەگەر بە شێوەیەکی ئابستراکت چاو لەم مەبەستە بکەین ئاماژەی مەعقول و لۆژیکیی تێدایە چونکە ئەگەر لایەنێکی سیاسی بە هەر شێوازێک (جگە لەوشێوازانەی کە کەرامەتی مرۆڤ دەشکێنن یان کرداری تیرۆریستییانە بن) بتوانێت کێشەکەی لە پەراوێز دەربێنێت و کەشی بایکۆت بشکێنێ واتە بتوانێ پرس و ئامانجی خۆی بکا بە رۆژەڤ و سەرنجی رای گشتیی بۆ رابکێشێ، تاکتیکێکی گونجاو و کردارێکی لۆژیکییە. بەڵام ئەگەر دەیخەیە نێو کۆی هاوکێشەکە و لە دەقی پرۆسەی سیاسیدا دەیخوێنییەوە لێکدانەوەکە ئەنجامێکی جیاوازت دەداتێ. ئەم تاکتیکە لە پێوەندی لە گەڵ هەلومەرج و چۆنییەتیی جێبەجێکردنیدا ئاکامی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەرچۆنییەتییەکەی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بێ دەبێ بزانی

ئەو تاکتیکە چەندە لە گەیشتن بە ئامانجەکەت نزیک دەکاتەوە، واتە چەندە ڕێگا بە دەنگی جیاواز دەدرێ بێنە گۆڕەپانی ململانێیەوە و لەو نێوانەدا چەندە دەتوانی خواست و ئامانجەکانی خۆت بکەی بە مەرجی بەشداری و تەوەری بانگەشەکان، دواتر چەندە توانایی و ئامادەیی ئەوەت تێدایە کە بە دواداچوونی ئەو خواست و مەرجانە بکەیت و بیانکەی بە بابەتی گەنگەشە لە کۆمەڵگا و ناوەندە سیاسییەکاندا بە چەشنێک کە نەهێڵی بابەتەکە لە رۆژەڤ بکەوێ و جێی پەنجەت بە کۆی پرۆسەکەوە دیار بێ. یا ئەگەر چۆنییەتییەکەی لە پرۆسەی دانوستاندا بێ دەبێ بزانی ئەم دانوستانە چەندە دەتوانێ دەرفەت و دەرەتانی (فرصت و فضا)بە رۆژەڤ بوونت بۆ بخولقێنێ، کە بێگومان وتووێژێکی نهێنی هەرگیز ناتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێ و نە دەرفەت و نە دەرەتانی بە رۆژەڤ بوون نارەخسێنێ. کەواتە تەنیا پاساوێک کە دەتوانێ بابەتییانە بێت و هۆکاری راستەقینەی بەشدارییان لە وتووێژێکی ئەوتۆدا بێ، ترس ودڵەڕاوکێیە لە هەلومەرجی داهاتوو. هەلومەرجێک کە ئەوان دەزانن هیچ کارتێکیان بۆ یاری کردن تێدا نیە. مخابن بارودۆخی نالەباری ئێستای هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەشێکی لە ناهۆمێدی، بێئیرادەیی، نەبوونی متمانە بە هێزی خۆ و خەڵک، بێپرۆژەیی، خۆ دانەدەستی قەزا و قەدەر و دەرئەنجام چەقبەستوویی خولقاندووە. ئەمە وای کردوە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باتی گەڕانەوە بۆ بنەماکانی رەوایی خەباتەکەیان، پشتبەستن بە سەرچاوەی هێز واتە خۆیان و خەڵکەکەیان، دانانی پرۆژە و پرۆگرامی تێکۆشانی کارا، دابین کردنی فاکتەرەکانی هێز و کارتەکانی گوشار بۆ بردنەسەری توانایی گەنگەشە، دیپلۆماسی و دانوستان و... پەنا بۆ میکانیزمگەلێک بەرن و دڵ بە فاکتەرگەلێک خۆش بکەن کە نە ژێرخانی پێویستیان بۆ ئامادە کردوە و نە توانای رۆڵ بینینی کاریگەریان تێیاندا هەیە.

لێکدانەوەگەلێک بۆتە بنەمای دارشتنی سیاسەت و شێوازی تێکۆشانیان کە ئەگەر راست و دروستیش بن تا رادەیەکی زۆر بەدەر لە ئیرادەی ئەوانن و کەمترین ئامادەییان بۆ رۆڵ گێڕان لە سیناریۆکانی خۆشیاندا هەیە. بۆیە دەتوانین لە سەرجەم لێکدانەوەکاندا دوو هێڵی سەرەکی جیا بکەینەوە، یەکەم هێڵی چاولەدەستی، دووهەم هێڵی چاوەڕوانی کە هەر دووکیان سەر بە یەک ژێدەرن، بێهیوایی و دەستەوەستانی. چاو لە دەستی و چاوەڕوانی دەتوانن یەک ماناشیان هەبێ بەڵام لێرەدا من بۆ دەستنیشان کردنی دوو هێڵی سیاسی لێکم کردوونەتەوە. ئێستا ئەم دوو هێڵە لە خاڵی ترس و بێهیواییدا پێک گەیشتوون و خەریکن جۆرێک لە خۆبەدەستەوەدان بەرهەم دێنن. مەبەستم لە چاو لە دەستی ئەو سیاسەتەیە کە بە هۆی بێهیوایی و دەستەوەستانی خواستی سازانی تێدادروست بووە و بە بێ ئەوەی هیچ کارتێکی هێز و گوشاری بە دەستەوە بێت چاوی بڕیوەتە بەزەیی کۆماری ئیسلامی و نەرمی نواندنی ئەو. ئەم سیاسەتە هەوڵ دەدا خواستەکانی لانیکەمی بکاتەوە بەڵکوو کۆماری ئیسلامی دەرگایەکی بەڕوودا بکاتەوە و هەموو هێلکەکەنی خۆی خستۆتە سەوەتەی سازانەوە.

چاوەڕوانیش مەبەستم ئەو سیاسەتەیە کە خواستەکانی رادیکاڵن و چوەتە خانەی دژایەتییەوە، بەڵام بە هۆی بێهیوایی و

لەبەر ئەوەی کە پێداویستییەکانی ئەم دژایەتییەی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامادە نەکردوە ،چاوەڕوانی دەستێکی دەرەکییە ئەرکەکەی ئەو جێبەجێ بکات و ئەمیش هەموو هێلکەکانی خۆی خستۆتە سەوەتەی دەستێوەردانی دەرەکییەوە. بەڵام ئێستا هەردووک هێڵەکە پێک گەیشتوون، بە دیوێکیتردا دەتوانین بێژین هێڵی چاوەڕوانییە کە زیاتر دەستی بەرداوەتەوە و هاتۆتە سەر رێچکەی چاولەدەستی.

**ترس لە چی:**

١- چونکە هیچ چەشنە ئامادەییەک بۆ داهاتوو لە خۆیاندا شک نابەن لە رۆژئاواییزە بوونی رۆژهەڵات و باڵادەستیی پکک دەترسن.

٢- چونکە هەموو هیوایان بە دەستێوەردانی دەرەکی بەستۆتەوە دەترسن لەوەی کە کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا پێکەوە بسازێن.

٣- مووشەک بارانی ماوەیەک لەمەوبەری بنکە و بارەگاکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تەواو ترساندوونی و دەترسن دیسان هێرشی وا یا تەنانەت بەربڵاوتریشیان بکرێتە سەر.

لە کۆتاییدا ماوە بڵێین، دروستە کۆماری ئیسلامی ئێستا لە ژێر گوشاردایە و بەو هۆیەوە ئامادە بووە ئاوڕ لە حیزبە کوردستانییەکان بداتەوە، بەڵام بێگومان ئەمجارەش هەر وەک جارانی پێشتر بۆ ئامانجی چارەسەریی پرسی کورد نەهاتۆتە سەر کورسیی وتووێژ بەڵکوو وەک باسمان کرد مەبەستی توکمە کردنی رەوشی خۆی لە ناوخۆی ئێران و نەهێشتنی گەرای هەر ئاریشەیەکی نێوخۆییە. بۆیە زەمانی ئەم جارەی هەڕەشە و تەماع وەبەرنانی هاوکات یان هەمان میکانیزمی بەناوبانگی گۆپاڵ و گێزەرە. پرۆیاریشە کە لە ئەگەری دەرباز بوونی لەم قەیرانەی ئێستادا، بە زووتری کات تەلیسی گێزەرەکە وەلا دەنێت و دیسان گۆپاڵی بە تەنیا بە کار دێنێتەوە. کەوابوو سەبارەت بە کورد و هێزە سیاسییەکانی تەنیا رێگا بۆ دەرباز بوون لەم تەنگانە پشت بە بستنە بە هێزی خود. واتەکورد و هێزە سیاسییەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر بتوانن ببنە خاوەن ویستی خۆیان و بە پشت بەستن بە هێزی سەرەکیی خەباتەکەیان واتە خەڵکی کوردستان بیانهەوێ خەباتەکەیان لە ئامانج نزیک بکەنەوە پێویستە هەندێک خاڵی لەم بابەتە رەچاو بکەن:

١- یەکریزی و یەکگرتنی لایەنە لێک دابراوەکان و یەکیەتی و هاودەنگی هێزەسیاسییەکان

٢- پێداچوونەوە بە گوتار و پێکهاتە و سیاسەتەکانیان بە ئاراستەی نوێ کردنەوەدا

٣- دانانی پرۆژە و پلان بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە

٤- بەرهەست(عینی) کردنی ئەوخەباتەی کە ئێستا لە دونیای مەجازیدا قەتیس ماوەتەوە لە رێگای بردنەوەی خەبات بۆ شوێنی سەرەکی خۆی بە چەشنێکی راستەقینە (نەک لاق لە قەندیل و سەر لە کۆیە) و چالاک بوونەوەیان لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمە لە پێوەندییەکی دوولایەنەدا دەبێتە هۆی بەهێز بوون و باندۆری زیاتری راگەیاندن و دیپلۆماسیش.

بەم شێوەیە هیواکان زیندوو دەبنەوە و کورد دەبێتە خاوەن هیز و قورساییەکی کاریگەرتر کە ئەگەر بیهەوێ دانوستان بکات کارتی گوشاری بە دەستەوە دەبێت و لە ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکیشدا ئەم تەنیا بینەرێکی سادە نابێت و هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیش ناتوانێ لە خشتەی بەرێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی جوولای ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بۆ جاشەکان و چەند تێبینییەک

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی ئاپریلی ٢٠١٩ کاک مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕوو لە جاشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوە و داوای لێ کردن کە چیتر خزمەت بە دوژمنانی کورد نەکەن و بگەڕێنەوە باوەشی گەل.

بێگومان هەبوونی گیانی لێبوردەیی لە هەموو خەباتێک و لە نێو هەر هێزێکی شۆڕشگێڕ و ڕزگاریخوازدا بەهایەکی حاشاهەڵنەگرە و لە خۆیدا و وەک بابەتێکی ئابستراکت بەنرخ و جێگای ڕێزە . کەوابوو لەم سۆنگەوە پەیامەکەی کاک مستەفا کردارێکی دروست و بایەخمەندە. بەڵام پڕدیارە هەموو بابەتێکی زەینی هەتا بە ڕەبەی عەینییەت بەراورد نەکرێ ناتوانێ لە نرخ و بەهاکانی بە خاوەن دەرکەوێت، بۆیە کاتێک ئەم پەیامە دەخەینە زەرفێکی عەینی و لە پێوەندی لە گەڵ ڕیزە بابەتێکیتری پێوەندیدارەوە هەڵیدەسەنگێنین ، کۆمەڵێک سەرنج و پرسیاری جیددی بەرجەستە دەبنەوە کە شایانی لێ وردبوونەوە و تێڕامانن.

١- ئەم پەیامە بە ناو و واژۆی تاکەکەسێک بە ناوی مستەفا هیجرییەوە بڵاو بۆتەوە لە کاتێکدا کە ئەمە پێچەوانەی نەریتی دیمۆکراتیک و لەمێژینەی حیزبی دیمۆکراتە. وەک دەزانین هەموو پەیامە حیزبییەکان یا بێژین زۆربەی هەرەزۆریان، بە تایبەت ئەگەر گرینگ بان، لە لایەن یەکێک لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریی حیزبەوە (کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی یا...) بڵاو دەبوونەوە، ئەمەش وەک پرەنسیپێکی دیمۆکراتیک پشتی بە بنەما دیمۆکراتیکەکانی حیزب دەبەست کە بایەخی بە دەنگی گشتی و بڕیاری بە کۆمەڵ دەدا و تاکەکەسی بەرجەستە نەدەکردەوە.

٢- وەک لە پەیامەکەشدا هاتوە کاک مستەفا بە ناوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئەم پەیامە دەدات. واتە کاک مستەفا هیجری سەرکردەی یەکێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە نەک ڕێبەری هەموو کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوابوو نە ئۆتۆریتەی ڕێبەرێکی نەتەوەیی هەیە و نە دەسەڵاتی سەرۆکێکی یاسایی . بۆیە لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، چ گەرەنتییەک هەیە ئەو جاشانەی کە دێنەوە باوەشی گەل، لە لایەن هەموو کوردی ڕۆژهەڵاتەوە عەفو بکرێن و پارێزراو بن؟ ڕەنگە ئەو جاشەی کە کاک مستەفا لێیدەبورێ لە لایەن حیزبەکانیترەوە عەفو نەکرێ و ئەوان بە تۆڵەی شەهیدەکانیان یان بەهەر هۆیەکیتر بە تەمای سزادانی بن. خۆ حیزبی دیمۆکرات ناتوانێ سەبارەت بە پاراستنی جاشێک کە تەنیا لە سەر دەستی ئەو تۆبەی کردوە بە گژ هێزە شۆڕشگێڕەکانیتری کورددا بچێت.

٣- لە کاتی لێبووردنیشدا دەبێ ریزی جاشەکان لێک جیا بکرێتەوە. مەبەستم ئەوەیە رەنگە لێبوردنی ئەو جاشانەی کە تەنیا بۆ مووچە چوونەتە ریزەکانی سوپای داگیرکەرەوە و خۆیان لە هەر چەشنە کردەوەیەکی جینایەتکارانە پاراستوە ئاسان بێت، بەڵام کێ دەتوانێ ئەو سەلاحییەتە بە کاک مستەفا یا تەنانەت حیزبی دیمۆکراتیش بدات کە ئەو جاشانەی بێنێتەوە باوەشی گەل کە دەستیان بە خوێنی رۆڵەکانی کورد سوورە یا دەستدرێژیان کردۆتە سەر ماڵ و گیان و ناموسی تاکە رزگاریخوازەکانی ئەم نیشتمانە؟ لە دۆخێکی ئەوتۆدا ئەگەر باسی لێبوردنێک بێتە گۆڕێ تەنیا خودی ئەو کەسانە (غەدر لێکراوانی زیندوو) یا بنەماڵەکانیانن(شەهیدان) کە لە دادگایەکی خاوەن سەلاحییەتدا دەتوانن لە مافی خۆیان خۆش ببن و لێبووردن بدەن.

خۆی ئەگەر لێپێچینەوە و دادگایی کردنێک بۆ خایینان و جاشە تاوانبارەکان لە ئارادا نەبێ، تێچووی خەیانەت هێندە دادەبەزێ کە شەرمی نامێنێ و باشوور ئاسایی تەشەنە دەکاتە نێو هێزە خەباتکارەکانیشەوە.

٤- بەڵام گرینگترین پرسیار ئەوەیە، گەلۆ کەسێک کە خاوەنی گیانێکی ئەوتۆی بەرزی لێبووردەییە کە ئامادەیە بە مەرجی گەڕانەوە بۆ باوەشی گەلّ لە بکوژانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی خۆش ببێت، چۆن ئامادە نەبووە و نابێ بەرامبەر بە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی پێشووی لێبووردە بێت و لە گەڵیان ببێتەوە بە یەک، تەنانەت ئەگەر پێویست بە ئیمتیاز دانیش بێت . پێم وا نیە ئیمتیاز دان بە هاوسەنگەرانی پێشوو هێندەی لە باوەش گرتنی جاش و بکوژانی هاوڕێیانمان سەخت و دژوار بێت. ئیتر باسی ئەوە ناکەم کە رەنگە هاوڕێیانی پێشوو هەر لە جێدا داوای ئیمتیازیشیان نەکردبێ و بە زۆربەی مەرجەکانیش قایل بووبێتن. کەواتە ئەمە پارادۆکسێک دەخولقێنێ کە هێمایەکی پرسیاری زۆر جیددی دەخاتە سەر مەبەست و باکگراوندی پەیامەکەوە.

لە کۆتاییدا ماوە بڵێم کە، نەک تاکەکەسێکی وەک کاک مستەفا، بەڵکوو حیزبی دیمۆکرات ئەگەر بیهەوێ ببێتە ژێدەرێکی بڕیار بۆ ئەم جۆرە بابەتانە دەبێ سەرەتا لە گەڵ هاوڕێیانی حدک یەکبگرێتەوە و ئینجا وێڕای هێزە سیاسییەکانیتری رۆژهەڵاتی کوردستان بچنە بەرەیەکەوە و وێکڕا ناوەندێکی بڕیاری نەتەوەیی پێک بێنن. هەرچەند بەو حاڵەشەوە دەبێ جاشەکان دەستەبەندی بکرێن و نابێ قەت رێگا بە خۆتان بدەن لەو جاشانەی خۆش ببن کە دەستیان لە ماڵ و گیان و ناموسی رۆڵەکانی کوردستان نەپاراستوە، چونکە ئەوە راست بە واتای پێشێل کردنی مافی بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی غەدر لێکراوی کوردە کە دەیانهەوێ تاوانباران لە دادگایەکی دادوەردا بە سزای تاوانەکانیان بگەیێنن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٩

## هەستی خۆ بەکەم زانین

بەداخەوە هەستی خۆ بەکەم زانینی سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر بە داگیرکەر سەرەکیترین هۆکاری شکست و نەهامەتییەکانمانە. ئەوەندەی کە لە بەرامبەر دوژمندا لاڵ و کولن بە دوو هێندەوە بەرامبەر بە ئەندامانی رزگاریخوازی خۆیان توند و بێبەزەیین. قەت فێر نەبوون کە دەبێ بەرامبەر بە ئەندامەکانیان پشتیوانیی ئۆرگانیان هەبێ و بۆ بزە و چەپڵەی دوژمن پشتی ئەندامی خۆیان بەر نەدەن و لە بەر چاو بێگانە بچوکی نەکەنەوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆ دڵخۆشیی کابرای فارس و نوێنەرەکەی رەفسەنجانی، جەماڵ پورکەریم لە ئەندامەتی حیزب دەخەن یەکەم جاریان نیە، ئەوانەی کە لە بیریان ماوە دەزانن کاتی خۆی لە سەر ئەوەی کە من لە دیمانەیەکدا باسی کوردستانی بوونی ماکۆ و سەڵماس و نەغەدە و... م کردبوو ، کابرایەکی تورک نەک هەر هێرشی کردبوە سەر من بەڵکوو حیزبی دیمۆکرات و سمکۆی شکاک و تێکرای کوردی وە بەر دابوو و وتبووشی کە نەک هەر ئەو شارانە بەڵکوو هەتا بیجار خاکی ئازەربایجانە کەچی بەداخەوە بەرپرسی حیزب لە باتی ئەوەی کە پشتی من بگرێ و داکۆکی لە رێبەرانی کورد و خاکی کوردستان بکات سپاسنامەیەکی بۆ نارد و وێڕای تەئیدی قسەکانی وتبووی کە نیگەران مەبە ئەوەی ئەو قسانەی کردوە هیچکارەیە و ئەوە روانگەی حیزب نیە. ئەمە بەرهەمی نەبوونی ستراتێژیی نەتەوەیی و بڕوا بەخۆ نەبوونە. دەنا دەبوو هەم ئەو کات بەرپرسی حیزب لە دمی ئەو کابرا بدات و بەرگری لە خاک و نەتەوەکەی بکات و هەم ئێستاش رێگا نەدەن هەر فارسێکی فاشیست لەڕێوە هات مافی سەرخوەبوونی کورد بەرێتە ژێر پرسیار. ئیتر من هیچ ناڵێم خۆتان قوڵایی ئەم کارەساتە بخوێننەوە.

**کۆتا قسەم ئەوەیە، سەرکردەیەک کە بۆ دڵخۆشی داگیرکەر نکۆڵی لە مافی نەتەوەی خۆی بکات و ئەندامی خۆی بچوک بکاتەوە، نەک بۆ رێبەری ناشێ تەنانەت شەرعییەتی سەرکردایەتیشی نیە.**

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## روونکردنەوە

ماوەیەکە هەندێک بۆختان و دەنگۆ لە دەوروبەری من دروست بووە و هەندێک نارەسەنیش بێ ئەوەی کە بزانن راستییەکان چین ناو بە ناوە و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە باسی دەکەن و لە دژی من بە کاری دێنن. هەر چەند دەزانم کە ئەم نارەسەنانە سەریان بە کوێوە بەندە و لە ئاخوڕی کێ دەخۆن، بەڵام نەک بۆ ئەوان بەڵکوو بۆ دڵسۆزانی دەڵێم کە وایە و راستە کە من بە حیساب لە حیزب دەر کراوم و ئەندامی حیزب نەماوم. ئەمە ئەو شتەیە کە من نە قبووڵم کردوە ونە گرینگیشم پێداوە، من هەر خۆم بە ئەندامی حیزب دەزانم و ئەوانەم زۆر پێ بچووکتر لەوەیە کە بتوانن مافی ئەندامەتیی حیزبم لێ بستێننەوە، بەلام بۆ؟

هاوڕێیانی بەڕێز نامهەوێ لێرە بچمە نێو وردەکارییەکانەوە چوونکە ئەوەم داناوە بۆ کاتی خۆی و لە گەل کەسانی خۆی. بەس دەمهەوێ بڵێم ئەوەی بەرامبەر بە من کرا تەنیا درۆ و بۆختانێک بوو کە لە چوارچێوەی پیلان و سیناریۆیەکدا رێکخرا و فڕی بە سەر راستییەوە نەبوو. ئامانجی ئەو کەسانە تەنیا لادان و سڕینەوەی من بوو کە بەو شێوازە نا ئەخلاقییە کردیان.

لێرەدا نامهەوێ یەک بە یەک قۆناغەکانی ئەو پیلانەتان بۆ بێنمە بەر باس و بە داوای لێبوردنەوە من لەو پێوەندییەدا وڵامی کەس نادەمەوە مەگەر ئەو کەسانەی کەوا بڕیاردەر و داڕێژەری ئەو پیلانە بوون. ئێوە نە لە بابەتەکە ئاگادارن و نە کاریگەریتان لە سەر بووە. بۆیە ناکرێ و ناشێ لە گەڵ ئێوە بکەومە مۆناقەشەوە. بەڵام ئامادەم لە گەڵ بڕیاردەرانی ئەو غەدرە لە کۆبوونەوەیەکی لایڤ یا هیتردا بکەومە مۆناقەشەوە. با چییان وەکوو بەڵگە لە سەر من هەیە ئاشکرای بکەن و ئینجا منیش وێڕای ئەوەی کە بە بەڵگە سیناریۆ بوونی بابەتەکەیان پێ دەسەلمێنم، پێشیان دەڵێم کە خۆیان کێن و چەندە خاوێنیان حیزبایەتی کردوە، پێیان دەڵێم چەندەیان کەیسی گەندەڵیی ئەخلاقی و ماڵی هەبووە و هەیە کە بە داخەوە باڵاترین بەرپرسی حیزب بە هۆی بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیەوە بۆی داپۆشیون و پاکانەی بۆ کردون.

خۆ ئەگەر من تاوانباریش بام کە نەبووم لە کامە دادگای ئەم دونیایەدا بە بێ تەفهیمی ئیتهام و بە بێ ئاگاداریی خۆم و لە ماوەی یەک حەوتوودا بڕیاری وا دەدرێ. دەمێک بوو دەمزانی خاوەن شکۆ دەیهەوێ حەزفم بکات بەلام ئەم شێوازە بێ ئەخلاقانەیە لە سەرکردایەتیی حیزبی دیمۆکرات نەدەوەشایەوە.

تا ئێستا، نەک لەو بێپرەنسیپانە بترسم بەڵکوو، لە بەر بەرژەوەندیی حیزب دەنگم نەکردوە و خۆم لە وڵامی شانتاژ و بۆختانی بێ ئەخلاقەکان پاراستوە بەڵام ئێستا هەر ئەوەندە دەڵێم، ئەو بەرپرسانەی کە ئەو بڕیارەیان داوە و بەتایبەت ئەو داوێن خاوێنەی کە واژۆی کردوە با بێت و لە بەرنامەیەکی لایڤدا بەرەورووم بێتەوە و قسەی خۆی بکات. تا پێی بڵێم کە من کێم و ئە و کێیە.

کەوابوو تکایە چیتر لە خۆتانەوە و بە بێ ئاگاداری کۆمێنتی نەشیاو مەنووسن چوونکە ناچارم ئەو جۆرە کەسانە بلۆک بکەم. لە کۆتاییدا جارێکیتر دووپاتی دەکەمەوە کە ئامادەم بۆ بەرنامەیەکی لایڤی مۆناقەشە کە هەموو خەڵکی پەرۆش و دڵسۆز ئاگاداری بن و ئینجا بتوانن بە بەرچاوڕوونییەوە قەزاوەت بکەن. هەر لە ئێستاشەوە دەیڵێم لەو لایڤەدەدا ئەو بەرپرسانە دەبێ هەم بەڵگەکانی خۆیان روو بکەن بەرامبەر بە تاوانبار بوونی من و هەم بەڵگەکانی بێتاوانیی خۆیان روو بکەن بەرامبەر بەو تۆمەتە ئەخلاقی و ماڵییانەی کە من بەرەوڕوویان دەکەمەوە.

**جگە لەمانەش هاوڕێیان!**

حیزبی دیمۆکرات حیزبێکی نەتەوەیی و خەڵکییە و مۆڵکی هەموو نەتەوەی کوردە. ئەوانەی کە بڕیاڕی دەرکردنی منیان داوە زۆر بچووکتر و کەمتر لەوەن کە بڕیار لە سەر حیزبی بوونی من بدەن. من ئەو حیزبەم بە گەورە مرۆڤگەلێکی وەک قازی و قاسملوو و شەرەفکەندییەوە ناسیوە کە بوومەتە ئەندامی. خاڵی شەهیدم و پێنج هەزار شەهیدی سەربەرزی ئەو حیزبە هانیان دام کە ئەم رێگایە هەڵبژێرم، نەک ئەو بێسەواد و گەندەڵانەی کە ئێستا بوونەتە بەرپرسی ئەو حیزبە "یاگەی شابازا کۆر کۆرە وازا ". نامهەوێ خۆم لە گەڵ رێبەری شەهید د. قاسملوو بەراورد بکەم و خۆشم لەو ئاستەدا نابینم بۆیە بە هەڵەم لێ تێمەگەن کە ئێژم کاتی خۆیشی د. قاسملوو لە لایەن ئەحمەد تۆفیقەوە لە حیزب دەر کرا. بەڵام وەک فارس دەڵێ "دنیا همیشه بر یک پاشنه نمیچرخد".
بەهەر حاڵ ئەوە هەموو قسەکانی من نین بەڵکوو چاوەڕیی دژکردەوەی "بەرادەرانی ون ناوی ئیمامی گشتی" دەبم کە بێنە بەر رووناکایی. و ئینجا منیش زۆر شتی سەرسووڕهێنەرتان بۆ باس دەکەم.

ئەوە ئاخر قسەی منە لە سەر ئەو بابەتە تا ئەو کاتەی کە بەرپرسانی مەلائیکەی حیزب دێنە گۆ . کەواتە ئەگەر وڵامم نەدانەوە گلەییم لێ مەکەن و بچن میرزا بنویسەکانی ناسرەدین شا بێننە سەر خەت.

هەر بژین

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# ئێمە و ئەوان

ئەوە نزیک بە ٥ ساڵە کە لە وڵاتێکی هەرە پێشکەوتووی ئەورووپاییدا دەژیم، سەرەتا کە گەیشتمە ئەم وڵاتە سترێسێکی زۆرم هەبوو و پێم وابوو لە گەڵ کۆمەڵێکی وریا، زیرەک، سیاسی و ئێلیت بەرەو روو دەبم کە ئاستی تێگەیشتنیان زۆر بەرزە. بۆیە نەمدەوێرا زۆریان لە گەڵ تێکەڵ بم نە وەک لە ئاستی تێگەیشتوویی ئەواندا نەبم و ببمە گاڵتەجاڕ. بەڵام وردە وردە ترسم شکا چوونکە دیتم کە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە خاوەنی کەمترین هوشیاریی سیاسین و تەنیا خەمیان ژیانی رۆژانە و مەراقیان خواردنەوە و دانسی شەوانەیە. ئەدی چۆنە کە ئەوان بوونەتە خاوەنی دونیا و رۆژ لە دوای رۆژ پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیانەوە دەبینن و ئێمەش زیاتر لە سەد ساڵە بۆ بستێک خاکی ئازاد گیان دەدەین و ئازار دەچێژین کەچی ئەورۆمان لە دوێنێ لە دواترین.

پاش ماوەیەک هۆکارەکەم دیتەوە. لێرە لە سیستمێکی مۆدێڕن و دیمۆکراتیکی راستەقینەدا کەمینەیەکی ئێلیتی زۆر شارەزا و پسپۆر لە هەموو بوارەکان و دڵسۆز بۆ گەڵ و وڵاتەکەیان، وڵات بەڕێوە دەبەن و پەیتا پەیتا و هەر چەند ساڵ جارێک جێگۆڕکێی دەسەڵات دەکەن و جێگای خۆیان دەدەن بە ئێلیتێکی لە خۆیان گەنجتر و کارامەتر. جەماوەریش متمانەیان پێ دەکات و لە سێبەری توانایی و دڵسۆزییاندا دەحاوێتەوە و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیەتی. کە بەراوردم کرد لە گەڵ کۆمەڵگای خۆمان دیتم لای ئێمە راست بە پێچەوانەیە. ئاستی هوشیاریی سیاسی خەڵکی ئێمە زۆر لە سەرترە و لێکدانەوەی سیاسیی جەماوەری ئێمە بە بەراورد لە گەڵ ئەمان زۆر وردترە. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵێکی بەرچاوی شارەزا و دڵسۆزمان لە هەموو بوارەکاندا هەیە کە هیچیان کاربەدەست نین و هەموو لە پەراوێزی کۆمەڵگا و بە کارێکی لاوەکیی جیاواز لە پسپۆرییەکەیانەوە سەرقاڵن، کەچی لەولاوە کەمینەیەکی ناشارەزا، کەمزان، کورسی ویست و خۆپەرست سواری شەپۆلی ئیحساساتی جەماوەر بوونە و بە توانایییەکی زۆر نزمەوە بە شێوەیەکی نەگۆڕ و تا مردن بوونەتە بەڕێوەبەر و سەرکردەی ئەم نیشتمانە و بزاڤەکەی.

ئینجا تێگەیشتم کە بۆچی ئێمە لە دواین و سەرناکەوین ، بۆچی دوێنێمان لە ئەمڕۆ باشتر بوو. نەقڵی کۆمەڵگای ئێمە بۆتە نەقڵی ئۆتۆمبیلێ کە وا لە قوڕ چەقیوە و وێڕای هەوڵ و تێچوویەکی زۆری ئۆتۆمبیل و پاڵ پێوەنەرانی بە هۆی ناشارەزایی رانەندەوە لە قوڕ دەرنایێت.

لە دونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا رێبەرانی ئێستا زۆر لەوانەی پێش خۆیان زاناترن و سیستمی بەڕێوەبەریی ئێستایان زۆر لەوەی پێشوو پێشکەوتووتر و دیموکراتیکترە. کەچی لای ئێمە بە هۆی ناشارەزایی و نەزانیی سەرکردەکانی ئێستاوە هەر ئاخی حەسرەت بۆ رێبەرانی پێشوومان دەکێشین و خۆزگە بە سەردەمی ئەوان دەخوازین. بە جێگای پێشڤەچوون و گەشەی دیموکراتیک، بەرەو پاش و دیکتاتۆرییەت دەگەڕێینەوە، لە باتی ئەوەی هەوڵی دیموکراتیزەتر کردنی ئەو سیستمە دیموکراتیکانە بدەین کە رێبەرانی پێشوو بۆیان بە جێ هێشتین هەوای ستالینیزم لە سەری داوین و قۆرخکاریی دەسەڵات دەکەین. ئەودەم زانیم بۆچی ئێمە هەمیشە لە نۆستالۆژیای رابردوودا دەژین و چاومان لە رۆیشتوو بڕیوە، چونکە رابردوومان باشتر بوو لە ئێستا، چوونکە شەرم لە ئێستای کارەساتبارمان دەکەین و ناچارین هەر هانا بۆ پێشوو بەرین.

کەوابوو هەتا خاوەنی ئەم سەرکردانە بین نەک هەر وا بەڵکوو رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

# بە ناوی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم

نازانم هەندێک کەس و لایەن چۆن دەتوانن بە ناوی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم یا کارا کردنەوەی پەرلەمان چارەنووسی نەتەوەیەک بەرەو تاریکی بەرن. ئەو کێشانە هەرچەندیش گەورە بن بارتەقای ئەو شوورەیە دەبن کە بە ئێسک و پرووسکی شەهیدان هەڵچنراوە؟ چۆن ئەو کێشانە لە گەڵ دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیەکی بندەست کە بە هەزاران شەهیدی بۆ رزگاری داوە بەراورد دەکرێ؟ کام کوردی دڵسۆز دەتوانێ بەم بابەتەوە سەودای دەسەڵات بکات؟ لۆژیکی "یا بە قسەم دەکەی یا دەنگی نەخێر دەدەم" لەم هەلومەرجە هەستیارە و لەم بابەتە چارەنووسسازەدا دەتوانێ لۆژیکی چ کەسانێک بێت؟

ئاخر خۆ جاش تەنیا ئەو کەسانە نین کە چەکیان لە دژی نەتەوەکەیان هەڵگرتوە ، ئەوانە جاشی پارەی داگیرکەرن لە ژێر سێبەری دەسەڵاتیدا و لە کاتێکدا کە دەرەتانی رزگاری یا نیە یا کەمە و بە گشتی ئاسۆی سەرکەوتن زۆر روون نیە. بەڵام ئەو کەسانەی کە لە تەختایی ئازادیدا و بە دوور لە هێزی سەرکوت و داپڵۆسینی داگیرکەر و لە بەر شنەی دیمۆکراسیدا تاقە دەنگێکی بێ تێچوو و بێ ترسی خۆیان کە چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانەکەیان یەکلا دەکاتەوە لە داهاتووی خەڵک و خاکیان درێغ دەکەن ، کردەوەکەیان جگە لە خەیانەت و جاشایەتی دەچێتە چ خانەیەکیترەوە؟

پاش ئەو رووبارە خوێنەی وا لە بەر ئەم نەتەوە بەش مەینەتە رۆیشتووە، پاش ئەنفال و کیمیاباران ئێستا رۆژیەتی کە کورد بۆ هەتا هەتایە مۆرکی خۆی لە مێژوو بدات و رزگاریی ئێستا و نەوەی داهاتووی دەستەبەر بکات. کەچی لەم ساتەوەختە ناسکەدا هەندێک کەس و لایەن بە هەر بیانوویەک بێن و بە دەنگی نەخێر ئاو لە ئاشی داگیرکەرانی کوردستان بکەن، ئەگەر جاش نەبن دەبێ چ ناوێکیتریان هەبێ؟

پێم وایە ئەگەر پارە و دەسەڵاتی داگیرکەر نەبایە یان ئاسۆی سەرکەوتن دیار بایە زۆربەی هەرەزۆری ئەو جاشە چەکدارانە رێگای خەیانەتیان هەڵنەدەبژارد . هەر وەک دوای راپەڕینیش دیتمان و زۆربەیان گەڕانەوە نێو ریزی گەل. بەڵام ئەو کەسانەی کە لەم تەختایی ئازادییەدا بە پارەی ئەم کوردستانە دەژین و هیچ زەبر و مەترسییەکی داگیرکەریشیان لە سەر نیە کەچی تەنیا بۆ ململانێی دەسەڵات لە ژێر بیانووی جۆراوجۆردا بانگەشەی دەنگی نەخێر لە گشتپرسیی سەربەخۆییدا دەکەن و دەیانهەوێ ئەم هەلە زێڕینە لە بار بەرن هەڵگری مەترسیدارترین جۆری ڤایرۆسی خەیانەت و جاشایەتین.

ئەم کەس و لایەنانە چۆن وڵامی نەوەی داهاتوو دەدەنەوە؟ نەوەیەک کە دەبێ دیسان بۆ رزگاری خوێن و قوربانی بدات. دەڵێن ئێمە بۆ ئەوەی دیمۆکراسی خەوشدار نەبێ ،بۆ ئەوەی پەرلەمان کارا بکرێتەوە و سەرۆکەکەی بگەڕێتەوە سەر کورسییەکەی و هەروەها بۆ ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم ماوەی بەسەر چووبوو و ناشەرعی بوو دەنگمان نەدا کە کوردستان سەربەخۆ بێ. دەڵێن ئاخر چۆن دەکرێ بە بێ پەرلەمان، سەرۆکێکی ناشەرعی بڕیاری ریفراندۆم بدات؟ بۆیە بۆ ئەوەی دیکتاتۆری دروست نەبێ دەنگی نەخێرمان دا.

نەوەی داهاتووش دەڵێ کە دەنگی نەخێرتان دا چیتان بەرهەم هێنا؟ ئەگەر رێگاتان لە دیکتاتۆری گرت و بۆ دیمۆکراسی هەوڵتان دا ئەدی ئەم خوێنە چیە دیسان لەم نیشتمانەدا گۆمی بەستوە؟ ئەدی بۆ هەر ژێردەستەین؟ خۆ دەسەڵاتی داگیرکەریش دیمۆکرات نیە؟ بۆ ئێمە گرینگ ئەوەبوو کە ئێستا ئازاد و سەربەخۆ بین و چیتر بۆ رزگاری تێچووی گیانی نەدەین، کوا ئەوە کێشەی ئێمەیە کە پەرلەمان بڕیاری ریفراندۆمی دابا یا سەرۆکێکی ماوەبەسەرچوو؟ ئێمە ئارەزوومان دەکرد شێخ سەعید، شێخ مەحمود، سمایل ئاغای شکاک و... بە بێ پەرلەمان و خێڵەکیش با کیانێکی سەربەخۆیان بۆ دروست کردبایەن با نەوەکانی دوای ئەوان سەبارەت بە کورد بوونیان خوێنیان نەڕژابا نەک ئەوەی کە بە بیانووی دیمۆکراسییەوە چارەنووسمان رەش کەن.

لە کۆتاییدا ماوە بڵێم هەر کەس و لایەنێکی کورد بە هەر بیانوویەکەوە بچێتە بەرەی دژ بە ریفراندۆمەوە دەبێ سەری شۆڕی لە ئاست کاروانی شەهیدان و نەوەی داهاتووی ئەم گەلە نەوی کات و دڵنیا بێت کە مێژووی داهاتوومان دەیانباتە ریزی خاینان و بە نەفرەتەوە یادیان دەکات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

-----------------------------------------------

## سەربەخۆیی و دیمۆکراتیزاسیۆن

بێگومان هەردووکیان پێویستن، کورد هەم دەبێ کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ و هەم خاوەنی سیستمێکی ئازاد و دیمۆکراتیک بێت. باشترین دۆخ ئەوەیە هەردووکی پێکەوە هەبن بەڵام ئەگەر نەکرا ئەولەوییەت بە کامیانە؟

لە مێژساڵە کورد خەباتی رزگاریخوازانە بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی دەکات کەچی مخابن هەر جارە بە هۆیەک خەباتەکەی هەرەسی هێناوە و ناچار بووە سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. هەندێک جار هەلی سەربەخۆیی رەخساوە بەڵام بە هۆی ئامادە نەبوونی هەندێک یا یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە بە ئامانج نەگەیشتوە:

١- هوشیاریی خەڵک و ئامادەیی کۆمەڵگا

٢- هەبوونی رێبەریی کارامە و زانا

٣- هەلی مێژوویی و لەبار بوونی هەلومەرجی نێودەوڵەتی

هەرجارە کە جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد شکستی هێناوە ماوەیەکی زۆر و بگرە زیاتر لە بیست تا سی ساڵی خایاندوە کە بتوانێ بناغەی سەرهەڵدانێکیتر دابنێت. هەمو ئەم شۆڕشانەش تێچوویەکی گیانی و ماڵیی زۆریان بۆ کورد و کوردستان هەبووە . کەواتە دەبێ ئێستا و لەم سەردەمی هوشیارییەدا بەو ئاکامە گەیشتبێتین کە ناکرێ چیتر ئەم هەلە دەگمەن و پڕتێچووانە بە ئاسانی و لە پێناو هیچ بابەتێکیتردا بەفیڕوو بدرێن.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکیتریش پێشمەرجی هەرچەشنە گەشە(توسعه )یەک دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیە، کەواتە ویستی گەشەی سیاسی و دیمۆکراتیزاسیۆنیش بە بێ بوونی دەوڵەت وەک خواستی چێ کردنی نهۆمی دووهەمی خانوویەکە کە ئێستا نهۆمی یەکەمی ناتەواوە یا هەر لە جێدا دروست نەکراوە. ئەم بابەتە بۆ گەشەی ئابووریش وەڕاست دەگەڕێ، کە دەوڵەتی خۆت نەبوو چۆن دەتوانی بناغەکانی ئابووریت بەهێز بکەی؟

مەبەست لەم بابەتە دەرخستنی ئەو راستییەیە کە لە نێوان سەربەخۆیی و دیمۆکراتیزاسیۆندا ئەولەوییەت بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە. وەک باسم کرد خەباتی رزگاریخوازانە گەلێک پڕ تێچوو و هەلەکانی سەرکەوتنیشی زۆر دەگمەنن کەواتە نابێ لە پێناو هیچ شتێکیتردا قوربانی بکرێت. گەشەی سیاسی و دیمۆکراتیزاسیۆنی کوردستان بە پلەی

یەکەم پێویستی بە دامەزراندنی دەوڵەت هەیە، ئینجا ئەگەر دەوڵەتی کوردی دامەزرا و دیمۆکراتیکیش نەبوو شتێکی ئەوتۆمان نەدۆڕاندوە. خۆ ئێمە ئێستا لە ژێر سێبەر و دەسەڵاتی داگیرکەراندا لە کەشێکی ئازاد و دیمۆکراتیکدا ناژین کە پەرۆشی لە دەستچوونی دیمۆکراسی و ئازادییەکەمان بین. لە دەسەڵاتێکی نادیمۆکراتیکی کوردی و خۆماڵیدا رەنگە سەبارەت بە ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانمان کێشەمان هەبێت و زەختمان لە سەر بێت بەڵام لانیکەم چیتر ئاریشەی شوناسمان نابێ و لە بەر کورد بوون تووشی کوشتن و زیندان و ئاوارەیی نابین. ئەمە لە خۆیدا هەنگاوێکی بۆ پێشەوەیە. جگەلەوەش کاتمان بۆ خەباتی دیمۆکراسیخوازی لە بەردەستدا دەبێ و دەتوانین لە ڕێگای ریفۆرم یا تەنانەت شۆڕشیشەوە بە ئاراستەی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکدا هەنگاو هەڵێنین.

## ئەنجام

ئێستا لانیکەم لە بەشێک لە کوردستان واتە باشووری هەلومەرجەکانی سەربەخۆیی زیاتر لە هەموو کاتێکیتر لەبارە و حکومەتی هەرێمیش بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە بەڵام دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر نیە و لە بەراورد لە گەڵ زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیکتر و کراوەترە. راستە هەموو پارامێترە دیمۆکراتیکەکانی لە خۆ نەگرتووە بەڵام پێشیان نامۆ نیە و نیمچە دیمۆکراسییەکی تێدا بەدی دەکرێ. کەواتە ئێستا و لەبەردەم ئەم هەلە مێژووییەدا سەرەکیترین ئەرکی حیزب و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان قۆستنەوەی ئەم هەلە و چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەم پارچەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدایە. بێگومان کردەوە و لێدوانی هەر حیزب و لایەنێکی کوردیش لە ژێر هەر بیانوویەکدا کە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە بێت و ڕێگا بۆ لە بارچوونی ئەم هەلە خۆش بکات بە بێ ئەملاوئەولا دەچێتە خانەی خەیانەتەوە و راست خزمەت بە مانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر دەدات. هەر حیزب و لایەنێک کە بەرد بخاتە سەر ئەم ڕێگایە بەرپرسیارەتیی خوێنی نەوەکانی داهاتووی (کە رەنگە لە پێناو خەباتی رزگاریخوازانەدا بڕژێت) دەکەوێتە سەرشان و شەرمەسارییەکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار دەکات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٧

-----------------------------------------------

## شەوی یەلدا

یەلدا شەوی شادیمان بوو، درێژترین شەوی ساڵ و شەوی لە دایک بوونی گەورەترین رێبەری مێژوومان بوو. یەلدا شەوی قاقا و خۆشی و هەڵپەڕکێمان بوو. بەڵام دیسان دەستی گڵاو و تاوانباری داگیرکەری دڵ رەش ئەو شادییەی لێ کردین بە شین و لێوی پڕ لە بزە و خەندەمانی تەڕ کرد بە فرمێسکی خەمین. یەلدایەکی خوێناوی بۆ دروست کردین. جارێکیتر دەسەڵاتی تیرۆریست و مرۆڤکوژی ئێران سەلماندی کە ئەوەی لێی نازانێ زمانی دیالۆگە و ئەوەی پێی نامۆیە دەستی سازان و ئاشتییە. تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەوی یەلدادا جارێکیتر ئەو راستییەیان بۆ هەموو دونیا دەرخست کە لە شێوازی کوشتن و سڕینەوەو و تیرۆر بترازێ بڕوایان بە هیچ چارەسەرێکیتر نیە.

کەوابوو ئێستا پتر لە جاران و هەموو کاتێک رێگای داهاتوومان روونە. لە نێو خۆماندا یەکگرتن و تەبایی ، بەرامبەر بە داگیرکەریش توند و بێبەزەیی. وەک مامۆستا پەشێو دەڵێ دەبێ پێیان بڵێین:

" قوڕتان بەسەر...
شایی دانێن دەیکەین بە شین
پرسە دانێن کاستان دەکەین بە پێکەنین.."

دوژمنی ئێمە دڕندەترین دوژمن و دەسەڵاتی سەردەمە، دەستێکی نیە بۆ نەرمی و سازانی درێژ کاتەوە، نەرمیت نواند ئەو هار دەبێ. ئەم دوژمنە لە لۆژیکی شەق و فیشەک بەولاوە هیچ تێناگا. بۆیە دیسان دەڵێمە دەبێ یەکبگرین و تۆڵە بکەینەوە، هەر رۆڵەیەکی قارەمانی لێ شەهید کردین دەبێ دەیان جاش و پاسداری لێ بتۆپێنین. ئاوا نەبێ تێدا دەچین، نابێ رێگا بدەین چیتر دوژمن هەڵۆی ئەم نیشتمانە راو بکا. رێگا تەنیا یەکگرتن و تۆڵەیە تۆڵە.

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی تازەترین شەهیدانی نیشتمان، شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناوی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## بلێی شەهیدانی ئەم جارە هەندێک کەسی راچڵەکاندبێ؟

دیمەنی دڵهەژێنی ئەو گەریلایانەی پ ک کاکا کە بەو شێوە درندانەیە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و جاشەکانییەوە شەهید کراون و ئینجا بەم چەشنە تەرمەکانیان رادەگوێزن جەرگی مرۆڤ دەخاتە ژان و دیسانەوە برینی کورد دەکولێنێتەوە. ئەمانە سەر بە هەر لایەنێک بن و هەرچۆنێک بیر بکەنەوە مادام رۆڵە و تێکۆشەری کوردن و لە لایەن داگیرکەر و بە دەستی نگریسی خۆفرۆشان شەهید کراون جێگای شانازین و بەشێکن لە مێژووی خوێناوی و پڕ لە سەروەریی کورد و کوردستان. پێشم وا نیە کوردێکی دڵسۆز هەبێ کە بە سەر ئەم راستییەدا باز بدات و رێز و گەورەیی ئەم شەهیدانە رەچاو نەکات و لە ناخەوە بۆیان خەمبار نەبێت.

هەرچەند ئەمە رووداوێکی تاڵ و کارەساتبارە بەڵام دەکرێ بکرێتە هەوێنی هوشیاری و ئاکامی پۆزەتیڤی لێ وەربگیرێ. مەبەستم لە هوشیاری و ئاکامی پۆزەتیڤ ئەوەیە کە، هیوادارم سەرۆکەکانیان لە بەر رێزی خوێنی بە ناحەق رژاوی ئەو شەهیدانەش بووە بەخۆیاندا بچنەوە و چیتر لە بەر هەندێک بەرژەوەندیی کاتی قسەی هەڵنەسەنگێندراوی وا نەکەن کە خەباتی حیزب و پارچەکانیتری کوردستانی پێ خەوشدار ببێ و هیچ خزمەتێکش بە جوڵانەوەکەی خۆیان نەکات و تەنیا بۆ راگرتنی دڵی دوژمن بێ. واتە چیتر موراد قەرەیلانێک نەڵێ " چالاکانی کورد لە رۆژهەڵات دەبێ بەس خەباتی رێکخستن و مەدەنی بکەن و خۆ لە خەباتی چەکداری بپارێزن چوونکە ئەوە خزمەت بە تورکیا و عەرەبستان دەکات". هیوادارم لایەنگرانی پ ک کاکاش بە دیتنی ئەو دیمەنە جەرگبڕانە تاوێک رامێنن و بە قسە و نووسراوەکانیاندا بێنەوە و چیتر لۆمەی حیزبی دیمۆکرات و سەرکردایەتییەکەی نەکەن کە بەقەوڵی خۆیان بە بێ هیچ دەسکەوتێک خەریکە کوڕی خەڵکی بە کوشتن دەدات. کە بیر لە قسە و هەڵوێستەکانی ئەم چەن مانگەی هەڤاڵان دەکەمەوە، کۆمەڵێک پرسیارم بۆ دروست دەبن کە پێم وایە وڵامەکەی دەبێ لە لایەنگران و هەڤاڵانی پ ک کاکا وەرگرمەوە. بۆیە لێرەدا رووم لەوانە کە وڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- ئەم گەریلاگەلە بۆ خزمەت بە تورکیا و عەرەبستان چووبوونە کرماشان کە ئێران شەهیدی کردن؟

٢- ئایا لە وەها کەشێکی سیاسیدا خەباتی مەدەنی دەکرێ؟

٣- ئایا لە گەڵ وەها دەوڵەت و عەقڵییەتێک دیالۆگ دەکرێ؟

٤- دەسکەوتی ئەم دوازدە شەهیدە چی بوو لە روانگەی ئێوەوە؟

٥- ئایا چونکە نەیانتوانیوە یەک پاسداری ئێرانیش بکوژن و هەموویان شەهید بوون ئیتر لە خۆڕایی شەهید بوونە؟
٦- ئەگەر بێ دەسکەوت بوونە، پێتان وایە سەرۆکەکانیان بۆ لە خۆڕایی بە کوشتیان دەدەن؟

بەڵام کە ویستتان وڵام بدەنەوە تکایە دوو تێبینیتان لە بەر چاو بێ:

**یەکەم**، فەلسەفەی شۆڕش و پێشمەرگە (یا گەریلا) و خەباتی نابەرابەری چەکداری و پارتیزانی.

**دووهەم**، هەڵوێست و لێدوانەکانتان لە هەمبەر راسانی حیزبی دیمۆکرات و لێکدانەوەکانتان لە سەر شەڕ و شەهیدەکانی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## یەک بان و دوو هەوا

ماوەیەک لەمەوبەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاو بووەوە کە تێیدا پێشمەرگەیەکی حیزبی دیمۆکرات بە شێوەیەکی نەشیاو باسی گریلا ژنەکانی پێ کاکای دەکرد و ئەو گرتە ڤیدیۆییە بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک لە بە ناو چالاکانی فێمینیست دەنگی نارەزایەتییان هەڵبڕن و کەمپەینێکی لە دژ رێک بخەن. ئەوەی کە قسەی ئەو پێشمەرگەیە نادروست و نەشیاو بووە هیچ جێگای گەنگەشە نیە بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ خودی قسەکە و رادەی گرینگییەکەی و بە تایبەت کەمپەین و نارەزایەتیی ئەو کۆمەڵە فێمینیستە!! چەند خاڵێک جێگای سەرنج و تێڕامانن:

١- وەک باسم کرد قسەی ئەو پێشمەرگەیە نادروست و نەشیاوە و نامهەوێ پاساوی بۆ بێنمەوە بەڵام ئەو جۆرە قسە و ئەدەبیاتە نەک هەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەڵکوو لە هەموو دونیادا و لە نێو کولتووری عامەی خەڵکدا باوە و نامۆ نیە. بێگومان هەرکام لە ئێمە قسەی لەو بابەتەمان لە کەسانی جۆراوجۆر بیستووە. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کە کۆمەڵگا وەک نۆرم و بەهایەک سەیری دەکات، بەڵام مادام لە ئاستی قسەدایە کۆمەڵگا وەک بەشێک لە هەزلیاتی کولتووری عامە سەیری دەکات و لە گەڵی نەرمی دەنوێنێ، بە تایبەتی لە چوارچێوەی نوکتە و گاڵتەدا. کەوابوو لە گەڵ ئەوەی کە باش نیە بەڵام سەیریش نیە.

٢- ئەو قسەیە نە راگەیندراوێکی فەرمیی حیزبی دیمۆکراتە و نە لە زمانی کەسێکی بەرپرسی ئەو حیزبەوە وتراوە و بڵاو بۆتەوە، بەڵکوو گاڵتەی پێشمەرگەیەک بووە کە بە مۆبایلی هاوڕێییەکەی تۆمار کراوە و بەداخەوە دوای شەهید بوونی لە لایەن دوژمن و بۆ مەبەستی تایبەت بڵاو کراوەتەوە. دواتریش حیزب ئەو پێشمەرگەیەی سەبارەت بەو قسانەی سزا داوە. کەواتە ئەو قسەیە ناچێتە خانەی روانگەی فەرمی و بڕوای سیاسیی ئەو حیزبەوە.

٣- نموونەی لەو بابەتە و خراپتریش لە زۆر وڵاتی دونیا و تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپاییشدا رووی داوە و دژکردەوەی کۆمەڵگا و حکوومەتیش ئەوپەڕەکەی ئەوە بووە کە کەسی خەتاکار سزا دراوە و ئیتر دەوڵەت و سەرکۆماری وڵات نەهاتوون داوای لێبووردن بکەن.

٤- دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڤیدیۆیە نارەزایەتییەک لە ئاستی فەیسبووکدا لە لایەن هەندێک چالاکی بواری ژنان کە دەتوانم

بڵێم زۆربەی نزیک بە هەموویان یا سەر بە پێ کاکا و ئەندامی ئەو حیزبەن یا بە چەشنێک سەمپاتی ئەوانن هاتە ئاراوە و کەمپەینێکیشی بۆ وەڕێ خرا. هەرچەند مافی خۆیانە کە سەر بە هەر لایەنێک بن و رەخنەش بگرن، بەڵام کاتێ کە دەبینین بابەتێکی وا بچووک و کەم بایەخ کە رۆژانە لە نێو کۆمەڵگادا وەبەرگوێمان دەکەوێ دێنن و لەو ئاستەدا بەرجەستەی دەکەنەوە و وەک روانگە و سیاسەتی فەرمیی حیزبی دیمۆکرات دەیخەنە بەر دەم رای گشتی و داوای روون کردنەوە و لێبووردن خواستن لە حیزب دەکەن، ئەو دەم ئەو گومانە لای مرۆڤ دروست دەبێ کە ئەم کەسانە، هەندێکیان ئاگاهانە و لەوانەیە هەندێکیشیان نائاگاهانە، راسپاردەی حیزبێکی تایبەت واتە پێ کاکا جێبەجێ دەکەن کە بەداخەوە هەر لە یەکەم رۆژی دەسپێکی راسانی حیزبی دیمۆکراتەوە کەوتە دژایەتی کردن و تەنانەت بە شەڕ و شەهید کردنی پێشمەرگەی حیزب، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە حیزبی دیمۆکرات و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەرخست و بەرەی خۆی لە خەباتی خەڵکی رۆهەڵاتی کوردستاندا دیاری کرد.

٥- گومانەکە ئەو کاتە بەهێزتر بوو کە چەند رۆژ لەمەوبەر هێزەکانی ئاسایشی پێ کاکا لە رۆژئاوای کوردستان هێرشیان کردە سەر ژنێکی دووگیان بە ناوی "رەنگین شەرۆ" کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستان و هەواڵنێری تەلەفزیۆنی رووداوە و بۆ سەردانی کەس و کاری گەڕابۆوە رۆژئاوا. ئاسایشی پێ کاکا پاش ئەوەی کە بێڕێزییەکی زۆر بەو ژنە دەکەن، بە بێ رەچاوکردنی دووگیان بوونەکەی لێشی دەدەن و رەنگە تەنیا تاوانیشی ئەوە بووبێ کە بۆ تەلەفزیۆنی رووداو کار دەکات. کەچی لە حاست ئەو بێڕێزی و پێشێلکارییە گەورەیەدا هیچ دەنگێک لەو چالاکە فێمینیستانە بەرز نەبۆوە و هیچ کەمپەینێکیان وەڕێ نەخست. وەک بڵێی هیچ رووی نەدابێ و کەسیش ئاگای لە هیچ نەبێ.

لێرەدا چەند پرسیاری گومان خولقێن دێنە گۆڕێ:

**یەکەم**: مەگەر رەنگین شەرۆ ژن نەبوو؟
**دووهەم**: ئەوەی کە دەرحەق بە رەنگین شەرۆ کرا پێشێلکردنی ماف و کەرامەتی مرۆیی ژن نەبوو؟
**سێهەم**: گاڵتەکردنی ئەو پێشمەرگەیەی حیزبی دیمۆکرات زیاتر کەرامەتی مرۆیی ژنی پێشێل کرد یا ئەو کارەی ئاسایشی پێ کاکا؟
**چوارەم**: کامیان خراپتر و قورسترە؟ یا با بڵێین کامیان دەتوانێ دەربڕی روانگە و پەروەردەی حیزبەکەیان بێت سەبارەت بە ژن و مافەکانی؟ ئەوەی کە پێشمەرگەیەکی سادە بە بێ هیچ بەرپرسایەتییەک لە شاخ و لە کۆڕێکی دۆستانەدا وتوویەتی یان ئەوەی کە دەزگایەکی فەرمیی بە ناو ئاسایشی رۆژئاوا لە شار و لە بەردەم رای گشتیدا کردوویەتی؟
**پێنجەم**، ئەدی ئێستا بۆ بێدەنگن؟ بۆ کەمپەینێک وەڕێ ناخەن و وێڕای ئیدانە کردنی ئەو ئاکارە دزێوە لە پێ کاکا

**ناخوازن کە داوای لێبووردن لە ڕەنگین شەرۆ و کەرامەتی پێشێل کراوی هەموو ژنان بکات؟**

**کە هیچ ناکەن و بێ هەڵوێستن خەڵک چۆنتان بڕوا پێ بکا؟ ئیتر بۆ لۆمەی رەخنەگرانتان دەکەن کە بڕواتان پێ ناکەن و پێتان دەڵێن کە ئێوە خەمخۆری راستەقینەی مافی ژنان نین و هەڵسووڕاو و راسپێردراوی پێ کاکان، قورمیش کراون و خەریکی چەواشەکارین؟ بۆ پێتان ناخۆشە ئەگەر پێتان بڵێن کە ئێوەش بە پێڕەوی لە حیزب و ئایدۆلۆژیاکەتان، هەموو پێناسە و نۆرم و بەهاکانتان تەنیا کەسانی سەر بەخۆتان دەگرێتەوە و ئەوانیتر لە فەلسەفەی ئێوەدا بێبایەخ و بێ مافن؟ ئەگەر وا نیە ئەم یەک بان و دوو هەوایە بۆ؟**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦**

**------------------------------------------------------**

## هەستانەوەی دیمۆکرات بالانسی هێزی گۆڕی.

بێگومان دابەش بوونی سیاسەتی جیهانی لە ئاستی گشتی بە سەر دوو بەرەی رۆژئاوا (بە سەرکردایەتیی ئەمریکا) و رۆژهەلات (بە میحوەرییەتی چین و رووسیا) ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و لەو نێوەدا کوردستانیشی گرتۆتەوە.بە چەشنێک کە دەتوانین بلێین هەموو ولاتان و هێزە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە بە سەر ئەو دوو بەرەدا دابەش بوونە.

لە دونیای سیاسەتدا زۆر بە دەگمەن لایەنەکان بەلگەی روون و حاشاهەلنەگر بە دەستەوە دەدەن بۆیە مروڤی سیاسی دەبێ لە رووی هێماکان و بە لێکدانەوەی هاوکێشەکان رووی راستەقینەی ململانێیەکان دەربخات. کەوابوو سەبارەت بە چۆنیەتیی دابەش بوونی هێزەکان لە رۆژهەلاتی ناڤین دەبێ بلێین لە هەلوێست و پراکتیکی سیاسییانڕا دیارە کە ئێران، سوریای بەشار ئەسەد، حکومەتی بەغدا، حیزبوڵلای لوبنان و لە نێو کوردیشدا پ.ک.ک بە هەموو لقەکانییەوە و یەکێتیی نیشتمانی و گۆڕان هاوپەیمانانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەرەی چین و رووسیان وە لەولاشەوە تورکیا و ولاتانی عەرەبی ناوچە، بە تایبەت سەعوودی و بەرەی سوننەی عێراق و لە نێو کوردیشدا پارتی دیمۆکرات لە بەرەی رۆژئاوادان.

لێرەدا هەست بە بۆشاییەک دەکرا کە بالانسی هاوکێشەکەی بە قازانجی ئێران و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی گۆڕیبوو، ئەو بۆشاییەش دیار نەبوونی هێزەکانی رۆژهەلات بوو کە لە ئەگەری ئامادە بووندا دەیانتوانی قورسایی هاوکێشەکان بگۆڕن.

بێگومان هاتنە مەیدانی هێزەکانی رۆژهەلات بەو پێیەی کە دژی ئێران خەبات دەکەن لە بازنەی کوردستاندا بەرەی پارتی بەهێز دەکات و پڕ دیارە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا پارتی کە کەوتۆتە گەمارۆی بەرەی ئێران و زەختێکی زۆری لەسەرە ئەگەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆش بێ پشتگیری لە ئاکتیڤ بوونەوەی هێزەکانی رۆژهەلات دەکات. لە وەها هەلومەرجێکدا حیزبی دیمۆکرات کە چەندین سالە لە دەشتی کۆیە باجی هێنانە خوارەوەی هێزەکانی لە چیاکانی سەر سنوور دەدات ،بە خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ بارودۆخەکە و قۆستنەوەی ئەم هەلە مێژوویە بازێکی گەورە دەدات و بە ناردنی هێزەکانی بۆ قەندیل لە پەراوێز دێتە دەر و دیسانەوە وەک ئەکتەرێکی کارا دێتەوە نێو بازنەی هاوکێشەکان.

ئەم هەستانەوەیەی حیزبی دیمۆکرات بە پێی کاریگەرییەک کە لە سەر هاوکێشەکەی دانا بەرەی ئێرانی تووشی شۆک کرد هەر بۆیەشە زۆر بە پەلە و ناسیاسییانە رووداوەکەی کێلەشینیان خولقاند. بەم شێوەیە بزاڤی کورد لە رۆژهەلات بە گشتی

و حیزبی دیمۆکرات بە تایبەتی بوون بە خاوەن قورساییەکی بەرچاو و جەمسەرێکی کاریگەریان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا پێکهێنا، جەمسەرێک کە پێشتریش بە شێوەی هێزەکی (بالقوە) بوونی هەبوو.
ئەم جەمسەرە پێکهاتەی دوو جەمسەری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی (جەمسەرەکانی پ.ک.ک و پارتی) تێکدا و وەک جەمسەرێکی نوێ هاتە نێو هاوکێشەکانەوە.

بەڵام لێکدانەوەی هەڵە یا باشترە بڵێم چەواشەکارانەی لاینگرانی بەرەی ئێران و بەتایبەت بەشە کوردەکەی ئەوەیە کە دەڵێن حیزبی دیمۆکرات بە پلانی پارتی ئەو کارەی کردوە و مەبەستیشیان زەربە لێدان لە قورسایی هادپ لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا بوو. هەر دوو بەشی ئەم لێکدانەوەیە هەڵە و نادروستن چونکە؛

**یەکەم**؛ لە بیریان چۆتەوە کە حیزبی دیمۆکرات هێزێکی سیاسییە و بە پێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی مافی خۆیەتی کە بە شێوەیەکی ستراتژیک یان تاکتیکی بێتە نێو هاوکێشەکانەوە و خۆی لە بەرەیەکدا ببینێتەوە.

یەکێک لە بنەماکانی گەمەی سیاسی ناسین و قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکانە لە کاتی خۆیدا، کەواتە زۆر سروشتییە کە حیزبی دیمۆکرات ئەم هەلە لە پێناو ئاکتیف بوونەوەی خۆیدا بقۆزێتەوە.

**دووهەم**؛ رۆیشتنی حیزبی دیمۆکرات بۆ قەندیل بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی باندۆر بخاتە سەر هەڵبژاردنەکانی تورکیا و پێگەی هادپ مەگەر ئەوەیکە پ.ک.ک شەڕی پێ فرۆشتبا، کەواتە ئەوە پ.ک.ک بوو کە دەبوو بە هێمنی هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەو دۆخە بکات و لە بەر هەڵبژاردنەکانی تورکیاش بووە بارودۆخەکە ئاڵۆز نەکات، حیزبی دیمۆکرات کاتێکی هەستیاری بۆ چوونە قەندیل هەڵبژارد، بەڵام نەک بە مەبەستی زەربە لێدان لە هادپ بەڵکوو بۆ کەم کردنەوەی ئەگەری هەڵچوونی پ.ک.ک و کۆنترۆڵی ئارامیی دۆخەکە. چوونکە ئەگەر لە کەشوهەوایەکیتردا حیزبی دیمۆکرات ئەو کارەی کردبا پێدەچوو پ.ک.ک هەڵوێستێکی توندتر بنوێنێ و شەڕێکی گەورەی براکوژی بێنێتە ئاراوە.

بەڵگاندنی لاینگرانی بەرەی ئێرانیش وەک ئەوە وایە کە بڵێن ئێوە دەتانزانی پ.ک.ک شەڕتان لە گەڵ دەکات بۆیە لەم کاتەدا رۆیشتن.
ئێستاش بەرەی ئێران کە لە باری سیاسییەوە لە قەندیل وێکەوتووە دژە هێرشێکی دەست پێکردوە کە بەڕێوەبەرانی ئەو دژە هێرشە کوردن و لە تارانەوە کارگێڕی دەکرێت، واتە لە لایەک یەکێتی و گۆڕانیان بەگژ بارزانیدا کردوە و سیرەیان لە سەری ئەو بەرەیە گرتوە و دەیانهەوێ بە لێدانی بارزانی ئەو بەرەیە تووشی نوشستی بکەن و لەلایەکیتریش پ.ک.ک کە لە

باری سیاسییەوە لە قەندیل دۆڕاندوویەتی لە ناوچەی زاخۆ لە کوردستانی رزگارکراو هەرێمی ئازاد دادەمەزرێنێ و راشکاوانە کەڵەوەکێشی دەکات. هەردووک هێڵەکە واتە گۆڕان و یەکیەتی لە لایەک و پ.ک.ک ش لە لایەکیتر یەک ئامانج پێڕەو دەکەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران داڕێژەریەتی.

هەرچەند لە ئێستاوە ناتوانین بە وردی داهاتووی ململانێیەکان پێشبینی بکەین، بەڵام پێدەچێت بەرەی رۆژئاوایی کوردستان کە پێشتر هەموو قورساییەکەی لە سەر شانی پارتی بوو ئێستا بە هۆی هاوپەیمانە تازەکەیەوە لە قەندیل واتە حیزبی دیمۆکرات توانایەکی زیاتری بۆ مانۆڕدان و پاشەکشە کردن بە بەرەی ئێران هەیە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٥

---------------------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی - جانێوێری ٢٠٢٠ی زایینی



سڵاو و ڕێز لە بنەماڵەی بەڕێز و تێکۆشەری رامبود لوتفپووری



ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا

وەک شیعر و ئاواز لە یەک بەستەدا